# سیاسەت لە قەیراندا

**رێبوار سیوەیلی**

کوردستان ٢٠١٣

# کتێبی گۆڤاری گوڵان

ژماره (٥)

■

**خاوەن ئیمتیاز:**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر:**

فەرهاد محەمەد

ناو کتێب: **سیاسەت و قەیران**

بابەت: **هزر و سیاسەت**

نووسەر: **رێبوار سیوەیلی**

بڵاوکردنەوەی: **گۆڤاری گوڵان و دەزگای زەریاب**

تایپیێست: **نووسەر**

بەرگ و دیزاین: **لوقمان رەشیدی**

نۆرەی چاپ: **چاپی یەکەم ٢٠١٣**

تیراژ:

چاپخانە:

نرخ:

لە بەڕێوبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (   ) ساڵی ٢٠١٣ی دراوەتێ.



**مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ نووسەرەکەی.**

# پێرست


پێشەکیی ........................................................ ٥
پەروەردەی سیاســی لە نێوان بوون و نەبوونیدا ....... ٩
ململانێی سیاســی و ئەرکە پەروەردەییەکەی.. ............ ٢١
خۆپەرستیی سیاسیی ........................................ ٣١
سوکایەتیی سیاسی.. سیاسەتی سوککردن ................ ٤٣
لاوازیی سەرمایەی ڕەمزی لە کایەی سیاسی... .......... ٥٥
داهاتووی سیاسەتی کوردی ................................ ٧١
بەفیرۆدانی وزەی نەتەوایەتی لە کایەی سیاســیدا ....... ٩٣
شەپۆلی سوونامیی کوردەکان .............................. ١٠٣
کوردبوون لەبەردەم بەعێراقیبوونەوەو... ................ ١١٣
دەوڵەت: لە ڕوانگەی داهاتووەوە .......................... ١٢٥
کۆنگرەی نەتەوەیی ........................................ ١٤٧
کــورد وەک بێگانە، ئەویتر وەک خاوەنماڵ.. ............... ١٦٧
بەرەو کابینەی ئاشتی و سیاسەتێکی ستاندارد و... .... ١٨١
حکومەت و ژینگە ........................................... ١٩٣
گەنجانی تووڕە و سیاسەتی پشتگوێخستن ................ ٢٠٩
سیاسەتی پەنابەران و ئەخلاقی سیاسی .................. ٢٢٣
چی بکەین بۆ کوردە بیانییەکان!؟ ........................ ٢٤٥
ژنی ئازاد، ئازادیی ژن ..................................... ٢٥٥
پێوەندیی کورد و تورک .................................... ٢٨١
شــتێ لەبارەی قەسابخانەکەی میانمار لە بۆرما ......... ٢٩٥

# پێشەکیی

■

ئــەم وتارانە بەرەنجامــی بیرکردنەوەیەکــی ڕەخنەگرانەن لە تایبەتمەندیی و خەســڵەتە بەرجەســتەکانی کایەی سیاســیی هەرێمــی کوردســتان، کــە سەرنووســەری گۆڤــاری گوڵان دەستپێشــخەری کــرد لــە بڵاوکردنەوەیــان و ئەمەش بۆ من بــووە هاندەرێک تا وەک پرۆژەیەکی ســەربەخۆ بەردەوام بم لە ئەنجامدانی.

خەمــی شوناســیی نەتەوەیــی و بوونی کوردیانــە هاندەریی ســەرەکیی بیرۆکەی وتارەکانن و بەگشتیی ڕەخنە لەو هۆکار و بکەر و میراتە سیاسیە دەگرن کە ڕێگە بەبەرجەستەبوونی شوناســیی نەتەوەیی نادەن، یان شــەرمنانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، یان لەبەر چەندین هۆکاری شاراوە، دوایدەخەن. هەر لەم ڕوانگەیەشــەوە کتێبەکەم ناوناوە: سیاســەت لە قەیراندا.

سیاســەت لە قەیراندا، ڕەهەندێکی باشــی سیاســەتە، چونکە قەیران بانگهێشــتێکی ئەقلانییە بۆ چارەســەر و کۆکردنەوەی هەوڵــەکان بۆ خــۆ دەربازکردن لە وزەی شــەڕانیی و ڕێگر. سیاســەت و قەیــران ئاشــتکردنەوەی ئەقڵی تیــۆری و ئەقڵی پراکتیکیە، تا مانەوە لە ئێستادا، داهاتوومان لەبیر نەباتەوە.
بەشــێکی زۆری وتــارەکان قامــک دانانــن لەســەر کێشــە ناوخۆییەکانــی ڕەوتی سیاســی لــە هەرێمی کوردســتاندا و پابەندبــوون و گیرۆدەبوونــی ئاراســتەکانی ناو ئــەم ڕەوتە بــە کۆمەڵێــک کێشــە و دۆخیــی ســایکۆلۆژیی و میراتــی یادەوەرییەوە، ئاشــکرا دەکەن، کە ڕێگری هەرە سەرەکین لە بــەردەم نوێبوونەوە و دابڕاندا. بەم پێیەش سیاســەتی هەرێم لە دۆخی چەقبەستندایە و ئەمەش قەیرانی بۆ دروستکردووە. بیرکردنــەوەی ڕەخنەگرانــە لەم دۆخــە قەیراناویە، هەر تەنیا ڕێگایــەک نیە بۆ دەربازبوون لە هــۆکاری قەیرانەکان، بەڵکو دەریچەیەکیشــمان لەســەر دەکاتەوە بۆ بینینی لایەنە باش و گەشاوەکانی ئەم سیاسەتە. لەبەر ئەوە ئەم وتارانە بە دیوێکی تردا شــیکارکردنی ئەو عەیبە جەوهەریانەی ڕەوتی سیاسیی کوردســتانن، کە ناهێڵێت ئەم سیاســەتە لە سیاســەتی هێز و تووڕەیی و سوکایەتیکردن و یەکتر سڕینەوە، ببێتە سیاسەتی گفتوگۆ و سازانی عەقڵانیی بە ئاراستەی بیناکردنی داهاتوودا، نەک پاراستن و بەپیرۆز ڕاگرتنی ڕابردوو.
گەورەترین بەرەنگاربوونەوەی ئەم ڕەوتە سیاســیە بریتیە لە خــۆ ڕزگارکردن لە یادوەریی ڕابــردوو و کۆکردنەوەی وزە

لە پێناوی دەســـتەبەرکردنی داهاتــوودا. ئەمەش لایەنی هەرە کەمــی ئــەو ئومێــد و چاوەڕوانیەیــە کە نەوەی سیاســیی و حاکمانی ئێســتای ناو کایەی سیاســەتی کوردستان دەتوانن بیکەنە شاپڕۆژەی خۆیان..

شێوازیی وتارەکان شێوازێکی نا ئەکادیمیە بەبێ ئەوەی ئەمە لەســەر حســابی زانســیتبوون و بیرکردنەوەی هۆشمەندانە کەوتبــێ. مــن هەوڵــی تــەواوم داوە لە هــەر بابەتێکــدا ئەوە ڕوونبکەمــەوە، کە کێشــەکە چیە، هۆکارە شــاراوەکانی چین و لــە چیدا قەیرانســازە و چــۆن لێی ڕزگار بیــن. بۆ ئەمەش بۆچوون و لێکدانەوە تایبەتیەکانی خۆم بەلاوە مەبەست بوون کە بــە ئەزموون و لە ئەنجامی خوێندنــەوە و بەدواداچوونی بابەتەکانــەوە، گەڵاڵەم کردوون. بۆیە بە دەگمەن نەبێت، ناوی ســەرچاوەی تایبەتم نەبردووە لە بواری فەلسەفە، فەلسەفەی سیاســی، کۆمەڵناســی و ویســتوومە پەیوەندیــی تیۆریــی و فەلسەفیانەی بابەتەکان بە سەرچاوەکانی کتێبەکەوە، لە میانەی بیرکردنەوەکاندا بۆ خوێنەری زیرەک خۆیان بەرجەستە بکەن. پاراســتنی شێوازیی وتارەکان هەمیشــە ئاسان نەبووە، بەڵام هەوڵمداوە مەبەســتەکەم هەمیشــە ڕونبێت و بەلامەوە گرنگ بــووە ئەوەی بیری لێدەکەمەوە بــە زمانێکی تایبەت بگەیەنمە خوێنەرەوەکان.

ڕێبوار سیوەیلی
بەشی فەلسەفە زانکۆی سەلاحەین

# پەروەردەی سیاسی

## لە نێوان بوون و نەبوونیدا

لە ئێســتاداو لە بەشــێکی زۆری ئەو نومایشە سیاسیانەی لە نێــوان لایەنەکانــدا دەیانبینین، زیاتر هەســت بــە گەڕانەوەی پــەروەردەی دەروونحزبــی و ئامادەیــی کەموکوڕیــی لــە پــەروەردەی بنەڕەتیــی بکەراندا بەدیــی دەکەین و کەمتریش بنەماکانی پەروەردەی سیاســیی دەبینینــەوە. ئەگەر ئەمە بۆ حزبەکانی دەســەڵات کە تەمەنیان زۆرترە، وەک نەریتێکی بۆ ماوەیی تەماشــا بکەین و ئەمــەش وەک ڕێگرێک لێکبدەینەوە لەبــەردەم گۆڕانکاریی خێرا لە پەروەردەی دەروونحزبییەوە، بۆ پەروەردەی سیاســی، ئەوە ناتوانین نەبوونی پەروەردەی سیاســیی لەلای ئۆپۆزســیۆن و ئامادەیی چــڕی پەروەردەی دەروونحزبی بگێڕینەوە بۆ تەمەنی ئۆپۆزســیۆن. بۆیە چەندە بــۆ حزبەکانــی دەســەڵات گرنگــە هەرچی زووتــر خۆیان لە

بنەماکانی پەروەردەی دەروونحزبی ڕزگار بکەن و گرنگیی بە پەروەردەی سیاسی بدەن، زۆر لەوەش زیاتر بۆ ئۆپۆزسیۆن گرنگـە کـە دەسـت لـە بنەمـا سـایکۆلۆژی و پەروەردەییە دەروونحزبیەکان هەڵبگرێت و پەروەردەیەکی سیاسیی بەدیل بەرجەستە بکات.

**■ سەرەتا:**

ئەگەر بمانەوێت پرۆســەی سیاســیی لە هەرێمی کوردستاندا بەرەو پەرەسەندنێکی نەوعی بگۆڕێ، پێویستە بە زووترین کات بە جۆرێکی تر بیر لە پەروەردەی سیاسیی بەمانا فراوانەکەی بکەینەوە و جیای بکەینەوە لە ڕوانگەی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیای تایبەتی لایەنە سیاســیەکان. ئەمەی دواییان، واتە پەروەردەی ئایدیۆلۆژی و روانگەی سیاســی، پرۆسەیەکی دەروونحزبییە و پەیوەندیی هەیە بە مێژوو و بەها و لەخۆتێگەیشتنی ناوەکیی پارتە سیاســیەکانەوە، کە بەپێی میکانیزمەکانی وەک کۆنگرە، پلینیــۆم و ئامــۆژگاری و دیســیپلینی حزبیی و شــێوازەکانی دیکــەی کارکردنی گرووپەکان و بەپێی ئامانجی سیاســیی و ئایدیۆلۆجی خۆیان، جێبەجێی دەکرێت.

هەرچەنــدە ئەم ڕێکخســتن و هاوســەنگیە ناوەکییە لە کایەی سیاســیی هەرێمی کوردســتاندا وەک پێویســت نییــە و هەتا ئێستاش کۆی حزبەکان بەدەســت ناهاوسەنگیی سیاسیانەی خۆیــان و نەگونجــان و تەنانەت دەستەگەریشــەوە دەناڵێنن، بەڵام دەتوانین بڵێین هەر حزب و لایەنە بەها، نەریت و پیرۆزیی خۆیانیــان هەیــە و کەم تا زۆر لەلایەن هەڵســوڕاوەکانیانەوە

پەیڕەویی ڕێژەییان لێدەکرێت و وەک خاڵی هاوبەش تەماشایان دەکرێت. بەڵام باسکردنی ئەم لایەنە و هەڵسەنگاندنی پرۆسەی دەروونحزبی پارتە سیاسـییەکانی هەرێـم بابەتی ئەم وتارە نییە، ئەگەرچی پەیوەستیشـە بە پەروەردەی سیاسـیەوە، کە بابەتی سەرەکیی قسەکانمە.

وشـەی پەروەردە لـە زمانی ئێمـەدا مانایەکـی تایبەتی نییە و هـەر خودی وشـەکەش لە سـەردەم و قۆناغـی جیاوازدا ماناکەی شـیاوی گۆڕانە. بەڵام لە بەکارهێنانی ئەم وشـەیەدا بە زۆری پەروەدەی جەستەیی، یان وەبارهێنان و پەروەدەی هـزری تێکەڵدەکرێـن، کە زیاتر مەبەسـتی وتارەکەی منە، بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕاوە سیاسیەکان لە کایەی سیاسی هەرێم و بەتایبەتیش بۆ پەیوەندییەکانی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن لە ئێسـتا و داهاتوودا. کورتەی بیر و قسـەکانی من لەسـەر ئەوە چڕ دەبێتەوە، کە ئەم دوو بەرەیە پێویسـتە پەروەردەی سیاسـی بخەنە پێش پەروەردەی حزبی و لەسـەر بنەماکانی پەروەردەی سیاسیەوە پەیوەندیی و دژایەتیەکانیان دابڕێژن، چونکە لە کاتی ئێسـتادا ئێمە لاوازیی و ئاسـتێکی ناپەسـەند لـە هـەردوولا دەبینیـن، بەبێ ئەوەی ئـەم کێشـەیە بووبێتە شـتێکی دیار، بەڵام ئامادەیی لە هەموو بوارەکانی پەیوەندیی و دژایەتی، یان سالاری و ناسالاری ئەم دوو لایەنەدا هەیە و ئەمەش سەرچاوەیەکی نائاشکرا، بەڵام کاریگەرە بۆ زۆرینەی بەخراپ لێکترحاڵینەبوون و یەکتر سـووککردن و هەڵوێسـتە پێش ئەقڵانیەکان، کە ئەنجامەکەی بەوە هاتۆتەوە سیاسـەتی

هەرێم وەک سیاسەتێکی بێ کاراکتەر، یان بێ مەرجەع خۆی بنوێنێ و بە نموونەی سیاسەتێکی قەیراناوی تەماشای بکرێت.
ئەمە جگە لەوەی کۆی لایەنەکان و بەشێکیش لە بکەرانی سیاسی ئەم هەرێمە، پەروەدە ئایدیۆلۆژییە دەروونحزبییەکان دەخەنە پێش پەروەردەی سیاسییەوە و ئەوەی بۆخۆیان قەناعەتیان پێیەتی دەیکەنە بنەما بۆ قەناعەتپێهێنانی ئەوانیتریش. لەبەر ئەوەی سەردەمەکە شێوازی دیکەی پەیوەندیی سیاسیی دەخوازێ، ئەم جۆرە پەیوەندیی و ڕووبەڕووبوونەوانە زوو دەکەونە بەرامبەر ڕێگرە ناوەکییەکانی خۆیان و سیاسەت دەبێتەوە بە هەڵچوونی سایکۆلۆژیی و قسە، بەبێ ئەنجامی دەستنیشانکراوی ئەقڵانی.
هۆکاری ئەم شێوازە لە سیاسەتکردن، هەم کولتووری و هەم سایکۆلۆژیی و هەم نەریتی دەروونحزبین.

## ■ هۆکاری کولتووری:

لە ڕووی کولتوورییەوە هەموو پێکهاتەکانی دەسەڵات لە هەرێمدا لەدایکبووی مێژوویەکی پەرچەکردارییانەن لەبەرامبەر دەسەڵاتی ستەمکاریانەی تاکڕەو، لەبەر ئەوە هەموویان پڕیشکی ئەو پەیوەندییە دیار و نادیارانەیان پێوەیە کە پەیوەستیان دەکاتەوە بە مێژووی خۆیان و ستەمکارانەوە. ئەم مێژووەش هەتا ئێستا خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی بۆ نەکراوە، تا پارتە سیاسیەکان گەردوغوباری بەمیرات بۆماوە لە خۆیان بتەکێنن و بچنەوە سەر ڕەنگیی

ڕەســـەنی خۆیان. بۆیە ئەو کولتووره سیاســیەی ئەوانی لێوه هاتونەتەدەر، بەمجۆره پەروەردەی کردوون و بۆتەبەشێک له خوو، یان هابیتۆسی ئەمانیش.
لێرەوه، کولتوور بۆته بەشێک له هاندەر بۆ دووبارەکردنەوەی ئــەو نەریتانەی کە بونیادی ســـایکۆلۆژیایەکی گرژ له ئاســت یەکتــردا دروســت دەکات و زیندووی دەکاتــەوه. بۆیە وەک له دانوســـتانەکان و بەیان و لێداوانەکاندا دەبینین، ئەقڵانیەتی سیاســی بابەتیانه و دیســپلینەکانی دانووســتان و گفتوگۆی سیاســی، دەبنه قوربانیی و ئەمەش له ئاستی پڕۆفێشناڵیزمی سیاســی دەهێنێته خــوارەوه و متمانه دەکەوێتەوه باوەشــی قەیرانەوه.

## ■ هۆکاری سایکۆلۆژی:

هۆکاری ســـایکۆلۆژی له پەکخســـتنی پرۆســـەی سیاسیی له هەرێمدا، بەتایبەتی بۆ نەوەی پێشـــووتری بکەرانیی سیاسی، دەگەڕێتـــەوه بـــۆ کۆی ئـــەو دابـــڕان، لێکجیابوونـــەوه، گرژی و شـــەڕی ناوخۆیـــی و ڕاگەیاندنـــەی کـــه ئەم لایەنانـــه پێیدا تێپەڕیـــون. نەوەی پێشـــووتری بکەریی سیاســـی له هەرێم و نـــەوەی پـــاش ئەوانیش به شـــێوەیەکی کردەیی لـــه کۆی ئەو مێژووه پڕ گرژییەدا بەشـــدار بوون و ئەمێستاش کاریگەریی کـــەم تا زۆری ماوه، کە ئێمه نیشـــانەکانی ئـــەو کاریگەرییه و گەڕانـــەوەی ئـــەو مێـــژوو و ئەزموونه تایبەتیانه له شـــێوازی ڕەفتـــار، گوفتـــار و هەڵســـەنگاندنی پاش پـــەردەی ئەواندا بۆ یەکتـــر دەبینینـــەوه و جاری وایـــش هەیە، کە راســـتەوخۆ له

ڕاگەیانــدن و لیدوانەکانــدا ڕەنگ دەداتەوە، یاخود کەســانێک ڕۆڵیــان هەیە لــە زیندووکردنەوە و گەشــاندنەوەی ڕەژووی ژێر خۆڵەمێشەکەدا.
نابێت چاوەڕوانیی ئەوەمان هەبێت کە هۆکارە ســایکۆلۆژییە متبووەکان، یان ســەرکوتکراوەکان بە ئاســانی بەتاڵ ببنەوە، چونکە ماوەیەکی زۆری دەوێت بۆ بەتاڵبوونەوەیان. مەترسیی هاندەرە سایکۆلۆژییەکان لە ســەرهەڵدانەوەیان نییە لای ئەم یــان ئــەو بکەری سیاســی، هێنــدەی لــە مانەوەیاندایە لەلای لایەنە سیاســیەکان و مامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتر لە ئاســتی دەروونحزبیدا وەک میراتێکی پیرۆز کە لەسەر دروستکردنی وێنای دوژمن بەندبوون.

■ **هۆکاری نەریتی دەروونحزبی:**

هــۆکارە دەروونحزبییــەکان بوونەتە نەریتی پێکەوەبەســتنی ئەندامان و لایەنگرانی هەر پارتێکی سیاســی لە ئاســت پارتی بەرامبەر و لایەنگرەکانیدا. ئەمەش بە نیسبەت ڕابردووەوە تا ڕادەیەک ئاســاییە، بەڵام ســوودوەرگرتن لێیان بۆ لەمەودوا، دەیانکاتــە ڕێگرێکــی ســەرەکیی کە ئــەم پــارت و لایەنگر و هەڵسوڕاوانە بەشــێوەیەکی ناراستەوخۆ، یان راستەوخۆ (بۆ نمونە لە ڕێگەی خۆپیشــاندان، منــاوەرات و ئاڵابەرزکردن و شــەڕەپەڕۆوە)، بکاتەوە بــە نەیاری یەکتر لە ژێر گوشــاری جەماوەرەکانیانــدا، بەبــێ ئەوەی لەگەڵ پێویســتیە سیاســیە پرۆفێشناڵەکانی ئێستادا گونجاو بێت.

**■ لە پەروەردەی دەروونحزبییەوە بۆ پەروەردەی سیاسی:**

بەبێ ڕەتکـردن و بەلاوەنانـی ئەم سـێ هۆکارە لـە کایەی سیاسی هەرێمدا و لەلایەن گشت پارتە سیاسیەکانەوە ناتوانین بـاس لە پـەروەردەی سیاسـیی بکەین، چونکە پـەروەردەی سیاسـی کۆمەڵێک میکانیزمی خۆی هەیـە، کە هەماهەنگیی و پەیوەندییـان بەو هـۆکارە کەڵەکبووانەوە نییـە. ئەوەی جێی سـەرنجە ئەوەیە، کە لایەنە سیاسـیەکان بەبی دانانی پلان و بەرنامەی گونجاو بۆ رەتکردنی ئەو سێ هۆکارە دەروونحزبیە کۆمەڵێک چالاکیی سیاسی دەنوێنن، وەک (دیدار، چاوپێکەوتن، کۆبوونـەوەی فەرمی، هەوڵدان بۆ ڕێکەوتننامە و سـەردان و وەفد ڕەوانەکردن)، بەبی ئـەوەی هاندەرە دەرونحزبیەکانیان خستبێتە لاوە، هەر بۆیەشە بە ئاشکرا دەبینرێ ئەو هاندەرانە کاریگەریی خۆیان لە پرۆسـە سیاسـیەکە دەکـەن و ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان پەکدەخەنەوە.

پـەروەردە بەمانـا گشـتیی و زانسـتییەکەی پرۆسـەیەکی بەردەوام و بێسنوورە لە ژیانی مرۆیدا بە ئامانجگەلێک کە لە ڕێگەیانەوە ئەم مرۆڤە، چ لە ئاستی تاکەکەس و چ وەک کۆمەڵ ئامـادە دەکرێن بـۆ ژیان و بەرێوەبردنـی داهاتوو. لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، پەروەردەکردن بریتیە لە چۆنێتی مامەڵەکردنی گەورەسـالان لەگـەڵ مندالان بۆ ناسـاندنی ئـەو کولتوور و کۆمەڵگایـەی منداڵەکـەی تێدا گەورە دەبێت. بەشـێکی زۆری ئـەم کارە لە میانـەی تێکەڵبوونی منداڵ بە ژیانـی ڕۆژانەوە مەیسەر دەبێت بۆ ئەوەی منداڵەکە لە ڕێگەی ئەزموونکردنەوە

فێری ژیان و وهەڵســوکەوت لەگەڵ ئەوانیتر ببێت. لێرەشەوە، یەکەمین ئەرکی پەروەردە بریتیە لە پەرەپێدان و گەشەپێدانی کەسایەتی منداڵ لە ڕێگەی بەخشینی کۆمەڵێک نۆرمی ئاکاری، بەها و هەڵوێست تا بتوانێ بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی خۆی بەهۆیانەوە بەڕێوەبەرێت.

پەروەردەی سیاســیش بەشــێکە لە سیســتەمێکی گەورەتری پەروەردەکــردن، لــە قۆناغــی پێگەیشــتوویدا، بــەڵام ئــەم پەروەردەکردنە بەبێ پرۆسە سەرەتاییەکەی پەروەردەکردنی منداڵــی ســەرکەوتوو نابێت. پــەروەردەی سیاســی ئامانجی ئامادەکردنــی سیاســیانەی تاکەکــەس و گرووپەکانــە کە بە ڕەچاوکردنی بنەمای سیاســی ســتاندارد، سیاســەت بکەن. هەرچەنــدە ناتوانین لەوە دڵنیابین، کە پــەروەردەی بنەڕەتیی لە منداڵیی بکەرانیی سیاســیدا پەروەردەیەکی سیستەماتیک و دروســت بووە، بەڵام ناشتوانین لەسەر ئەمە لۆمەیان بکەین. لــەم ڕووەوە ئەوانیش قوربانیی ڕۆژگارێکن کە بارودۆخێکی مێژوویی ســەپاندویەتی. ئەوەی جێگەی بایەخدانە ئەوەیە کە تــا چەند بکەرانی سیاســی ئێمە خۆیان لــە کەموکوڕییەکانی پەروەردەی سەرەتایی پاراستووە کە بە میرات و لە دەرەوەی ویســتی خۆیان تیایاندا ماوەتــەوە؟. لێرەدایە کە پەروەردەی سیاســیی گرنگیــی خــۆی هەیــە و دەکــرێ وەک قۆناغێــک تەماشــای بکەین بــۆ پرکردنەوەی کەموکوڕییــە پەروەدەییە سەرەتاییەکان.

لە ئێســتادا و لە بەشــێکی زۆری ئەو نومایشــە سیاســیانەی

لــە نێوان لایەنەکاندا دەیانبینین، زیاتر هەســت بە گەڕانەوەی پــەروەردەی دەروونحزبــی و ئامادەیــی کەموکوڕیــی لــە پــەروەردەی بنەڕەتیــی بکەراندا بەدیــی دەکەین و کەمتریش بنەماکانی پەروەردەی سیاســیی دەبینینــەوە. ئەگەر ئەمە بۆ حزبەکانی دەســەڵات کە تەمەنیان زۆرترە، وەک نەریتێکی بۆ ماوەیی تەماشــا بکەین و ئەمــەش وەک ڕێگرێک لێکبدەینەوە لەبــەردەم گۆڕانکاریی خێرا لە پەروەردەی دەروونحزبییەوە، بۆ پەروەردەی سیاســی، ئەوە ناتوانین نەبوونی پەروەردەی سیاســیی لەلای ئۆپۆزســیۆن و ئامادەیی چــڕی پەروەردەی دەروونحزبی بگێڕینەوە بۆ تەمەنی ئۆپۆزیسۆن.

بۆیــە چەندە بۆ حزبەکانی دەســەڵات گرنگــە هەرچی زووتر خۆیــان لە بنەماکانی پــەروەردەی دەروونحزبی ڕزگار بکەن و گرنگیی بە پەروەردەی سیاســی بــدەن، زۆر لەوەش زیاتر بــۆ ئۆپۆزســیۆن گرنگە کە دەســت لە بنەما ســایکۆلۆژی و پەروەردەییــە دەروونحزبیەکان هەڵبگرێــت و پەروەردەیەکی سیاســیی بەدیــل بەرجەســتە بــکات. بەبــێ ئــەم گۆڕانــە لە میکانیزمی سیاســەتی نێوان ئۆپۆزســیۆن و دەســەڵات، ئێمە نابینــە خــاوەن پەروەردەیەکــی سیاســی، کــە بەرژەوەندییە گشــتیەکان و بەخشــینی کۆمەڵێ نۆرم و بەها و بیرکردنەوە لە ناخی کۆمەڵگادا بەرجەســتە بــکات. بەبێ ڕەتکردنی ڕێگرە سایکۆلۆژییە کەڵەکەبووەکان، بەبێ دەستهەڵگرتن لە یادوەریە گرژەکان و دروســتکردنی وێنای دوژمن، بەبێ ڕەتکردنەوەی بنەماکانــی کولتووری فیوداڵــی لە پراکتیکی سیاســیدا، بەبێ

هەوڵـدان بۆ خەڵـک تەکاندنـەوە لەیەکتر، بێڕێـزی بەرامبەر کاری یەکتـر، کەمکردنەوە لە بەهای هەوڵدانەکان، ئێمە نابینە خاوەنی کاراکتەری سیاسی.
ئەگەر پارتەکانی دەسـەڵات لەبەر هـەر هۆکارێک، یان ترس و بەرژەوەندییـەک دەرکیـان بـەوە کردبێـت کـە پێویسـتە گۆڕانکاریی لە پەروەردەی سیاسـیی خۆیاندا بکەن و مۆدێلی گفتوگـۆ، دانوسـتان، پرسـە گورگانە، وەسـتاندنی هێرشـی ڕاگەیاندنـەکان پەیـڕەو بکەن، ئەوە ئۆپۆزیسـۆن لە بنیاتنانی پەروەردەیەکـی سیاسـیی ئەمڕۆییـدا سـەرکەوتوو نەبووە و نەیتوانیـوە خـۆی لە میراتە کەڵەکەبووەکـەی ناو مێژووی حزبی کـوردی ڕزگار بـکات. تایبەتمەندییەکانی پەروەردەی سیاسـیی ئۆپۆزسیۆن لە ئێسـتادا ڕوون و راشکاو نین و بە هەمان بنەماکانی پەروەردەی دەروونحزبییەوە بەشـداریی لە پرۆسـەی سیاسیدا دەکەن. ئەمە جگە لەوەی ئەنجامەکانیشی بۆ سـەر تاکەکەس و کۆمەڵگای کوردی، بەتایبەتی ترسـناک دەبینرێـن. لەم ڕووەوە ئۆپۆزسـیۆن ئەرکێکی زۆر گەورەی هاتۆتـە سەرشـان کـە مۆدێلێکـی پـەروەردەی سیاسـیی پەرەپێبـدات و لە ڕێگەیەوە پێمان بڵێت ئۆپۆزیسـۆن چ جۆرە مرۆڤێک بۆ دوارۆژ ئامادە دەکات، کە نیشانەکانی پەروەردەی دەروونحزبی و کەموکوڕیی پەروەردەی سەرەتایی پێوە دیار نەبێت و پرۆسـە سیاسـیەکە لەسـەر بنەماکانی پەروەردەی سیاسیی ستانداردەوە بەڕێوەبەرێت و بەشداریی تێدا بکات.

# ململانێی سیاسی و ئەرکە پەروەردەییەکەی..

چاوەڕوانی لە کایەی سیاسیدا، هەر تەنیا چاوەڕوانییەک نییە لە خۆبەکەمزانیی هاوولاتیانەوە، یان لە بێدەسەلاتییانەوە لە ئاست دەزگا جێبەجێکەرو سزادەرەکان و کۆنترۆڵکەرەکانی کایەی سیاسیەوە هاتبێت، بەڵکو لە ڕێزو چاوەڕوانیی هاوولاتیانەوە دێت بۆ ئەو یەکەو پێگە سیاسیەی لە کۆمەڵگادا حوکم دەکات، لەچاو کایەکانی تری دەسەلاتدا. وەک دەسەلاتی زانستی، یان کۆمەلایەتی، یان ئایینی و پەروەردەیی. هاوولاتیان لە ئاست هەریەکێک لەم کایانەو دەسەلاتەکانیاندا دەروەستییان هەیە و تا سنوورێک پێیانەوە پابەندن، بەلام ئەوە تەنیا کایەی سیاسییە وەک کایەو دەسەلاتێکی بڕیاردەر دەمێنێتەوە.

کۆمەڵگا پانتاییەکی ململانێ ئامێزەو ئەمەش مەرجی یەکەمی مانەوەی کۆمەڵگاکانە لە سنووری گەشەکردن و

خۆدروســتکردندا. هەندێــک لە شــارەزایان لــە چوارچێوەی کێشــەکان و ململانــێ کۆمەڵایەتیی و سیاســیەکاندا، باس لە گەیشتنی کۆمەڵگا بە ئامانجەکانی خۆی، لە فۆرمی یەکسانیی و دادوەری و ئازادیــی و مەدەنیەتــدا دەکــەن. لەبەر ئەوە لە ڕووی تیۆرییــەوە، ململانــێ زاراوەیەکی بــاش و پۆزەتیڤەو وەبیرخەرەوەی ڕەهەندی زیندوویی و دینامیکیەتی کۆمەڵگایە. لــەم ڕوانگەیــەوە، کۆمەڵــگای بــی ململانــێ کۆمەڵگایەکــی چەقبەستووە و وزە داهێنەرەکانی قەتیس ماون و ئەو هێزانەی تیایدا باڵادەستن لە هەڵبژاردەیەک پێکهاتوون، کە بۆی هەیە لە داهاتوودا کۆمەڵگا بەرەو شوێنێک ئاڕاستە بکەن، کە دووربێت لە ئامانجەکانی کۆمەڵگایەکی تەندروســت و شارســتانییەوە. بەمجــۆرەش ململانــێ لە بنەمــاداو لە مانا باشــەکەی خۆیدا، ئاڕاســتەکردنی کۆمەڵگایــە بــەرەو ئامانجەکانــی خــۆی بــە بەشــداریی هێزە کۆمەڵایەتییە چالاکەکانی. ململانێ وزەیەکی پاڵنــەرە بۆ ئــەوەی هەر کایەیــەک لە بەرامبــەر ئەوانیترو لە میانەی پرانســیپەکانی ململانێدا بەهۆیەوە خۆی نوێ بکاتەوە. بەمجۆرەش ململانێ بەهایەکی بەرزە بۆ کایەکان تا بەهۆیەوە بەشداریی لە نوێکردنەوەی خۆیان و کۆمەڵگادا بکەن.

کایەی سیاســی یەکێکە لە چالاکترین کایــە کۆمەڵایەتییەکان، نــەک لەبەر ئەو ئیمتیازاتانەی سیاســەت لە بــواری کردەییدا هەیەتی (وەک پێگەو پارەو بڕیاردان) بەڵکو لەبەر ئەو پێوەندییە ڕاستەوخۆیەی بە بوارەکانی ترەوە لە ئاستی تیۆرییدا هەیەتی (وەک ئەخلاق و ویژدان و دادوەری). چونکە کایەی سیاســی

لــە بنەمادا خــاڵ و پنتی پێکگەیشــتنی گشــتی و تایبەتە، یان پێکــەوە گونجانــی هەمەکیی و خودییە. ویــژدان و ئاکار دوو ڕەهەندی تاکەکەســی و خودیــی مرۆیەکانن، بەڵام ویژدان و ئەخــلاق و دادوەریــی سیاســی، گۆڕین و گواســتنەوەی ئەم تایبەت و خودییەن بۆ گشــتیی و هەمەکی. ئەمەش ئاشــکرای دەکات کە سیاسەت هەمیشە کایەیەکی گشتییەو کاریگەرییەکی گشتگیریشی هەیەو ڕۆڵی قوتابخانەیەکی هەمیشەیی دەبینێت لە پەروەردەکردنی سیاسیانەی هاووڵاتیان و لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاکەکەسەکاندا.

چاوەڕوانی لە کایەی سیاسیدا، هەر تەنیا چاوەڕوانییەک نییە لە خۆبەکەمزانیی هاووڵاتیانەوە، یان لە بێدەسەڵاتییانەوە لە ئاست دەزگا جێبەجێکەرو ســزادەرەکان و کۆنترۆڵکەرەکانی کایەی سیاسیەوە هاتبێت، بەڵکو لە ڕێزو چاوەڕوانیی هاووڵاتیانەوە دێت بۆ ئەو یەکەو پێگە سیاسیەی لە کۆمەڵگادا حوکم دەکات، لەچاو کایەکانی تری دەســەڵاتدا. وەک دەســەڵاتی زانســتی، یــان کۆمەڵایەتی، یــان ئایینی و پەروەردەیــی. هاووڵاتیان لە ئاســت هەریەکێک لەم کایانەو دەسەڵاتەکانیاندا دەروەستییان هەیە و تا سنوورێک پێیانەوە پابەندن، بەڵام ئەوە تەنیا کایەی سیاسییە وەک کایەو دەسەڵاتێکی بڕیاردەر دەمێنێتەوە.

هەڵبــەت ئــەوەش راســتە کــە هاووڵاتیــان هــەردەم ترس و وریاییەکیــان لە ئاســت سیاســەت و دەســەڵاتدا هەیە، بەڵام نابێت ئەو راستییەش پشتگوێ بخرێ کە هەر ئەم هاووڵاتیانە بــە گرووپ یان بە تاکەکەس، هەمیشــە بــواری خۆدزینەوەو

لاپێچــدان و تەنانەت یاخیبوونیشــیان لە فەرمانە سیاســیی و یاســاییەکان هەیــە و دەتوانن بە زیاد لە شــێوەیەک خۆیانی لێقوتــار بکەن وتۆڵە لە دەســەڵات بکەنــەوە. بەتایبەتی ئەگەر ئەو فۆرمی دەســەڵات و حوکمکردنە یەکســانیی و دادەوری جێبەجــێ نــەکات و مافەکان پێشــێل بکات. لەگەڵ ئەوەشــدا هــۆکاری (ملکەچیــی خۆبەخشــانە)ی هاووڵاتیــان لە ئاســت دەســەڵات و جــۆری حوکمکردنــدا، هۆکارێکــی ناخەکییە کە پەیوەندیــی بە بوونی مرۆییەوە هەیە وەک بوونێک لە پێناوی ئارامیی و هاوسەنگیی و ئاسایشدا.

مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی ئەم مەیلەی خۆی پەروەردە دەکات و ژیانی خۆی بە شێوازێک ئاراستە دەکات، کە وێکبێتەوە لەگەڵ دۆخێکی هاوسەنگ و ئارام و ئاسوودەدا، نەک دۆخێکی پشێو و بێباکــدا، کە ئــاژاوە بەرپا ببێت. بۆیــە هاووڵاتیان متمانەی خۆیان لە فۆرمی تێگەیشــتن و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشــتیی و حســابکردن بــۆ دوژمنــەکان و دۆســتەکان، بــە دەســەڵات دەبەخشــن و لەبەرامبەر ئەمەشــدا چاوەڕوانیی و داواکارییان لە دەسەڵات و شێوازیی حوکمکردنەکەی هەیە کە تیایدا ڕەچاوی دادەوریی و پاراستنی کەرامەت و ئازادییەکان و مافی مرۆڤ بکرێت.

هەر لەبەر ئەوەشــە کــە ڕێژەیەکی هــەرە زۆری هاووڵاتیان بێدەنگن لە ئاست ئەو سزا یاساییانەی دەسەڵات لە شێوەی باج و مەحرووومکردن و دوورخستنەوە و بێبەشکردن و زیندانیی و تەنانــەت مەرگیشــدا، بەبێ ڕەچاوکردنی هاوشــاریبوون و

پێوەندییـــە خزمایەتـــی و هۆکارمەندەکان، بۆ ئەو کەســـانەی دەبڕێتـــەوە، کە لـــە پێناوی ئەوەی خۆیان دەیانەوێ، یاســـا و ئاســـوودەیی و ئاسایيشی گشتیی تێکدەدەن و دەبنە هەڕەشە بەسەر کۆمەڵگاوە.

ئەمە ئەو ســـاتەوەختەیە کە هاووڵاتیان لە فۆرمی سیاســـی و شێوەی حوکمکردنەکەیدا ئاکاری سیاسیی دەبیننەوە و ئەمەش وا دەکات متمانەی نێوان خەڵک و دەسەڵات زیاتر ببێت و خەڵک لە ڕەفتار و ئەدای کاری سیاســـیدا، ویژدان و ئاکاری تایبەت و خودیی و تاکەکەســـیانەی خۆیان ببیننـــەوە. هەر کات ئەمە ڕوویدا ئەوە بەمانای ئەوەیـــە نزیک کەوتنەوەیەکی ڕێژەییانە لـــە نێـــوان کایەی سیاســـی و کایەکانیتردا هاتۆتە ئـــاراوە، کە بێگومان تاکەکەسەکان تیایاندا ئەندامن.

لێرەدایـــە کـــە کایەی سیاســـی ڕۆڵـــی قوتابخانەیەکی گرنگ و هەمیشەیی، بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەن و قۆناغی مرۆیەکان لە ژیانی خۆیاندا، دەبینێت و وێڕای ئەرکەکانی لە ئاست یاسادانان، جێبەجێکـــردن و دادوەرییدا، ئەرکێکی ئەخلاقیی و ویژدانیی و مەعنەویشـــی هەیە بۆ ڕێکخستنی ناخەکیانەی تاکە کەسەکان. بە جۆرێ کە فۆرمیی دەســـەڵات و شێوازی حوکمکردنەکەی بـــە شـــێوەیەک ڕەفتار و بیرکردنەوە و هەڵوێســـت وەرگرتنی حوکمکراوەکان و هاووڵاتیانیدا بناسینەوە. بەم مانەیەش بێت، ئـــەوە دەســـەڵات و جۆری ئاراســـتەکردنیەتی بـــۆ ئەخلاقیێکی گشـــتی و پەیڕەویکردن لە وێژدان، ڕێخۆشـــدەکات بۆ ڕێژەی ڕەچاوکردنی هاووڵاتیان بۆ فەرمانەکان و یاســـاکان و ژیانی

هاوبەش و بەرژەوەندیی گشتیی. ئەم مەرجەش چەندە پێگەی دەسـەڵات لـە کۆمەڵگایەکی دەستنیشـانکراودا پتەو و تۆکمە دەکات، ئەوەندەش بە هۆیەوە تاووتوێی جۆری ئەو دەسەڵاتە بە باش و خراپ، دەکرێت. لێرەدایە کە چاودێرانی سیاسیی و تیۆریزەکەرانی سیاسـی و پسپۆڕانیی سیستەمە سیاسیەکان و پرۆسـەی سیاسـی، بە تێبینیکردنی جـۆری بیرکردنەوە و بڕیـاردان و هەڵوێسـتگیریی هاووڵاتیـان، بـە پێوانەکردنـی ڕازیبوون و ناڕەزایەتییان، جۆری حوکمڕانیی باش و خراپ لە یەکتر جیا دەکەنەوەو پرۆسەی دیموکراتیبوونی سیستەمێکی سیاسیی هەڵدەسەنگێنن.

کەواتە جۆری حوکمڕانیی سیاسی لە جۆری پەروەدەکردنێکی تایبەتیی بۆ ئاراستەکردنی ڕەفتار و بیرکردنەوەی سیاسیانەی هاووڵاتیـان جیا ناکرێتەوە. پێوەری ئـەم جیاکردنەوەیە زۆر سـادەیە: جۆری سیسـتەمی سیاسی پێشـنموونەی ڕەفتاری سیاسـیی هاووڵاتیانە. بە مانایەکیتر، ئەگەر جۆری سیستەمی سیاسـی و حوکمڕانیـی سیاسـیی لەگـەڵ هاووڵاتیـان بەرز و بـە ویقـار و نەبیل بـوو، ڕێزی لە مافەکانـی مرۆڤ گرت، ئازادییەکانی پێشـێل نەکردن و ئاستی ئەنتاگۆنیزیمی سیاسی و خۆپەرسـتیی سیاسـیی نزم کردەوە، ئـەوە بیرکردنەوەی هاووڵاتیانیش ئاراسـتە دەبێت بۆ شـوێنێ کە تیایدا ڕێزگرتن لـە جیاوازیی، لـە مافی کەسـانیتر، لە بێگانـەکان، لە خاوەن بیروڕای جیاواز و دژ، لە یاسـا و ڕێکخسـتن، لە ئاساییش و متمانە دەبێتە خاڵی بنەمایی.

ئـــەم ڕەنگدانەوەیەی پێشـــنموونە و دیـــاردە، دەوڵەت و تاک، سیستەمی سیاسی و ڕەفتاری تاکەکەس لە یەکتردا، ڕێگرێکی ســـەرەکییە لە بـــەردەم بەفیڕۆدانـــی وزەی سیاســـیی و وزە کۆمەڵایەتیەکانـــدا، چونکە لەو پنتەدا کـــە بەرژەوەندیی حوکم و بەرژەوەندیـــی هاووڵاتیـــان تێکەڵ دەبێـــت، هەموو وزەیەک ئاراســـتەی داهێنـــان و خۆنوێکردنەوە دەکرێـــت، بەبێ ئەوەی بەفیڕۆ بڕوات.

بەڵام مەرج نییە هەموو سیستەمە سیاسیی و حوکمڕانییەکان لەو ئاستەی هووشیارییەدا بن، کە پەیوەندیی جۆر و هەبوونی شـــێوەی حوکمکردنـــی خۆیان لـــە جۆری ئـــەو ڕەنگدانەوە و کاریگەرییـــەدا ببیننـــەوە، کـــە کایەی سیاســـیی دەیکاتە ســـەر کایەکانیتـــر و دەیکاتە کایەیەکی سیاســـیی پەروەردەکار. ئەم ئاســـتە لە هووشـــیاری تەنیا ئەو کاتە بەرجەســـتە دەبێت کە کایەی سیاســـی و بکەرانیی ناوی توانیبێتیان لەگەڵ سەرجەم کایەکانیتر و بکەرانی ناویاندا تێکەڵیی و تەفاعولیان کردبێت.

بەڵام هەر بەمەشـــەوە ناوەستێتەوە، چونکە چەندین هۆکار و ڕێـــگای تـــر هەن بۆ ئەوەی ئەم گونجان و متمانەیە دروســـت ببێـــت و کایەی سیاســـی و سیســـتەمی حوکمڕانیـــی خۆی لە کاریگەرییە خراپ و ســـلبییەکانی ململانێی سیاســـیی بەدوور بگرێـــت. ئەم خـــۆ بەدوورگرتنە لـــە دانایی سیاســـییەوە دێت، چونکە ئەو داناییە سیاســـیەیە کـــە تێدەگات، ئەگەر بە دیوێکدا کۆمەڵگا و کایەکانی بە هۆی ململانێی سیاسییەوە پێشدەکەون و گەشـــە دەکەن، ئەوە لـــەوەش تێدەگات کە خراپترین جۆری

ململانێ ئەوەیانە کە لە نێوان کایەی سیاسـیی و هاووڵاتیاندا بێتە ئاراوە بەبێ فیلتەرەکانی ناوبژیوانی و گفتوگۆی سیاسیی و میکانیزمەکانی دیکەی پەیوەندیکردنی نێوانیان.

# خۆپەرستیی سیاسیی

باڵادەســتیی خۆپەرســتیی سیاســیی، لە کایەیەکی سیاســیی تایبەتــدا دەبێتــە هــۆی بایکۆتکردنــی کاری هاوبــەش چ لــە ئاســتی ناوخــۆ و چ لە ئاســتی دەرەوەدا. ئــەوەی وا دەکات خۆپەرســتیی سیاســیی توانای بایکۆتکردنی هەبێت، نەزانیی لایەنــەکان نییــە بەرامبەر بــە نرخ و بەهــای کاری هاوبەش، بەڵکــو بایکۆتکردنەکــە وەک پاســاوێک بــۆ خۆدزینــەوەو دەرچــوون لەژێــر ئەرکی بەرپرســیارێتی خۆی بەرجەســتە دەکات. بۆ نموونە، زەقکردنەوەی کەموکوڕییەکان لە زەمینەی خزمەتگوزاریــی و ئیداریــی و تەنانــەت گەندەڵییەکانیشــدا لەلایــەن ئۆپۆزیســۆنەکانەوە، تا ئەو کاتــە گرنگییان هەیە کە ئۆپۆزیســۆنیش خۆی لە چارەسەرکردنیان و کەمکردنەوەیان نەدزێتەوە. یان تا ئەو کاتەی لایەنەکانی دەسەڵات دەرگا بەسەر

ئۆپۆزیسۆندا دەکەنەوە بۆ بەشداربوون لە حوکمکردندا. بەڵام چ زەقکردنەوەی کێشەکان و چ تاوانبارکردنی لایەنی دەسەڵات لە کەموکوڕییەکان، بەرپرسیاریێتی لەسەر شانی لایەنەکانی ئۆپۆزیسۆن سەبارەت بە پرۆژە و کارەهاوبەشەکان کەم ناکاتەوە، چونکە لە دەرەوەی دەسەڵات مانەوە، بەمانای لەدەرەوەی ئەرک و بەرپرسیاریێتی و بەشداریکردنی کاری هاوبەش نییە. یەکێک لەو زەمینانەی کاری هاوبەشی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆن، بریتیە لە کایەی پەروەردە، کە هەستیارترین کایەیە سەبارەت بە دواڕۆژی هەردوو لایەنی ئۆپۆزیسۆن و دەسەڵات، بەڵام بەبێ هەبوونی پڕۆژە و کاری هاوبەش. ئەمەش لەکاتێکدا ئەم کایەیە کایەیەکی نەرمە و هەمیشە ئۆپۆزیسۆن دەتوانێ لەم کایەیەدا لەگەڵ لایەنی دەسەڵات پڕۆژەی هاوبەشیان هەبێت، بەبێ ئەو دەرگیریی و ناکۆکیانەی کە بۆی هەیە لە بواری کایەی ئابووریدا هەیانبێت.

خۆپەرستیی (Egoism) لەهەر بوارو کایەیەکدا بێت، نیشانەی جۆرێک لە بیمارییە. ئەگەرچی لە هەندێ ئاست و بواردا شیاوی قەبووڵکردنە، چونکە زیانەکەی تەنیا بۆ خۆپەرست و خۆپەرستانە. بەڵام لە هەندێ بوارو کایەدا زیانی خۆپەرستیی لەوەش تێپەڕ دەکات و بەدئەنجامییەکانی گشت کۆمەڵگا دەتەنێتەوە. خۆپەرستیی سیاسیی یەکێکە لەو کایەو بوارانەی، کە خۆپەرستبوون هەر تەنیا ئەو کەسانە ناگرێتەوە، کە تیایدا بەشدارن، بەڵکو سەرجەم کۆمەڵگاش دەگرێتەوەو دواجار

سیاســەت کۆمەڵگایەکی خۆپەرست دروســتدەکات، کە ژیان تیایدا ئەستەم و نائاسوودەیە.

نیشــانەی ســەرەکیی خۆپەرســتیی ئەوەیــە کــە خــود لەو پرۆسەیەدا دەبێتە خولگەی پەرستن و لێرەشەوە پێوەندییەکانی بە ئەوانیترەوە دەپچڕێت. خۆپەرست کەسێکە، لە هەر شتێکدا کاری بــۆ دەکا و ئامادەیی هەیــە، تەنیا خۆی دەبینێتەوە، ئەو خۆی هێنــدەی قەبارەی گشــت کۆمەڵــگاو بوارەکانی گەورە دەبینــێ و گشــت کۆمەڵگا و ژیانی هاوبــەش دەکاتە ئاوێنەی خۆبینینەوەی خۆی... خۆپەرســت، خۆی خۆش ناوێت، بەڵکو خۆی دەپەرستێت و کەسیشی خۆشناوێت. خۆپەرست (گشت و فرەیــی و پێکەوبوون و هاوکاریی) لەبیر دەکات و تاکایەتی و خــودی خــۆی دەخاتە ســەرووی هەموو شــتێکیترەوە. لە جەوهــەری خۆپەرســتیدا ئەویتر دەکرێتــە دەرەوە و (من)ی خۆپەرست جێگەکەی دەگرێتەوە. بەمجۆرەش منێکی گشتێنراو، منێکــی زەرەبینیکراو، جێگەی گشــت منەکان دەگرێتەوەو ئەم منەش خۆی دەخاتە بری هەمووان.

لــە ئاســتی سیاســیدا، خۆپەرســتی زادەی ڕزگارنەبوونە لە بیرۆکەی (پێشڕەوایەتی، ڕەسەنێتی و کۆنیی و یەکەمینی). ئەو لایەنە سیاســیانەی خۆیان بە یەکەمین، پێشــڕەو، یان کۆن و ڕەسەن دەزانن، دەکەونە داوی خۆپەرستییەوەو خۆپەرستیش دەیانخاتە سەر بیرۆکەی ستەمکاری و تاکڕەویی سیاسیی.

هۆکاری ئەوەی لایەنە سیاسیەکان بەرەو خۆپەرستیی دەچن، زۆرن، بەڵام فراوانبوونی دیاردەی ملکەچیی و خۆبەکۆیلەکردن

و بێدەنگیــی هۆکارێکی هەرە ســەرەکییە. چ ئەوانەی بە زۆر و چ ئەوانــەی بە قەناعەت زۆرینەی هەرە زۆری هاووڵاتیان، بەشــێوەیەک لە شــێوەکان ملکەچ و پابەندیی خۆیان دەکەن، نەزعەی خۆپەرستییان تێدا پتەوە و ئەمەش بە جۆرەها شێوە ڕەنگدانــەوەی هەیە لەســەر پێکهاتەی سیاســیی و تاکەکانی دەوروبەری.

هانــدەری شــاراوە، بــەڵام کاریگەرانــەی ئاڕاســتەبوونی پارتەسیاســیەکان بەرەو خۆپەرستیی سیاســیی، مانەوەیە لە چوارچێــوەی پەروەردەی دەروونحزبیدا، کــە لە وتارێکیتردا ئــەم هۆکارەم وەک ڕێگرێــک بۆ پەروەردەبوونی سیاســیی، شــییکردۆتەوە. پــەروەردەی دەروونحزبیــی، جگــە لــەوەی ڕێگــرە لەبــەردەم پەروەردەی سیاســیدا، ئاواش تاکەکەســە خۆپەرستەکان و ڕۆحیی خۆپەرستیی لە تاکەکاندا برەوپێدەدات. ئەمەشمان کاتێک بۆ دەردەکەوێ کە ئەو تاکەکەسانە دەبینین و دڵــێ خۆیانمــان بــۆ دەکەنەوە و ئاشــکرای دەکــەن، کە بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی دەروونحزبییەوە بیردەکەنەوە، بەڵام لە ناچاریــی و بۆ پاراســتنیی بەرژەوەندییەکانیان و تەنانەت بژێوی ژیانیان..

لــە توێژینەوەیەکــی ســنووردار‌دا کە بە شــێوەی ڕاپرســیی ئەنجامــم داوە، ئەوەم بۆ دەرکەوتووە کە لەکایەی سیاســیی هەرێمی کوردســتاندا، هیچ کات ژمارەی ئەندام و لایەنگرانیی حزبی سیاســی، بە پارتەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆنیشەوە، یەکســان نییــە بە ژمارەی ڕاگەیانراویان و لەســەر حســابی

چەندێتی، چۆنیەتی لە داخزاندایە. ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، کــە دژوازییــەک هەیە لە نێــوان پەروەردە و ئاڕاســتەکردنی پارتــەکان بۆ ئەندامانیان و ئەوەی خۆیان لە ناخیاندا بڕوایان پێیەتی و ویستیان ئەوەیە پارتەکەشیان بەوجۆرە بوایە. ئەمانە هەســتدەکەن کە ملکەچیی بۆ بڕیارەکان لە کایەی حزبایەتیدا دەکەوێتە پێش ئاڕاســتەبوونی ویژدانیانەی تاکەکەسەکانەوە. لە ئەنجامیشــدا جۆرێ لە کەئابەی سیاسیی، یان دیپراشیۆنی سیاســیی بۆ ئەم کەســانە دروســتبووە، کە وایــان لێدەکات لەکاتــی بڕیــارە گرنگەکانی وەک هەڵبژاردنــەکان و تێوەگلان لە جۆرەکانی گەندەڵی و بەشــداریکردن تیایاندا، بکشێنەوە و پەیــڕەوی لە ویژدانی نــاوەوەی خۆیان بکــەن. هۆکاری ئەم ئەنتاگۆنیزمە سیاســیە، بــە پلەی یەکەم دەگەڕێتــەوە بۆ ئەو هووشــیارییەی تاکەکان ســەبارەت بە بڕیار و بیرکردنەوەی دروســت هەســتی پێدەکەن، بەڵام تواناو دەســەڵاتی گۆڕینی واقیعەکەیــان نییە. لــە کۆتاییدا ئەمە ئــەوەش دەردەخات، کە پرۆســەی دیموکراتیزەبوونــی پارتــە سیاســیەکان لەکایەی سیاســیی هەرێمی کوردستاندا نەگەیشــتۆتە ئەو ئاستەی کە تاکەکەس تیایدا هەست بە ئاسوودەیی بکات.

بۆیە لە دۆخیی ئێســتادا خۆپەرســتیی سیاســیی دیاردەیەکی دیاری لایەنە سیاســیەکان و بەڵگەی باڵادەستیی پەروەردەی دەرونحزبیی و نادیاریی پەروەدەی سیاســیە. بۆیە پێویســتە لێرە بەدواوە نیشــانە دیارەکانی باڵادەستبوونی خۆپەرستیی سیاســیی، لە کایەی سیاســیدا بەســەر بکەینەوە و لە میانەی

شـــیکردنەوەیاندا، ئـــەو زیانانە بهێنینە پێـــش چاومان کە هەم تاکەکەس و هەم کۆمەڵگاو هەم پارتە سیاسیەکان لەداهاتوودا دەیکەن.

بەشـــێوەیەکی گشـــتیی، خەسارناسیی خۆپەرســـتیی سیاسیی ئەم لایەنانە دەگرێتەوە:

■ **یەکەم) ئاڕاستەی بڕیار:**

لە هەر کایەیەکی سیاسیدا کە خۆپەرستیی سیاسی باڵادەست بوو، ئاڕاستەی بڕیار دەبێت بەدەست ئەو لایەنەوەبێت کە پتر خۆپەرســـتە. بەم جۆرەش، خۆپەرستیی سیاسیی، ناچێتە ژێر بڕیـــاری هیـــچ لایەنێکی ترەوە و دەیەوێت بەهـــەر بیانوویەک بێت خۆی تاقە لایەنی بڕیاردەر بێت. خۆپەرســـتیی سیاسیی، ئاڕاســـتەی بڕیاردان دەستنیشـــان دەکات، تەنانـــەت ئەگەر بە پێچەوانەی حەز و ویســـتیی لایەنگـــران و پێگەی جەماوەریی خۆشـــییەوە بێت. لە کایەی سیاسیی هەرێمدا ئەم دیاردەیە بە ڕوونیی دەبینرێتەوە، ئەویش لەو شوێنانەدا کە پارتەکانی ناو دەسەڵات لە ئاست ئۆپۆزیسۆندا ڕەقیی دەنوێنن و لەو کاتانەدا کـــە پارتەکانی ئۆپۆزیســـۆن ناچنە ژێر بـــاری داواکارییەکانی دەســـەڵاتەوە. بەشـــداریی نەکردنی پارتە ئۆپۆزیســـۆنەکان لە دەســـەڵاتدا، دەکەوێتـــە ژێر ئەم گریمانەیـــەوە، هەروەک چۆن بێموبالاتیی و پرسەخەســـووانەی دەسەڵاتیش بە ئۆپۆزیسۆن دەچێتە ژێر هەمان خانەوە. ئەم ناکۆکە جگە لەوەی ئەنجامیی بیرکردنەوەی جیاوازە، ئاواش نیشانەی ئامادەیی خۆپەرستیی سیاسییە لە هەردوو کایەی ئۆپۆزیسۆن و دەسەڵاتدا.

**■ دووەم) ئاڕاستەی هەڵوێست:**

لــە زەمینەیەکدا کە خۆپەرســتیی سیاســیی ئامادەیی هەبێت، هاوهەڵوێســتی و چوونهەڵوێســتی نامێنێت، یــان تەواو لاواز دەبێــت. بەشــێکی ئەمــە پێوەندیی هەیــە بە یادوەریــی پارتە سیاســیەکانەوە، کە یەکتری باش دەناسن و دەستیی یەکتری ئاشــکرا دەکــەن و هەریەکەیــان بەپێــی ئــەو (غەدر)انەی لە یادوەریاندا لایەنی بەرامبەر لێی کردوون، هەڵوێســتی جیاواز و لــە کات و دەرفەتی جیاوازدا لە یەکتر وەردەگرن. ئامادەیی یادوەریی بەهێزی لایەنەکان لە ئاست یەکتردا و پێوانەکردنی هەڵوێستەکانیان لە ئاست یەکتردا، بەپێی خۆشی و ناخۆشیی ئەو یادوەریانە، نیشــانەی خۆپەرســتیی سیاســی لایەنەکانە. ئەمەش لەبەر ئەوەی یادوەریی بە توندیی بەستراوە بە شوناس و لەخۆتێگەیشــتنەوە، هەر بۆیەشــە هەرکات فاکتەری (ئێمە) لەبەرامبەر (ئــەوان)دا بێتە ئاراوە، (بیر لــە خۆکردنەوە) دێتە چەقەوە و خۆپەرســتیی سیاســیی زەق دەبێتەوە. هەڵوێستی ئۆپۆزیســۆن و هەڵوێســتیی هەنــدێ لە پارت و کەســایەتیە سیاســیەکان لە ئاست بەغداو لە ئاســت ڕاگەیاندنی پڕۆژەی دەوڵەتیــی کوردی، بە ئاشــکرا ئەم ڕەهەندەی خۆپەرســتیی سیاســیی دەرخســت. ئەمەش کاتێ هەمــووان دەیانزانیی کە کــورد ئەو مافــەی هەیە، بەڵام لەبەر ئــەوەی یادەوەرییان لە ئاســت لایەنی دەستپێشخەردا کردە پێوەر، هەڵوێستەکەشیان ناکۆک هاتەوە، هەرچەندە پاساوەکانیان جیاوازیش بوون.

**■ سێیەم) بایکۆتی کاری هاوبەش:**

بالادەستیی خۆپەرستیی سیاسیی، لە کایەیەکی سیاسیی تایبەتدا دەبێتە هۆی بایکۆتکردنی کاری هاوبەش چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی دەرەوە. ئەوەی وا دەکات خۆپەرستیی سیاسیی توانای بایکۆتکردنی هەبێت، نەزانیی لایەنەکان نییە بەرامبەر بە نرخ و بەهای کاری هاوبەش، بەڵکو بایکۆتکردنەکە وەک پاساوێک بۆ خۆدزینەوەو دەرچوون لەژێر ئەرکیی بەرپرسیارێتی خۆی بەرجەستە دەکات. بۆ نمونە، زەقکردنەوەی کەموکورییەکان لە زەمینەی خزمەتگوزاریی و ئیداریی و تەنانەت گەندەڵییەکانیشدا لەلایەن ئۆپۆزیسۆنەکانەوە، تا ئەو کاتە گرنگییان هەیە کە ئۆپۆزیسۆنیش خۆی لە چارەسەرکردنیان و کەمکردنەوەیان نەدزێتەوە. یان تا ئەو کاتەی لایەنەکانی دەسەڵات دەرگا بەسەر ئۆپۆزیسۆندا دەکەنەوە بۆ بەشداربوون لە حوکمکردندا. بەڵام چ زەقکردنەوەی کێشەکان و چ تاوانبارکردنی لایەنی دەسەڵات لە کەموکورییەکان، بەرپرسیاریەتی لەسەر شانی ئۆپۆزیسۆنەکان سەبارەت بە پرۆژە و کارەهاوبەشەکان کەم ناکاتەوە، چونکە لە دەرەوەی دەسەڵات مانەوە، بەمانای لەدەرەوەی ئەرک و بەرپرسیارێتی و بەشداریکردنی کاری هاوبەش نییە. یەکێک لەو زەمینانەی کاری هاوبەشی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆن، بریتیە لە کایەی پەروەردە، کە هەستیارترین کایەیە سەبارەت بە دواڕۆژی هەردوو لایەنی ئۆپۆزیسۆن و دەسەڵات، بەڵام بەبێ هەبوونی پرۆژە و

کاری هاوبەش. ئەمەش لەکاتێکدا ئەم کایەیە کایەیەکی نەرمە و هەمیشــە ئۆپۆزیســۆن دەتوانێ لەم کایەیەدا لەگەڵ لایەنی دەســەڵات پڕۆژەی هاوبەشــیان هەبێت، بەبێ ئەو دەرگیریی و ناکۆکیانــەی کــە بــۆی هەیــە لە بــواری کایــەی ئابووریدا هەیانبێت.

**■ چوارەم) لاوازبوونی بەشداریی سیاسیی:**

خۆپەرســتیی سیاســیی بۆی هەیە بە لاوازبوونی بەشــداریی سیاســیی هاووڵاتیــان کۆتایــی بێت. چونکە کایەی سیاســیی خۆپەرســت، نابێتــە نموونەیەکی باش لەبــەردەم تاکەکەس و هاووڵاتیان بۆ ئەوەی ڕوو لە کاری سیاسیی بکەن و لە فۆرمی جیاوازدا، بەشداریی سیاســییان هەبێت. بۆیە دەتوانین بڵێین: هەتا خۆپەرستیی سیاسیی بەسەر کایەی سیاسیدا باڵادەست بێت، نموونەی باڵای کایەی سیاسیی لاواز دەبێت و لە جیاتیی هاندانی تاکەکان بۆ بەشداریی سیاسیی، لە سیاسەت دەتۆرێن و دەبێزرێن. لە بارودۆخیی ئێستای هەرێمدا، نموونە باڵاکانی کاریی سیاســیی بەشــێوازێک لەگەڵ نموونــە باڵاکانی کایەی ئابووریــدا تێکەڵ بوون، سیاســەت وەک ئامڕازێکی ئابووریی لێهاتووە بۆ بەدەســتهێنانی قازانج و سامان و نفوزکردنە ناو ســامانی گشــتی. ئەم تێکەڵبوونە ئەوەندەی بەرجەستەکەری ئیگۆیزیمی سیاســیە، لە پێناو شــتێکدا لەدەرەوەی سیاسەت، ئەوەندە سیاســیانە نییە. هەر بۆیەشــە، لــە کۆمەڵگای ئێمەدا دوای ئــەوەی ســاڵانێکی زۆر سیاســەت وەک (ڕامیــاری و ڕامکــردن و بەرزەفتەکــردن و فۆرمەکانــی کوشــت و بــڕ و

زینـدان و شـێوازەکانی توندوتیژی) وێنـای دەکرا، هەروەک چۆن لە قۆناغێکیشـدا وەک (فڕوفێڵ و پاشـقول و دەسیسـە و پیلانگێڕیی) تەماشـای دەکرا، ئەمێسـتاش وشەی سیاسەت وەک هاوپێچێکـی ئابووریی لێهاتـووە و بەبیرخەرەوەی پارە و قازانج و کۆمپانیا و ئەو جۆرە شـتانەیە. ئەم شوێنگۆڕکێیە لە مانادا، تاکەکەسـی لە بەشداریی سیاسیی دوورخستۆتەوە، چونکـە دەبینیێ نمونە باڵاکانی سیاسـەت، شـتێک دەکەن کە پەیوەندیی بە سیاسەتەوە، نییە.

**■ پێنجەم) کێشەی شوناس و ئاسایشی نیشتیمانی:**

لەکایەیەکی سیاسیی خۆپەرستانەدا، هەمیشە کێشەی شوناس و لەوێشـەوە کێشەی متمانە و ئاسایشی نیشتمانی لە بەردەم هەڵوەشـانەوە و لاوازبووندان. خۆپەرسـتیی سیاسـی، تەنیا خۆی دەپەرسـتێ، لە کاتێکدا شـوناس وێنەیەکی هاوبەشمان لەسەر کۆمەڵگا و هێزەکانی پێشکەش دەکات. بە گەورەبوونی خۆپەرسـتیی و هەڵاوسـانی خۆپەرسـت، ئەوەی هاوبەشـە دەپووکێتـەوە. بۆیـە لـەم زەمینەیـەدا متمانە دروسـتنابێت، چونکە متمانە بەرهەمی هاوکاریی و پێکەوەبوونی کەسـەکانە لە چوارچێوەی بڕوابون بە ئامانج و بەها هاوبەشەکان.. بەبی متمانـەش، ئاسـاییش دەکەوێتە مەترسـییەوە، چونکە متمانە کۆڵەکەی ئاساییشـی کۆمەڵگایە. خۆپەرسـتیی سیاسیی، ئەو مەترسییە شاراوەیەی ناو کایەی سیاسیە، کە هەمیشە توانای هەیە دەسـەڵات بکاتەوە بەهێز و هێزیش بە توندوتێژی. بۆیە لەناو کایەیەکی سـیخناخ بە خۆپەرسـتیی سیاسی، ئاسایشی

نیشــتیمانی، نــەک هەر لــە ڕووی ئابووریی و ســەربازییەوە دەکەوێتــە مەترســییەوە، بەڵکــو لــە ڕووی تەندروســتیی، کۆمەڵایەتــی، کولتووری و ڕۆحیشــەوە، هاوســەنگیی خۆی لەدەست دەدات.. بێمتمانەیی یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کایەی سیاســیی هەرێم، بەڵام وەک ئەنجامی خۆپەرســتیی سیاسی، نــەک بە پێچەوانــەوە. مەرج نییە بێمتمانەیی بە خۆپەرســتیی سیاسی کۆتایی بێت، بەڵام مومکین نییە خۆپەرستیی سیاسیی، بەرهەمهێنــەری جۆرێک لــە بێمتمانەیی و قەیرانیی شــوناس نەبێت..

# سوکایەتیی سیاسی.. سیاسەتی سوککردن

بۆچی لەکایەی سیاسەتی کوردیدا ئەوەندە سوکایەتیی سیاسی باوە، کە زۆر جار وابزانین، ئەم سیاسەتە لە بنەمادا سیاسەتی ســوکایەتیکردنە؟ ئایا پێوەندییەک و نیشــانەگەلێکی ئاشکرای ئەوتــۆ هەن، کە لە کایەی سیاســیی هەرێمدا جەمســەرەکانی سوککردنی سیاسی و بکەری سیاسی و سیاسەتی سوککردن، پێکەوە ببەستێتەوە؟

لە ڕووی عورفی سیاسیی و پرۆفیشناڵیزمەوە، کایەی سیاسیی هەرێم بە کایەیەکی سیاســیی سەرکەوتوو دانانـدرێت، چونکە هیچ سنوورێکی سیاسی، یان کەلتوورێکی سیاسیی نییە، کە بە خەتی سووریی لایەنەکان لە ئاست یەکتردا دابنرێت لە پێناوی شــتێکی گەورەتر لە خۆیان، کە پێویستە بەهۆی سیاسەتەوە ســنووربەند بکرێت. ئەمــە جگە لەوەی فــرە کوێخایی و فرە

مەرجەعیـــی و نەخوێندنەوەی خەتی یەکتر باڵادەســـتە.. بکەر و لایـــەن و ڕاگەیاندنەکانی ئەم کایە سیاســـیە، کاتێ بیانەوێ بیروڕاکانـــی خۆیـــان دەرببـــڕن یـــان تەعبیری سیاســـیانە لە خۆیان بکەن، بەشـــێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پەنا بۆ ســـوککردنی سیاســـی دەبەن. بۆ نموونە لە ڕاگەیاندنی هیچکامێک لە لایەنە سیاســـیەکاندا، لە خوێندنەوەی دەنگ و باس و سەردێڕەکاندا ئـــەوە نابینینەوە کە سیســـتەمی سیاســـیی ئـــەم وڵاتە چۆنەو پلەبەندییەکـــەی کامەیـــە. هەتـــا ئـــەم ســـاتەوەختەش هەواڵیی یەکەمی ڕاگەیاندنەکان، بە هەواڵی ســـەرۆک و سکرتێری ئەو لایەن و حزبە دەستپێدەکات، کە خۆی خاوەنی کەناڵەکەیە.

ئێمـــە لەبەردەم ســـەردەم و کاتێکی سیاســـیانەی نوێداین، کە داوامـــان لێدەکات گۆڕانکاریی بەســـەر زۆرێک لە بۆچوون و بڕیارە پێشـــینەکانمان بهێنین لە ئاست ئەوانیتر و بێگانەکاندا. وەلـــێ هەر ئـــەم ســـەردەمە نوێیـــە، داواشـــمان لێـــدەکات بە جیدیـــی لە ئاســـت یەکتـــردا بەخۆمانـــدا بچینەوەو دەســـت لە زۆرێک لـــە بەدگومانییـــەکان هەڵبگیرێت بۆ ئـــەوەی بتوانرێ وزەی بەفیڕۆدراوی سیاســـیی تا کەمترین ئاســـت دابەزێنرێ و بگـــۆڕدرێ بـــۆ وزەیەکـــی لەوپەڕی بەرزیـــدا بەرهەمهێن و بەسوود.

لێـــرەوە، گرنگە کایەی سیاســـیی هەرێـــم و بکەرانیی ناو ئەم کایەیـــە، خۆیـــان لـــە کۆی ئـــەو گەردو غوبـــارە بتەکێنـــن، کە پاشـــماوەی ناکۆکیی و کێشـــە ناوخۆییەکانن و هەتا ئێستاش لـــە ڕووی ســـایکۆلۆژییەوە، کاریگەریی ئاشـــکراو ڕوون، یان

شـــاراوەو نادیاریان بەســـەر بڕیاری سیاســـی و بەشـــداریی سیاسی و هاوکاریی سیاسیی هەرێمەکەوە، دیارە.
ئەم ســـەردەمە نوێیە داوا دەکات، کایەی سیاســـیی هەرێم لە تێڕوانینیدا بۆ سیاســـەت وەک تیۆریی و پراکتیکێکی تایبەت و لە تێڕوانینی بکەرانیی سیاسیدا بۆ یەکترو بۆ لایەنگرو حزب و لایەنە پێکهێنەرەکانیان، بچنە قۆناغێکی ترەوە کە تیایدا نییەت و قســـە، بیرکردنەوەو بڕیار، ئامـــاژەو مانا، هاندانی لایەنگران لـــە ژێـــرەوە، وەک هاندانیانی لێبێت بە ئاشـــکراو لەســـەرەوە. بە کورتییەکەی پێویســـتە قۆناغی ســـووکایەتیی سیاسیی، کە هەمیشە سیاسەتێکی سووککردنیی خۆی هەیە، بگوێزینەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی سیاســـیی، کە ڕەخنە و ڕووبەڕووبوونەوە، ڕاشـــکاوی و واقیعیبـــوون، هەڵســـەنگاندن و گفتوگۆ، جێگەی سووکایەتیی سیاسیی و سیاسەتی سوککردن بگرێتەوە.
لە سوککردنی سیاسییەوە بۆ سیاسەتی سوککردن:
لـــە ســـەردەمە قەیراناوییەکانـــی مێژووی گەلانـــدا، هیچکاتێک سیاســـەت لە ســـوکایەتی بەدەر نەبووە، چونکە لە شـــوێنێکدا کە سیاسەت ئامرازە ڕاستەقینەکانی خۆی، ئامانجەکانی خۆی بزر دەکات، پەنا بۆ ســـوکایەتیکردن دەبات. ســـوکایەتیکردنی سیاســـیی ئـــەو پەیوەندییە دەستنیشـــان دەکات کـــە لە نێوان ئەندامێک و حزبی سیاســـی، یان لە نێوان دوولایەنی سیاسی، یان لە نێوان گرووپێک و گرووپێکی دیکەی سیاسی و هەروەها لە نێوان دەســـەڵاتێکی سیاســـیی و ئۆپۆزیســـیۆن، دەسەڵاتی سیاســـی و خەڵـــک، یان میللـــەت و گرووپێکـــی ئەتنیکیدا دێتە

ئاراوە. سوکایەتیی سیاسی نیشانەیە بۆ ناسینەوەی پەیوەندیە سیاسیە بارگرژەکان، نەبوونی کەناڵی ڕاستەقینەی پەیوەندیی، یـــان ڕقی کەڵەکەبووی لایەنەکانە بەرامبەر یەکتری. ئەمە ئەو بوغزە مرۆییەیە کە لە شـــێوەی وزەیەکی مەسرەف نەکراوی شـــەڕانیدا، لە ئەنجامی نەبوونی ڕاشکاویی و گوتنی قسەکان بە وشـــەکانی خۆیان، لە میانـــەی ئەزموونێکی دوورودرێژی پێکەوەبـــوون و لێکدابڕان، گرژیی و ئاشـــتبوونەوە، تێکدان و پێکهاتنەوەکاندا دروستبووە و کەڵەکە بووە.

بۆیە لە ســـەرەتادا سوکایەتی سیاســـی هیچ نییە لە پچڕانیی پەیوەندیی سیاســـەت بە بنەمـــا ئاکارییەکانـــی خۆیەوە زیاتر لەسەر دەستی بکەری سیاسی. واتە سوکایەتیکردنیی سیاسی پەیوەندیی بە لایەنی تیۆریی سیاســـەتەوە، یان میتۆدی کاری سیاسی و بیرکردنەوەی سیاسیانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کاراکتەری سیاسی، بە بکەری سیاسیکارەوە هەیـــە، کاتێ ناتوانێ بەوجۆرەی کـــە لە ناخیدایە، بەو جۆرەی کە دەیەوێ و عورفی سیاســـی ڕێگەی پێنادات، وزە تووڕەییە کەڵەکەبووەکـــەی ناخـــی خۆی، فۆرمۆلە بکات و مەســـرەفیی بکات بۆ ئەوەی نەبێتە ڕێگر لەبەردەم سیاسەتکردنیدا. بکەری سیاسی هەر کات لە عورفە سیاسیەکان دەرچوو، یان پێشێلی کردن، ئەوە بەشێوەیەکی مەترسیدار دەبێتە هۆکاری گۆڕینی سیاسەت بە سیاسەتی سووککردن!

بەمجـــۆرەش پەیوەندییەکـــی هۆکارمەنـــد هەیـــە لـــە نێـــوان ســـووککردنی سیاسیی و سیاســـەتی ســـووککردندا. هەرکاتێک

سیاســەت بەهۆی بکەری سیاسییەوە لە مەداری ڕاستەقینەی خۆی دەرچوو، ڕەهەندیی سوکایەتیکردن لە خۆیدا بەرجەستە دەکات و دەبێتە سیاسەتی سوککردن.

**■ وشەی (سوک) لە زماندا:**

وشــەی ســوک لە زمانی ئێمــەدا لەبەرامبەر قورســدا بەکار دەهێنرێت: قورس و سوک، دوو وشەی پێوانەیین و بەهۆیانەوە کێشــی شتێک دەستنیشان دەکرێ، یان بەراووردیان دەکەین. سوک کێشێکی کەمترە لەچاو قورسدا و ئەمەشمان کاتێک بۆ دەردەکەوێ کە تەرازوو ســەنگەلا دەبێــت، واتە لایەکی بەرز دەبێتەوەو لایەکەی دیکەی دادەکەوێ. بەرزبوونەوەکە کێشــە سوکەکە ئاشکرا دەکات، لە کاتێکدا لایەکەی تری تەرازووەکە بە نیشانەی قورسی، دادەکەوێ و دەنیشێتە سەر عەرد.

ســوککردنی سیاســی هەڵگــری هەمــان مانایــە، بــەڵام نەک لــە ڕێگــەی بەرزبوونــەوە، بەڵکو لــە ڕێگەی پەراوێزخســتن و خســتنەلا و گــوێ پێنەدانــەوە. ئەوەی لە کاتی کێشــاندا بە ســوک لــە قەڵــەم دەدرێ، ئەو کێشــەیە کە بــەرز دەبێتەوە، ئاشــکرا دەبێت، لە کاتێکدا ئەوەی لە سیاسەتدا سوک دەکرێ، دەهێنرێتــە خوارەوە، لێی کــەم دەکرێتەوە، کێشــی نامێنێ و فــڕێ دەدرێتە لاوە. لێــرەدا دژوازییەکمان هەیە: ســوکیی لە کێشــاندا تەرازووەکــە دەباتــە ســەر و ئەمەش بە نیشــانەی کەمیی کێش لێکدەدرێتەوە، کەچی سووکایەتیکردنی سیاسی، ئــەو بەرزبوونەوەیە بە هێنانە خوارەوە، بە پەراوێزخســتن و لە دەسەڵاتخستن و لێکەمکردنەوە، قەرەبوو دەکاتەوە. هێنانە

خوارەوەکــە بەمانا فیزیکیەکەی نا، بەڵکــو بەو مانایەی لەبەر چاوودیدە نامێنێ و ســەرنجی لەســەر لادەبرێ. دژوازییەکە لە جووڵەی ســوکردنەکەدایە، نەک لە کێشــی سوکیی خۆیدا، هەرچەندە کێشــی ســوکی لــە کێشــاندا ئاماژەیە بە ســوکی چەندایەتــی و ڕێــژەی ئــەو شــتەی کێــش دەکرێ، بــەڵام لە سیاســەتدا، ســوککردن پەیوەندیی هەیە بــە لایەنی مەعنەوی و کێش و ســوکایەتی چۆنایەتییەوە. سیاســەت بە مانایەکیتر، کەسەکە بەرجەســتە دەکات، یان ئاشکرای دەکات، بۆ ئەوەی سوکیی بکات.

لــە پەندێکی کوردیدا هاتووە: (بەرد لە جێی خۆی ســەنگینە). ئەمەش بەمانای ئەوەی کە ســەنگ و کێشی بەرد لەوەدایە لە جێــی خۆی بمێنێ، یان مرۆڤ ســەنگیی خۆی بە مانەوەی لە پێگەی خۆیدا دەپارێزێت، نەک بە بوار ڕەخساندن بۆ ئەوانیتر تا ناچار بە هەڵکەندنی بکەن. مەحویی شاعیر گوتویەتی: (فەلەک هەرگا کەسێکی هەڵبڕی، وەقتی هەلاکەتیە، کە سەر بۆ گەیینە پەت بێ، پێ لە کورســیی و ئەسکەمل چ بکا؟). لێرەدا مەحوی گومان دەخاتە سەر گەردوون و زەمانە و ئەوە ئاشکرا دەکات کە هاتیی کەسێک لە زەمەنێکی دیاریکراودا و بەرزبوونەوەی لە پلەوپایە و کورسیی بەدەستهێناندا، لە بنەمادا بۆ ئەوەیە کە ئەم جووڵەی بەرزکردنەوەیە بۆسەر کورسی، بۆ تەواوکردنی سرووشــتی خۆیەتی، کە هێنانــە خوارەوەیــە، چونکە لەگەڵ هەموو هەڵبڕیــن و بەرزبوونەوەیەکدا، هێنانەخوارەوەیەکیش هەیــە، ئەمەش لەســەر کات و زەمانە وەســتاوە. ســوکایەتی

سیاســی لە دووەمیاندایە، واتە لە سووککردن بەهۆی هێنانە خوارەوە، یان لە کێشی مەعنەوی دابەزاندن.
لــە بــواری کۆمەڵایەتیشــدا ســوک یــان خۆســوککردن و ســوکایەتیپێکردن بەکاردەهێنریــت. ســوک لــەم مانایــەدا بەیادهێنــەرەوەی ڕەفتار، قســە یان هەڵســوکەوتێکە، کە هەم بکــەر بەهۆیانەوە خۆی ســوککردووە و هەم سوکایەتیشــی بــە ئەوانیتر کردووە. لەبەر ئەوە ســوکایەتی، نەک هەر تەنیا پەرچەکرداری دەروونی و ویژدانیی و مینتاڵیی بەدوای خۆیدا دەهێنێــت، بەڵکە بە پێــی کرانەوە و داخرانیی ئەو کولتوورەی تیایــدا ڕوو دەدات، پەرچەکــرداری فیزیکیش بــەدوای خۆیدا دەهێنێت، وەک شەڕ و پەلاماردان و تەنانەت خوێنڕشتنیش.

## ■ سوکردن و سیاسەت:

بۆچی لەکایەی سیاسەتی کوردیدا ئەوەندە سوکایەتیی سیاسی باوە، کە زۆر جار وابزانین، ئەم سیاسەتە لە بنەمادا سیاسەتی ســوکایەتیکردنە؟ ئایا پەیوەندییەک و نیشانەگەلێکی ئاشکرای ئەوتــۆ هەن، کە لە کایەی سیاســیی هەرێمدا جەمســەرەکانی سووککردنی سیاسی و بکەری سیاسی و سیاسەتی سوککردن، پێکەوە ببەستێتەوە؟
لە ڕووی عورفی سیاسیی و پرۆفێشناڵیزمەوە، کایەی سیاسیی هەرێم بە کایەیەکی سیاســیی سەرکەوتوو داناندرێت، چونکە هیچ سنوورێکی سیاسی، یان کولتوورێکی سیاسیی نییە، کە بە خەتی سووریی لایەنەکان لە ئاست یەکتردا دابنرێت لە پێناوی شــتێکی گەورەتر لە خۆیان، کە پێویستە بەهۆی سیاسەتەوە

سـنوربەند بکرێـت. ئەمـە جگە لـەوەی فرە کوێخایـی و فرە مەرجەعیـی و نەخوێندنـەوەی خەتی یەکتر باڵادەسـتە. بۆیە ئەوەی پێی دەگوترێ هەیبەتی سیاسی، لە سیاسەتی هەرێمدا نەمـاوە، یان زۆر لاواز بووە. بکەر و لایەن و ڕاگەیاندنەکانی ئەم کایە سیاسـیە، کاتێ بیانەوێ بیروڕاکانی خۆیان دەربڕن یـان تەعبیـری سیاسـیانە لـە خۆیان بکـەن، بەشـێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پەنا بۆ سـوککردنی سیاسی دەبەن. بۆ نموونە لە ڕاگەیاندنی هیچکامێک لە لایەنە سیاسیەکاندا، لە خوێندنەوەی دەنگ و باس و سـەردێڕەکاندا ئەوە نابینینەوە کە سیستەمی سیاسـیی ئەم وڵاتە چۆنەو پلەبەندییەکـەی کامەیە. هەتا ئەم سـاتەوەختەش هەواڵیـی یەکەمی ڕاگەیاندنـەکان، بە هەواڵی سـەرۆک و سـکرتێری ئەو لایەن و حزبە دەسـتپێدەکات، کە خـۆی خاوەنی کەناڵەکەیـە. ڕەچاو نەکردنـی پلەبەندییەکانی سیستەمی سیاسی، بۆخۆی زەمینە خۆشکردنە بۆ سوکایەتیی سیاسیی و سیاسـەتی سوککردن. هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بـۆ نەبوونـی نەریتێکـی سیاسـیی سـتاندارد، هەروەکچۆن دەشـگەڕێتەوە بۆ نەبوونی شـارەزایی لە تەکنیکی سیاسی و ئیدارەی سیاسـییدا. لە غیابی ئەمەشدایە کە وزە کەڵەکەبووە شـەڕانییەکەی مـرۆڤ خۆی بەسـەر بنەما سـتانداردەکانی سیاسـەتی کردەییدا دەسـەپێنێ و وێنەیەک لەسەر سیاسەت دروسـت دەبێـت، وەک ئـەوەی پانتاییـەک بێت بۆ شـکاندن و سـوککردن و هێنانە خـوارەوەی کەسـایەتیی یەکتر، نەک پەروەردەکردنی سیاسـیانەی هاووڵاتیان لە ڕێگەی نمایشـە

سیاسیەکانەوە.
نەبوونـــی ڕەهەندیـــی پەروەردەیی و نموونـــەی باڵا لە کایەی سیاسیی هەرێمدا، وایکردووە پێگە سیاسیەکان ماناو ناوەڕۆکی سیاســیانەی خۆیان بدۆڕێنن و ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە هاووڵاتیان بە هەمان چاوەوە تەماشای پرۆسەی سیاسیی بکەن، کە بکەرانی سیاســیی تەماشــای یەکتری پێدەکەن. ئەم پێشــێلکارییەی لایەنەکان لە ئاست یەکترو لە عورفی سیاسیی وڵاتێکدا، هەر تەنیا مانا لە پرۆســەی سیاســیی ناســتێنێتەوە، بەڵکــو خەڵکیش لــە سیاســەتکردن و لە ڕەخنەی سیاســیی، یان نارەزایەتیی سیاســیی، کە بۆ خۆ نوێکردنەوەی پرۆســە سیاســیەکە پێویســتە، دوور دەخاتــەوە. ئەمــڕۆ بــە دیوێکدا هەموو شــتێک لە کۆمەڵــگای ئێمەدا بەسیاســیی بووە، بەڵام بەدیوەکەی تردا هیچ شــتێک سیاســیی نییــە، هێندەی ئەوەی ســوکایەتیی سیاسیی و سیاسەتی سووککردنە. ئەمڕۆ خەڵک باســی سیاســەت وەک غایەتێک لە خۆیدا ناکەن، بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ ســووککردنی بکەرانیی سیاسیی و سیاسەت لە خۆیدا.
لەبــەر ئەوە ئەوەی ناوی کایەی سیاســیە لە هەرێمدا ناتوانێ نــۆرم و عورفی سیاســیی گەورە دابڕێژێــت و پەروەدەیەکی سیاســیی بخاتــەوە، چونکــە هەر لەنــاو ئەم کایە سیاســیەدا هەموو شــتێک بە نییەتی ســووککردنی ئەوانیترەوە دەکرێت، بەبێ رەچاوکردنی عورفی سیاسیی.
کاریگەریــی ئەم دۆخە لەســەر نەوەی ئێســتا و بەردەوامیی

پێدانی لەلایەن بکەران و لایەنە سیاسـیەکانەوە، بە پرینگانەوە و دوورکەوتنـەوەی هاووڵاتیـان لە سیاسـەت و بنەبڕکردنی بەشـداریی سیاسـیی تەواو دەبێت، بەڵام بـۆ نەوەی داهاتوو دەبێتە تراژیدیایەکی سیاسـیی، کە نـە یادوەریی دەبێت و نە عورف و نە بنەمای سـتاندارد. ئێمە تەنیا بە هۆی بەتینکردن و پتەوکردنیی عورفیی سیاسـی ستاندارد و پرۆفێشناڵانەوە، دەتوانیـن شوناسـی سیاسـیی خۆمان بەهێـز بکەین و وەک تەعبیرێکـی ڕەوا و ئاشـکرا لـە بوونی خۆمان بەرجەسـتەی بکەیـن. بەبێ شوناسـی سیاسـی، بەبێ عورفـی جێگرتووی سیاسـەتکردن، سوکایەتیی سیاسـی و سیاسەتی سوککردن بەردەوامیی خۆیان وەردەگرن.

# لاوازیی سەرمایەی ڕەمزی لە کایەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا

■ **چیرۆکی هەژارترین سەرۆک کۆمار:**

وا بزانم لــە ماوەی ڕابردوودا ســەرۆک کۆماری ئەرجەنتین بوو، کە خولی فەرمانڕەواییەکەی خۆی تەواو کرد و کورسی دەسەڵاتی بەجێهێشت. ئەمەش لەکاتێکدا، کە چ پەرلەمانی ئەو وڵاتە و چ هاووڵاتیان و چ پێکهێنەرانی کابینەی حکومەتەکەی، داوایان لێکرد دەســتووری وڵات بگۆڕدرێت و لەوێوە ڕێگەی پێبدرێــت کە بەردەوامبێــت لە حکومکردن. بــەڵام ئەو ڕازیی نەبوو، شوێنی خۆی بۆ کەسانێک چۆڵکرد کە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات متمانەی پێیان هەبوو. ئەم ســەرۆک کۆمارە، لە هەمان کاتدا بە هەژارترین سەرۆک کۆماری جیهان ناسراوەو جگە لە خانوویەکی کۆن و ئۆتۆمبیلێک و مووچەی خانەنشــینییەکەی خۆی، خاوەنی هیچ شتێکی تر نییە و تەنانەت بۆ نۆژەنکردنەوەی

خانــووە کۆنەکەی، کە دەیەوێت لەگەڵ هاوســەرەکەیدا تیایدا بــژی، لە ڕێگەی ڕۆژنامــەوە، داوای قەرزێکی درێژخایەنی لە حکومەتەکەی کرد تــا یارمەتیی بدەن. لەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم داواکارییە، بە سەدان کەس پێشنیاری هەزاران و سەدان هــەزار دۆلاریان پێکرد تا وەک دیاری وەریبگرێت، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو ئەم کارە بکات.

چیرۆکی ئەم ســەرەک کۆمارە بۆ کۆمەڵناســێکی وەک پییەر بۆردیۆ تەواو سەرنجڕاکێشــە. ئەو هیچ سەرمایەی ئابووری نییە، بەڵام سەرمایەیەکی گەورەی ڕەمزیی هەیە کە دەتوانێت لــە هەرکاتێکــدا بیکاتە ســەرمایەی ئابووری. مــن دەمەوێت لــەم وتارەدا، بە بیرکردنەوە لــە تیۆرییەکانی پییەر بۆردیۆ و کایەی سیاســی لە هەرێمی کوردســتاندا، ئامــاژە بە دۆخێکی پێچەوانــەی ئەوە بدەم کە لەم چیرۆکــەدا گێڕامەوە: بکەرانی کایەی سیاســیی ئێمە هەتا بڵێــی دەوڵەمەند و هەبوون، بەڵام خاوەن سەرمایەیەکی کز و لاوازیی ڕەمزیی و کۆمەڵایەتین و ئەمەش دۆخێکە چەندین پرسیار بەرجەستە دەکات.

بۆچی کایەی سیاســی لە هەرێمی کوردستاندا بتێکی گەورەی لە ســەرمایەی ئابــووری بۆخۆی دروســتکردووەو لە بۆنەو ئاهەنگ و ڕێکەوتننامەو گرێبەستەکاندا خەریکی پەرستنییەتی؟ ئایا سەرمایەی ئابووری بۆ بکەرانی سیاسی چ مانایەکی هەیەو ئایا ئەمە ئەو تاکە فۆرمەی ســەرمایەیە کە پرۆسەی سیاسی بەهێز بکات و مانەوەی دابین بکات؟ ئایا هاوشان بە پەرستنی ســەرمایەی ئابووری و بە پیرۆزکردنی بازاڕی ئازاد، کایەی

سیاسیی ئێمە بکەرە دیارەکانی ناوی، چ جۆرە سەرمایەیەکی تـر لەدەسـت دەدەن، کـە هەرگیز سـەرمایەی ئابـووری و دەسـتکەوت و هوتێل و بازاڕ و مۆڵ و سـۆپەرمارکێتەکانی بـۆی قەرەبـوو ناکەنـەوە؟ ئەمانە پرسـیارگەلێکن پێویسـتە سـەرنجی بکەرانی سیاسـی بۆلایـان ڕابکێشـین و لەڕێگەی شرۆڤەکردنێکی وردی زانستیانەوە، لە مەترسیی هەنووکەیی و پاشەڕۆژیانەی ئەو سرووتی پەرستنی سەرمایە ئابووریەو ئـەو بەهایانەی لـە کۆمەڵگادا جێگیریـان دەکات و بەهۆیەوە فۆرمـی تـری چەوسـانەوەو نـادادوەری بەرهەمدەهێنرێت، ئاگادار بکرێنەوە.

■ **بۆردیۆ و جۆرەکانی سەرمایە:**

پییەر بۆردیۆ سـاڵی (١٩٣٠-٢٠٠٢) کاتێک کۆچیی دوابیکرد، هیچ پلەو پێگەیەکی زانستیی کۆلێژ دوفرانسی پاریس نەمابوو، پێـی نەگەیشـتبێ. بـەڵام ئـەوە ئەنجامـی هەوڵدانێکی زۆری مرۆڤێـک بوو، کە دەیویسـت بە جۆرێکی تر بیـر لە کۆمەڵگا و زانسـتی سۆسـیۆلۆژیا بکاتـەوەو خەباتێکـی زۆریکرد بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەتناسـییەکی سۆسیۆ/فەلسـەفی لەسەر کۆمەڵگاو مرۆڤ و پانتایی پڕنەکراوەی نێوانان.

بۆردیۆ لەو بڕوایەدابوو، کاتێ قسە لەسەر سەرمایە دەکەین، پێویسـتە لەودیو ئەو تێگەیشتنەوە ئەمکارە بکەین کە مارکس لەمیانـەی تیۆرەی ئابووریناسـیدا بەرهەمـی هێنابوو. بەلای بۆردیۆوە سەرمایە تەنیا یەک فۆرم و شێوەی نییەو تێڕوانینی ئابووریناسـانە بۆ سـەرمایە، تێڕوانینێکی بەرتەسکە، چونکە

تیۆرەی ئابووریناسی، بەهۆی کورتکردنەوەی جیهانی ئاڵوویر و سەودا، لە ئاڵوویری بازرگانیدا، جۆرەکانی تری ئاڵوویر، بە نائابووریانە و لەویشـــەوە بە بێ بایەخی ناساندوون. بۆردیۆ هــاوڕا لەگەڵ مارکــس ســەرمایە بەئەنجامــی کەڵەکەبوونی کاری مرۆیی پێناســە دەکات، کە دەبێتــە هۆی بەرهەمهێنانی فۆرمەکانــی قازانج، بەڵام ئەو لەم پێناســەیە دەچێتە دەرەوە و فراوانتــری دەکات. چونکــە بۆردیۆ لە چەمکی ســەرمایەدا، شــتگەلێکی تر دەبینێتــەوە جیاواز لە پێوەندیــی و ئاڵوویر و ســەودای ئابووری، کە، زۆر ســوودمەندترن بۆ تێگەیشتن لە جیهانــی کۆمەڵایەتی. لێرەشــەوە، بۆردیــۆ جیاوازیی لەنێوان چوار جۆر سەرمایەدا، دەکات:

جۆری یەکەم: بریتیە ســەرمایەی ئابووری، کە بەبێ وەستان و چاوەڕوانی و بەشــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ دەبێتە پارەو بۆی هەیــە لە شــێوەی مافــی خاوەنداریێتیــدا دەربکەوێت و خۆی لە هوتێل، ســۆپەرمارکێت، زەوی، کارگــە، فڕۆکە، ئۆتۆمبیلی گرانبەها و شتی تری لەو جۆرەدا بەرجەستە بکات..

جۆری دووەم: بریتیە لە سەرمایەی کەلتووری، کە بۆی هەیە لە ســێبەری چەند هەلومەرجێکدا ببێتە ســەرمایەی ئابووری. سەرمایەی کەلتووری پێش هەموو شتێک کۆمەڵە سەرمایەیەکی ڕەمزین، کە هەندێکیان پەیوەســتن بە دەروونی تاکەکەسەوە، هەندێکیــان پەیوەســتن بــەوەی کــە تــاک بۆتــە خاوەنیان و هەندێکیشــیان تاکەکەس بە دەستیهێناون. بۆردیۆ سێ دۆخی ئەم جۆرە سەرمایە کەلتووریە دەستنیشان دەکات:

(أ) دۆخـــی بەرجەســـتەبوو: یان ســـەرمایەی بەرجەســـتەبوو لـــە کەســـایەتی تاکـــدا بەپێی تێپەڕینـــی کات. بۆردیـــۆ دەڵێت: ئەمجۆرەی ســـەرمایە، ئەو شـــتەیە کە «تاکەکەس لە گیرفانی خـــۆی بەهاکـــەی دەدات». ئەمجـــۆرەی ســـەرمایە بریتیـــە لە ســـەرمایەیەکی بەدەروونیـــی بوو، یـــان (بەناوەکـــی بوو، کە پەیوەســـتە بـــە «زیرەکی و شـــارەزایی تاکەکـــەس لە فلان و فیســـارە بوار، زمانپـــاراوی، خاوەن ســـەلیقەیی و لێهاتوویی، زوو هاتنە دەست، هەڵوێستوەرگرتن لە جێگەی خۆیدا، بوێری، ناسینی جیهانی کۆمەڵایەتی و ڕەمزە کۆمەڵایەتیەکان هونەری ژیانکردن، خۆشیرینکردن و جێی خۆکردنەوە» لە کۆمەڵگادا. ئەمانە ئەو شـــتە تایبەتیانەن کە تاکەکەس بۆخۆی خاوەنیانەو لە دوای مردنی خۆی نادرێن بەکەســـی تر و خەسڵەتگەلێکن، تایبەتمەندی دەدەنە خاوەنەکەیان و متمانەی بۆ بەدەستدەهێنن و نابینە میرات و پاشماوە بۆ نەوەکانی.

(ب) دۆخـــی بابەتیانـــە: ئەمـــە ئـــەو دۆخەیـــە کە لـــە ئەنجامی ســـەرکەوتنی مادییانەی تاکەکەســـەوە، ســـەرمایەی ئابووری دەبێتە میراتێکی کەلتووری و لە شێوەی خاوەنداریێتی (تابلۆی هونـــەری، کتێـــب، قامـــووس و ئینســـکلۆپیدیاکان، کەرەســـتە، ئامێـــرەکان و شـــتی عەنتیکـــە و گرانبەهـــا و دەگمـــەن و ..)، دەردەکەوێت و کەســـەکەی پێـــوە دەناســـرێتەوەو یادوەریی بکەرە کۆمەڵایەتیەکان لەسەری زیندوو دەبێتەوە.

(ج) دۆخـــی دامەزراوەیـــی: ئەمـــە ئـــەو دۆخـــەی ســـەرمایەی کەلتووریە، کە لە شـــێوەی (پۆســـت و ناونیشـــان، بڕوانامەی

خوێنــدن، ســەرکەوتن لە پێشــبڕکێی خۆپاڵاوتن بــۆ کارێک، بەدەســتهێنانی مەدالیــای ڕێزلێنــان، بوونە ئەندامی شــانازی و خەڵاتوەرگرتــن..)وە دروســت دەبێت و بەرجەســتەکەری توانایــی و لێهاتووییەکانی تاکەکەس و ســەلیقە و شــیاوەیی ئەو بەدەســتهاتوانەی بۆ شــایان دەکات و پەســەندیی خەڵک و هاووڵاتیانیشــی بەدوادا دێت، بەبێ پەنابردن بۆ جۆرەکانی چاوبەست و ڕیکلام و ئایدیۆلۆژیا و ڕاگەیاندنە ئاڕاستەکراوەکان. هەمــوو ئەمانە لەلایەن کۆمەڵگا، یان دەوڵەتەوە نرخی خۆیان بۆ دادەنرێت و دەبێتە هۆی بەخشین و پێشنیارکردنی پۆست و پێگە بە تاکەکەس (لەم ڕێگەیەشــەوە ئەم جۆرە سەرمایەیە بــە دامەزراوەیی دەکرێت) و ئەمەش پەســاپۆرتی بۆ نموونە: (کەسایەتی، مامۆستای زانکۆ، دادوەر، کارمەندی حکومەت و ڕاوێژکار و بڕواپێکراوی پێدەدات..

ســەرمایەی کەلتــووری بەبــێ هەوڵدانی تایبەتــی تاکەکەس بەدەســت نایــەت و بە میراتیــش بۆ کەس نامێنێتــەوە. بەڵکو هەوڵدانــی تایبەتی بکەری کۆمەڵایەتــی دەوێت، کە بەهۆیەوە بتوانێ ئاســتی فێربوونی خۆی بەرز بکاتەوە و ئەو سەرمایە کەلتووریــە پێویســتە بکاتــە هــی خۆی، یــان لەخۆیــدا جێی بکاتەوە تاکــو بەهۆیەوە بوونی کۆمەڵایەتیانەی خۆی بگۆڕێ و دانپیانانی کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنێت.

جۆری سێیەمی ســەرمایە، بریتیە لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی. مەبەســت لــە ســەرمایەی کۆمەڵایەتــی بریتیە لــە (نفووز) و پێوەندیی کۆمەڵایەتی تاک و ئەو دەسەڵاتەی بەهۆی ناسیاوی

و خزمایەتیەوە بەدەستی دەهێنێ. ئەم پێوەندیە بەرامبەریانەی تاک بە ئەوانیترەوە، بریتیە لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی، کە بەهۆی سەرمایەی گشتییەوە، پشتیوانی لە تاکەکەس دەکات و ئیعتیبار دەداتە هەر ئەندامیکی خۆی. بەمجۆرەش، سەرمایەی کۆمەڵایەتی بریتیە لە کۆمەڵێک پێوەندی، خزمایەتی، ناسیاوەتی، دۆستایەتی و داواکاری کە دەبنە هۆی بەخشینی سەنگی کۆمەڵایەتی کەم و زۆر بە بکەری کۆمەڵایەتی، بەخشینی دەسەڵاتی کردەیی و پەرچەکرداری کەم و زۆر بەپێی چەندایەتی و چۆنایەتی تۆڕی پەیوەندییەکان، واتە ئەو پەیوەندیانەی کە ئەو دەبەستنەوە بە کەسانیترەوە.

سەرمایەی ڕەمزیش، چوارەمین جۆری سەرمایەیە لای بۆردیۆ. سەرمایەی ڕەمزی هیچ نییە لە سەرمایەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووری زیاتر، کاتێ ئەمجۆرانەی سەرمایە پێکەوە، بە ڕەسمی دەناسرێن و دانیان پیادەنرێت. لەبەر ئەوەی هەر جۆرێکی سەرمایە (ئابووری، کەلتووری و کۆمەڵایەتی) بە پلەی جیاواز، وەکو سەرمایەی ڕەمزیش بەرجەستە دەبن، ئەوە دەکرێ قسە لەسەر کاریگەرییە ڕەمزییەکانی گشت جۆرەکانی سەرمایە بکرێت.

هەموو ئەم جۆرانەی سەرمایە شێوازی جیاجیای دەسەڵات و باڵادەستین و پێوەندییەکی تەواویشیان بەیەکترەوە هەیە. واتە بۆی هەیە سەرمایەی ڕەمزی ببێتە هۆی زیادەبوونی سەرمایەی ئابووری و سەرمایەی ئابووریش، سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕەمزی و کەلتووریی زۆر بۆ خاوەنەکەی

دروست بکات و بهێنێته دەست.

**■ لاوازیی سەرمایەی ڕەمزیی لە هەرێمی کوردستان:**

بە بیرکردنەوە لە کایەی سیاسی هەرێمی کوردستان و گرنگیی ئەم جۆرانەی سەرمایە، بۆمان ئاشکرا دەبێت کە هیچکامێک لە بکەرانی ناو ئەم کایەیە، وەک سەرۆک کۆمارەکەی ئەرجەنتین بیـر ناکەنــەوە و تەنیـا تێگەیشـتنێکی ئابووریناسـانەیان لە سـەرمایە هەیەو لە هەوڵی کەڵەکە کردنی زیاتری سەرمایەی ئابووری و دەسـتکەوتەکانیدان. ئەمــەش لەلایەکەوە، ئەوانی لـە ڕووی تێگەیشـتن لـە جۆرەکانی تـری سـەرمایە، وەک پێویستییەک بۆ سیاسەتکردنێکی باش،دەستکورت کردووە و لەلایەکی تریشەوە، سـەرمایەی ئابوورییان وەک بەدیلێک بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانی سیاسـی لە پێشـچاو گرتووە. ئەمەش لە کاتێکدا کە کایەی سیاسـی لەم هەرێمەدا پڕە لە ململانێ و گەمەی سیاسـی، کە پێویستیی بە زیاد لە سەرمایەیەک هەیە بۆ نزیکبوونەوە لە شانسـی بردنەوە. لە ڕوانگەی بۆردیۆوە، بۆئەوەی بەشێوەیەکی شارەزایانە بەشداری لە شەڕی (لێرەدا وشەی شـەڕ مانایەکی مەجازیانەی هەیە، دەکرێ بشگوترێ: (ململانــێ)ی نێو کایـە کۆمەڵایەتیەکاندا بکەیـن، بۆردیۆ دوو مەرج دەستنیشان دەکات:

یەکـەم) پێویسـتە ئەندامی هــەر کایەیەک کەسـێکی زیرەک، چووسـت و زانابێـت بـە یاسـاکانی نـاو ئەو کایــەی خۆی تیادەبینێتەوە و بزانێت چۆن ئەو یاسایانە بەکاردەهێنێت تا لە بردنەوەو سەرکەوتن نزیکی بخاتەوە..

دووەم) پێویســـتە ئەو کەسە خاوەنی هەندێ سەرمایەش بێت کــە بتوانێ لــە خەزێنە و بانکی هاوبەشــی کایەیەکی تایبەتدا، دایبنێ.

ئەو ململانێیەی لەناو کایەکاندا لەســـەر دەسەڵات بەرپا دەبێ، ململانێیەکی یەکسان نییە، بەو مانایەی ئەندامەکان هەموویان شــەڕکەرن، وەلێ بەئاســتی جیاواز و ڕاددەی بەشداربوونی جیاواز. هۆی ئەم نایەکســانییە بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، هەندێ لە شەڕکەران لێزانترن و توانایەکی باشتریان هەیە بــۆ بردنەوە. واتە لە بەکارهێنانی یاســای ناو کایەکاندا شــارەزاترن و ئەمەش فرســەتیان بۆ دەڕەخسێنێ ڕێژەیەکی زیاتر لەو شتە، یان بەهایە بکەنە هی خۆیان کە لەناو کایەکەدا شــەڕی لەســـەر دەکرێ. بەڵام ئەو توانا و لێزانییە لە هەمان کاتیشــدا ئازادییەکی پتریان دەداتێ لەچاو ئەو ئازادیەی یاسا و سیستەمی ناو کایەکەیان ڕێگەیان پێدەدات. بەڵام گریمان تۆ شــارەزا و لێزانیش بوویت، کە سەرمایەت نەبوو لە خەزێنەدا کەڵەکەی بکەیت بەچی دەچێ؟! کەواتە هەبوونی ســەرمایەش هێندەی لێزانی و زیرەکی بۆ بەشداربوون لەو (شەڕ/یاری)یەدا گرنگە.

ئەو (ســەرمایە پێویســتە)، دەشــێت کەلوپەلی ماتریاڵی بێت، پارەبێــت، ســەیارەبێت، هەروەکــو چۆن دەکرێ ســەرمایەی کەلتووررییــش بێــت. واتــە ئــەو شــارەزایی و هەڵســوکەوتە دانیپیانراوانــە بێــت کە پلەو ئاســتێکی تایبەتــی خوێندەواری و هونــەروەری و خێرخــوازی و بەســەلیقەیی کەســێکمان

پێدەناسێنن.
لەگەڵ ئەوەشــدا، لە هەموو کایەیەکــی کۆمەڵایەتیدا جۆرێکی تایبــەت لــە جۆرەکانی ســەرمایە، لــە مەترســیدایە. ئەمەش بەمانــای ئەوەیە، مــەرج نییە ئەو ســەرمایەیەی لە کایەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەیبەینەوە ببێتە هۆی ئەندامبوونمان لە کایەیەکی تری کۆمەڵایەتیدا. هەمیشــە پۆســتی بــاڵا و وئیمتیازاتەکانی و ســەرمایە ئابووریە پاشــکۆیەکەی، نفــوزی کۆمەڵایەتی و متمانەی خەڵک و خۆشەویســتیی بکــەرە کۆمەڵایەتیەکانمان بۆ دەســتەبەر ناکات. وێڕای ئەمەش هەمــوو پلە و پایەیەکی نــاو کایەیەک لە کایەکان، پێویســتی بە جۆرێ لەســەرمایەی تایبەت هەیە کە نرخی ئەم ســەرمایەیە بەپێی بەرزبوونەوەی پلەوپایەو پێگەی تاکەکەســیش زیــاد دەکات. هەتا پلەو پایەی بەرزتر بەدەست بهێنین، زیاتر دان بەسەرمایەکانماندا دەنرێ و زیاتر ڕەوایەتی وەردەگرین. بەڵام هەروەکو چۆن سەرمایەی نــاو کایەیەک بە پێویســت نابێتە ســەرمایەی دانپیانراوی ناو کایەکانی تر، ئاواش ســەرمایەیەک ناگۆڕدرێتەوە بەجۆرێکی تری ســەرمایە: کەس ناتوانێ بەپارە (ڕۆشنبیریی و کەلتوور) بکڕێ و هیچ ڕۆشنبیرێکیش بەپێویست لەبەر ڕۆشنبیرییەکەی پارەدار نییە. مەرج نییە پارە خەرجکردن بۆ کەسێ، ئەو کەسە بکاتە هاوڕێ و برادەرمان و لەمێژە گوتراویشە «سەربەرزی» و پرســتیژ بەپارە نایەتە دەست؟ ئەمانە هەموویان پێویستیان بەجۆرێکی تایبەت لە ســەرمایەدانان هەیــە، کە بۆردیۆ ناوی دەنێ سەرمایەی ڕەمزی.

سـەرمایەی ڕەمـزی بریتیـە لەو نـرخ و بەهـاو دانپیانانەی (اعتراف) کە سـەرمایەیەکی تایبەت لەنـاو کایەیەکی تایبەتدا بەدەستیهێناوە. واتە ئەوەی شوێن گرنگی و شایانی دانپیانانە بریتیـە لە (نرخ)ی ڕەمزیانەی سـەرمایەکەو هـەر ئەم نرخە ڕەمزییەشـە کـە لەشـەڕی نـاو کایەکانـدا دەبرێتـەوە، یان دەدۆڕێنرێت.

لێـرەوە پێویسـتە بزانیـن ئەو شـەڕەی لە کایەکاندا لەسـەر دەسـەڵات دەکرێ، هەر تەنیا بۆ ئەوە نییە سەرمایەی ڕەمزی پتر بێتە دەست، بەڵکو بۆ ئەوەیشە هەندێ (سامان و توانا)ی تریش وەک سەرمایەیەکی ڕەمزی دانیان پیابنرێ.

هەروەکو لە پێشاندا باسی لێوەکرا، لە ناو کایەکاندا پلەوپایەی جیـاواز لەئارادان و پێویسـتە ئەو (جیاوازی)یە دەستنیشـان بکـرێ. واتـە دەبـێ هەندێ نیشـانە هەبـن تـا لەڕێگەیانەوە جیاوازییەکان ئاشکرا ببن و پلەوپایەکان لێکدی جودا بکرێنەوە. دەشێت ئەو نیشانانە زۆر شت بن، وەک خانوو، ڤێلاو کێڵگەو باخچـەی ئاژەڵان و مـاڵات، ئوتومبێل، کارگە و تاد. هەروەها ڕێـی تێدەچێ جۆرێ لە چالاکی تایبەتیش بن (ئەسپسـواری، ڕاوە تـاژی، شـاخەوانی و تـاد..). گرنگ خودی نیشـانەکان نیـن، گرنگ توانای نیشـانەکانە بۆ جیاکردنـەوەی خەڵکانێک لە کەسـانێکی تر. ئەو کەسـەی ئەسپ سـواری بەچالاکیەکی باشـتر بۆ (نمونە شەڕە کەڵەشێر) دەزانێ، خۆیشی لە هەموو ئەوانە جیادەکاتەوە کە پێیان وایە شەڕەکەڵەشـێر خۆشترین سەرگەرمیە. لێرەدا وشەی (باشتر)، (خۆشتر)و وشەگەلی لەم

بابەتە دەربڕی وێناکردنێکی تایبەتیشن بۆ جیهان. دەلالەت لە دوو وێناکردنی جیاواز، لە دوو تێگەیشتن و چێژبینینی جیاواز لــە جیهانیش دەکەن. کەواتە شــەڕی ناو کایەکان هەر بەتەنیا شــەڕ نییە لەســەر ماتریاڵ و ســامان و پلەوپایــەکان، بەڵکو شەڕیشە لەسەر تێگەیشــتن و جیهانبینی و وێناکردنەکانیش، شەڕێکە بۆ خۆجیاکردنەوە.

هــەرکات هەڵبــژاردەی سیاســی ئێمە توانــی تەرکیزی خۆی لەســەر ململانێ لەســەر، یان لە پێناوی سەرمایەی ئابووریدا بگوازێتــەوە بــۆ جۆرەکانی تری ســەرمایە و دروســتکردنی ســەرمایەی ڕەمزی، زەمینەی کۆمەڵایەتیانــەی خۆی پتەوتر دەکات و متمانەیەکی زۆر بەدەســت دەهێنێتەوە. ئەو تەرکیزە زۆرەی لەلایــەن ئەم نوخبەیەوە دەکرێتە ســەر ســەرمایەی ماتەریاڵــی و ئابــووری، بە ئاڕاســتەیەکی ئەوتــۆ دەچێت کە بڕێکــی زۆری ســەرمایەی کۆمەڵایەتــی و مێژوویــی خــۆی لەدەســت بــدات و نەتوانێــت چیتــر بینای داهاتووی لەســەر بکات. پێویســتە هەڵبژاردەی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، توانــا تایبەتییەکانی خۆی بەهێــز و دەوڵەمەند بکات و بڕێکی بــاش لە ســەرمایە ئابوورییەکــەی بخاتە گرۆی ســەرمایەی ڕەمزییەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ بەبێ گرتنەبەری هیچ ڕێگایەکی ئایدیۆلۆژیانە، سەربازیانە، سەپێنەرانە و چاوبەستانە، متمانە و نفــوزی کۆمەڵایەتیــی نــوێ بۆخــۆی بەرهــەم بهێنێتەوە. ئەزموونــی ســەرکردە عەرەبەکانــی وەک پاشــای تونــس، ســەرۆکی میســر، قەزافــی و ئەوانیتر، ئــەوە دەردەخات کە

ئەمانە لەکاتی تەنگەتاوبوونیاندا هیچ سەرمایەیەکی ڕەمزییان نەبـووە تـا بەهۆیـەوە بەرگریـی لەخۆیـان بکەن. کەسـانی دەوروبەریان و ڕاوێژکارەکانیان و ڕۆشنبیرانی دەوروبەریان و ناوبانگیی کۆمەڵایەتیان نەیتوانیوە بۆیان ببێتە پشتیوانەیەک بـۆ ئـەوەی مامەڵەیەکی جیاوازتریـان لەگـەڵ بکرێت لەچاو ئەوەی لەگەڵیاندا کرا. ئەمە چیرۆکی سـەدان گەورە بازرگان و گۆرانیبێژ و ئەکتەری سـینەمایی و سـەرمایەدار و خاوەن مۆڵ و کارگە و کێڵگەشمان بیر دەخاتەوە، کە لە ساتەوەختی ناوبانـگ زڕان و ئیفلاسـکردنیاندا لـە ڕووی کۆمەڵایەتـی و بەبێ سـەرمایەی ڕەمـزی، ناتوانن بۆ یـەک چرکە بەرگریی لەخۆیـان بکەن. سـارکۆزی لە فەرەنسـا نمونەیەکی ترە، کە بەهـۆی ژیان و پێوەندییەکانییـەوە بە دەوڵەمەندان و دابڕانی لـە خەڵکـی ئاسـاییەوە، بە کەمتریـن سـەرمایەی ڕەمزی و کۆمەڵایەتیەوە، حکومەتی بەجێهێشت، نەک تەنیا لە بەر ئەوەی بـڕوای بە دیموکراسـیەت و دەستاودەسـتکردنی دەسـەڵات هەبوو. ئەمەش لەکاتێکدا کە بنەماڵەی فرانسوا میتران بەهۆی سـەرمایە ڕەمزییەکەیان و ئەو پشتگیریە زۆرانەی لە نەتەوە ژێردەستەکانی وەک کوردیان کردووە، هێشتاش خاوەن ڕێز و نفوزێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بەهێزن.

بەمجـۆرەش، دەتوانـرێ بگوترێ: هەموو کاتێک سـەرمایەی ئابووری لە مەترسـیدایە، چونکە هیچ سـەرمایەیەک ناتوانێ بەدیلـی سـەرمایەی ڕەمـزی بێـت. یەکێـک لـە ڕێگاکانـی دروسـتکردنی سەرمایەی ڕەمزی لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بریتیە

لە تێکەڵبوون و بەشــداریی ڕۆژانــە لە ژیان و ئەزموونەکانی کۆمەڵگادا. ســەرمایەی ڕەمزی بەشــێکی زۆری لەدایکبووی ئەو متمانە و نزیکیەیە کە پێویســتە لــە نێوان بکەرانی کایەی سیاســی و خەڵکدا هەبێت. بەشێکی بەرچاوی پێوەندیی هەیە بە نزیکایەتی لە کۆمەڵی ســەرکردە، نووســەر، فەیلەســووف و مرۆڤدۆســت و بانگەشــەکەرانی ئایینــی و تێکۆشــەرانی مرۆڤایەتیەوە. نزیکیی لەم جۆرە کەسانەوە، بانگهێشتکردنیان، پشتگیریان و ڕێزگرتن لە خۆیان کێشە و نەتەوەکەیان، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی سەرمایەی ڕەمزی هەرێمی کوردستان. لێــرەدا ناوی کەســانی وەک ماندێلا، دالایی لاما، چۆمســکی، بێشکچی، ژیژەک، بادیۆ، ئەدۆنیس و دەیان ناوی تر بەسە بۆ ئەوەی نوخبەی سیاسی ئێمە بزانێت سەرمایەی ڕەمزی خۆی لە کوێدایە. ئەم سەرمایە ڕەمزییە لە ئێستادا و لەناو بکەرانی کایــەی سیاســی ئێمەدا تــەواو لاوازە. لەکاتێکدا ســەرمایەی مادیــی و ئابووریــیــان تەواو لە هەڵکشــاندایە. ئەگــەر ئەوان بتوانــن هاوســەنگیی لە نێــوان ئەم دوو جۆرەی ســەرمایەدا بکەن، نفوزی کۆمەڵایەتی و سەرمایەی کۆمەڵایەتیان دەتوانێ جێگرەوەی قەیرانی ئەو بێتمانەییە بێت کە مەودایەکی فراوانی لــە نێوان بکەرانی سیاســی و بکەرانی ســادەی کۆمەڵایەتیدا دروســتکردووە. یەکێــک لــە ئەنجامەکانــی بەرزکردنــەوەی ســەرمایەی ئابــووری و لاوازیــی ســەرمایەی کەلتــووری و ڕەمــزی، بەرزبوونــەوەی توندوتیــژی و بڵاوبوونــەوەی بەدگومانــی و نادڵنیایە. لەکاتێکدا بەرزبوونەوەی ســەرمایەی

ڕەمزیی و لەویێشەوە هەڵکشانی متمانە لە کۆمەڵگادا، پێوەرێکی باشــە بۆ کەمکردنەوەی جۆرەکانی توندوتیژی و توندڕەویی کۆمەڵایەتی. پێویســتە دەستەبژێری سیاســیی ئێمە بیر لەوە بکەنــەوە، لــەڕووی ســەرمایەی مادییــەوە وەک هەژارترین ســەرکردەی سیاســی بمێننەوە، بۆ ئەوەی لــە دوارۆژدا ببنە گەورەترین خاوەن سەرمایەی ڕەمزیی و کۆمەڵایەتی. پارە و ســامان بۆکەس نامێنێ، چونکە وەک شاعیر گوتویەتی: ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە. هیواداریشــم کەســیان بەم قسانەی من تــووڕە نەبــن، چونکە من ویســتومە ئەقڵیــان بجووڵێنم نەک دەروونیان..

# داهاتووی سیاسەتی کوردی

## داڕشتنەوەی گەشتێک بەناو هاوڕێ پارتی و یەکێتی و گۆڕانخوازەکانمدا

■ **گەشتێکی بەهاریانەو دیدەنیی هاوڕێیان:**

گەشـــتی ئەمساڵ لەباتی سەیران، ســـەردانی چەند هاوڕێییەک بـــوو لەدنیـــای سیاســـەتداو لەکایـــەی حزبایەتیـــدا. بۆیـــە ئەم مانـــگ و هەفتانەی پێشـــوو، هەفتەی گەرمی دیـــدارەکان بوو، هەفتەی شادبوونەوە بە دیداری دۆستان و هاوڕێیان، هەفتەی لەدایکبوونەوە.

تاســـەی بینینـــی هـــاوڕێ، کارێکە ســـنوورەکانی سیاســـەتی حزبایەتـــی دەبەزینێ. منیش وەک (مۆنتنی)، گەورە بیرمەندیی مرۆڤدۆســـت، کاتێ پـــاش ماوەیەک ئەتیـــن دولابۆتی، هاوڕێ هەرە خۆشەویستەکەی، نابینێ و دواجار لە ئێوارە بۆنەیەکدا و لەبەر شـــەوقی چراکانی سەدەی شـــازدەیەمدا دەیبینێتەوە، بەجۆرێ وەســـفی ئەم دیـــدارەی دەکات، وەک ئـــەوەی لەبەر

ڕۆژی ڕووناکـدا بووبێت و وەک ئـەوەی خۆر لەو دیدارەوە هەڵهاتبێ و وەک ئەوەی دووبارە لەدایک بووبێتەوە.
بۆ منیش وەها بوو، کاتێ دەمبینی هاوڕێکانم بەوپەڕی شەوقەوە چاوەڕێمان بوون و دانیشتن و کۆبوونەوەو دەوام و پشووی چوونەماڵەخۆیان کردۆتە قوربانیی و بە تامەزرۆیی گفتوگۆو بیروڕاگۆڕینەوەو لێکحاڵیبوونەوە، لە ژوور و بەردەم دەرگای شوێنی کارکردنیانەوە، چاوەڕوانمان بوون. لە دیدارەکانیشدا جگـە لـەوەی هاوتەمـەن و هاوپیشـەکانی خۆمـان دیتنەوە، چاومـان بە مامۆسـتایانێکیش کـەوت کە لە تەمەنـدا لە ئێمە هەڵکشـاوتر بوون و سـەرقاڵ و ماندوونەناس بەکارەوە، کە دەبێت لە بۆنەیەکی دیکەدا باسیان بکەم.
لەیەکـەم پرسـگەی دەرچـوون لـە هەولێـرە دێرینەکـەوە، ئەفسـەرەکە ناسـینی و لەگەڵ ئەوپەڕی ویقارو ڕێزدا هیوای بەسـەلامەت گەڕانەوەی بۆ خواستین و ئێمەش وردە وردەو بەناو شاڕێی لۆرییە بارهەڵگرە توندڕەوەکاندا ملی ڕێمان بەرەو کەرکووکی نەوت و زام و مێژوو گرت و پێش ئەوەی بڵێسەی ئاگری کانە نەوتەکانمان لێدەرکەوێت، دیسـانەوە ئەفسـەری پرسگە خێرهاتنی گەرمی لێکردین و بە ڕووخۆشییەوە بەڕێی کردیـن. من بەم پێشـمەرگەو ئەفسـەرە کوردانەدا هەمیشـە حەزمکردووە لە شوێنی ئەوان ڕاوەستم و فەرموو لە میوانان و ڕێبوارانێـک بکەم کە دێنـە وڵاتەکەمانـەوە. جارێک ئەوەم لە بیرمەندێک بیسـتووە کە یەکەم ئەفسـەری سەرسـنووری وڵاتێـک و دەروازەی شـارێک، نوێنەرایەتی ئەو سیاسـەت و

حوکمڕانییــە دەکات کــە لەو وڵاتەدا هەیەو یەکەم پێشــوازیی لە میوان چۆن بێت، وێنای ئەو میوانەی لەســەر ئەو وڵات و شارە لەسەر بینا دەبێت.

**■ میوانداریێتی لەفەلسەفەدا:**

دێریدا، فەیلەســووفی فەرەنســی، ســەبارەت بە داڵــدەدان و جێکردنەوەی(میــوان)، نووســیویەتی: میوانداریکردن بۆخۆی کولتوورێکەو تا ئەو شوێنەی پەیوەستە بە (ئیتیۆس)ـەوە، واتە پەیوەستە بە نیشتەجێبوون، ماڵی حەوانەوەی تایبەت، شوێنی نیشــتەجێبوونی خێزان، واتە پەیوەستە بە بوونی ئێمە لەگەڵ ئەوانیتــرداو پێوەندیی ئێمە بە ئەوانیتــرو بێگانەکانەوە، وەک پێوەندیــی خۆمانی لێدێت بە خۆمانەوە، ئــەوە لەم حاڵەتانەدا میوانداریکــردن خــودی ئەخلاقــە. واتــە ئەخــلاق هاوشــانی ئەزموونــی میوانداریکردنە. بەم پێیــەش لەلای درێدا، ئەخلاق ســەرچاوەیەکی دیکــەی نییە لــەو ڕەفتارە زیاتر کــە ئێمە لە چوارچێــوەی میوانداریکردنی ئەوانیتــردا، دەینوێنین. ئەو، لە شــوێنێکی دیکەدا دەنووسێ: کاتێ کەســێک لە سەر قەراخی دەرگا و ماڵەکەی خۆیدا ڕاوەســتاوەو بە ڕووییەکی خۆشەوە بەخێرهاتــن لە میــوان و بێگانەیــەک دەکات، بەمانای ئەوەیە (لێرە کەســێ لە ماڵەوەیە. کەواتە شوێنێکی کردۆتە هی خۆی بۆ ئــەوەی بتوانــێ بەخێرهاتنی ئەویتری لێوە بــکات. یاخود لەوەش زیاتر: بەخێرهاتنی ئەویتر دەکات تاکو شوێنێ بکاتە هی خۆی..). بەلای درێداوە، بیرکردنەوە لە میوانداریییەک کە تیایدا خاوەنمــاڵ بە ڕووی خۆش و بزەی ســەرلێوەوە بەخێرهاتنی

میوانەکانی نەکات، میوانداریی نییە. ئەو دەڵێ: (جیاکردنەوەی کولتووری میواندۆستی لە کولتووری پێکەنین و ڕووخۆشی، کارێکی ئاســـان نییە). هاوڕێکانمان بەو پەڕی ڕووخۆشییەوە پێشــوازییان لێکردین، بەهەمان شــێوەی ئەفسەری پرسگەی نێوان شاران.

**■ هاوڕێیەتی و میوانداری لەسیاسەتدا**

لەودیدەنیــەدا ســێ بابــەت هەبــوون لەگــەڵ هاوڕێکانمدا لە دەســەڵات و ئۆپۆزیســیۆن باســمکردن: یەکــەم، مەســەلەی قســەکردن لەســەر دەوڵەتی کــوردی، دووەم: مەســەلەکانی ناوخۆ و ناکۆکیە سیاســییەکان، ســێیەم: مەسەلەی ئیسلامی پۆپۆلیستی و ئیسلامی سیاسی.

ســەرەتا دوای ئەوەی هەندێــک لە هــاوڕێ پارتییەکانم بینی و قسەوباســمان کــردو بــە عادەتــی خۆیان داوایــان لێکردم لەگەڵیان بچمە دەرودەشت و نەمتوانی، لەگەڵ هاوڕێیەکمدا، کە مامۆســتای زانکۆیەو دواجار ئەم وتارەی لەگەڵ داڕشتمەوە، هەســتاین چووین بۆ سلێمانی و بۆ دیداری هاوڕێ یەکێتی و گۆڕانەکانمان، ئەمە پاشئەوەی لە هەفتەکانی ڕابردوودا لەگەڵ هاوڕێ یەکگرتووەکان و کۆمەڵەکانم لە پێوەندیدا بووم..

**■ هاوڕێ ئیسلامییەکان:**

**■ ڕەواندنەوەی گومان و دروستکردنی متمانە:**

من نازانم ئیسلامییەکانی کوردستان وەک حزب و ڕێکخراوی فەرمــی تا چەندە لە دواڕۆژدا دەتوانن کۆنترۆڵی بڕوادارانێک بکەن، کە من ناویان دەنێم ئیسلامی پۆپۆلیستی یان ئیسلامی

کۆمەڵایەتـی و عامیانەی خەڵک. بەڵام لە ئێستادا ئیسـلامی سیاسی خۆی لە فۆرمێکی ڕێکخراوەیی فەرمیانەی حزبسالاریدا بەرجەسـتە دەکات کە گەڕانەوەی بەردەوامی دەبێت بۆ یارو لایەنگرانی خـۆی، لەگەڵ کەمکردنەوەی گومانەکانی لەسـەر لایەنـی دەسـەڵات لە ئاسـتی ڕواڵەتیدا. لەکاتێکـدا بۆی هەیە ئیسـلامی پۆپۆلیستی، یان کۆمەڵایەتی، ئەجیندای میزاجیانەی خـۆی هەبێت بە بـێ گوتارێکی یەکگرتوو، یـان مەرجەعێکی بڕیـاری فەرمـی، کـە بۆ دەسـەڵاتی هەرێم ئاسـان نابێت لە داهاتوودا مامەڵە لەگەڵ ئەم فۆرمەی ئیسلامی شەعبیدا بکات، لەبەر فۆرمۆلەنەبوونی لە گوتارێکی یەکگرتووی ڕێکخراوەییدا. بەڵام دڵنیام ئیسـلامی سیاسـی چ لە فۆرمە یەکگرتوویی و چ لە فۆرمە کۆمەڵییەکەیدا، نەیانەوێت کێشـەی سیاسـی گەورە بۆ پرۆسەی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا دروست بکەن، چ ئـەو کاتـەی لە ئۆپۆزیسـیۆندا بن و چ ئـەو کاتەش دەچنە سەر دەسـەڵات، بەتایبەتی لە مەسـەلەی پێوەندیی بە عێراق و دروسـتبوونی کیانێکی تایبەت بە کوردەکان لەم هەرێمەدا. مەگەر تەنیا لە ڕێگەی خۆراکبەخشین بە ئیسلامی پۆپۆلیستی و بەکارهێنانیان وەک گوشارێکی ئاپۆرەیی.

ئیسلامی سیاسی لە ئاستی میدیایی و دیپلۆماسییەتی سیاسیدا، بـەرەو شـوێنێک دەڕوات وەک ئـەوەی بیـەوێ سـیمایەکی کرانـەوەی مەدەنیانـە، شـەففافییەت و کارکـردن لەسـەر پرانسـیپەکانیان ببێتە کاراکتەریـان و پەروەردەی خۆیانی بۆ دوارِۆژ لەسـەر دابڕێـژن. بـەڵام ئەگەر ئەو شـوێنانە بکەینە

پێوەر کە ئیســـلامییەکانی کوردستان خۆیان بە درێژکراوەیان دەزانــن و دەیانەوێ لێرە ئەو ئەزموونانــە دووبارە بکەنەوە، هەمیشە ئەگەری پەشــیمانبوونەوەیان لەم سیما و کاراکتەرە هەیە. ئەمە لە ئێران و میســر و ســوریاش بە ئاشکرا بینراوە. جگە لــە ئەزموونی هاوبیرانیان لە وڵاتانی ئەوروپا و پشــوو کورتییــان لــە ئاســت کرانــەوەی کۆمەڵــگا دیموکراتیکەکانی ئەوروپــادا و گەڕانەوەیان بۆ ڕەفتــار و هزرینی توندڕەوانە. مــن هەرگیــز نەمتوانیوە لــە هاوڕێیانی ئیسلامیســتم دڵنیابم ســەبارەت بــە ڕێزگرتنــی بنەماییــان بــۆ ژیانــی مەدەنی و جیاوازیی و بەکارنەهێنانیان بۆ چەکی ئایین لە دژی کۆمەڵگا. بەڵام نامەوێ بڵێم ئەوان بەرپرســیی هەمــوو توندڕەوییەکی ئایینیانەی ئەم وڵاتەشن.
هاوڕێکانم لە گۆڕان ئەم مەسەلەیە بەمجۆرە نابینین و ئەوان ئازادن، بەڵام من بە ئاشــکرا گوتومە ئەوان لە هاوپەیمانێتیان لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا باجێک چاوەڕێیان دەکات و پێویستیش ناکات فەلسەفەمان خوێندبێت بۆ ئەوەی لەم ڕاستییە تێبگەین. لەگەڵ ئەوەشــدا پێمخۆشــە لایەنەکانیتــر، بەتایبەتیش پارتی و تــا ئەندازەیەکیش یەکێتــی، گومانەکانی خۆیان ســەبارەت بــە هەبوونی «نیەتی شــاراوە» لەســەر ئیســلامییەکان، کەم بکەنــەوەو لەبەرامبەر ئەمەشــدا بکەونە گفتوگۆی ڕاشــکاوو شەففاف لەســەر ئەو خاڵانەی کە ئەوان پێیانوایە دەبنە خاڵی گەمەکردنی ئیسلامی سیاسی لەگەڵیاندا.
ئیســلامیی سیاســی بەرگریی لە مافەکانی خۆی دەکات و لە

پێناوی بەرژەوەندییە گشتی و مەدەنیەکانیشدا خۆی بەجۆرێکی بەرپرسیارانە پیشاندەدات. گوتنی ئەم قسەیە بۆ ئێستا ڕاستە، بەڵام ئەوان «ئێستا» وەک «ئامرازێ»ک بۆ ئامانجێک تەماشا دەکەن و هاوکات بەردەوامن لە کارکردنیاندا بۆ چەسپاندنی بیروڕاکانیان لەلای لایەنگرانی خۆیان و پەروەردەکردنیان بەو جۆرەی کە سیاسەتی ئەوان دەیخوازێت و ئامادەکردنیان بۆ داهاتوو، کە هیچ مەرج نییە درێژکراوەی ئێستایان بێت. ڕاستە کە «گەمەی پشت پەردە» و «نییەتی شاراوە» و «دەسیسە» و «هەلپەرستیی سیاسی»، هەموویان چەمکگەلێکی پاش ڕۆژانی شەڕە ناوخۆییەکانن، بەڵام من هەتا ئێستا نەمتوانیوە قەناعەت بەوە بکەم، کە ئێمە ئەو ڕۆژگارەمان تێپەڕاندووە. هاوکات بەوەی حەز دەکەم پارتی و یەکێتی لەبارەی ئیسلامی سیاسییەوە دووبارە تێڕوانینێکی تر بینا بکەن، بە پێویستییەکی ئەخلاقیشی دەزانم لەناو فەزای نوێی سیاسەتی هەرێمدا وەکو پێویست بواری بەشداریی کردنیان بۆ بڕەخسێت و بەبێ هیچ فیلتەرێک گوێیان بۆ بگیرێت. ئەمە جگە لەوەی ئەرکێکی ئەخلاقییە قەرەبووی ئەو زیانە مادیی و مەعنەویانەیان بۆ بکرێتەوە، کە لە بارودۆخە گرژەکاندا بەر ئەو لایەنانە کەوتوون و بەیەک چاو و وەک هاووڵاتی تەماشای لایەنگرانیان بکرێت.

داهاتووی کۆمەڵگاکەمان خاڵیی نییە لە ئایین و بەتایبەتیش لە ئیسلامی سیاسی، بۆیە هاوکات بەکرانەوەی ئەم فۆرمە لە ئیسلام لە ئاست ئایین و ئایینزاکانی تر و ڕێزگرتنیان

لە مافە دەســتوورییەکان، لەوانەش ئازادیی بیروڕا بۆ هەموو تاکێک لەلایەن ئیســلامییەکانەوە، پێویستە مافی دەستووریی ئیسلامییەکانی کوردستانیش پارێزراو بێت. هەرچەندە ئەوان تاکو ئێســتا پێداچوونەوەیەکــی ڕەخنەگرانەیان بۆ ڕابردووی خۆیــان نەکــردووە. من نازانم گۆڕانخــوازەکان تا چەندە لەو هاوپەیمانیەتیەیانــدا لەگەڵ ئیســلامی سیاســیدا، ئەم خاڵەیان کردۆتە مەرج بۆیان، بەڵام مامەڵەی بزووتنەوەی گۆڕان لەگەڵ ئیسلامییەکان لەڕووی سیاسییەوە، مامەڵەیەکی تەندروست و تا ڕادەیەکی زۆر باشە بۆ داهاتووی هەرێمەکە.
پێویســتە ئەوەشــمان لەبیر نەچێت، کە هاوکات بە گۆڕانێکی بەرچاو لە ئیســلامیی سیاســیدا بەرەو هێوری و بەشــداریی سیاســی، گۆڕانێکــی بەرچاویش لە تەشەنەســەندنی جۆرێک لە ئیســلامی پۆپۆلیســتی و کۆمەڵایەتیانــەدا دەبینرێت، بەبێ ئەوەی لە ڕووی سیاسیەوە هیچ گوتار و مەرجەعێکی هەبێت. ڕێــی تێدەچێت وەک گوتم، ئیســلامی سیاســی لە شــوێنێکدا خۆراکبەخشی ئیسلامی کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام ئەوە پرسیارێکە: ئایــا لە دۆخــی بارگرژی و ئاڕاســتەبوونی توندڕەوانەی ئەم فۆرمە لە ئیســلام لــە کۆمەڵگای کوردیدا، دەســەڵات یەخەی کێ دەگرێت؟ هەندێ ئەزموون ئەوە ئاشــکرا دەکەن هەرکات شــتێکی نەخــوازراو ڕوو بدات، تۆ بێیت و یەخەی ئیســلامی سیاســی لە فۆرمــە یەکگرتوویــی و کۆمەڵییەکەیــدا، بگریت، هەڵەیەکی گەورەیە.

## ■ یەکێتی و واقیعبینی:

لە ســەردانەکەدا ئەوەی هەســتی پێدەکرا گوتــاری یەکێتیش ســەبارەت بــە بزووتنــەوەی گــۆڕان گۆڕانێکــی بەرچــاوی بەخۆیەوە بینیوە. ئەمەش جێگەی دڵخۆشــییە، چونکە یەکێتی لــەوە واقیعبینتــرە کە نەتوانێت کاریگەریی ئــەم بزووتنەوەیە لەســەر کۆمەڵگای کوردی و وەدیهێنانــی خەونێکی خۆی کە هەمیشە لە کۆنەستیدا هەبووە، لەسەر دەستی گۆڕانخوازەکان نەبینێت.

بەڵام بە ئاشکرا گوتاری یەکێتی نیشتیمانی، لەسەر بزووتنەوەی گــۆڕان نەغمەیەکی ڕێزدارانەتــر و واقیعبینانەتری بەخۆیەوە گرتــووە. یەکێتــی گەنجایەتــی و ئازایەتــی خۆی لــە گۆڕاندا دەبینێتەوە، بەڵام ئەو هاوڕێ یەکێتیانەی لەو گەشتەدا بینیمن، داهاتــووی خۆیــان وەک زنجیرەیــەک بــۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەتەکانی هاوڕێ گۆڕانخوازەکانم نابینین و لەو باوەڕەدان بزووتنەوەی گۆڕان بەو ســووربوونەیان لەســەر نەهێشتنی گەندەڵیی ئابووری و ئیداری، خزمەتێکی زۆریان بە پلانەکانی ئەوانیش کردووە بۆ پێداچوونەوە و بەخۆداچوونەوە.

هەرچەنــدە پێوەندییــە کۆمەڵایەتیەکانــی نێــوان ئــەوان و گۆڕانخــوازەکان لە ئێســتادا ناســکترە لە جــاران، بەڵام ئەم دوورکەوتنەوەیــە لە نییەتەوە نییە و زیاتــر ڕەنگدانەوەیەکی کەســێتی کۆمەڵایەتیانــەی ئەوانــە لەبەرامبەر یەکتــردا، نەک کەســێتی و بۆچوونی سیاسییان. من لە گەشتەکەمدا لە زمان هــەردوولاوە، بــەدەر لــە بۆچوونــی سیاســی و جیاوازییان

لــە پاشوپێشخســتنی پرانســیپەکاندا، بــە تایبەتی لــە بواری لێکدانەوەکانیانــدا بــۆ دامەزراندنــی دەوڵەتــی کــوردی، لــە وشــەی شــیرین زیاتر هیچیترم نەبیســت و گوێم لە نەغمەی هەشــتاکان و نەوەدەکانــی ڕەتکردنەوەی کــورد بۆ یەکتری نەبوو. بەمجــۆرەش، هەرچەندە کایەی سیاســیی و ململانێی سیاسی نێوان ئەم دوو حزبە لە جوگرافیایەکی بەرتەسکتردایە (شــارێک) و ئەمەش ڕێگە بــە گرژبوونەوەی لەپڕی ئەم دوو لایەنــە لەبەرامبــەر یەکتردا دەدات، بەڵام لــەوە ئەچێت چیدی هیــچ لایەکیان نەگەڕێنەوە بۆ ڕەفتــاری گرژانە وەک بەدیلێک بــۆ ســەپاندن و جێبەجێکردنی میکانیزمە سیاســییەکانیان لە ئاست یەکتردا.

لەلایەکیتــرەوە، یەکێتیــەکان لەوباوەڕەدان سیاســەتی ئەوان لەگەڵ بەغدا ئەنجامی باشی بەدەستەوە داوە و نوێنەرەکانیان وەکو پێویســت بــە ئەرکی خۆیــان هەســتاون. بێگومان ئەم بۆچوونە جێی پرسیارە و سەرچاوەی تر هەن کە پێچەوانەی ئەمــە دەســەلمێنن و بــاس لــە بەفیڕۆدانــی کات و زیــاد لە پێوســت خۆخەریکردنــی ئەندامانی لیســتی کوردســتانی بە کاری بازرگانی و ڕێککەوتنی بازرگانی لەگەڵ لایەنە سیاسیە عێراقییەکانــدا دەکــەن، لەگــەڵ پیشــاندانی ترســێکی زۆری کاربەدەســتە کوردەکان لە هەندێک لە کەسایەتی و لایەنەکان و خۆ بچووککردنەوە لە ئاستیاندا..

سرووشــتی کەسایەتی کورد لە ڕووی مێژووییەوە، لێوانلێوە لــە خۆبەکەمزانی لەبەرامبەر بێگانەدا، هەروەها دووڕوویی و

نەبوونی یەکدەنگیی لە نێوانیاندا زیانێکی گەورەی بە شوناسی کوردبوونیـان گەیاندووە. سـاڵی ٢٠٠٣، کاتێـک توێژینەوەم لەســەر خۆبەعەرەبکردنی کوردەکان دەکرد، سەرم سووڕما لەو ڕاســتییەی کە کورد چ ڕۆحێکی خۆبەکۆیلەکردنی تێدایە. ئــەم ڕاســتیی و گریمانەیــە ڕێگەمان پێدەدات کــە بڵێین: ئەو کوردانەی لە بەغدا نوێنەرایەتی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دەکەن، هەموویان وەکو پێویست ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ نەکردووە و هەمیشەش بەدوای ئەو دەرفەتانەدا نەگەڕاون کە لە ڕێگەیانەوە مەسەلەی یاسایی کوردستان و مافەکانی گەلی کورد تەئمین دەکرێن.

پارتــی و یەکێتــی تا ئێســتا بەدەگمەن لەســەر کەمتەرخەمی کەســێکیان بانگکردبێتــەوە هەرێــم و لێپێچینــەوەی لەگەڵــدا بکەن. لەبەر ئــەوە دەرگای ڕەخنەگرتن لەو کەمتەرخەمیانەی نوێنەرانــی کــورد بــە کراوەیــی دەمێنێتــەوەو هەتــا ئەوەش ڕوونــەدات، مەترســیی لەســەر مەســەلەی کــورد دەمێنێت. ئەوەی لــە میدیاکاندا گوێمــان لێدەبێت، بریتیە لــە گوتارێکی بەرپەرچدەرەوانەی شەرماویی کوردەکان لە ئاست هەندێک لە سیاسەتەکانی بەغداد، نەک کارکردنی یاسایی و دەستووریی بــۆ چەســپاندنی مافەکانــی کورد بەپێی دەســتوور و یاســا. من لــەو بڕوایــەدام، کوردەکان لە بەغدا شــەڕی دەســتوور و یاســایان کردبێتە قوربانیی ڕێکەوتنی سیاســی و بەســتنی هاوپەیمانێتــی لەگەڵ کوتلــە و حیزبە سیاســیەکانی عێراقدا، یــان لانیکەم، خۆشــیرنکردنیان لەلای هەندێک دەســەڵاتداری

شۆڤێنیســـت، ئەمەش تەنیا لە بەرامبـــەر بەرژەوەندیی تایبەت و مامەڵەی بازرگانی و پشـــکداریی ئابووریی و مانەوەیان لە پۆستەکانیاندا.

مـــن نەمزانـــی بیـــروڕای هـــاوڕێ گۆڕانخوازەکانـــم لـــە گردە حەیاتەکە لەمبارەیەوە چیبوو، بەڵام پاســـاوهێنانەوەی هاوڕێ پارتی و یەکێتیەکانم بۆ پینەکردنی بارودۆخی کورد لە بەغدا، پێ پەسەند نییە. ئەو گورزەی ئەمڕۆ کورد دەیخوات لە دەستی بەغـــدا، دواکەوتنـــی لـــە هەندێک بڕیـــاری گرنگ، بەشـــکردنی ســـامانی نەوت، ملکەچیمان بۆ سیستەمی شەراکەتی سیاسی و ئابـــووری و بـــە پەراوێزخســـتنەوەی هێـــزی پێشـــمەرگە، هەموویـــان ئەنجامی ئـــەو خۆبەعێراقیکردنەوەیەن کە لە دوو هەزار و ســـێوە گیرۆدەی بووینەوە. هەرچەندە ئێســـتا لایەنی لیستی کوردســـتانی کەمێک پەشیمانی دەردەبڕن بۆ ئەو وزە زۆرەی لە زیندووکردنەوەی «گورگەتۆپیوەکە»دا، ســـەرفیان کـــرد، بەڵام من بۆخۆم تێگەیشـــتنێکی ئەوتۆم بۆ هاوســـۆزی بـــەرەی ئۆپۆزیســـۆن و بەتایبەتیش گۆڕانخـــوازەکان نییە، لە پیشـــاندانی نەرمی لەگەڵ بەغدا و هەمیشە ترسی ئەوەم هەیە کە پەرچەکرداری گۆڕان لە ئاست سیاسەتی ناوخۆی یەکێتی و پارتیـــدا ئەوانی بەرەو سیاســـەتێکی دەرەکیـــی هەڵە لەگەڵ بەغـــدا بردبێـــت. چونکـــە بێگومان ئەگـــەر پێوەندیـــی کورد و بەغدا بخرێتە دەنگدانێکی جەماوەرییەوە، بزووتنەوەی گۆڕان ڕێژەی هەرە زۆری دەنگە ناوخۆییەکانی لە ئاســـت سیاسەتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ بەغدا دەدۆڕێنن.

## ▪ هــاوڕێ پارتییەکانــم: ڕزگاربوون لە بیرۆکەی دەسیســەو پیلانگێڕی:

جاران هــاوڕێ پارتییەکانم زۆر بەدگومانتر بوون لە ئاســت هــاوڕێ یەکێتــی و گۆڕانخوازەکانمــدا. ئــەوان وا بیریــان دەکــردەوە، کــە زۆر لەو شــتانەی ڕوو دەدەن، دەسیســە و پیلانیان لە پشتەو هەمیشە پارتی قوربانییە. پارتییەکان هەمیشە وایاندەزانی دروســتبوونی بزووتنەوەی گۆڕان سیناریۆیەک بێت لــە دژی ئەوان و ڕۆژگارێک یەکێتــی و گۆڕانخوازەکان یەکبگرنــەوە. لــەم مەســەلەیەدا دیدگایەکی ئەمنــی ئامادەیی هەبــوو، کە دواجار دەرکەوت هەڵەیەک هەیەو پێویســتیی بە پیاچوونــەوەو داڕشــتنەوەی هەیە. هەڵبژاردنی ئــەم دیدگایە هــاوڕێ پارتیەکانمــی بەرەو شــوێنێک برد کە تیایــدا کەمتر بیــر بکەنەوەو زیاتر پەرچەکرداریان نواندو ئەمەش خســتنیە بــەردەم بڕیارگەلێکی ئەوتۆ کە توورەیی جەماوەریی بەدوادا هاتووە..

ئێســتا بارودۆخەکــە تەواو گۆڕاوە. پارتی ســەنگی مێژوویی خــۆی، نەک لە هەرێمەکەدا بەڵکو لە ســەراپای کوردســتاندا هەســتپێدەکات. ئەکتەری نوێ لە سیاسەتی پارتیدا هاتوونەتە ئاراوە، کە مامەڵەیەکی پتر سیاســیانەو ســتراتیژیانەتر لەگەڵ یەکێتی و لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنیشــدا دەکەن. ســەرۆکی هەرێم سیاســەتێکی کوردانەتر، ڕاشــکاوانەتر و بوێرانەتری گرتۆتە پێش، کە هیوادارم خۆخۆری و خیلافاتی تایبەت لە سیاسەتی هەرێمــدا، ئــەم دەستپێشــخەریانەی لاواز نەکــەن، چونکــە

تاکــە وەرەقەیەکــە بۆ ئاشــتکردنەوەی کۆمەڵــگای کوردی و بەرجەســتەکردنی مژدەیەکــی نــوێ. بــەڵام ئــەوە هەڵەیە کە لــە پێنــاوی ڕازیکردنی نەیارەکان و ئۆپۆزیســیۆندا، دۆســت و هاوپەیمانەکانــت لەخــۆت تووڕە و زویــر بکەیت. ڕاگرتنی هاوســەنگی هونەرێکــی گەورەیــە لــە سیاســەتدا. پارتیەکان پێویســتییان بە دارِشــتنەوەی سیاســەتی خۆیان هەیە لەگەڵ هــاوڕێ ئیســلامییەکانمدا. هاوڕێیانــی ئیســلامیم خۆیــان بە «بریندار» وەســفدەکرد. ئێمە ناتوانین لە بوونی ئەم هەســتە لــەلای ئــەوان تێنەگەیــن، بــەڵام ڕەتکردنەوەشــی لــە لایەن پارتییەوە، ئەنجامی دڵخۆشکەری نابێت. پارتی پێویستی بەوە زۆرە هــەر جــۆرە باڵانۆڕی و باڵاخوازییــەک لەلای خۆی لە ئاســت ئۆپۆزیســیۆندا بکوژێت و بە شــتی ڕاست بڵێ ڕاست و بــە هەڵەش بڵێــت هەڵە. لە هەمان کاتیشــداو لە پرۆســەی سیاســیدا پێویســتە هەمــووان بزانن کە ئەوان ئــەوە نین کە بۆخۆیان وێنای دەکەن و لە خۆیاندا دەیبینن، بەڵکو پێویســتە ئەو وێنانــەش ببینن کە ئەوانیتر دەیدەنە پاڵیان و بەهۆیانەوە کەسایەتی ئەوان لە کۆمەڵگادا بەرجەستە دەکرێت.

هاوڕێ گۆڕانخوازەکانم ئێســتا لە جاران زیاتر ڕەهەندەکانی پارتی دەبینین. هاوڕێ پارتییەکانیشم بە وردی بەدواداچوون بۆ قســە و گوفتاری هــاوڕێ گۆڕانخوازەکانم دەکەن. هاوڕێ پارتییەکانــم لــەو بڕوایەدان ئــەوان بە تەنیا بەرپرســیار نین لــە گەندەڵــی و نادادوەری، بۆیە نابێت بــە تەنیا ئەوان وێنای دوژمنیان پێببەخشرێت. چارەسەرەکەشی بەتەنیا لەلای ئەوان

نییە. هاوڕێ گۆڕانخوازەکانیشم لەو بڕوایەدان ئەوان نە دەبنە بەشێک لە گەندەڵی و نە لە ناعەدالەتیش خۆش دەبن و نە بە ئاسانییش متمانە بە پارتی و یەکێتی دەبەخشنەوە لەو دوو مەسەلەیەدا.

لێرەوە، من وەها تێگەیشتم کە هاوپەیمانێتی هاوڕێ گۆڕانخوازەکانم لەگەڵ هاوڕێکانم لە ئیسلامی سیاسیدا، مامەڵەکردن بێت لە ئاستی بنەما و پرانسیپی سیاسی، نەک عەقیدەتی و پەرچەکردارییانە لە ئاست یەکێتی و پارتیدا. ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو نیگا ئەمنییەوە بوو کە پێشتر لەلای هاوڕێ پارتی و یەکێتییەکان گوێمان لێدەبوو.

### ■ پرسی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد

لە مەسەلەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیدا، بیر و ڕای سەرکردەکانی یەکێتی و بەرپرسەکانی خوارەوە جیاوازیی هەیە. سەرکردەکان بە ئاشکرا گوتارێکی نائومێدکەرانەو بەدەر لە ویست و خواستی سەردەمە مێژووییەکە بەرجەستە دەکەن. ڕەنگە ئەمە تاکتیک بێت و حەقیقەتی مەسەلەکە نەبێت. ئەوەی من لە هاوڕێ یەکێتییەکانی خۆمم بیست، جیاواز بوو: ئەوان بە ڕاشکاوانە و بەو گومانەوە ئاخۆ کەسانێک هەبن تەماعێکی تایبەتیان لەو دەوڵەتەدا هەبێت بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، خێرهاتنیان لە بیرۆکەکە دەکرد. ئەگەر یەکێتی بە پێچەوانەی ئەمەوە بیر بکاتەوە، بە بڕوای من دژی خەباتی چەندین ساڵەی خۆی و چاندنی بیرۆکەی ڕزگاری و ئازادیی دەوەستێتەوە، کە ڕاگەیاندنەکەی لەسەردەمانی شۆڕشی

ڕزگاریخوازیی و چەکداریدا پشــکی سەرەکیی بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە بیروڕایانەی بەردەکەوێت.

وێــڕای خێرهاتنــی هــاوڕێ گۆڕانخوازەکانم لــەو بیرۆکەیە، بــەڵام جیاوازیــی بیروڕایــان لە جۆر و فۆرمی ئــەو دەوڵەتە نەدەشــاردەوە. ئەمەشــیان لــەو گومانــەوە بــۆ هاتــووە، کە ئــەوان ئەزموونــی حکومداری ئەم بیســت ســاڵەی دوایی بە ئەزموونێکی سەرکەوتوو لە هەموو ڕوویەکەوە دانانێن، لەبەر ئــەوە پرســیارێکی ڕەوا دەکەن لــەوەی چ حیکمەتێکی تێدایە دەوڵەتێک ڕابگەیەنرێ و فەرمانڕەواییەکەی بدرێتەوە دەســت هەمان سیســتەم کە پێشتر سەرکەوتنی خۆی نەسەلماندووە؟ ئــەم پرســیارەی هــاوڕێ گۆڕانخوازەکانــم، هەرگیــز ڕێگــر نییە لەبەردەم پشــتیوانیکردنی ئەوان لە دروســتکردنی وەها دەوڵەتێــک بۆ کورد، بەڵام پێش ئــەو کارە، لەوانەیە ئەوان بە حەزەرێکــی زۆرەوە، ڕەنگــە زۆر ڕۆشــنبیرانەو تیۆریانەش بیــر لە دەوڵەتی کوردی بکەنەوە، کە ئێســتا بنەماکانی بەلای ئەوانــەوە ئامــادە نین. مێژوو بــۆی هەیە هەلــی ئازادییەکی ڕاســتەقینەت بۆ بڕەخســێنێ لە واقیعێکــی دیاریکراودا، بەڵام مــەرج نییە ئــەو ئازادییــە نمونەیەکی ئایدیاڵی بێــت. ئازادیی شتێکە پێویستە خەباتی بەردەوامی بۆ بکرێت، نەک بە خەونی ئازادیــی ئایدیاڵییەوە، ئەوەی واقیع شــیاو و مومکینی دەکات، ڕەتبکەینەوە.

هاوڕێ ئیســلامییەکانم لە ئاســت دەوڵەتــی کوردیدا بوون بە داوی خۆیانــەوە: ئــەوان ســەرەتا کــە دامــەزران، لانیکەم لە

چوارچێوە کۆمەڵیی و یەکگرتوو ییەکەیدا، بۆ ئەوە دامەزران تا لە چوارچێوەی بیروڕا و کراوەیی بیری ئیسلامیانەدا، خزمەت بە کێشـــەی نەتەوایەتی کورد بکەن. بەڵام ئێســتا پۆپۆلیسمی ئیسلامی و ئیسلامی کۆمەڵایەتی و لەتلەتبوونی خۆیان، وەها پیشاندەدات کە ئەوان دوورن لە بیرۆکەی نەتەوەیی و دەبێت پلانێکی شــارەوەیان هەبێت. من وای بــۆ دەچم، باوەڕدارانی ئیسـلامی سیاســی لە بەخۆداچوونەوەیاندا لە ئاست کێشەی نەتەوایەتی و شوناسی کوردیانەی خۆیاندا، هوشیارانە مامەڵە دەکەن، بەڵام هەرگیز ناتوانن ببنە فیلتەری کەمکردنەوەی ئەو تاکڕەهەندیی و توندوتیژیەی لە ئیســلامی کۆمەڵایەتیدا هەیە. حکومەت پێویستە ئەمەیان لە ڕێگەی هوشیارکردنەوەی خەڵک و یاساوە چارەسەر بکات، نەک تەنیا ئیسلامیستەکان بکات بە چاودێر بەسەر تەشەنەسەندنی ئیسلامی شەعبییەوە.

■ **کەشێکی ئارام و گەڕانەوەو کرانەوەی سیاسیی زیاتر:**

ئێســتا کەشــێکی ئارامتر لە ئارادایە بۆ هەموو گفتوگۆیەک و ســەرلەنوێ خۆ ئۆرگانیزەکردنەوەی لایەنەکانی دەسەڵات لە هەرێمی کوردســتاندا. هەلێکی تر بۆ کــوردەکان هاتۆتە پێش تا میلێکی تری «زیندانی گورگە تۆپیوەکەی عێراق» بشــکێنن و بدەنــە شــەققەی بــاڵ و لــەدەرەوەی خۆبەعێراقیکردنەوە، چێــژی ئازادیــی تــام بکــەن. لــەم بارودۆخــەی هەنووکەدا، دووبارەبوونــەوەی ڕووداوە ناخۆشــەکان و تۆمــەت بەخشــینەوەکان دەکەوێتە ســەر ڕێژەی بەخۆدا چوونەوەی لایەنەکان و ڕاددەی سوودوەرگرتن لێیان.

ئــەوەی کە هاوڕێ پارتی و یەکێتیەکانم حســابێکی جیدی بۆ هاوڕێکانمان لە بزووتنەوەی گۆڕان دەکەن لە بەشداریکردنیان لــە خەباتی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردیدا، نیشــانەی تێگەیشــتنێکی واقیعیانەترە لەو سیاسەتە ڕاگەیاندنەی پێشتر لەســەری دەڕۆیشــتن. هاوڕێیانیشــم لە بزووتنەوەی گۆڕان، وێــرای هەبوونی نەغمەیەکــی مۆنۆلۆگیانەی شۆڕشــگێڕانە، ڕەخنەگرانە و دڵســۆزانە و ڕاشکاوانە قسەیان دەکرد. ئەوان لەوە تێگەیشــتوون کە پارتی و یەکێتی چۆڵی ناکەن و نیازیی جێهێشتنی دەسەڵاتیان نییە، بەڵام ئایا لەبەرامبەر ئەم ڕاستییەدا چییدەکەن؟ نازانم و تێنەگەیشتم. خۆزگەم دەخواست هاوڕێ گۆڕانخوازەکانم لە کابینەی نوێی حکومەتدا بەشــداربوونایەو لــە نزیکەوەو ڕۆژانە خەونەکانی خۆیان لە وەدیهاتن بە هۆی حکومەتــەوە، نزیک بخســتایەتەوە. بەڵام ئەوەیــان نەکرد. لە غیابی ئەواندا هەلی پۆست وەرگرتن لەبەردەم کۆمەڵێک کەسدا خــۆش بۆوە کە هەموومان دەزانین ناتوانن لە ئەســتۆی بێن. ســەرۆکی کابینەکە هەرچەندەش لێهاتوو بێت، عاقیبەت باجی کەمتەرخەمــی و مڕومۆچــی و نەشــارەزایی ئەوانیتر دەدات. بزووتنەوەی گۆڕان ئەمەی دەزانی و بەدیلی باشتری هەبوو، بەڵام بەشداریی نەکرد..

لەگــەڵ ئەوەشــدا هەرســێ لایەنــی یەکێتــی و پارتــی و گۆڕانخوازەکان، پۆزەتیڤتر قسەیان دەکرد و بیریان دەکردەوە و ســەردەمی پەرچەکرداری سایکۆلۆژییان لە ئاست یەکتردا تێپەڕانــدووە. ئەوەی لەلای هەرسێکیشــیان جەختی لەســەر

دەرکرایـــەوە، ئـــەوە بوو کـــە هـــەر لایەکیان ســـەرکردەکانی خۆیان بـــە مەرجەعی ســـەرەکی دادەنان و چاوەڕوانیشـــیان هەیە ئەوانیتر حساب بۆ خاڵی «پیرۆزی هاوبەش»یان بکەن. گۆڕانخوازەکان ســـەردانەکانی سەرۆکی هەرێم و کەسایەتیە پارتیەکانیـــان بـــە ڕێـــزەوە بـــاس دەکـــرد، بـــەڵام ئەوەشـــیان نەدەشـــاردەوە کە سەرۆکی هەرێم ئەرکی خۆیەتی کە هەموو لایەک بەسەر بکاتەوە. لەسەردانەکەی ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕانیشـــدا بۆ لای ســـەرۆکی هەرێم، لـــە ڕۆژانیی ڕابردوودا دیار بوو، کە ئەوانیش ئەو ئەرکە لە ئاســـت یەکتردا جێبەجێ دەکـــەن. بـــەڵام پێویســـتە ســـەرۆکی هەرێـــم و ئەوانیتریـــش دیدارەکانیان لەگەڵ چین و توێژە جیاوازەکان فراوانتر بکەن، ســـەرۆکی هەرێم لەمجۆرە دیدارانە زیانی نەکردووە. میللەتی خۆی باشـــتر ناســـیوەو لە زمانی دڵی ئەوان تێدەگات و قسان دەکات. بەڕێزیـــان هەتـــا دەستپێشـــخەرتر بێـــت و کراوە و لە خەڵکەوە نزیک، خەڵکیش زیاتر بەرەوپیری دەچێت و لایەن و کەسایەتیەکانیش ڕەفتاری هاوشێوە دووبارە دەکەنەوە.

من گەشتەکەم زۆر بێ پلان بوو، بەڵام هیچکام لەو لایەنانەی ناوم هێنان پێویســـتیان بە مەوعیدی پێشوەخت نەبوو، لە هیچ پرســـگەیەک ڕایان نەگرتین و کەســـیش نەیپشـــکنین. تەنیا بە تەلەفۆنێک و دیدار ئامادە و دۆستانە لەسەر خوانی گفتوگۆی کـــراوە. سیاســـییەکانی ئێمە دەبێـــت لەوە تێبگـــەن، کە خەڵک دەچێت بۆلایان مافی خۆیانە، پرســـیار و قسەیان هەیە. مەرج نییە بۆ کاری تایبەت و داواکاریی تایبەت بێت. سیاســـیەکانی

ئێمە تا ئێستا وەک پێویست خەڵک ناناسن و خەڵک نابینن، ئەمەش لە بیروبۆچوونیاندا ڕەنگیداوەتەوەو لەزۆربەی کاتدا دەزانرێ کە بیروڕای ئەوان نیشانەی گوێ لێنەبوونە لە فرەیی تێڕوانینەکانی کۆمەڵگا..

پێش ئەوەی لە گردە حەیاتەکەی سلێمانییە حەیاتەکەوە بگەڕێینەوە بۆ هەولێری دێرین، چووین پیاز، یان بنەگوڵمان کڕی. ئەو خانمەی هاوکارمان بوو لە گوڵ کڕینەکەدا، هەرچەندە تەمەنی زۆریش نەبوو، بەڵام بە ڕۆحێکی دایکانەوە پێشنیاری پێکردین، ئەو پێیگوتین: پێویستە پیازی گوڵەکان بکڕین تا لەم وەرزی بەهارەدا لە قووڵایی خاکەوە ڕەگ دابکوتن. فێریشی کردین چۆن دەبێت خاکەکەی بۆ ئامادە بکەین و بنەگوڵەکان بنێژین بە مەرجێ هێندەی سەرەپەنجەیەکیان بەدەرەوە بێت. هەستێکی دایکانە بۆ مانەوەو پەروەردەکردن لە قسەکانیا دیار بوو، کە بەدەرنەبوو لە بیرکردنەوەیەکی کوردیانەو ترسی کوردی لە لەناوچوون و وشکبوون و نەمان. ڕەنگە ئەمە ئاماژەیەک بێت بۆ ڕۆژگارێکی نوێ و قۆناغێکی نوێ، کە پێویستە تیایدا ڕیشەییانەتر بیر لە مانەوەو گەشەکردنی باخچە و گوڵەکانمان بکەینەوە. کوردستان بە بۆنی گوڵەکان خۆشتر دەبێت، نەک بە ژەهر و کیمیایی و ئەنفالی ئەوانیتر.

# بەفیڕۆدانی وزەی نەتەوایەتی لە کایەی سیاسیدا

وزەی نەتەوایەتی زۆر جار وزەیەکی بینراو نییە و شاراوەیە. لــەڕووی مێژووییــەوە، کۆی ئــەو ڕەهەندانەی بــۆ مانەوەی نەتەوەیەک پێویســتن، لە ماتەریاڵیــی و نامەتریاڵی، لە دیار و نادیار، لە بەرجەســتە و شاراوە، لە سرووشتیی و دەستکرد، بــە وزەی نەتەوایەتی ناو دەبرێــن. لێرەوە، گرنگیی درەختێک لە ژینگەی سرووشــتەکەیدا و پاراســتنی بەهــۆی قەدەخەی داربڕینەوە، بە هەمان ئاست بۆ نەتەوە گرنگە، وەک قەدەخەی کارکوشــتەکردنی منــاڵان لــە تەمەنــی منداڵییانــدا. مانەوەی خێزانــە ئاژەڵییەکانی ناو سرووشــت لەڕێگەی قەدەخەکردنی ڕاوەوە، بەهەمان ئاســت گرنگیی هەیــە، وەک قەدەخەکردنی تۆڵــە و ژنکوژیی و پاراســتنی خێزانە مرۆییــەکان لە ڕێگەی ســزای توندیی یاساییەوە. بەهەمان شێوە، دەستگرتن بە ئاو،

کارەبا، گازەسرووشــتیەکان و سامانە نیشتیمانیەکانی ترەوە، هەمــان گرنگییــان هەیە کــە بەڕێوەبردنی باش و پێویســتیی فەرمانگەیەک هەیەتی و کە لێخوڕینی یاسایی ئۆتۆمبێل لەسەر شەقامەکان.

هــەر چەنــدە کایــەی سیاســیی، باڵادەســتترین کایــەی ناو کۆمەڵگایــە، لەگــەڵ ئەوەشــدا دەتوانێ کایەیەکــی بەفیڕۆدەر بێــت. بۆیە ئــەوە دژوازیەکە ئێمــە ئامــاژەی پێدەکەین، کاتێ وتارەکەمان ناوناوە: (بەفیڕۆدانی وزەی نەتەوایەتی لە کایەی سیاســیدا)! دژوازییەکــە لەوەدایــە، کە ئەم کایەیــە دەبێت بە پێویســت کایەیەکی نەتەوەساز بێت، لە کاتێکدا وزەی نەتەوە بەفیڕۆدەدات.

بۆیە دەمەوێت لە ڕێگەی قسەکردن لەسەر سێ نموونەوە، باس لــەم بارودۆخە بکەم کە کایەی سیاســیی کورد تێیکەوتووەو ئامــاژە بــە زیانەکانــی بکــەم، نەک هــەر بۆ ئێســتا بەڵکو بۆ داهاتووش.

لە کایەی سیاســیدا، وزەی نەتەوایەتی بەزۆر شــێواز بەفیڕۆ دەدرێــت. یەکێک لە شــێوازەکان ئەوەیە، ئەو کایە سیاســییە هووشــیار و ئاگا نەبێت بە بوونی وەها وزەیەکی نەتەوایەتی، لــەدەرەوەی کایــەی ئابووریــی و ســامانە سرووشــتیی و گشتییەکان. ئەمەش لەبەر ئەوەی وزەی نەتەوایەتی هەر تەنیا لە ئابووریی و ماتەریاڵییەتدا کورت و بچووکناکرێتەوە. نەوتێکی زۆر، یان کانزای زۆر، یاخود فراوانکردنی کەرتەکانی بازاڕ و کەرتی تایبەت و بازرگانیی ئازاد، پێویستیی بە پلانیی تایبەت

و پێشــوەخت و داهاتوو بین هەیە. پلاندانان و پێشبینیکردنی دۆخە گۆڕاوەکانیش ســەبارەت بە هــەر کامێک لەو کەرت و زەمینانە، پێویستیی بە کادریی شارەزا و مەهارەتیی پیشەیی و زانست و ئەقڵانییەت هەیە. بەمجۆرەش، ئەقڵانییەت وزەیەکی نەتەوایەتیی و مرۆییە، کە بۆ بە ئەنجامگەیشتنی ئەو پرۆسەیە پێویستمان پێیەتی. پێویستمان پێیەتی وەک وزەیەکی مرۆیی بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی خەباتیان بۆ دەکرێ و پێویستیشمان پێیەتی بۆ ئاراســتەکردنی هەنگاوەکانمان. بەبێ ئەقڵانییەت و تەگبیــری دانایانە، دەکرێ کۆی ئەو ســامانە سرووشــتیی و گشــتیانەی دیکەی وڵات بەفیرۆ بدرێن کە دەردەهێنرێن و بە شــێوازێکی نا ئەقلانیی ســوودی کاتییان لێوەردەگیرێت.، ئەو کات ئەقــڵ وەک شــێوازێکی ئاراســتەکردن و وەک وزەیەکی مرۆیی، بەخەسار دەچێت و ئامانجەکەی ناپێکێت..

جۆرێکی دیکەی بەفیرۆدانی ســامانی سرووشــتیی و مرۆیی لــە کایەی سیاســیدا ئەوەیە کــە: کۆدەنگیی نەبێــت. نەبوونی کۆدەنگیی، پێش هەموو شتێک نیشانەی ئەوەیە کە مەرجەعێکی دەســەڵات بوونــی نییــە و یەک قســەیی نەبۆتــە جێگرەوەی فرەقسەیی. ئەمەش وەها لێکدەدرێتەوە، کە بەرامبەر ناتوانێت، یان بە زەحمەت دەتوانێت، لێت بێتە پێشەوە بۆ هاوکاریکردن و بیروڕا گۆڕینەوە. نەبوونی یەکقسەیی لە مەسەلە هەستیارە نەتەوەیی و نیشــتیمانیەکاندا، وا دەکات دەستەکانی یارمەتیی دەرەوە، دۆســتان و بــڕواداران بــە خەبــات و کێشــەکەت، پەرتــەوازە ببــن و بەفیرۆبچــن، چونکــە لە دۆخیــی ئاڵۆزیی

ناوخۆیــی و فــرە کوێخاییدا، هیچیان ناتوانــن بڕیار بدەن کە ڕوو بکەنــە کــوێ و لەگەڵ کێــدا بیروڕاکانیــان بگۆڕنەوە بە ئاراستەی چارەسەرکردن و دۆزینەوەی چارەسەر.
جۆرێکیتری بەفیڕودانی وزەی نەتەوایەتی بریتییە لە نەبوونی وەســێتنامە و گرێبەســت لە نێــوان لایەنە سیاســیەکاندا، یان نەبوونی پەیمانێک، کە ئێستا ببەستێت بە داهاتووەوە و دڵنیامان بکاتــەوە لەوەی کە داهاتوو نەبەســترێت بە مانەوەی فیزیکی و بایۆلۆژیانەی ئەم لایەن و ئەو ســەرکردەوە. نەبوونی وەها پەیمانێک و هاوپەیمانییەک، بۆخۆی لە ڕوانگەی داهاتووەوە و بۆ نەوەکانی پاشەڕۆژ لە هەمان کایەی سیاسیدا، سەرلێتێکدەر و وزە خەسارکەرە.
ئەم سێ جۆرەی بەفیڕۆدانی وزەیە لە ئێستای کایەی سیاسیی ئێمــەدا، زۆر لــە برەودایــە، ئەگەر نەڵێم یەکێکە لە خەســڵەتە هەرە دیارەکانی.
کایــەی سیاســیی ئێمە ڕێــزی ئەقڵانییەت ناگرێــت و بڕیار و ئەدگارەکانی زیاتر لەوەی ئەنجامی ئەقڵانییەت و تەگبیر و پلان بن، ڕەنگدانەوەی میزاج و بڕیار و پەرچەکرداریی شەخســین.
نەبوونــی وەهــا ئەقڵباوەڕییەک لەناو ئەم کایەیــەدا، بوارێکی زۆری بۆ تەفســیر و ڕاڤەی هەڵە بەجێهێشــتووە. ڕاڤەی هەڵە کاتێ دروست دەبێت، کە ئێمە نییەتی یەکتر نەزانین و بەڕاست و چەپدا و لەســەر بنەمای ســایکۆلۆژیایەکی کەڵەکەبووەوە، لێدوان بدەین. بڕیاری ئەقڵانیی، پێش هەموو شــتێک هەڵگریی بنەماکانی ستراتیژیی سیاسیی و کۆدەنگییە.

نەبوونی کۆدەنگیی لە نێوان لایەنەکانی دەسەڵات و ئەمان و ئۆپۆزیسیۆنەکان یەکێکە لە لۆگۆکانی ناسینەوەی سیاسەتی کوردی. خەسڵەتی ئەم نەوەیەی ئێستای سیاسییە کوردەکان ئەوەیە، لەسەر هیچ شتێک کۆک نین و گرد نابنەوە، ئەوە نەبێت کە لەسەر کۆک نەبوون، کۆکن!. ئەم خەسڵەتە وایکردووە، زۆرێک لە دەستەکانی یارمەتیی و دۆستانی کوردستان لەدەرەوە تووشی سەرسووڕمان ببن و نەتوانن، یان نەیانەوێت، دەستپێشخەریی خۆیان بە ئاراستەی چارەسەرکردنی کێشە هەستیارەکان بکەن، لەوانە مەسەلەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتێک لە کوردستان. نموونە دەهێنمەوە:
پێش چەند ساڵێک بەر لە ئێستا و لە ٢٠٠٣وە، لە نەتەوە یەکگرتووەکان و لەلای ئەمەریکی و لەلای بەریتانییەکان، کۆدەنگییەک هەبوو لەسەر ئەوەی ئەوان لە عێراقی نوێدا، مامەڵە لەگەڵ بەغدا وەک سەنتەرێکی سەرەکیی دەکەن و هیچ لایەنێکی دیکە بە فەرمیی ناناسن. هەر کەس سەردانی سایتی فەرمیی ئەو ئۆفیسانە بکات، کە نوێنەرایەتیی ئەو ڕێکخراو و وڵاتانە دەکات، بۆی دەردەکەوێ کە هیچکات وەها دۆکێۆمەنتێک نییە بۆ بەڕەسمییەت ناسینی هیچ لایەنێک و هەرێمێک، لە بەغدا زیاتر.
ئەمێستا هەندێک لەمانە بیروڕایان گۆڕاوە، هۆکاری ئەم بیروڕاگۆڕینەش بارودۆخیی عێراق بەگشتی و نەبوونی ئاسایشی گشتییە لەو وڵاتەکەدا، بێجگە لە هەرێمی کوردستان. هەربۆیەش لە ئێستادا ئۆفیسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان

بەچاوێکی دیکە تەماشـــای عیراق دەکـــەن و زیاتر ڕوویان لە لقەکانیانە لە هەرێمی کوردســـتاندا. ســـەردانی ســـەرۆکی ئەم ڕێکخراوە پێش ماوەیەک بۆ هەرێمی کوردســـتان و دانیشتنی لەگـــەڵ هەندێ لە ســـەرکردە کـــوردەکان، ئاماژەیـــەک بوو بە ئاراستەی ئەو دانپیانانە شاراوەیەی ئەم ڕێکخراوە بە هەرێمی کوردســـتاندا وەک ســـەنتەرێکی بـــاش بۆ کارەکانـــی خۆیان. بەریتانییەکانیـــش نیـــگای خۆیان لەســـەر بەغدا گواســـتۆتەوە بەڵام بـــە کەمێ وریایـــی موحافیزەکارانەوە، کە سرووشـــتی سیاســـەتی ئەو وڵاتە دەستنیشـــان دەکات. ئەمەریکییەکانیش بەهەمان شـــێوە لە نێوان ئـــەم دوو پێگەیـــەدان، بەبێ ئەوەی هەڵوێستی خۆیان بە ئاشکرا دەرببڕن.

لێرەدا ڕاستییەک هەیە، کە پێویستە ئایدیالێزە نەکرێت: هەموو ئەم لایەنانە بەرژەوەندیی خۆیان لە عیراقدا هەیە و لە کوردستاندا بەتایبەتـــی. بەرژەوەندییەکانـــی ئـــەوان و بەرژەوەندییەکانـــی کـــورد (خاڵی هاوبەش)ن. بەڵام ڕاســـتییەکی دەروونیش لەناو ڕاســـتیی یەکەمدا هەیە، کە پێماندەڵێـــت: نە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتـــووەکان، نە بەریتانییەکان و نـــە ئەمەریکییەکان وەک جاران بیر لە هەرێمی کوردســـتان ناکەنـــەوە، چونکە لانیکەم لێـــرە بەرژەوەندییەکانیان هەڕەشـــەیان لەســـەر نییـــە. وەلێ هیچکامێکیشیان لەبەر بەرژەوەندییەکانیان، دەستپێشخەرنابن لە، بۆنموونە: دامەزراندنی دەوڵەتێک لە هەرێمی کوردستاندا. ئەمـــە کار و بڕیاری کـــوردەکان خۆیانە، لەبەر ئەوەی مافیانە وەها دامەزراوەیەکی سیاســـیان هەبێت، لـــە فۆرمی دەوڵەتدا،

جـا نـاوەڕۆک و مۆدێلی ئەو دەوڵەتە هەرچییـەک بێت. بۆیە وەسـتان و دۆشـدامان و چاوەڕوانیی کوردەکان لەم کاتەدا، بەفیڕۆدانێکی گەورەیە و نیشـانەی نەبوونی سـەنتەرێکە کە هاوڕێیانـی کـورد و دڵسـۆزانی کێشـەکەی، ڕووی تێبکەن. ئەمـەش ئەوە دەگەیەنێ کورد نەیتوانیوە ئەو وێنەیە لەسـەر خۆی و لە سـەر یەکگرتوویی گوتاریی سیاسـیی بدات، بۆیە ئـەو وزەیەش کە لە ئارادایە بـۆ بڕیاردان، بە فیڕۆ دەچێت و دۆست و دڵسۆزان سارد دەکاتەوە.

سـێهەمین جۆری بەفیـڕۆدان بریتییە لە نەبوونی میسـاق و پەیماننامەیەکی بانحزبیی و باڵاتر لە ناکۆکیی و پەیوەندییەکانی نێوان ئۆپۆزیسۆن و دەسەڵات، کە تیایدا سیاسەتی نەتەوەیی و سـتراتیژیی ئاییندەیـی دەستنیشـان کرابێـت. هەبوونـی پەیماننامەیەکی وەها، جگە لە نەمرکردنی ناوی واژووکەرانی، ئاواش لە حاڵەتی بەئەنجام نەگەیشتنی ئەم میساقە لە ماوەی ژیانـی سـەرکردەکانی ئێسـتادا، نامەیەکی کـراوە دەبێت بۆ نەوەکانی داهاتـوو. بوونی وەها پەیماننامەیەک لەسـەرووی بیـروڕای ئایدیۆلۆژیـی لایەنـە پێکهێنەرەکانـی دەسـەڵات و ئۆپۆزیسـۆنەوە، جگە لە بەها پەروەردەیی و سیاسـییەکەی، ئاواش هەنگاوێکی گرنگە بە ئاراستەی نەتەوەسازیدا. لەمەشدا بەفیڕۆدانێـک ئامادەیی هەیە و بەدگومانیـی و بێبتمانەیی کە هەردووکیان پاشماوەی زەینییەتی پێشمۆدێرنن، لە سیاسەتی کوردەکاندا، بەرجەستە دەکەن.

ئـەم سـاتەوەختەی تێیـدا دەژین، پێویسـتە لە سـاتەوەختی

پەرچەکــردار و گەڕانەوە بــۆ یادوەریــی کەڵەکەبووی نێوان لایەنەکانەوە، بیگوێزینەوە بۆ ســاتەوەختێکی دۆستانەتر. ئێمە هەموومــان پــڕ و بێتاقەت بووین لە پرۆســە و ســیحرەکانی بەدوژمنکردنــی بەرامبــەر و پیشــاندانی یەکتــر لــە ســیمای دێوێکی زەبەلاح، یان جرجێکی ترســنۆک، بەڵام بە مقاوەمەت! ئەدەبیاتی هەمووان پڕە لەو ڕســتە و داڕشتنانەی کە مەودای نێوانمان بەرینتر دەکەن و ئەو ڕســتە و داڕشتنانەی لێکرتیان دوورخستوینەتەوە، هێندەی شانامەن، کە لە پشتیانەوە گەلێک ڕووداوی دڵتەزێن بەرهەمهاتوون و کۆمەڵگا باجەکەی داون. بۆیە پرسیاری ســەرەکیی لە ئێستادا ئەوەیە، کەی سەرکردە کوردەکان دەست لە بەفیڕۆدانەکان و زەینییەتی پەرچەکردایی هەڵدەگــرن و پێکەوە و بە پلان و تەگبیری ئەقڵانیی، داهاتوو دەخوڵقێنن؟

# شەپۆلی سوونامیی کوردەکان:

## بڕیاردان لە پێنج خولەکی دواییدا

بۆی هەیە سیستەمێکی سیاسی ماوەیەکی زۆر لە حوکمدا بمێنێتەوە، بە زۆر یان بە شێوازیی تری ڕازیکردن ئارامییەکی ڕێژەیی دەستەبەر بکات، یان بۆ ماوەیەکی زۆر ترس لە دڵی هاووڵاتیاندا بچێنێت، بە جۆرێ کە لە نیگای یەکەمدا وا بزانرێ ئەو بێدەنگیی و هیچ نەگوتنە نیشانەی خۆشەویستیی ئەو فۆرمەی حوکمکردنە لەلای هاووڵاتیان و لە هەمان کاتیشدا، هاووڵاتیان لە ناخەوە بکوڵێن. بەمجۆرەش سەقامگیریی سیاسی بە جۆری ئەو کۆنترۆڵەی ڕەوایانەو ناڕەوایانە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەکار دەهێنرێت، داهاتوو و مانەوە بۆ سیستەمەکە دەستەبەر ناکات. زۆر، ستەم و توندوتیژی کە ئامرازی دەستی حاکمانن، دڵسۆزیان نین، چونکە زۆر چەندە مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکات، ئەوەندەش هووشیاری بەرامبەر بە

غـــەدر بڵاو دەکاتەوە و هەســـتی هاوپەیمانێتیەکی نهێنی لەناو هاووڵاتیاندا بەرجەســـتە دەکات. ستەم، هەرچەندە ئامڕازێکی سەرکوتانەوەی دەســـتی دەسەڵاتە، ئەوەندەش پردێکە خەڵک دەپەڕێنێتەوە بۆ ڕیزبوون لەناو شـــەپۆلێکی ســـونامی ئاسادا، کە ساتەوەختەکەی دیار نییە.

ئەوەی بە تەنیا مانـــەوەی فۆرمێکی حوکمداری دابین دەکات، پڕۆژە سیاسی و پارتیبازیە کورت مەوداکانی بۆ چەواشەکردنی ڕاستیی و بێدەنگکردنی نەیارەکانی و خۆڵکردنە چاوی خەڵکەوە نییە. هەروەک چۆن دروســـتکردنی گەورەترین بازاڕیش نییە بـــۆ ســـاخکردنەوەی ئـــەو کەلوپەلانـــەی لە شـــوێنەکانی تری جیهـــان بەرهەمهاتوون. ئەمە جگە لـــەوەی کردنی کۆمەڵگاش نییـــە بـــە بازاڕێکی گەورە و دروســـتکردنی ئایینێکـــی تر نییە بەناوی مەســـرەفگەرایی و قازانجەوە. سیســـتەمێکی سیاسی ئایندەبین، ئەرکی ئەوە نییە بنەمای ئابووری وڵات بە فرۆشتنی ســـامانەکانی بخاتـــە مەترســـییەوە، چونکە ئەمـــە مانەوەکەی دەخاتە مەترسییەوە و ئامادەی دەکات بۆ کەوتنە داوی پلانی نەیارەکانیـــەوە بـــۆ ئەوەی نەتوانێ هێزی کار دروســـتبکات و کۆمەڵگا بکات بە کۆمەڵگایەکی مشەخۆر و بێبەرهەم..

هـــۆکاری مانەوەی فۆرمێکی حوکمداری لەوەشـــدا نابینمەوە، کە هەمان کەسەکان هەمان پۆستەکان بەسەر خۆیاندا دابەش بکەن. ئەمە جگە لەوەی پلانیی کورت مەودا کاری سیستەمێکی سیاســـیی نییە، کە دەیەوێت دەســـتکەوتی گـــەورەی لە دوور مەودایا هەبێت بۆ گەلان و کۆمەڵگاکان. سیستەمێکی سیاسی

کارا، بە مانەوەی زۆری لە دەسەڵاتدا، داهاتوو بۆخۆی دابین و مسۆگەر ناکا. فۆرمی ئەو حوکمدارییە، وێڕای هەر کارێکی بـاش کە دەیکات و هەر وانەیەکـی مێژوویی کە جێیدەهێڵێت، بـۆی هەیە دژەوانەیشـی لێبکەوێتەوە، بۆ نمونە یەکخسـتنی هێزە نەیارەکان و دروستکردنی سایکۆلۆژیایەکی جەماوەری بەبێ متمانـە. ئەوەی داهاتوو بۆ هـەر فۆرمێکی حوکمداریی دەسـتەبەر دەکات، ئەو مەودا زۆرە نییە، کە تیایدا لە حوکمدا دەمێنێتـەوە، بەڵکو ئەو پێنج خولەکەیە، کە تیایدا بڕیار دەدات بۆ داهاتووی کێشەکە و وڵاتەکە و گەلان.

لـە مـاوەی دوو سـاڵی ڕابـردوودا زۆرێـک لەو سیسـتەمە سیاسی و فۆرمی حوکمداریانەمان بینین، کە مێژووییەکیان لە حوکمکردن هەبوو، بەتایبەتی لە جیهانی عەرەبیدا. مێژوویەک لـە دروسـتکردنی هوتێل و گوند و بـازاڕی گەورە و مرۆڤی مەسرەفگەرا و سیستەمێکی بانکی و کەڵەکەکردنی سەرمایە و وەرگرتنی زەکات و باج لە کۆمەڵگا بۆ گیرفانی دەستەبژێرێکی سیاسـی و خەڵکانـی هاوپەیمـان لەگـەڵ سیاسـیەکان و نەوەکانیانـدا. ئەمانە بۆیە نە ڕووخـان، چونکە ئەم کارانەیان نەکردبـوو، بەڵکـو بۆیە داڕمـان و دادەڕمێن، لەبـەر ئەوەی نەیانتوانـی بڕیـار بۆ داهاتووی گـەلان و وڵاتەکەیان بدەن و لـە کۆتایی پێنج خولەکی دواییدا نەیانتوانی خۆیان بگرنەوە و ئەوە بکەن کە دەبوو لە هەموو تەمەنی حوکمدارییاندا بڕیاری لێبدەن..

بڕیـاردان لـە مەسـەلە و کێشـە چارەنووسـیەکاندا، ئـەو

ســاتەوەختەیە کە پێنــج خولەک زیاتر ناخایەنێــت، بەڵام ئەم پێنــج خولەکە دەتوانێت تەمەنی ئــەو حوکمدارییە بۆ دەیان و بگرە ســەدان ســاڵ دووبارە بکاتەوە. تەنانەت بۆ ئەو کاتەش کە هیچکامێک لەوانەی لە ســاتی بڕیارەکــەدا ئامادەبوون، لە ژیانــدا نەمابن. ئەمەیە نموونەی حکومداریی پریکلیس شــا لە ئەســینای کۆندا، کە هاندەری سیاسەتکردن بوو بە ئاراستەی هێشتنەوەی کۆمەڵگا و خۆبەدوورگرتن لە هەر جۆرە شەڕێک، کــە کۆمەڵگا لە ئامانجەکانی خۆی دوور دەخاتەوە. پریکلیس، دیموکراســیەتی کــردە ئامانج و ســتەمکاری بەهەر ناوێکەوە ڕەتکردەوە. یاســای دارِشت و مافی هاوشارییەکانی پاراست. ئازادیــی بیروڕادەربڕینی کردە ئامانج و سانســۆری خســتە لاوە. ئەمەیــە نمونەی شــا فردریکی دووەم، کــە لە ئەڵمانیای ســەردەمی کانتدا، ئازادیی بیرکردنەوەی سانسۆر نەکردبوو لە پای ڕۆشنگەریدا و ئەم نموونانەش لە زۆر شوێنی دیکەی جیهانــدا دووبارەبوونــەوە، وەک ئەمەریــکا، ســکەندناڤیا و هێندستان و چیک و چەند شوێنێکیتر..

سیاسەتی راستەقینە ئەنجامی ئەزموونێکی زۆر و قوربانیدانێکی بێسنوور و بڕیارێکە لە پێنج خولەکدا. سیاسەتکردن هونەری بڕیاردانە لەو ماوە کورتەدا، کە ساتی بڕیاردانەو ئەم ساتەش دووبارەبوونــەوەی زەحمەتــە. بــەڵام ئــەو بڕیــارە داهاتوو دەستەبەر دەکات.

ســاڵی ٢٠٠٣، ســەرچاوەی بڕیــار لــە هەرێمی کوردســتاندا بڕیاریــان بــۆ داهاتــووی وڵاتەکــە پێنــەدرا، یــان بڕیارێکی

هەڵەیان دا. ئێستا پاش ئەوەندەساڵ بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ئەو بڕیارە نەک هەر داهاتووی بۆ هەرێمەکە دابین نەکرد، بەڵکو بەستیشیەوە بە زنجیرەیەک ململانێی ئایینی و تایفەگەری و ئەتنیکی، کە ئەوسا بۆ کورد کۆتاییان پێهاتبوو. ئێمە لە ٢٠٠٣دا کەوتبووینە دوازدەهەمین ساڵی ئەزموونی حکومەتداریی خۆمانەوە، ڕاستە تا ئەوسا ئێمە لەبەر هۆکاری ناوەکی نەمانتوانیبوو، گوتاری ئەم ئەزموونە یەکبخەین، بەڵام خۆ لەوێشەوە تا ئێستا ئەمەمان بۆ نەکراوەو سیاسەتی کورتمەوداو ململانێ ناوەکییەکان، هەر بەردەوامن و بازنەی ململانێی ناوخۆیی فراوانتر بووە و ئەو هێزانە بەرجەستە بوون کە لە هەلی گونجاو دەگەڕێن بۆ داگیرکردنەوەی کۆمەڵگا بەناوی جۆربەجۆرەوە.

ئاماژەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا، نیشانەی نوێ و کۆدی تازەمان بۆ کردنەوەی دەرگایەک دەخەنە سەر پشت، کە ئەگەر توانیمان لێیان تێبگەین و بڕیار بدەین، ئەوە بێگومان ئایندە خۆیمان پیشان دەدات و ئێمە دوا نەوە دەبین، کە داخی نەگەیشتنی کورد بە ئاواتی خۆی دەبەینە ژێر گڵەوە. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا ئەقڵییەتی سیاسی کورد بە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتەوە لە هەرێمدا، ئاماژەکان دەبینێ؟، ئەگەر دەیانبینێ دەتوانێ کۆدەکان بکاتەوە؟ ئەگەر ئەمەیشی کرد ئایا دەرگاکە بەرەو ئایندە دەدۆزێتەوە یان نا؟

من بۆخۆم گومانم نییە لە ویستێک بۆ گەیشتن بە داهاتوو، بۆ پەڕینەوە بۆ ئەو دیو گەمەی حزبایەتی و پلانی تەکتیکی

و ڕازییکردنی کاتیانەی خەڵک. بەڵام دەشــزانم ئەم ویستە بە چەندین هێزی دەرەکیی و ناوخۆیی چواردەوری گیراوە، کە هەر یەکەیان لە هەوڵی بێوچاندایە بۆ بیرکردنەوە لە بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆی. پێویســتە لە ئێستادا ئەم ویستە ویستیش بێت بۆ یەکخستنی دەنگەکان و دەستنیشانکردنی بەرژەوەندیی هاوبــەش. بەبێ ئەوە، ســاتەوەختی بڕیاردان قورس و دژوار دەبێت.

لە ئەگەری بەدەســتهێنانی کۆدەکەدا بەڵام تێنەگەیشتن لێی و هەوڵــدان بۆ کردنەوەی دەرگای هەڵــە، دەکەوینە بەردەم ئەم گریمانانەی خوارەوە:

یەکــەم: ئەگــەری ســەرهەڵدانەوەی دەنگــی ناڕەزایەتــی و ئۆرگانیزەبوونــی خرۆشــانی جەماوەری، بەبــێ ئەوەی پنتی هاندەرەکانــی لــە یــەک لاوە بــن بــۆ ئــەوەی تەعامولکردن لەگەڵیــدا ئاســان بێــت. بەتایبەتــی کــە هیچکامێک لــە هێز و لایەنــە سیاســیەکان، بــە دەســەڵات و ئۆپۆزیســیۆنەوە ئەو پەیمانانەیــان وەک پێویســت جێبەجێ نەکردوون، کە پێشــتر و لە بۆنەی جیــاوازدا داویانن. دابەزینی متمانەی جەماوەری و فراوانبوونــی بازنەی گومان لە ئۆپۆزیســۆن و دەســەڵات، بەڵگەی ئەمەن. جوانکردنی شــەقامەڕێکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی، کردنەوەی مۆڵی گەورە و کارەبای نیمچە بەردەوام، دەردی کێشــەی ناوچەکانیتر دەوا ناکات. هێشتاش بە دوو تا سێ کێلۆمەتر لە دەرەوەی ئەو شارانە، خەڵک بە هەلومەرجی پێش ڕاپەڕینەوە دەژین، ئەمە جگە لەوەی ڕێژەی دانیشتووان

بــە شــێوەیەکی چاوەڕواننەکــراو زیادیکــردووە و هێزێکــی جەماوەریــی پەنگخواردوو ئامادەیــی نواندنی هەر کردارێکی توندوتیژانەیە.
دووەم: گریمانەی دەستخســتنە ناوی هێــزە ناوچەییەکان بۆ شــێواندنی پتری بارودۆخەکــەو زیندووکردنەوەی ئەوەی کە بەناوی بەهاری عەرەبییەوە پێش دوو ساڵ، توندوتیژیی زۆری بەرهەمهێنــا و بــە ڕووبەڕووبوونــەوەی دەســەڵات و خەڵک و لێکەوتنــەوەی قوربانــی، کۆتایی هات. ئەو مەنجەڵە هێشــتا دەکوڵێت، هێشتاش هێزگەلێک لە چاوەڕوانیی هەلی گونجاودان بۆ ئاڕاســتەکردنەوەی خەڵک بــەرەو دووبارەکردنەوەی ئەو ئەزموونە.
ســێیەم: گریمانــەی دەســت تێکەڵکردنــی هێزە بڕیــاردەرە جیهانیــەکان لەبەر بەرژەوەندیــە زۆرەکانیان لە بواری هێزی کاری هــەرزان، نەبوونی باجی قورس، نەبوونی بزووتنەوەی ژینگەپارێزیــی بەهێــز، نەبوونی کۆنترۆڵــی نەوعیی و دەیان لایەنیتــر کــە ســنووریان بــۆ دابنــێ، لەکاروباری سیاســی ناوچەکەو بەســتنی گرێبەست لەگەڵ لایەن و هێزی بەدیل بۆ کۆنترۆڵکردنی هەرێمەکە.
مــن وای بۆدەچــم ئەمجــارە کــوردەکان شــەپۆلێک دەخەنە گەڕ، کە دەکرێ بە شــەپۆلی ســوونامی کــوردەکان ناوببرێ و ناوچەیەکــی جوگرافیایی بەرین دەگرێتەوە. بارودۆخەکە لە گۆڕانێکــی نەوعی و ڕیشــەییدایە، بەرژەوەندییەکان گەورەتر بوون، ســاتەوەختی بڕیاردان نزیکبۆتەوە، شەڕە لاوەکییەکان

خەریکە بڕیارە سەرەکییەکانمان بیر دەباتەوە.
ئەوەی پێویستە لەم کاتەدا بیری لێبکەینەوە، پلانە کورتمەوداکان نین، وزە بەفیڕۆدان نیە لە شــەڕی ئایدیۆلۆژی و حزبایەتیدا. بەڵکو بریتیە لە داهاتوو، لە مەودایەکی فراوانیی نوێکردنەوەی مێژووی کوردەکان و ناوچەکە. ئەو کەس و لایەنانەی بیانەوێ داهاتووی ســەد ســاڵیتر لەم هاوکێشــەیە بخەنــە دەرەوە، لە ئێســتاوە دۆڕاون. شەپۆلی سوونامیی کوردەکان، هاوسۆزی لەگەڵ رابردووی کەس ناکات، گوێ لە ئارگیۆمەنتی ئایدۆلۆژی و تەرویجگەرایانــەی کەس ناگرێت. هیچ مژدەیەک، وادەیەکی پەیامبەرانــە نەماوە متمانەی پێبکرێت. بۆیە ئەوەی کە ماوە و ڕابــردوو و هەنووکەو دواڕۆژیش دابیــن دەکات، بڕیارەکەیە لە پێنج خولەکــدا. کورتکردنەوەی مێژوویەکــی تراژیدیانەیە، لــە ســاتەوەختێکی بنیاتنەرانەدا، کە شــیاوە تەنیــا نەوەکانی داهاتوو لێی ســوودمەند بن و ئەم نەوەیەشــیان بیربچێتەوە، بگرە ڕەخنەشــی لێبگــرن و نەفرەتیش بۆ گۆڕی یەکبەیەکمان بنێرن..

# کوردبوون

## لەبەردەم بەعێراقیبوونەوەو نەیارانی ناوخۆییدا

دژایەتیکردنـــی پرۆژەی ئەگـــەری دەوڵەتداربوونـــی کورد، لە ســـایەی دژایەتیکردنی ئـــەو کاراکتەر(انەدا) کـــە نوێنەرایەتی ئـــەم داوایە بۆ جیاوازیـــی نەتەوەیی ئێمە لـــە ئەوانیتر دەکەن و هێنانـــەوەی کۆی ئەو بەڵگانەی کە کۆســـپ دەخەنە بەردەم ئـــەم پڕۆژەیـــە، لە مشـــەخۆرییەک بەســـەر کوردبـــوون و لە خۆگەوجاندنێکـــی کەڵەکەبـــووی مێژووییـــەوە هاتـــووە، کـــە دوژمنـــان ئێمەیـــان پێ پەروەردە کردووە. بەم کەســـانە تەنیا دەتوانـــرێ بگوترێ: بەردەوامبن لە دژایەتی ســـەرۆکی هەرێم لەبەر ئەو هۆکار و سیفاتانەی کە لەم مرۆیەدا هەیەو ئێوە بە بەڵگەی زۆری خۆتان بەدڵتان نین، بەڵام سوکایەتی بە مافێک مەکـــەن، کـــە مافێکی ڕەوا و کێشـــەیەکی مێژوویـــی بەحەقیی میللەتێکە لەسەرووی کەسێکی تایبەتەوە، بۆ هاتنەدیی خەونە

نەتەوەییە مێژووییەکەی. جیاکردنەوەی بەڵگە سایکۆلۆژییەکان بۆ ڕقبوونەوە و ڕەتکردنەوەی کەســەکان، لە کێشەی ڕەوای نەتەوەیــەک کارێکی ئەقڵانیی و ئەخلاقییە، نەک بەســتنەوە و بچووکردنەوەی کێشەیەک و هەوڵدان بۆ خەڵک ساردکردنەوە و متمانە سڕینەوەی نەتەوەیی لە نەوەیەک، بەهۆی ئەو ڕقەی لە کەسانێک هەمانە. با خەون و ئامانج و دەستکەوتەکە بێتەدی، ئــەو جا بــە دادگای ئەو خەون و ئامانجــە پێش هەمووکەس ســەرۆکی هەرێم دادگایی بکەن. ڕەنگە ڕۆژگارو ساتەوەختە کورتخایەنەکان لەبەرامبەر ئەم دژایەتیکردن و ســوکایەتیەدا دەستخۆشــییەکمان لێبکات و پۆپۆلیزمی سیاسی پەرەپێدەین، بەڵام کاتێک مێژوو داوەریی خۆی لە داهاتوودا دەکات، دەچینە بەرەی دوژمن و خیانەتکارانی نەتەوەکەمانەوە.

ماوەیەکــە بە دیارچاوی هەموومانەوە بێڕێزییەکی بێ هاوتاو بێنموونــە بە بوونــی کوردیانەمان و بە مافی سرووشــتی و مەدەنیمــان لە هەوڵدان بۆ گەیشــتن بە ئاواتــی نەتەوەییمان، دەکرێــت و ئەمــەش لــە جۆرەها بەڵگــەو پاســاوهێنانەوەی جۆربەجۆرەوە دەپێچرێت و رای گشتیی و بەتایبەتیش نەوەی نــوێ، کە زەخیرەی داهاتووی نەتەوەییمانە، پێدەترســێنرێت، تاکو دەســت لــە دەروەســتییە نەتەوەیی و نیشــتیمانییەکانی هەڵبگرێت..

لایەنــە پێکهێنەرەکانی ئەم بێڕێزییــە زۆرن، هەر لە دوژمن و نەیارانەوە، تا بەدحاڵییانی ناوخۆیی و هەندێک لە ڕۆشنبیران. بەمدیــوی تردا، هەوڵدانێکی جیدیــی هەیە بۆ بچووکردنەوە و

کورتکردنــەوەی پــڕۆژەی دامەزراندنی دەوڵەتــی کوردی لە ســیما و هەوڵەکانی ســەرۆکی هەرێمدا و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کەسانێکی سەربەخۆ، بەڵام خاوەن ئینتیمای نەتەوەیی قسەی خۆیان ناکەن، نەبا بخرێنە بەرەی سیاسیانەو حزبیانەی لایەنێکەوە و لەمەشــدا هەندێک لــە ڕاگەیاندنەکانی پارتی بەو سیاســەتی تەرویجکردنەی گرتویانەتە بــەر، خەڵکێکی زۆری خــاوەن ڕایــان لەو بارەیــەوە تارانــدووەو بابەتــی دەوڵەتی کوردی لە پیاهەڵداندا کورت کراوەتەوە.

مــن دەمەوێت وەک نووســەرێک بۆ مێــژوو لەمبارەیەوە، کە هەر لە ســاڵی ٢٠٠٣وە و لە بڵاوکردنەوەی کتێبی (قەفەســی ئاســنین: یان بۆ ببمــەوە بە عێراقی؟) وە هەڵویســتی هزریی خۆمم هەبووە، سەبارەت بەم پرسە، بیروڕای ڕاشکاوی خۆم بۆ نەوەی ئێستاو دوارۆژ دەرببڕم و لەو ترسە سایکۆلۆژییە ببپەڕمەوە، کە پشتیوانانی تەرویجگەرا و ڕەخنەگرانی نەیاری پرۆژەی دەوڵەتی کوردی، دروستیان کردووە.

١. من وەک هاووڵاتییەک لەم وڵاتەدا دەژیم و بەم زمانە قسان دەکەم و دەنووسم و بیر دەکەمەوە، کە بە هی خۆمی دەزانم. من کوردم، هەرچەندە بۆ من کوردبوون جەوهەرێکی بێکەم و کوڕیی نییە، بەڵام نیگای منە بۆ تەماشاکردنی بوونی مرۆیانەی خــۆم و ناتوانــم وەک ئاییــن و بــڕوا و کولتوور، دەســت لە کوردبوونی خۆم هەڵگرم، بەڵام پەیوەندیی من بەم کوردبوونە ناچاریــی و بە ڕێکەوتەمــەوە، پەیوەندییەکی ڕەخنەگرانەیە و چاوپۆشــی لە هەڵەو کەموکوڕیی و پێشــێلکارییگەلێک کە لەم

وڵاتەدا و بەناوی کوردبوونەوە، دەکرێن، ناکەم. کە دەڵێم من من بە ناچاری کوردم، بە مانای ئەوەیە ناتوانم شـتێکی تر بم لـەوەی کە هەم. من بەبێ خواسـتی خۆم کـوردم، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر لە ژیانم لە ناو وڵاتیی تر و کولتووریی دیکەدا ژیـاوم و ئەمـەش بۆتە هۆی ئـەوەی مەودایەکی کولتووریی لە نێوان من و کولتووری باوی وڵاتەکەمدا دروسـت ببێت و ئەمەش هەلی ئەوەی داومەتێ کە بەشێوەیەکی خۆچاودێرانە، یان ڕیفلێکسیڤ، بڕوانمەوە خۆم و کوردبوون و کولتوورەکەم و توانا و ویستی ڕەخنەکاریم هەبێت. بەم مانایەش کوردبوون بـۆ مـن پیرۆز نییە، بەڵکو دەفرێکە بۆ ئـەوەی من لە میانەیدا و بەهۆیەوە و لە پێناویدا خۆم دروسـتبکەم و شوناسی خۆم بخەملێنـم، بۆ ئەوەی توانای ناسـینەوەی خۆمم هەبێت، کاتێ لـە ئەوانیتر جیاوازم کە ئینتیمایـان بۆ کوردبوونی من، وەک مـن نییـە. چونکە ئەگەر ئـەم جیاوازییە ڕوونـەدات، ئەوکاتە ئەویتربـوون و کوردبوون و هەر نەتەوە و میللەتێکیتر بوون مانـای نامێنێـت. مـن وەک چۆن ئەم پێناسـەیە و ئـەم مافە بەخـۆم ڕەوا دەبینم، ئـاواش بە ئەوانیتری ڕەوا دەبینم، کە لە پێناسـەکردنیاندا بۆخۆیـان، کوردبوونی من جێگەی نابێتەوە. لەبـەر ئـەوە، جیاوازیـی مەرجـی بوونی منـە، هەروەکچۆن مەرجـی بوونی ئەوانیتریشـە کە وەک من نیـن. بەڵام من بۆ بەرجەسـتەکردنیی جیاوازییەکانم، مەرجـی خۆجیاکردنەوەم نییـە و من بەو هووشـیارییەی هەمـە وەک کوردێک دەزانم کە خۆجیاکردنەوە مەترسیدارە بۆسەر بوونی خۆم، لەکاتێکدا

بوونی مــن لە جیاوازییەکانمدایە لەگــەڵ ئەوانیتر، بەبێئەوەی ناچاربکرێــم لەیــەک چوارچێــوە و قــەوارەی سیاســیی و سیســتەمی ئیداریدا بمێنمەوە. جیاوازیی خۆجیاکردنەوە نییە، بەڵکــو خۆئامادەکردنە بۆ بەســتنەوەی کــۆی پەیوەندییەکانم لەگەڵ ئەوانیتر بەبێ زۆر و ناچاری و بەکارهێنانی هەڕەشــە و ترساندن و نانبڕاوکردن.

٢. لێــرەوە ئەگــەر پــرۆژەی بیرکردنــەوە لــە دەوڵــەت بــۆ بەرجەستەکردنی جیاوازیی بێت، پرۆژەی ماف و ڕەوایەتی و حەقێکی نکوڵیی لێنەکراوی منە. مرۆڤ تەنیا لە ناهووشیارییەوە، لە گەوجیی و نەزانیی و خۆبەکەمزانیی و مشــەخۆرییەوە، لە دەستبەســەری و ژێرچەپۆکی و کۆیلایەتییەوە، چاوپۆشی لە مــاف و رەوایەتــی و حەقەکانــی خــۆی دەکات و ئەمەش لە پرۆسەیەکی مێژووییدا بۆی دەبێتە بونیادیی سایکۆلۆژییەکەی و وردە وردە لە ئاست (بوونەخۆی)دا، لە ئاست جیاوازییەکانی و لە ئاست مافەکانیدا بێ ئیرادە دەکرێت و بێ ئیرادەیی بۆی دەبێتــە قەفەســێک، کە نــە دەتوانــێ خەونی تێــدا ببینێ و نە دەتوانێ سرووشتی خۆی تەحقیق بکات وەک مرۆڤێک.

٣. ئەمــە ئــەو مێژووەیە کــە کوردی فڕێدراوەتــەوە ناوی و لــە ئەنجامــی پرۆســەیەکی دوورودرێژەوە، شوناســگەلێکی پەروایزیی بۆ نەتەوەیەک دروســتکراوەو بەســەریدا سەپاوە، کە نەیتوانیوە خۆی لە ناویدا بدۆزێتەوە و جیاوازییەکانیشــی ڕێگــەی هەر جــۆرە توانەوەیەکی هەمیشــەیی لەو شوناســە سەپاوانەدا لێگرتوون. ئەمە تەنیا ڕێکەوتێکی مێژووییە، کە فڕێ

بدرێیتە مێژووەوە و بەڵام هەر لەو مێژووەدا، فەریادڕەسێکی وەک (جیاوازیـــی)، نەهێڵێت بکەویتە ناو گـــەرووی توانەوەی یەکجارەکیی لە دەفرەکانی شوناسی ئەویتردا.

٤. بۆیە هووشیاریی سادەی ئێمە و شێوازیی خەباتگەلێک کە لە کۆتایی ســـەدەی نۆزدەوە پێیانـــدا تێپەڕ بووین، هەموویان ڕەنگدانەوەی ئەو ساتەوەختە هەستکردنەی ئێمەن بە جیاوازیی و ئەو هەســـتیارییە قووڵ و ترســـە زۆرە بەرامبەر بە توانەوە لەناو دەفرە گریمانەکراوەکاندا.

٥. لەنـــاو مێژووی ئەو خەباتەی کورد کردوویەتی، ئەوەندەی پەیوەندیـــی بە کەســـەکان و ئەکتەرەکانەوە هەبێت، کەســـیان مرۆڤـــی نمونەیـــی نەبـــوون. کەســـیان پێغەمبـــەر و کەســـیان بـــە شـــێوەی ڕەهـــا پووخـــت و بێگـــەرد نەبـــوون و مرۆڤیی مێژوویی و ئاســـایی بوون، ئەگەرچی ئەو مێژووەی بۆ ئەوان نووســـراوەتەوە، زۆرجـــار واقیعیبـــوون و ســـادەیی بوون و ئادەمیبوونی ئەوانمان لێدەشـــارێتەوەو وێنەیەکی پاکیزەئاسا و بێخەوشـــی مرۆڤگەلێکمان بۆ دەکێشـــێ کە ئەقڵ بە ئاسانی پەســـەندیی ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسایەتی و قارەمانە کلاســـیکیانە، کـــە لە نێـــو تەمومـــژی گێڕانـــەوەی واقیعیانە و وێناکردنـــی ئەفســـانەییدا، بۆ ئێمـــە بەشـــاراوەیی ماونەتەوە، جێگـــەی ڕێز و خۆشەویســـتیی نەوە دوای نـــەوە بوون، ئەمە لەکاتێکدا سووکایەتیشـــیان پێکراوە و لەلایەن ســـایکۆلۆژیای سیاســـیی دواترەوە، کەسایەتیان شـــێوێنراوە. وێڕای ئەوەش هەرکامێکیان دەگریت، لەڕووی کولتوور و ئەتەکیەتی تایبەت

و ئاستی دانایی و شـــارەزایی و غەریزییەوە، مرۆڤی ئاسایی بوون و شتی هەڵە و خراپ و ناپەسندیشیان هەبووە و لەلایەن هاوسەردەم و هاوکاتەکانی خۆیانەوە ڕووبەڕووی رەخنەش بوونەتـــەوە، ئەگەرچـــی بەدەگمـــەن مێـــژوو ڕەخنەکانـــی بـــۆ گواستوینەتەوە. هۆکاری ئەو سوکایەتیانەی پێیانکراوە، یان ئەو وێنە شێواوانە بوون کە بە چاک و خراپ بۆیان دروستکراوە، یان جەهلی زەمانە، یاخود ڕقی تایبەت و سیفاتەکانی خۆیان. بەڵام هـــۆکاری ڕێزلێگرتنەکەیان ئەو قەناعەتە گشـــتییە بووە کـــە ئەمانە لـــە چوارچێوەی جیاوازیـــدا داوای مافی نەتەوەیی خۆیان کردووە، ئەگەرچی سەرکەوتووش نەبوون و زۆربەی هەرەزۆریان شکستیان هێناوە..

٦. بەمجـــۆرەش ئێمـــە بـــۆ چەســـپاندنی جیاوازیـــی خۆمـــان و داواکردنـــی ئـــەو مافـــە ڕەوایـــە، پێویســـتیمان بـــە مەهدیی چاوەڕوانکراو نییە و مێژووش نمونەیەکی وەهای نەخستوینەتە پێشـــچاو و زەیینـــەوە، کـــە جیاوازییخـــوازان پاکـــژکاران و بێگوناهەکانـــن. ڕەتکردنەوەی مافـــی جیاوازیی و هەوڵدان بۆ کۆســـپ خستنە ڕێی بەدەستهێنانی ئەو مافە بەهەر بەڵگەیەک، لەبـــەر ئەوەی ئەو کەســـەی، یـــان لایەنانـــەی داوای ئەم مافە دەکەن و لـــە داواکارییەکەیانـــدا بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان هەیە، جگـــە لەوەی ســـایکۆلۆژیایەکی دوژمنکارانە، گورگ لە پێستی مەڕانەی لەپشـــتەوەیە، ئاواش جیانەکردنەوەی کێشە، ماف، ڕەوایەتیی پرسە حەقەکەیە لە ڕووخساری ئەو کەسانەی لـــە ســـاتەوەختێکی مێژوویـــدا، بوونەتـــە نیشـــانە و هۆکاری

ئــەم داوایە، یان بانگەشــەیە، لەبەر ئــەوەی کارەکەیان وەها لێکدەدرێتەوە کە تەنیــا لەبەر بەرژەوەندیی تایبەتی خۆیان و حزبەکەیان ئەو کارە دەکەن.

٧. ئەم بەدگومانیکردنە، تەنیا بەشــێکی ڕاســتە، چونکە قســە لەســەر مــرۆڤ و سروشــتیی مرۆیی دەکات. قســە لەســەر مرۆڤی مێژوویی دەکات نەک فریشــتەی ئاســمانی. بەڵام ئەم بەدگومانکارییە نیشانەی ئەوەیە لەناو ئێمەدا خودێکی ناتەواو، خودێکی دژبەخۆی، خودێکی ناکامڵ هەیە کە نوێنەرایەتی ئەو ســتەم و زۆر و ســوکایەتیانە دەکات، کە لە مێژوودا و لەبەر جیاوازبوونەکەمــان و ئەو بەرگرییەی کردومانە بۆ نەتوانەوە لەنــاو شوناســە ســەپێنراوەکانی ئەوانیتــردا، ڕووبەڕوومان بوونەتــەوە. خودی ناتــەواو، خودێکی بەدگومــان و خودێکە بەدگومانیــی وەک گومان دەخاتە ڕوو بۆ ئەوەی ســیمایەکی ئەقڵانیی بەو نوێنەرایەتیکردنەی چەوسانەوە بدات، کە ئامانجی شکاندن و متمانەسەندنەوەیە لە ڕۆحیی نەتەوەیی ئێمە.

٨. لە ئێســتادا ژمارەی ئەمانە لە کۆمەڵگادا کە (نائەقڵانییەت) لە دارشــتنێکی ئەقڵانیانە و (ســایکۆلۆژیا)، وەک بیرکردنەوە و (پەرچەکــردار) وەک شــرۆڤە و کــردار و (ڕق) وەک ڕەخنــە نومایــش دەکــەن، کــەم نیــن. ئەمانــە نوێنەرایەتیــی چەوساندنەوەیەکی میراتیانەی ستەمکاران و زەبرێکی ڕۆحیی بۆســەر مافی جیاوازیبوون دەکــەن و لە ڕێگەیەوە دەیانەوێ پرۆســەی خۆبەکۆیلەکردن لە مێژوویــی نەتەوەیی و مرۆیی ئێمەدا درێژە پێبدەن و بیچەسپێنن..

٩. مـادام لە مێـژوودا ئەوانەی داوای مافـە نەتەوەییەکان و جیاوازیـی نەتەوەییان کـردووە، هیچیان بێگـەرد و نموونەیی نەبـوون، لـە ئێستاشـدا دژایەتیکردنیی پرۆسـەی بـوون بە دەوڵەت بە چاوەڕوانیکردنی هاتنی ئەو کەسـە پاکژەوە، جگە لـە درێژەدان بە پرۆسـەی بەتاڵکردنەوەی خودیی کوردی لە هەرجۆرە هووشیارییەک بەرامبەر بە جیاوازییەکانی، جگە لە ئەنفالکردنێکی مەعنەوی، هیچیتر نییە.

سـەرۆکی هەرێم وەک بەگەڕخەری ئەم پرۆسەیە کە تاوانی ئەم پرۆژەیەی دراوەتە پاڵ، وەک کەسـێکی مێژوویی و وەک مرۆڤێـک کـە هەمـوو کەموکورتییە مرۆیی و سرووشـتی و خوداییەکانی مرۆڤ و سنووردارییی دانایی ئینسانیانەی هەیە، مرۆڤێکی بە مانا ئایینی و میتافیزیکیەکەی پیرۆز نییە. ئەویش وەک هـەر کەسـێکی تر هەڵگری کۆی ئەو سـیفاتانەیە کە لە جەوهـەری مرۆییدا، کرداری باش و خـراپ بەرهەم دەهێنن. بۆیە دژایەتیکردنی پـرۆژەی ئەگەری دەوڵەتداربوونی کورد، لە سـایەی دژایەتیکردنی ئەو کاراکتەر(انەدا) کە نوێنەرایەتی ئـەم داوایە بۆ جیاوازیـی نەتەوەیی ئێمە لـە ئەوانیتر دەکەن و هێنانـەوەی کۆی ئەو بەڵگانەی کە کۆسـپ دەخەنە بەردەم ئـەم پرۆژەیـە، لە مشـەخۆرییەک بەسـەر کوردبـوون و لە خۆگەوجاندنێکـی کەڵەکەبـووی مێژووییـەوە هاتـووە، کـە دوژمنـان ئێمەیـان پێ پەروەردە کردووە. بەم کەسـانە تەنیا دەتوانـرێ بگوترێ: بەردەوامبن لە دژایەتی سـەرۆکی هەرێم لەبەر ئەو هۆکار و سیفاتانەی کە لەم مرۆیەدا هەیەو ئێوە بە

بەڵگەی زۆری خۆتان بەدڵتان نین، بەڵام سوکایەتی بە مافێک مەکـــەن، کــە مافیکی ڕەوا و کێشـــەیەکی مێژوویـــی بەحەقیی میللەتێکە لەسەرووی کەسێکی تایبەتەوە، بۆ هاتنەدیی خەونە نەتەوەییە مێژووییەکەی. جیاکردنەوەی بەڵگە سایکۆلۆژییەکان بۆ ڕقبوونەوە و ڕەتکردنەوەی کەســـەکان، لە کێشەی ڕەوای نەتەوەیـــەک کارێکی ئەقڵانیی و ئەخلاقییە، نەک بەســـتنەوە و بچووکردنەوەی کێشەیەک و هەوڵدان بۆ خەڵک ساردکردنەوە و متمانە سڕینەوەی نەتەوەیی لە نەوەیەک، بەهۆی ئەو ڕقەی لە کەسانێک هەمانە. با خەون و ئامانج و دەستکەوتە بێتەدی، ئـــەو جا بـــە دادگای ئەو خەون و ئامانجـــە پێش هەمووکەس ســـەرۆکی هەرێم دادگایی بکەن. ڕەنگە ڕۆژگارو ساتەوەختە کورتخایەنەکان لەبەرامبەر ئەم دژایەتیکردن و ســـوکایەتیەدا دەستخۆشـــییەکمان لێبکات و پۆپۆلیزمی سیاسی پەرەپێدەین، بەڵام کاتێک مێژوو داوەریی خۆی لە داهاتوودا دەکات، دەچینە بەرەی دوژمن و خیانەتکارانی نەتەوەکەمانەوە.

# دەوڵەت:
# لە ڕوانگەی داهاتووەوە

## ■ کێشەی کات و دەوڵەت:

بۆچی دەوڵەت بۆ کوردەکان هەمیشـــە شتێکە دەبێت هەبێت؟ بۆچی شتێک نیە کە دەبێت دروستبکریت؟!

ئێمـــەی کـــورد هـــەرکات باســـی دەوڵـــەت، دەکەین، بـــاس لە (ڕاگەیانـــدن)ی ئـــەو دەوڵەتـــە دەکەیـــن، ڕاگەیاندنـــی شـــتێک پاشـــمەرجی هەبوونیەتی و راگەیاندنەکەی دەبێتە سەلماندنی هەبوونی پێشوەختیانەی.

تا ئەو کاتەی دەوڵەت بوونیی کردەیی و یاسایی و سیاسیی و کولتووریی خۆی نەبێت، پڕۆژەیەکە بۆ داهاتوو و لێرەشـــەوە تـــا ئـــەو (داهاتـــوو)ە، بریتیە لـــەو ماوەیەی، لـــەو هەلەی، لەو مەودایەی لەبەر بەردەســـتدایە بۆ دروســـتکردن و خەملاندن و ڕاگەیاندنی..

لەبــەر ئــەوە پــڕۆژەی دەوڵــەت، هەرچەنــدە لــە ڕەهەنــدە ئۆنتۆلۆژییەکەیــەوە، مافێکی پێشــینەیی کوردســتانیەکانە، بۆ بەکەماڵگەیشــتنی خودێتــی یاســایی و نێودەوڵەتیــی خۆیان، کــە میــژوو و هەلومەرجــە ناوخۆیــی و دەرەکییــەکان، لێی ســەندوونەتەوە، بەڵام وەک لایەنی پراکتیکی پێویســتە کاری بۆ بکرێ ودروســت بکرێ، پاشــان ڕاگەیەنرێ و لە ناوەندیی جیهانیدا بچەسپینرێ.

من لەم ڕێگەیەوە دەمەوێت بڵێم: ڕاگەیاندنی دەوڵەت قورستر، تەمومژاویتر و سانســۆرکراوترە، لە دروســتکردنەکەی. ئەو هەوڵدانانــەش کــە لــە مێــژووی هاوچەرخدا بــۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت، یان شێوەیەک لە دەوڵەتداریی لەلایەن کوردەکانەوە بەئەنجــام گەیشــتوون، راســتیی ئــەم تێزەمــان بۆ ئاشــکرا دەکات. هــەر لــە هەوڵدانەکانی شــێخ مەحموودیی حەفیدەوە، تا قازیی محەمەد و هاوڕێکانی و تا شۆڕشــی مەلا مەســتەفا و هاوڕێکانــی و تــا ئەزموونی کابینە یەک لــەدوای یەکەکانی حکومەتی هەریمی کوردســتان، کات هەمیشە کاتێک بووە بۆ ڕاگەیاندنــی گریمانەکراو، یان وێناکراو و تەنانەت خەیاڵیانەی دەوڵەت، نەک کاتێک بۆ دروستکردنی کردەییانەی..

هۆکاریــی ئەوەی ئەم هەوڵدانانە ناکام بوون و بە ئەنجامێکی یەکلاییکەرەوە نەگەیشتوون، بریتیە لە پێشخستنی ڕاگەیاندنی دەوڵــەت، نەک دروســتکردنی. بەمجۆرەش چ دروســتکردنی دەوڵــەت و چ ڕاگەیاندنی دەمانخاتەوە بەردەم تیگەیشــتنیکی تایبەت لە کات. ئێمە لە جیاتی ئەوەی (ئێســتا) و (هەنووکە)ی

کات، وەک کاتێـک بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت تێبگەین، پیویسـتە بیکەینە کاتێک بۆ دروسـتکردنی و (داهاتوو)ی کاتیش بکەینە (ئێسـتا)یەک بـۆ راگەیاندنەکەی، کە هیشـتا نازانین ئەو کاتە، کەی دەبێت. بەڵام هەتا پرۆسـەی دروستکردنەکە، کە لەسەر ویستی خۆمان دەوەستێت، تۆکمە و دانایانەتر و بە تەگبیرتر بێت، پرۆسەی ڕاگەیاندنەکە ئاسانتر و لەبارتر دەبێت.
دەمەوێـت مەبەسـتەکەم ڕوونتر بکەمەوە: بۆ دروسـتکردنی دەوڵەت، پێویسـتیمان بە ویستی ناوەکیی و کۆی ئەو بەڵگانە هەیە کە مافی دەوڵەتداریی بە کوردسـتانیەکان دەبەخشـێت. لـە کاتێکـدا کـۆی ئەم ویسـت و مافانە لەلایەن سیاسـەت و پەیوەندیـە نیودەوڵەتییـەکان و ڕای گشـتیی جیهانییـەوە، شـیاوی بایکۆتکردن و سانسـۆرکردن و ڤیتۆخستنەسەرن و ڕووبەڕووی بێمتمانەیی ڕای گشـتیی دەبنەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەمیشـە هـۆکارە ناوەکییەکانی دروسـتبوونی دەوڵەت، ببنە پاشـکۆی ڕاگەیاندنەکەی. هەمیشە ڕاگەیاندنەکە فەشەل بە تەحقیقکردنی ئەو خەونە میژوویە بهێنن.
بـەڵام ئایـا هەوڵـدان و چڕکردنـەوەی هەموو توانـاکان بۆ ڕاگەیاندنـی دەوڵـەت، پەیوەندیی چییە بە کاتـەوە و چجۆرە کاتنۆڕییەکمان لەلای کوردەکان بۆ ئاشکرا دەکات؟
لە لەخۆتێگەیشتنی مێژووییانەی کوردەکاندا خاڵێکی دەردەدار و ئـازاراوی هەیـە، کە هەمیشـە ئـەوان تیایـدا ڕووبەڕووی تەمەننا و خواست و خۆزگە تیکشکاوەکانی خۆیان دەبنەوە، لە کاتێکدا هەست بە هیچ کەمتەرخەمییەک لە هەوڵدان و خەبات

و قوربانیدانـــدا لە پێناوی دروســـتکردنی کیانێکی ســـەربەخۆ، ناکەن. ئەوەی مێژووی کوردبوون پێکدەهێنێ، شتیکە لەنێوان ئـــەم تەمەننـــا و خەبـــات و بەفیڕۆچـــوون و لەدەســـتدان و دەستپێکردنەوەیەدا.

لـــە قووڵایی کەســـایەتی کوردا، تێگەیشـــتنێکی تایبەت بۆ کات لەســـەر ئـــەم بنەمـــای دۆڕان و دووبـــارە تێهەڵچوونەوەیـــە، دروســـتبووە. کاتـــی راســـتەقینە لـــەلای کورد هەمیشـــە کاتی نزیکبوونەوەیە لە وەدیهاتنی خەونە مەزنەکەی و دەســـتگرتنە بـــە کۆتاییـــەوە، بەڵام ڕێک لە پێش هاتنـــەدی و چێژبینین لەو کۆتاییە، هەمیشە بەهۆی هۆکاری دەرەکی (خودایی، دەسیسەی ئەوانیتـــر، پیلانگێڕیـــی، تەنیایی و بێدۆســـتی و بێ کەســـیی و هۆکارە کردەیی و خەیاڵلێکراوەکانیترەوە)، دوچاری شکســـت دەبـــن و زەمەنی شـــادی و کەڕەنەڤاڵ دەگۆڕێ بۆ تراژیدیا و کۆست.

لە ناو ئەم دوو بارودۆخەدا، دوو تێگەیشـــتنی تایبەت لەســـەر کات، دوو چەمکـــی جێگیـــری کات، لە زەینییەتـــی کوردەکاندا دروستبووە: چەمکی ڕابردووی کات و چەمکی ئێستای کات.

### ■ چەمکی ڕابردووی کات:

ئەمە ئەو چەمکەیە، دەمانباتەوە بۆ ســـاتەوەختە تراژیدیەکان، بۆ قوربانیدان و خۆبەخشین و بەرگەرگرتنی کۆی ئەو ستەم و مەرگەسات و کۆست و ماتەمیانەی لە پێناوی شتێک، ئامانجێک و کۆتاییەکـــی مەزنتردا، کە قەرەبووی هەموو ئەو قوربانیدان و کۆستانەی بۆ دەکردینەوە، لەلامان دروستبووە.

ئــەم کاتــە، لــە ئەدەبیات و کولتــووری زارەکیــی و مێژووی سیاســیماندا تــا ئاســتی (بەپیرۆزکردن) بەرجەســتە بووە و (ســەرەتایەکی پیــرۆز)ی کاتە، کە تیایدا ئێمــە لە ناو ئاوێنەی یادوەریــی ئەفســانەیی و مێژوویی خۆمانــدا، وەک بکەرێکی تێکۆشــەر، خەباتکار و قوربانیکراو، خۆمان وێنادەکەین و لە ئاوێنەکەدا خۆمان دەبینینەوە، کە زۆرکەم کەمتەرخەمیمان لە ئاست دۆز و کیشەکەنماندا نواندووە.
بۆیــە ئــەوەی رابــردووی ئێمــە پیشــانیی دەدات، پاکژییــە بێگوناهەکانی ئێمەیە، کە وەک منداڵێکی شیرەخۆرە، هەر زوو داییــک (نیشــتیمان)ی خۆمان لێســەندراوەتەوە و لەو کاتەوە بەدوایــدا دەگەڕێین بۆ ئەوەی ئەو بۆشــاییە بووںناســیانەیە لــە خــودی خۆمــان و شوناســماندا پــڕ بکەینــەوە، کە وەک کەموکوڕییــەک لــە کەســایەتیی خۆمانــدا ئازارمــان دەدات.. بەمجۆرەش، گوزارەی (گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت)، جگە لە مرۆڤگەلێکی بێداییک و نیشتیمان هیچیتر ناگەیەنێت..

■ **چەمکی (ئێستا)ی کات:**

ئــەو چەمکەی تــری کات، بریتیە لە کاتی ئێســتا و هەنووکە، بریتیــە لە ئێســتایەک کە بە کردەیی و واقیعــی تیایدا دەژین. بریتیــە لەم ســاتەوەختەی کــە ئێمە لــە واقیعێکــدا دەژین و لەهــەر لا ئــەو هۆکارانــە دەبینینــەوە، کە هانمــان دەدەن بۆ دەســتپێکردنەوە و سەر لەنوێ پێداچوونەوەی ئەو ڕێگایانەی باوباپیران و پێشینەکان بڕیبوویانن و بە هەمان ئەنجامی ئێمە گەیشــتبوون.. چەمکی (ئێستای کات) لە ژیانی کوردیانەماندا،

ئەو ســاتانەیە کە ئێمە تیایدا بڕیار دەدەین خۆمان لە فێڵەکان و جەبرەکانــی مێــژوو دەرباز بکەین و بــەدوای پێنێکی تری دەســتپێکردنەوەدا بگەڕێین، کە دەمانباتەوە ســەر سەرەتای پیرۆز و هەمان ئەنجامیش چاوەڕوانمان دەکات..
چەمکــی ئێســتای کات، ئــەو ســاتەوەختانەیە کــە ئێمــە دڵی خۆمانی تیا ئەدەینەوە، کڵاودەکەینە ســەری خۆمان، کڵاومان دەکرێتــە ســەر، خۆمــان دەخەڵەتێنیــن، خۆڵدەکەینــە چاوی خۆمانــەوە، پەرچەکردارییانە هەڵوێســت لــە رەخنەگرەکانمان دەگرین، دۆســتی درۆزنە بۆخۆمان زۆر دەکەین، تەسـلیم بە رواڵەتگەرایی و تەشــریفاتی دەبین و وێنەیەکی بەهەشــتیانە و ڕەنگاوڕەنگ و ڕتووشــکراو لەســەر ئێســتای دۆخی وڵات و نیشــتیمان بەرهەمدەهێنیــن و خۆمان لە ئاســت ئەوانیتردا بچووکدەکەینەوە و لە ئاست یەکتریشدا دەبینە پاڵەوان و هتد..
بەڵام کەسایەتیە تێکشکاوەکەی ناخمان، خودە سەرکوتکراوە خاوەن یادوەرییە تراژیدیاکەی ڕابردووی کات، هەر لەگەڵمانە و لەو پێڵووی چاو و نیگای ڕۆحمانەوە، بۆســۆی تێکشــکانی لێدێت.
ئێمــە لــە پەیوەندییمانــدا بە کاتــەوە، مرۆڤێکــی واقیعیی نین. ڕووبەڕووبوونــەوەی هەنووکــە لەلامــان هێشــتا بەهای نیە، هێنــدەی ئــەوەی بەپیرۆزکردنی ڕابردوو و فەرامۆشــکردنی ئێســتا و بــە کەرنەڤاڵکردنی هەنووکە پیشــەمانە. ئێمە دەبێت تێگەیشتنی خۆمان لە کات بگۆڕێن، بیرکردنەوەمان لە ڕابردوو وەک کاتی پیرۆز و ئێســتا وەک کاتی بەهەشــتی، بگۆڕین و

ڕەهەندی داهاتووییانەی کات بکەینە ئامانج.
لەبەر ئەوە، پێویستە ئێمە سیاسەتی خۆمان لە سیاسەتێکەوە کە ڕاگەیاندنی دەوڵەت دەخاتە پێشەوە، بەهەر بەڵگەیەکی مێژوویی، سیاسی و دادەوەرانە بێت، کە کوردستانیەکان لە پێناویاندا خەباتیان کردووە و قوربانیان بۆ داون، بگۆڕین بۆ سیاسەتی دروستکردنی دەوڵەت بە لەبەر چاوگرتنی ئەو داوا و مەرجانەی لە ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیی و ڕای گشتیی جیهانیدا، لەبەردەمماندا بەرجەستەدەکرێنەوە.
لێرەوە، پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی سیاسەتی پەیوەندییە نیودەوڵەتیەکان و گرتنەبەری میتۆدی ئەو خوێندنەوەیە، کە بریتیە لە دروستکردنی داهاتوو، لە ڕوانگەی پەیوەنخوازییەوە: (Relational)،نەک لە ڕوانگەی پێگەخوازییەوە:(Positional).
هەروەها بە گرنگ وەرگرتنی پێگەی جوگرافیانەی هەرێمی کوردستان و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گرنگییەی ئەزموونی حکومەتی هەرێم لەماوەی سالانی رابردوودا، لە هەندێ بواردا بەدەستیهێناون، کە دەکرێ وەک دەستپێشخەرییەک بۆ دروستکردنی دەوڵەت، سوودیان لێوەربگیرێت، بکەوینەوە دارشتنەوەی سیاسەتی خۆمان بە مەرجێ خزمەت، بە ڕاگەیاندنی ئەو دەوڵەتە بکات، کە دەمانەوێت، نەک ببێتە ڕێگر لەبەردەمیدا و خۆراکبەخشی ئەو بەهانە و داواکارییانە بێت، کە بۆی هەیە لە ئاستی نێودەوڵەتی، ڕای گشتیی جیهانی و دەوڵەتە هەرێمییەکان و تەنانەت لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش، سەر هەڵبدەن.

دروستکردن و ڕاگەیاندنی دەوڵەت، کارێکی ئاسانە: بۆی هەیە لە ماوەی یەک ســاڵی تردا دەوڵەتێکی خراپ، دروســتبکەین، دەوڵەمەندیــش بێــت، لــە نمونــەی دەوڵەتەکانــی دوورگــەی عەرەبی، بەڵام ئەم دەوڵەتە متمانەی نێونەتەوەیی و کەسایەتی سیاسیانەی لەبەردەم ڕای گشتیی جیهانیدا، لاواز و پەراویزیی بێت، دیسانەوە وەگ دەوڵەتە خاوەن نەوتە عەرەبییەکان...

ئێمە پێویستە لە قەبارەی ڕابردووە تراژیدیانەکەمانەوە، بڕوانە جۆرایەتــی دەوڵەتــە داهاتووییەکەمــان. بۆیە پێویســتییەکی جەوهەریمان بە گۆڕینی نیگای خۆمان بۆ کات هەیە، پێویستە بە تەماشاکردنی داهاتوو، هەنگاو بنێین، نەک شینگێڕی بەسەر ڕابردوو و حەفلەکردن بەدەم ئێستاوە. ئەو سیاسەتەی داهاتوو دەیخوازێ سیاسەتێکی ڕیالیستانەیە، کە نە دووژمنە کۆنەکان زیندوو دەکاتــەوە، نە دووژمنی تازە بۆخۆی دروســتدەکات و نــە لەپەرچەکردارەوە هەنگاو دەنێــت. بەڵکو بیرکردنەوە و هزرینی قووڵ و پەیوەندخوازانە، دەکاتە پێشمەرجی هەر جۆرە هەنگاوێک بۆ گەیشتن بە داهاتوو، کە ئەگەری ئەوەی هەیە لە ئامانجی خۆمانمان نزیک بخاتەوە، بە مەرجێ پێشــئەوەی بیر لە ڕاگەیاندنی دەوڵەت بکەینەوە، دروستیبکەین..

**■ دەوڵەت: لە ڕوانگەی داهاتووەوە**

**دارشتنەوەی سیاسەت و زەینییەتێکی نوێ:**

ئەم دارِشتنەوەیەی سیاســەتە، کە ئامانجەکەی دروستکردنی دەوڵەتە و بۆی هەیە پێنج تا دە ســاڵی تر بخایەنێت، پێویستە ئەم ڕەهەندانە بگرێتەوە:

A: لە ئاستی ناوخۆییدا
B: لە ئاستی هەرێمایەتیدا
C: لە ئاستی نێودەوڵەتی و ڕای گشتیی جیهاندا
A: لە ئاستی ناوخۆدا:

– پیداچوونـــەوە بـــە کـــۆی ئەزموونـــی حکومداریـــی هەرێمی کوردســـتان بە دیدێکی ڕەخنەگرانە و بە لەبەرچاوگرتنی ئەو لایەنە باشـــانەی کە دەتوانرێ لـــەم ئەزموونەوە هەڵبهێنجرێن کە سوودیان هەیە بۆ پرۆسەی دروستکردنی دەوڵەت (وەک: مەســـەلەی دەســـتوور، پێگەی ئابووریی هەرێمی کوردستان، پەیوەندیە دیپلۆماسییەکان، بیناکردنەوەی ژێرخانی ئابووریی هەرێم، مەســـەلەی مافی یەکســـانیی گرووپە نەتەوەییەکان و ئایینزاکان، مافی مرۆڤ (ژنان، منداڵان، پەنابەران و کۆچبەران و ژینگە).

– دروســـتکرنی کۆدەنگییەکی سیاسی ســـەبارەت بە ئامانجی دروستکردنی دەوڵەت لە نێوان لایەنە سیاسیەکانی سەر حوکم و پاشـــان ئەوان و ئۆپۆزیســـیۆنە سیاســـی و مەدەنییەکانی نـــاو کۆمەڵگای کوردســـتانی، بەمەرجێ ئـــەم کۆدەنگیە نەبێتە هـــۆکاری چاوپۆشـــینی هیچ لایەنێـــک لەلایەنـــی هاوپەیمان و پەکخستنی پرۆســـەی ململانیی سیاسی و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگای کوردستانی.

– ســـنووردانان بۆ کۆی ئەو دەست و لایەن و کەسایەتیانەی کە لەبـــەر بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان، لە ســـووچ و کەلێن و بۆشـــاییە ئیدارییەکانـــی ئەم ئەزموونـــە کەڵک وەردەگرن و

هەلدەقۆزنـــەوە بـــۆ ســـوودوەرگرتنی تایبـــەت و زیانگەیاندن بە کەســـایەتی سیاسیانە و یاساییانەی هێشـــتا جێنەگرتووی ئەزموونەکـــە. چونکـــە ئەمانـــە ڕۆڵـــی (گەنە)یـــەک دەبینن، کە دەکەونە مژینـــی خوێن وزەی ئەم هەیکەلە حوکمدارییەی، کە بەپێی پێشبینییەکان، دەبێت ببێتە بناخە بۆ دەوڵەتی داهاتوو.

– لە ڕووی کولتوورییەوە و تا ئەو ماوەیەی تیایدا ئامانجەکە ڕادەگەیەنرێ، پێوستە ئەم خاڵانەی خوارەوە بخرێنە ناو پلانی وەزارەت و دامودەزگاکانـــی حکومەتەوە و ســـەرنج و تێبینی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەهەند وەربگیرێن:

١. ڕێککەوتن لەســـەر یەکدەســـتکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگـــەڵ دەوڵەتانـــی دراوســـێ، لـــە ڕێگـــەی کەناڵـــە سیاســـی و ئیدراییەکانـــی حکومەتـــەوە، نـــەک لـــە ڕێگـــەی حزبـــی و کەسایەتیەکانەوە.

٢. چەســـپاندنی فرەیی کولتووریی و یەکدەســـتکردنی زمان و ستانداریزەکردنی نامە و نووسراوە فەرمییەکان.

٣. گۆڕینـــی لاوەکیـــی سیســـتەمی پەروەردەیـــی و خوێندنـــی زانکۆیـــی، بـــە ئامانجـــی ئامادەکردنی ڕۆشـــنبیریانەی نەوەی داهاتـــوو، ســـەبارەت بـــە دەوڵـــەت و گرنگییەکـــەی، هەروەها بـــۆ ئامـــادە و پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوو بە ئاراســـتەی دەروەســـتبوون بە شوناسیی نەتەوەییەوە. لێرەدا بەمەبەستی پتەوکردنـــی بنەمـــا تیۆرییەکانـــی دەوڵەت، پێشـــنیار دەکرێت، وانەکانـــی فەلســـەفەی سیاســـی و سیســـتەمە سیاســـەکان و ئاکارناسی، بخرێنە بەرنامەی خوێندنی گشتییەوە.

٤. یەکالاکردنـەوەی هەڵوێسـتی یاسـایی و دەسـتووریی حکومەتی هەرێم، لە مەسـەلەی فرە ئایینـی و جیاکردنەوەی ئایین لە سیسـتەمی دادوەریی و بایەخدان بە فرەیی ئایینزایی و گەشـەی کولتووریی ئایینەکان لە هەرێمی کوردسـتاندا، بە ئاراستەیەکی دیموکراسیانەدا.

٥. سنووردانان بۆ هەموو جۆرە بەفیرۆدانێکی سامانی نەتەوەیی (ژێرزەوی و سـەرزەوی بە زەوی خۆیشییەوە)، چ لە ڕێگەی باجی یاسایی و چ لە ڕێگەی بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵەوە، لە هەموو ناوچەکانی هەرێم بە نیازیی دابینکردنی پێویسـتیی ناوخۆیی و ناردنەدەرەوە. (لێرەدا، پێشـنیار دەکرێت خوێندن لە بواری کشتوکاڵ و سامانە سرووشتییەکاندا، هەروەکچۆن لە بواری پیشەسازیی تەندروسـتیی و دەرمانسازیدا، بکرێتە مەرجێکـی بنەڕەتی بۆ دروسـتکردنی فۆرمێکی خێزان کە کە بژێوی خۆی لە ئەنجامی بووژاندنەوەی کەرتی ناوبراو بێنێتە دەسـت، بە پشتیوانیی ئەو هاوکارییانەی حکومەت بۆی دابین دەکات، لە پێدانی زەوی و کەرەستەی پێویستی بەرهەمهێنان، یـان کەرتـی تایبەت ڕادەسـپێرێت بـۆ کردنـەوەی کارگەی پێویست بە بەرهەمە خۆماڵییەکان).

٦. پتەوکردنی سیاسەتی ژینگەیی، بە سانسۆرکردنی کۆی ئەو کەرەسـتانەی دەهێنرێنە وڵاتەکەوە و ژینگەپارێز نین. ئەمەش لە ڕێگەی باج وەرگرتن لە کەرتی تایبەت و بەرپرسیارکردنی کۆی پرۆژە گەورەکان لە ئاست داهاتووی ژینگەیی وڵاتەکەدا. کێشـەی ژینگە یەکێک دەبێت لە کێشە بنەماییەکانی داهاتووی

ئەم هەرێمە و پێویســـتە هەر لە ئێســـتاوە و بۆ بەدەستهێنانی کارتـــی ژینگەپارێـــزی لە ڕێکخـــراوە ژینگەپارێزەکانی جیهان، کە لە دروســـتکردنی ڕای گشـــتیی جیهانیدا بۆ پەسەندکردنی ڕاگەیاندنـــی دەوڵەت لـــە هەرێمەکەدا، ڕۆڵـــی گرنگیان دەبێت، کاری جیدی بکریت.

**B: لە ئاستی هەرێمایەتیدا:**

هـــەر جۆرە بیرکردنەوەیەک لە دروســـتکردن، خۆئامادەکردن و ڕاگەیاندنی دەوڵەت لەم هەرێمەدا، لەســـەر چوار گریمانەوە بەندە» کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێن:

یەکـــەم: ئێمە ناتوانین پێگەی جوگرافیای هەرێم لەم شـــوێنەی ئێستای، بگوێزینەوە بۆ شوینیکی تری جیهان،

دووەم: لەم شـــوێنەی ئێســـتایدا، هەرێمی کوردستان کەوتۆتە نیوان چەند دەوڵەتێکـــی هەرێمییەوە (ئێران، لە خۆرهەڵاتەوە، تورکیا لە باکورەوە و وڵاتانی عەرەب لە خۆرئاوا و باشوورەوە) ئەمە بـــە لەبەرچاوگرتنی ئەو تێکچڕژانـــە جوگرافیایەی کە لە نیـــوان هەرێم و ئەو دەوڵەتاندا هەیە، بێجگە لەو بەرژەوەندیی و ســـەرچاوە و ســـامانە سرووشـــتیانەی کـــە ســـەرچاوەی خاوەنداریێتیان بە ئاسانی یەکالا ناکرێنەوە.

چـــوارەم: ئێمە مافـــی ئەوەمان هەیـــە ببینە خـــاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان، کە بە کوردستانیبوونەکەیدا بناسریێتەوە، نەک بە پێوەلکاندنەکەیدا بە یەکێ لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان داگیر کردووە.

لەبـــەر ئـــەم چـــوار گریمانەیـــە، پێویســـتە لـــە داڕشـــتنەوەی

سیاسەتماندا، لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی چواردەوریان گرتووین، پراکتیکیتر و واقیعیتر بین و بانگەشە ئایدیۆلۆژییەکان بخەینە لاوە. لێرەدا پێشـــنیار دەکرێت، ئەو سیاسەتە لەو ماوەیەدا کە بۆخۆی پلانیی بۆ دادەڕێژێت (پێنج تا دە ساڵ)، ئەم ڕێگایانە، لانیکـــەم لەگەڵ (ئێران و تورکیا)دا، بگرێتە بەر و لەبارودۆخی جیاوازیشیدا گۆڕانیان تێکەوێت:

**■ یەکەم: لە پەیوەندیماندا بە ئێرانەوە:**

ئێـــران نزیکترین دەوڵەتـــە لە ئێمەوە، کە پێشـــینەیەکی کۆنیی میژوویی و سیاســـیی پێکمانەوە دەبەســـتێتەوە. لانیکەم ئەمە لەلایەن ئێمە و ئەوانیشەوە و لە دیدارە دیپلۆماسیەکاندا جەخت لەســـەر ئەم فاکتەرە دەکرێتەوە. ئەمـــە جگە لەوەی لە ڕووی کولتوورییشـــەوە نزیکتریـــن کولتوور لە ئێمـــەوە، کولتووریی ئێرانیە.

لە ڕووی ئابوورییەوە، ئێمە ئاڵوگۆڕێکی بازرگانیی فراوانمان لەگـــەڵ دەوڵەتـــی ئێراندا بە فەرمـــی هەیە، کـــە قەبارەکەی لە ئێســـتادا دەگاتە حـــەوت ملیارد دۆلاری ســـاڵانە و پێشـــبینی ئەوەش دەکرێ لە داهاتوودا ئەم قەبارەیە گەورەتر ببێ.

ئەمە جگە لەوەی هەمیشـــە ئێران هەڕەشـــەیەکی سیاســـی و ئابووریە لە بواری داخســـتنی سنوورەکان و بڕینی سەرچاوە ئاوییەکان، بۆســـەر هەرێمی کوردستان، بەبیانووی داڵدەدانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دەوڵەتە لە چیاکانی هەرێمدا..

لە ڕووی ئایدیۆلۆژیشەوە، ئێران یەکێکە لەو وڵاتە دراوسێیانەی هەرێم، کە هەمیشە چاوی لەوەیە ئەم جوگرافیایە وەک پایەگا

و وێستگەیەکی گواســتنەوەی ئایدیۆلۆژی خۆی بەکار بهێنێ و پێگەی خۆی تیایدا بەهێز بکات.
تێکدانــی پەیوەندییــەکان لەگــەڵ ئێــران، یــان هەوڵــدان بــۆ بیربردنــەوەی خەونی کوردیی و شــەرمکردن لە باســکردنی ئەم خەونە بۆ دروســتکردنی دەوڵەت، هەردووکیان ئەنجامی نێگەتیڤیــان لــە ئاســتی ناوخــۆی هەرێــم و لــە تێگەیشــتنی هەڵــەی ئێرانیەکان لــە ئێمە هەبووە. لە ئاســتی ناوخۆدا، ئەو هەمــوو پابەندبــوون و خۆبچووککردنەوەیــە بۆتــە هۆکاری متمانەســڕینەوەی خەڵک و کەمکردنەوەی چاوەڕوانییەکانیان لە دامەزراوەی سیاســیی هەرێم. لە ئاســتی ئێرانیشــدا، ئەمە تەنیــا جۆریکی تــری خزمەتکاریی کورد و ســاویلکەییەکەی پیشان دەدات..
ئێمــە دەبێت ئەوەش بزانین کە ئێرانیەکان لە مێژوودا یەکجار لەســەر دەســتی عەرەبە مســوڵمانەکان ژەهری تێکشــکان و بەردەســتییان نۆشــیوە. نابێت ئێمە ببینــە بەدیل، یان خۆمان بخەینــە بریــی عەرەبــەکان و ببینــە قوربانیی ئــەو تۆڵەیەی ئێرانیەکان دەیانەوێ لە عەرەبەکانی بکەنەوە.
هەڵوێستی ئێران بەو ئایدیۆلۆژیا باڵادەستەی ئێستای دەوڵەت و دامــەزراوە سیاســییەکەیەوە، هەڵوێســتێکی ســتراتیژییە. ئەمەش لە دوو ئاستدا خۆی بەرجەستە دەکات:
یەکــەم: یەکالاکردنــەوەی هەڵوێســت لەبەرامبــەر ئەمەریکا، ئیســرائیل و وڵاتــە ئەوروپاییــەکان. ئێران هەموو دۆســت و دووژمنەکانی لەسەر ئەم بنەمایەوە هەڵدەبژێرێت.

دووەم: خواستی ئێران بۆ ناردنەدەرەوەی ئایدیۆلۆژیا و بە شیعەکردنی جیهان..
لەبەرامبەر هەڵوێستی ستراتیژیدا پێویستە بیرکردنەوەو پلانی ستراتیژیمان هەبێت. پلانیی ستراتیژی ئەوەیە کە ئێران بە جیدیتر بگرین، بەهۆی گەشەی ئابووری کشتوکاڵی ناوخۆوە، ئاڵوگۆڕی بازرگانیی لەگەڵ ئێران بخەینە بواری هەڵبژاردنەوە، نەک ناچاری. ئەمە وەرەقەیەکی گووشارە تا ئێران ئاڵوگۆڕیی بازرگانی لەگەڵ هەرێم وەک پێویستیەکی خۆی و بۆ لەدەستنەدانی بەرژەوەندیی خۆی، تێبگات نەک لە موحتاجیی ئێمەوە.
لەڕووی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە نابێت پەیوەندیمان لەگەڵ حکومەتە هەرێمیەکانیتردا لەسەر حسابی، یان بەمەبەستی تووڕەکردن و بزواندنی حەسوودیی ئیران بێت. لە هەمان کاتیشدا دروستکردنیکی گفتوگۆی جیدی بێت سەبارەت بە گرنگیی دەوڵەتیکی کوردستانی ئاساییش بۆ ناوچەکە، نەک مانەوەی ئەم هەرێمە بەو جۆرەی کە کاریگەریی نێگەتیڤ بکاتە سەر دەوڵەتانی دراوسێ.
پێوستە لە ئێرانیەکان بگەیەنین، کە ئێمە پشتگیریی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتە ناکەین، بەڵام ڕێگەی ئەوەش نادەین ئێران، لەدژی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە، یان لە پەیوەندیی پێیەوە، مامەڵە لەگەڵ هەرێمدا بکات. یان ئەوەتا هەموو پەیوەندییەکان پەیوەندیی دیپلۆماسیانەی پرۆفێشناڵ دەبن، یان بە ڕێککەوتن. لە ئێستادا بەهۆی لاوازیی

ئێران و ئەو بایکۆتەی خراوەتە سەری، گووشارەکانی بۆ سەر هەرێم کەمبوونەتەوە، بەڵام پێویستە هەرێم لە سنوورەکانیدا لەگــەڵ ئێــران لە جــاران وریاتر بێت، بــۆ کەمکردنەوەی ئەو زیانانــەی لە ئەنجامی بڕیــارە لەپڕەکانی ئەم وڵاتەوە دەدرێن و هاووڵاتیانــی سەرســنوورەکان زەررمەندیی گیانی و ماڵی دەبن، وەک ئەوەی لە دۆخی تۆپبارانەکاندا بینیمان..

■ **دووەم: لە پەیوەندیماندا بە تورکیاوە:**

سیاســەتی بنەڕەتیی حکومەتی تورکیا هیچ گۆڕانێکی نەوعیی بەسەردا نەهاتووە و هەمان ستراتیژییەتی کوردۆفۆبیای هەیە کــە لە ئێراندا پەیــڕەو دەکرێ، بەڵام لە جیاتــی ئەوەی لەژێر پۆششــی مەزهەبیدا بێت، پتر پاســاوەکانی خۆی بە گەڕانەوە بۆ جۆرێ لە ڕەگەزپەرستیی ئایدیۆلۆژیانە، دەهێنێتەوە.

لەگــەڵ ئەوەشــدا، تورکیــا وڵاتێکی کارئاســانە بــۆ هەرێمی کوردســتان تــا لــە تەنیایــی و گۆشــەگیرییە کولتووریــی و سیاســیەکەی خــۆی ڕزگاری بکات، بــەڵام ئەمە بــەو مانایە نیــە، هەرێم تەنیا پاڵ بەم وڵاتەوە بدات و هەموو مەرجەکانی پەسەند بکات و ملکەچ بێت بۆ داواکارییەکانی.

تورکیــا لەگــەڵ هەرێمدا سیاســەتێکی ڕیالیســتانەتری هەیە، بەتایبەتــی دوای ئەم ڕێککەوتانەی دوایی ســەرۆکی کابینەی حەوتەم سەبارەت بە گرێبەستە بازرگانیی و نەوتیەکان..

کاتێ تورکیا دەڵێت: ئاسایشی هەرێم ئاساییشی تورکیایە، ئەم قســەیە هەم جێی دڵخۆشــی و هەم جێگەی ترس و نیگەرانیە. نەبوونی شەففافیەت و نزیکیی جۆری گرێبەستەکانیش لەگەڵ

ئەم وڵاتەدا لە گرێبەستیی سیاسیی و تاکەکەسییەوە، ئەم ترسە گەورەتـر دەکات. بەڵام جێی دڵخۆشیشـە، چونکە ئاسـاییش لە هەرێمـدا مەرجێکی سـەرەکیی بەڕیوەچوونـی هەرجۆرە بزووتنەوەیەکـی ئابـووری و گەشەسـەندنی وڵاتەکەیـە کە سوودەکەی بۆ تورکیا چەندین جار زیاترە.
قەبـارەی ئاڵوگـۆڕی بازرگانیـی ئێمـە لـە ئێسـتادا لەگـەڵ تورکیـا نزیکـەی دوازدە ملیارد دۆلاری سـاڵانەیە. تورکیا لە بەهـای ئەم قەبارەیە بۆ ئاساییشـی وڵاتەکەی خۆی باشـتر لە ئێمە، بۆ ئاسایشـی هەرێم تیـدەگات. چونکە ئەوان بەهۆی بوونـی ئەقڵییەتێکـی توێژینەوەییـەوە، دەزانن ئـەم قەبارەیە لـە کەمکردنـەوەی بەتاڵـە و دۆزینەوەی کار و پێشـکەوتنی بازرگانیی و بەرزبوونەوەی پریسـتیژ و سەرمایەی ڕەمزیی تورکیـادا چەنـدە کاریگـەرە. لەکاتێکدا بەشـێکی زۆری ئەم پارەیـە لـە حکومەتـی هەرێمـدا دەچێتـە ناو حسـابی بانکی کەسایەتییەکانەوە، نەک پڕۆژەکانیی حکومەتەوە.
تورکیـا ئەوەش دەزانیت کە لە سـاڵانی داهاتـوودا مامەڵەی بازرگانیـی لەگـەڵ هەرێم هەڵدەکشـێ و بۆی هەیـە چەندان بەرامبەر زیاد بکات.
هەروەها تورکیا ئەوەش دەزانێت، کە هەرێمی کوردسـتان لە دە یەکەمین وڵاتەکەی پاشـەکەوتی نەوت و غازە لە جیهاندا. بۆیە کاتێ دەگوترێ ئاساییشـی هەرێم ئاساییشـی تورکیایە، ئەمە لە خۆشەویسـتیی تورکیاوە نیە بۆ کوردەکانی هەرێم و حکومەتی هەریمی کوردستان.

بەلای تورکیاوە، حکومەتی هەرێم بەشێکە لە واقیع، بۆیە مامەڵەی فەرمیی لەگەڵ دەکات. پرسیارەکە ئەوەیە حکومەتی هەرێم چۆن ئەم کارتە بەهێزانەی خۆی بۆ بەرنامەی داهاتووی بەکار دەهێنێ و وەک مەرج لەبەرامبەر تورکیادا دەیانخاتە ڕوو، نەک وەک خەبەر و ڕاگەیاندن بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی هەرێمی کورستانەوە. لە پەیوەندییە سیاسیەکاندا هیچ کاتێک بەرژەوەندیی نەگۆڕ نیە. تورکیاش زۆر ستراتیژیانە و دوورمەودایانە و لە پێشینەیەکی مێژووییەوە بیر لە هەرێم دەکاتەوە. ڕەنگە لە تورکیادا جۆرە گرێیەکی لەدەستدان، بەتایبەتی لەدەستدانی ویلایەتی موسڵ هەبێت، کە پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دارمانی ئیمبراتۆریەتی عوسمانی. بەڵام بیرکردنەوەی کورد لە تورکیا، بیرکردنەوەیەکی ستراتیژیی نیە و پابەندە بە زەمینەکولتوورییەکان و ئەو بنەمای شەرم و خۆبەکەمزانییەی کورد لەبەرامبەر ئەوانیتردا هەیەتی.

■ **بیرکردنەوەی کوردەکان لە تورکیا پێویستە لە سێ باردا گۆڕانیی بەسەردا بێت:**

یەکەم: پێویستە پەیوەندیی هەرێم و تورکیا لە پەیوەندییەکی ئابووریی ڕووتەوە ببێتە پەیوەندی سیاسیی و ئابووری. هەروەها لە پەیوەندییەکەوە لەسەر تاکبنەمای ئابووری، بەتایبەتی ئابووریی نەوت، ببێتە پەیوەندییەکی فرەبنەمای ئابووری.

دووەم: لە بیرکردنەوەیەک بۆ ڕازییکردنی تورکەکان، ببێتە

بیرکردنەوەیـــەک بـــۆ ڕازیبوونـــی کوردەکانیـــش. کوردەکان پێویســـتە بەجۆرێ پەیوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا ببەســـتن، کە ڕازییان بکات، نەک بەردەوام لەســـەر حسابی ڕازیکردنی ئەوان، دەست لە مافە دیپلۆماسی و یاسایی و ئابوورییەکانی خۆی هەڵبگرێ.

سێیەم: پێویستە ئەم هەڵوێستگۆڕینەی تورکیا، لە میدیاکانی و لە کولتووری جەماوەریی و ئیداریی ئەو وڵاتەشدا ڕەنگبداتەوە و دابەزێنرێتە سەر ئاستی خوارەوە. لە پەیوەندیی دوو لایەنی فەرمیدا ئەوە بەس نیە، لە ئاستی باڵادا فەرشی سوور بۆ یەکتر ڕابخرێ و شـــەقامەکانی وڵات بە ئـــاڵای یەکتر، بڕازێنرێنەوە. ئەوەش مەرجە کە هەر پۆلیســـێکی ئـــەو وڵاتە لەو ڕانگەیەوە مامەڵـــە لەگـــەڵ هاووڵاتیانی هەرێمدا بکات، کـــە بەرژەوەندیی هاوبەش و ڕێزی هاوبەش کۆیاندەکاتەوە..

**C: لە ئاستی نێودەوڵەتی و ڕای گشتیی جیهاندا**

تـــا چیتر هەڵوێســـتوەرگرتنی دەوڵەتـــە ئەوروپاییەکان و ڕای گشـــتیی جیهـــان، ناگەڕێتـــەوە بـــۆ بارودۆخـــی کـــۆڕەو، یان پشتگیریی مۆراڵیانەیان لە جینۆساید و ئەنفال. کوردەکان چیتر بۆ ڕای گشتیی جیهان، میللەتە چاوجوانە غەدرلێکراوەکە نین. پاشـــخانی بیرکردنەوەی ئەوروپاییەکان، لەسەر کوردەکان لە پاشـــخانێکەوە کە لەســـەر ئاگایی مێژووییەوە دروست ببوو، بۆتـــە ڕوانینێکی واقیعیانەتر بە ئاگاداریـــی ورد لە کۆمەڵگا و سیاسەت لە کوردستان.

کۆمەڵـــگای نێودەوڵەتـــی مافـــی خۆیەتـــی هەڵســـوکەوتی

کــوردەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق و دەوڵەتانی دراوســێ بە هەنــد وەربگرێ. ئــەوان لە ئەنجامی ئەو ســەرنجدانەوە، ئەو شــتە دەبینن کە کوردەکان خۆیــان نایبینن. چاوەڕوانییەکانی ڕای گشتی و سیاسەتی نێودەوڵەتی لە مەسەلەی کورد، وەک چاوەڕوانیی کوردەکان خۆیان نیە.

ڕای گشــتیی و سیاســەتی نێودەوڵەتی، چوار چاوەڕوانیان لە کوردەکان هەیە:

- لەگەڵ بەغدا و لە پرۆسەیەکی ئاشتیانەدا، کێشەکانی خۆیان چارەســەر بکەن و ئەوەی پێوســتە بەشــیکەن و ئەوەی مافە وەرییگرن..

- کوردەکان هیچ هەڵوێســتێکی دژواز، دووجەمســەر و دەبڵ مۆراڵیــان نەبێــت. ئەگــەر کــورد وەک عێراقی خۆی پێناســە دەکات، پێویستە عێراقیانەش هەڵوێست وەربگرێت.

- ئــەوان چاوەڕوانن ئەزموونــی حکومڕانیی لە هەرێمدا، ڕێز لەمافەکانی مرۆڤ بگرێت، شــەففافیەت هەبێت، پەرە بە ژیانی مەدەنــی و مافــی خۆدەربڕیــن بــدات. گەندەڵی و کوشــتن و توندوتیژی نەمێنێت و پرۆســەی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا بەردەوام بێت.

- بەرژەوەندییەکانیان پارێزراو بێت.

ئەورپاییەکان، مافــی خۆیانە وەها بیر بکەنەوە، چونکە ئەوان ناچنە سەنگەری کوردەکانەوە.

**■ هەموو ئەمانە دەمانگەیەنن بە چەند ئەنجامیک:**

١. قۆناغێکــی نــوی لە ژیان و فرســەتە سیاســیەکانی کوردا

هاتۆتە پێشەوە.

٢. گۆڕانێکـی نەوعیـی مینتاڵیانــە ســەبارەت بە کـوردەکان ڕوویداوە، چ لە ئاســتی هەرێمی و چ لە ئاســتی نیودەوڵەتی، پێویستە کوردیش مینتاڵیتەی خۆی بگۆڕێت.

٣. هەوڵدانی هەتا ئێســتای کوردەکان بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەت، پێــش هەوڵدانیــان بــۆ دروســتکردنی دەوڵــەت بــووە. بەبێ دروســتکردنی بنەمــا ئابووری، سیاســی و کولتوورییەکانیی دەوڵەت، بەبێ گۆڕینی تێگەیشــتنی لە چەمکی کات سەبارەت بە دەوڵەت، گەڕانەوەیەکی هەمیشــەیی بۆ فەشــەل چاوەڕێی کوردەکان دەکات.

٤. دروســتکردنی دەوڵــەت، پاشــمەرجی هەڵســەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی ئەزموونی حکومدارییە لە مێژووی کۆن و نوێی کوردەکاندا.

٥. ئامادەسازیی ناوەکی و چاکسازی و گۆڕان، لە ماوەی ٥ تا ١٠ ساڵدا زەمینەی ڕاگەیاندنی دەوڵەت ئامادە دەکات.

# کۆنگرەی نەتەوەیی

## (هەندێ پێشنیار و بیرخستنەوە. لانیکەم بۆ بەتاڵکردنەوەی چاوەڕوانییەکانی خۆم..)

قسەکردن لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، دەکرێ گەمەیەکی دڵخۆشکەر و دەشکرێ ڕیسک و مەترسییەکی گەورەی فیکری بێت، بەتایبەتیش بۆ هزری سیاسی کوردەکان و لە هەمان کاتیشدا خۆتاقیکردنەوەیەکی پێشوەختی کوردەکان بێت، بۆ بردنەوە، یان دۆڕاندنی داهاتوو. هیچکام لەم گریمانانە لە پێشەوە زانراو نین و چارەنووسەکەشیان بە تەواوی دیار نییە. کوردەکان مافی خۆیانە کۆنگرەی نەتەوەیی ببەستن و لەبارەی چارەنووسی نادیاری مێژوویی خۆیانەوە، جەم بن و بە گوتەی حاجی قادریی کۆیی: «کۆڕی خۆیان ببەستن وەکو هەنگ». بەڵام بۆچی کۆڕبەستنی کوردەکان ڕیسک و مەترسییە؟ ئایا ئەم مەترسییە بە پلەی یەکەم دەرەکییە یان ناوەکی؟ سەبارەت بە مەترسییە دەرەکییەکان، شتێکی

چاوەڕوانکراوە، کە وەک هەڕەشـــەیەکی کوردەکان بۆ ســـەر سیاســـەتی ناوچەکەو گشـــت ئەو دەوڵەتانـــە لێکبدرێتەوە، کە کوردســـتانیان لە ڕووی مێژووییەوە بەســـەردا دابەش بووە. بەڵام ئەمە بابەتی وتارەکەی من نییەو پێشـــبینییەکی تایبەتیم نییـــە، جگە لـــەوەی کـــە دەزانم پێویســـتە کـــوردەکان خۆیان بـــۆ لێکدانەوەیەکـــی وەها ئامـــادە بکەن. ئـــەوەی جەمبوون و کۆبوونـــەوەی کـــوردەکان دەکاتە مەترســـی هـــەر کوردەکان خۆیانن، کە سرووشـــتیی مێژووییان پیشانمان دەدات، چەندە بـــە ئازایەتییەوە خەبات و قوربانییان داوە بۆ بەدەســـتهێنانی هـــەل و بـــواری تایبـــەت بـــە بەرژەوەندییەکانیان، ئـــاواش بە ئاســـانیی لـــە دەســـتیی دەدەن. بۆیـــە کۆنگـــرەی نەتەوەیـــی، هەرچەندەش لێرەو لەوێ قســـەی لەبارەوە دەکرێت و وادەی بەستنەکەی دەستنیشان دەکرێ و دەگۆڕدرێ، لەگەڵ ئەوەشدا هێشـــتا مەترســـیی ئەوە لە ئارادایە کە هەرگیز نەبەسترێ یان دوابخـــرێ، یاخود لـــە حاڵەتێکدا بەتەواوی خۆمـــان بۆ ئامادە نەکردبێت، فەشـــەل بهێنێ. لەگەڵ ئەوەشـــدا ڕێگە بدەن، کەمێ لـــەو چوارچێوەیە بدوێم، کە لەو بڕوایەدام ئەگەر کۆنگرەکەی تێدا ببەســـترێ، سەرکەوتنێکی زیاتر و ستراتیژانەتر بەدەست بهێنـــێ. بیروڕاکانـــم بـــە شـــێوەیەکی چـــڕو هەندێکجاریش بە وردەکارییەوە، دەخەمە پێشـــچاو، کە هیوادارم لە کاتی خۆیدا ســـوودمەند بـــن، ئەگەرچـــی بە دڵـــی هەموانیـــش نەبن. لەم نووسینەدا هەمیشـــە نەگوتراوێک، ناوەڕۆکێکی شاراوە هەیە، کـــە بارودۆخەکە ڕێنادات لەوە زیاتر ڕوونبکرێتەوە، بەڵام بۆ

کەسـانێک بە وردیی دەیخوێننـەوە، لەو ڕەهەندەش تێدەگەن، کە من بە ئاشکرا دەرمنەبڕیوە.

**■ یەکەم: خۆبەدوورگرتن لە پێشـداوەرییە کەلتوورییەکان و تەشریفات:**

ئێمـە نەتەوەیەکیـن لـە پرۆسـەی مێژوویی دروسـتبوون و سـەرهەڵدانی خۆمانـدا، ڕق و کینەو دەسیسـە و پیلانگێڕی، بەشـێکی زۆر لە سـایکۆلۆژیای سیاسـی و کۆمەڵایەتیمانی داگیرکردووە. ڕەنگە ئەمە ڕەنگدانەوە و دەرەنجامی کارکردنی باووباپیرەکانی ئێمە بێت، لە سرووشـتی سـەختی وڵاتەکە و خەباتیانـدا لە پێناو مانـەوەدا، کە هەرچەندە دەسـتمایەیەکی گەورەی هەڵکردن و لێبووردەیی لەگەڵ سرووشتدا بۆ کەڵەکە کردوویـن، بەڵام لـە ڕووی کۆمەڵایەتی و سـایکۆلۆژییەوە، وردە کولتوورێکی ئەوتۆی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بەرهەمهێناوە، کە بە زەحمەت دەچێتەوە سـەر یەک و لە ژێر ناوی کولتوورێکی سـەراپای کوردیانەدا، پۆلێن دەکرێت. ئەم کولتوورە ڕەنگدانەوەی تایبەتیی خۆیشی لەسەر هزری سیاسی و چۆنێتی پێکهاتەی کایە سیاسـیەکانی سـەرجەم بەشەکانی خاکـی کوردسـتان هەبـووە و تەنانەت لە هەنـدێ دەرفەتی مێژوویـدا، جیاوازیـی کولتووریـی بۆتە مەترسـیی بەسـەر هەرجۆرە هەوڵدانێک کە ویستبێتی کوردەکان وەک نەتەوەیەکی یەکسان و یەکدەست بەرجەستە بکات و بیانناسێنێ. لەبەر ئەم فاکتەرە سـایکۆ- سۆسـیۆلۆژیە، ئێمە یەکێکین لەو نەتەوانەی کە بەردەوام ئامادەییەکی تەواومان هەبووە، بۆ بەرهەمهێنانی

وزەی شـــەڕ و خۆوێرانکردن، کە وزەیەکە بەفیڕۆ ڕۆیشتووە و هیچی نایەتەوە شــوێن. بەڵام ئەم هوشــیارییە بەرامبەر بە ئاڕاســتەبوونی وزەی نەتەوەیی ئێمە بەرەو شەڕانییەت، بۆی هەیە یارمەتیدەرمان بێت لە خۆ ئامادەکردندا بۆ کۆنگرە، تاکو نەک هەر بەرهەمی نەهێنێنەوە، بەڵکو ئاڕاستەکەشی بگۆڕین و لە جیاتی بەرهەمهێنانەوەی وزەی ناوبراو، کە بە فیڕۆچوونی توانــا مرۆییەکانمانـــی بەدواوەیە، بیگۆڕین بــۆ بەرهەمهێنانی وزەی نەتەوەیــی داهێنان. ئەمە ئەو خاڵەیە کە پێویســتە پێش بەســتنی کۆنگــرە، خۆمانــی بــۆ ئامــادە بکەیــن و جیاوازیی کولتووری کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەکانی لە کایەی سیاســی و بۆچوونــی ئایدۆلۆژییدا، وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەکی، یان تێکەڵبوونەوەیەکی کولتووری تەماشــا بکەین، نەک جیاوازییە کولتووریەکانمــان، ببێتــە هــۆی هەڵپەســاردنی یەکبوونــی سیاســی و بڕیاری سیاسیمان لە ئاســتیی نەتەوەییدا. چونکە ئەمــەی دواییــان دیســانەوە ئاڕاســتەمان دەکاتــەوە بەرەو یادەوەرییەکی ناخۆش، کە لــەو بڕوایەدام زیندووکردنەوەی، یان پەنــا بۆ بردنەوەی کوردەکان لێکتــر دوور دەخاتەوە، تا نزیکخســتنەوەیان. دەمــەوێ بڵێم، بەشــداربووانی کۆنگرەی گریمانەکراو، پێویســتە نەک هەر تەنیا خۆیان بۆ یەکخســتنی گوتــاری یەکێتی نەتەوەیی کوردســتان ئامادە بکەن، بەڵکو لە ڕووی کولتووریشەوە، لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە، کە تیایدا ئاشتەوایی کولتووریی ببێتە نیەتێکی ویژدانی، نەک هەر تەنیا ئامانجی سیاســی ببێتە مەبەســتی سەرەکیی. بە مانایەکی تر،

پێویســـتە ئامادەســـازییەکی وەها بۆ کۆنگرە بکرێت، کە تیایدا یەکبوونی کولتووری و یەکخستنی گوتاری سیاسیی لە هەمان ئاست و بە هەمان گرنگییەوە، بەرجەستە ببن.
لێــرەدا دەمەوێ ئاماژە بەو ڕاســتییەش بدەم، کە بەشــێک لە ســـەرکەوتنی ئـــەم کۆنگرەیە، چ لـــە ڕووی کولتووریی و چ لە ڕووی سیاســـییەوە، کـــە خزمـــەت بەو بیرۆکەیەی ســـەرەوە دەکات، بریتییـــە لـــە کەمکردنەوەی ڕەســـمیات و سیســـتەمی تەشریفاتی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، کە بەرهەمهێنەرەوەی زۆرێک لەو پێگە و پلەوپایە و مەقامە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و عەشــیرەتیانەیە، کە کوردەکان لە ئاســتیاندا هەســتەوەر و حەسساســـن. پێویســـت ناکات ئـــەم کۆنگرەیە، ســـەرکەوتنی خۆی لە گرتنەبەری سیســـتەمێکی تەشریفاتی قەبەدا، کە بۆی هەیـــە هەڵەی تێبکەوێ و حەساســـییەت دروســـتبکات، ببینێ. کەمکردنەوەی سیستەم و شێوازیی تەشریفاتیانە، شتێکی باشە، چونکە جگە لەوەی تەشریفات، لە کایەی سیاسیی کوردەکاندا، بە مانا مۆدێرنەکەی شتێکی تازەو وەرگیراو و لاساییکراوەیە، ئاواش نوێیەو ئێمە هێشتا زۆر تیایدا شارەزا نین. لەبەر ئەوە ئەگەری هەڵگەڕانەوەی ئەم شێوازە تەشریفاتییە، بۆ نانەوەی تەفرەقە لە ئارادایە. لە درێژەی ئەمەشدا، پێویستە کۆنگرە، بە هەمان شێوە خۆی لە زیادە مەسرەفیی و بەهەدەردانی سامان و پیســـکردنی ژینگە و جۆرەکانی پێشێلکاریی ئەخلاقیی، وەک گۆشتخۆریی زۆر و قەسابخانە دروستکردن، لەگەڵ ئامانجی مرۆڤدۆســـتانە و ئازادیخوازانەی کۆنگـــرەدا نایەتەوە. ناکرێ،

کۆنگرەیەکــی ئەوتۆ بە شــێوازێک ببەســترێ، کە شــێوازیی بەڕێوەچوونەکــەی لەگەڵ ئامانجەکانیــدا بکەوێتە ناکۆکییەکی هێندە گەورەوە، کە ئامڕازەکانی و بەڕێوەچوونەکەی بەشێک بێت لە فەشەلی گریمانەکراوی ئەنجامەکانی و هەر لەسەرەتاوە متمانەی جەماوەریی بەخۆی سست بکات.

هەر لە درێژەی ئەمەشــدا، پێویســتە ئەوەش بەیاد بهێنینەوە، کــە ئەم کۆنگرەیە نابێت لە کاتــی بەڕێوەچوونیدا، کاریگەریی نێگەتیــف بکاتــە ســەر ژیــان و گوزەرانــی هاووڵاتیانی ئەو شوێنەی کۆنگرەکەی لێدەبەسرێت و گونجاو نییە، سیستەمی بەڕێوەبردنەکــەی ببێتــە مایــەی تێکدانــی بەرنامــەی خەڵک و هاتوچــۆو گرتنــی شــەقام و ڕێــگاکان و ئــەو ڕووداو و پەرچەکردارانــەی لە ئەنجامی ئەمەوە دەکەونەوە، کە پێشــتر ئەمە ڕوویداوە.

**■ دووەم: زمانــی فەرمیــی و هاوبــەش وەک بنەمایــەک بــۆ کولتووریی نەتەوەیی هاوبەش:**

پێویستە لە کۆنگرەدا زمانێکی هاوبەش، یان شێوەزارێک ببێتە زمانی فەرمی بەتایبەتی لە ئاســتی نووســینەوەی دۆکترین و بەڵگەنامە فەرمییەکانی کۆنگــرەدا. ئەمەش دەمانخاتە بەردەم هەڵبژاردنێکی پێشوەخت بۆ بەدیهێنانی کۆدەنگییەک سەبارەت بە زمانی فەرمیی تۆمارکردنی بەڵگەنامە و بڕیارەکانی کۆنگرە، بەبێ ئەوەی ئەمە ڕێگربێت لەبەردەم ئاخاوتنی بەشداربووان بە شــێوەزاریی لۆکاڵیی خۆیان. هەڵوێســت لە ئاســت زمانیی فەرمی کۆنگرەدا، پێشزەمینەی هەڵوێستێکە بۆ بەفەرمیکردنی

زمانی ســتانداردی نەتەوەیی و ئەمەش ســەرەتایەکی گرنگە بۆ ئامادەکاری نەوەکانی داهاتووی کوردســتان تا شوناسیی خۆیان لە چوارچێوەی زمانێکی ستانداردی نەتەوەییدا، دابڕێژن. ئەمە جگــە لەوەی بناخەیەکی گرنگ لە ڕێگەی شــێوەزارێکی هاوبەشــەوە، دەبێتــە لانکــەی پەروەردەیەکــی نەتەوەیــی و ڕاگرتنی شوناســێکی پتەو لەسەر لەخۆتێگەیشتنێکی فراوانتر لــەوەی کۆمەڵگای لۆکاڵیی دەیخاتە بــەردەم تاکی کورد و لە هەمان کاتیشدا سڕینەوەی ستەمکارانەی ئەم شوناسە لەلایەن سیستەمە داخراوەکانی تر و پرۆسەکانی وەک بە عەرەبکردن و بە فارســکردن و بە تورک کــردن، کە لە ڕێگەیانەوە، کورد بە ئەویتر کراوەو دەکرێت.

■ **سێیەم: شێوازیی پەرلەمانیانە و یاساییانەی بەڕێوەچوونی کۆنگرە:**

دەکــرێ شــێوازیی بەڕێوەچوونــی کۆنگــرە، بــۆ پتەوکردنی ڕەهەندیی یاســایی و جیاکردنەوەی دەســەڵاتەکان لە یەکتر، شێوازێکی پەرلەمانیانە بێت، کە تیایدا و لە ڕۆژەکانی یەکەمدا ســەرۆک و دەستەی ســەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر بنەمای بەشــەکانی کوردســتان، یان هەر بنەمایەکی تر، هەڵبژێردرێن و دەنگیــان پێبدرێت و ئەندامەکانیش لە کۆی ئەندامانی لایەنە سیاســییەکان و نوێنەرانی دیکەی کۆمەڵگای کوردســتانی لە شوێنە جیاوازەکان، پێک بێن و لیژنە جیاوازەکانیان لێپێکبهێنرێن بۆ چالاکبوونیان لەو بوارانەدا کە وەک ئەرک پێیاندەسپێردرێ و خســتنەڕوویان لە بەردەم پەرلەمانە کاتییەکەدا. ڕەنگە ئەمە

کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام بۆ نەتەوەیەک کە هەرگیز حساب بۆ کەسایەتی نەتەوەیی نەکراوە، گرتنە بەری ڕێگای ئەقڵانیی و دیموکراتیکیانــە، نرخدانانێکی مەزنە بــۆ خەباتی نەتەوەیی ئەو میللەتە و ســاڕێژکردنی برینــە قووڵەکانی و ئەمەش ئەو ڕێگایەیــە کە لایەنە سیاســییەکان دەتوانن بەهۆیەوە متمانەی لاوازبوو و لەدەستچووی خۆیان بەدەست بهێننەوە. پێکهاتەی پەرلەمانتارانــەی کۆنگرە، دەکرێ وەک پێشنووســێکیش بێت بــۆ چێکردنی هــەر جــۆرە پەرلەمانێکی داهاتــووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی کوردستان.

**■ چوارەم: خۆبەدوورگرتن لە ڕەگەزسالاری و حزبسالاری:**

زۆر گرنگە ئەم کۆنگرەیە لەدوو خاڵی نێگەتیڤ خۆی بەدوور بگرێــت: یەکــەم نەبێتــە کۆنگرەیەکــی پیاوســالار و ڕێــژەی بەشــداربوونی ژنان تیایدا بە ئاستێک بێت، کە وەڵامدەرەوەی بــوون و بەشــداریی و خەباتی خانمــان و دایکانی ئەم وڵاتە نەبێت. پێویســتە ئەقڵی کارا لە کۆنگرەدا، حســابی ئەوە بکات، کــە نەتەوە، یەک ڕەگــەز نییە و یەکڕەگەزانــە بیرکردنەوە لە نەتــەوە هۆکارێکی ڕاســتەوخۆی بەرهەمهێنانەوەی کۆی ئەو ستەمانەیە کە پیاوســالاریی و نێرسالاری بە درێژایی مێژوو لــە دژی ڕەگەزەکــەی تــر بەرهەمهێناون و ئەوانی خســتۆتە پەراوێزی مێژووەوە.

دووەم خــاڵ ئەوەیــە کە نابێت کۆنگرە، حیزب ســالارانە بێت و بەشــداربووان تەنیــا لــە ئەندامانیــی لایەنە سیاســییەکانی پارچەکانی کوردســتان، پێک بێت. چونکە ئەمە لە قورســایی

نەتەوەییبوونــی کۆنگرە کەم دەکاتەوە و متمانەی گەلی کورد بــەم چالاکییە لاواز دەکات. لەســەر ئەم خاڵە زۆر ناوەســتم، چونکــە ئەزموونەکانــی پێشــتر لە ئاســتی لۆکالیــدا، لە یادی خەڵکدان و ئەنجامگەلێکی باشیان نەداوە بەدەستەوە.

**■ پێنجەم: ڕووکردنە داهاتوو بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان:**

گرنگە ئەم کۆنگرەیە ڕووی لە داهاتوو بێت، نەک ڕابردوو. لەم ڕوانگەیەشەوە پێویستە کۆنگرە لە بڕیارەکانیدا، بەرژەوەندیی نەوەکانــی داهاتــوو لەبەر چاو بگرێت و ســنوورێک دابنێ لە بەردەم چۆنێتی هەڵسوکەوتکردنی نەوەی ئێستا لەگەڵ سامانە نەتەوەییەکانــدا، کــە نەوەکانی داهاتووش، مافی سروشــتیی خۆیان و پشکی ڕەوای خۆیان تیایدا هەیە. بەبێ ڕەچاوکردن و گرتنەبــەری ڕەهەنــدی ســتراتیژیانە و دوورمەودایانــەی داهاتوو، کۆنگرە ناتوانێت بەرژەوەندیی نەتەوەیی بۆ داهاتووی کوردەکان دەستنیشان بکات و شتێک نابێت لایەنەکان پێوەی پابەندبن تا هەریەکەیان لەلای خۆیەوە لە کارنامەی سیاســیی خۆیدا و لە کۆمەڵگای لۆکاڵیدا، کاری بۆبکات و بیکاتە بەشــێ لە پەروەردەی نەتەوەیی و نیشتیمانی.

**■ شەشــەم: هەڵوێســتی ڕاشــکاو لــە ئەوانیتــر وەک خاوەن شوناسی نەتەوەیی، بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو:**

بە هەمان شــێوە پێویســتە کۆنگرەی نەتەوەیی هەڵوێســتێکی ستراتیژیانە لە نەتەوە دراوسێکانیتر و دەسەڵاتەکانی ناوچەکە وەربگرێــت، کــە زیاتــر ڕەنگدانــەوەی گەورەیــی نەتەوەیــی

کوردەکان بێت، نەک پەرچەکرداریی سایکۆلۆژیی لە ئاست مێژووییەکدا کە ئەمانی خستۆتە پەراوێزە و ئەوانیتریشی کردۆتە سەردەستە. بەمجۆرەش پێویستە کۆنگرە، هەڵوێستی کوردیانەی خۆی لە ئەوانیتر، کە وەکخۆی خاوەن کەرامەتیی مرۆیین، وەربگرێ و ئەو هەڵوێستە بخاتە پلانێکی ستراتیژیی تری پەروەردەییەوە، تا پاش چەند نەوەیەک سوودەکەی بۆ بەرەی مرۆڤایەتی لە کەمکردنەوەی توندوتیژیی و بەشداریی لە ئاشتەوایی ناوچەکەدا، ڕەنگبداتەوە. لە ئاستیی حکومەت و پێوەندییە سیاسیی و بازرگانیی و ئەوانەش کە لە پاشە ڕۆژدا دروستدەبن، هەڵوێستێکی دیپلۆماسیانە لەسەر بنەمای دانپیانانی دوولایەنە بە مافی یەکتر و پاراستنی بەرژەوەندیی یەکتر و ڕێزدانان بۆ ڕێککەوتنە فەرمییەکانی نێوان گەلان و حکومەتەکانیان، بە لەبەرچاوگرتنی مافی هاوسێیەتی و نزیکایەتی کولتووریی و ئایینی، وەربگرێت.

ئەو مێژووەی کوردەکانی لەگەڵ نەتەوە دراوسێکانیدا گەیاندووە بەم ڕۆژگارە، ئەو ستەمەی لە سایەی دەوڵەتەکانی دراوسێکانیدا، چەشتوویەتی، میراتێکی خراپ و ناسوودمەندیی بۆ ئێستا دروستکردووە و ئەقڵ و ژیریی مرۆیی ڕێگەمان پێنادات کە بمانەوێ ببێتە میرات بۆ پاشەڕۆژیش تا نەوەکانیتریش لە هەردوو لا، بەو کێشانەوە سەرقاڵ و بەقوربانیی بکات، کە نەوەکانیتر لە پێشوودا و لە ئێستاشدا بەدەستیانەوە دەناڵێنن. ئێمە هیچ قازانجێکی نەتەوەیی و مرۆیی ناکەین، بەوەی نەوەی داهاتوو گیرۆدەی

میراتێک بکەین، لە گرژی و غەدر و ستەمکاری، کە بۆخۆمان تا سەرئێســقان لێــی زەرەرمەند بوویــن و زۆرێک لە وزەی مرۆیانەمانــی بەفیــڕۆداوە. ئاشــتییەکی ڕێژەیــی و بچکۆلەی گریمانەکــراو و دڵنیا لە داهاتوودا، ســەدهەزارجار باشــتر و ژیرانەترە، لە بردنەوەی شەڕێکی گەورە و تۆڵەکردنەوەیەکی بچووک..

دەکرێ ئەم کۆنگرەیە کار بکات بۆ بە واقیعیکردنەوەی ئەویتر لــە فــۆرم و قەبارەی خۆیدا، نــەک خۆبچووککردنەوە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە و شــەرمکردن لێی، نەک خۆ هەڵاوساندن و گیڤبوونەوە لە وەختێکدا کە سوور دەزانیت هیچت لەدەست نایەت. لەسەر بنەمای بە واقیعیکردنەوەی ئەویترەوە، دەکرێ هەمــوو پەیوەندییە گــرژەکان و بەدگومانیەکانی کورد لەگەڵ ئەوانیتر، بکرێنــە پەیوەندیی گفتوگۆئامێز، کە کورد بە هەمان مافی چوونیەک و یەکســان و بە هەمان ڕاســتیی ڕێژەییەوە، تیایدا بەشدارە، بەبێ ئەوەی پێویستیی بەوە هەبێت بەمەبەستی ڕازیکردنیــان لە ئاســت ئەوانیتردا کەمێک لــە مافەکانی خۆی بکشێتەوە.

لە ئاســتی ناوخۆشدا، پێویستە کۆنگرەیەکی ئەوتۆ، میساقێکی نەتەوەیی مۆربکات بۆ قەدەخەکردنی هەرجۆرێکی شــەڕ، یان پەنابردن بۆ هێز و ئابڕووبردن و ڕووشــکاندنی سیاسیانەی هێــز و لایەنە سیاســیەکانیتری هەر هەرێمێک و بەشــەکانی دیکەی کوردســتان و دووبارەنەکردنەوەی شــەڕی ناوخۆیی و خوشــک و براکوژیی نەگریس. هەروەها نابێت دەســەڵاتی

کورد، بۆخۆی ســووکایەتی بە نەتەوەی خۆی بکات و بە هێز و چەک ڕووبەڕووی ببێتەوە و ســەرکوتی بکات. ئەم شەڕ و توندوتیژیانە لە ئاستیی نێونەتەوەیی و لەبەردەم ڕای گشتیی جیهاندا، زیانێکی ئەوتۆ بە شوناســیی کوردیانەمان دەگەیەنن و لە شــکۆی گەورەیــی نەتەوەییمــان دەهێننە خــوارەوە. لە ئاستی ناوخۆ و لەخۆتێگەیشتنی مرۆڤی کوردیشدا، دووچاری بەخۆداشــکانەوە و ڕووشــکێنی و هەســتکردن بــە کەمیی و دەروون پشێویمان دەکات.

هەروەها پێویستە ئەو میساقە، هەرجۆرە دەستخستنەناودەستی لایەنی نەیار و بەگومان بە نەتەوەی کورد، لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیــدا، کــە زیانــی هەبێــت بــۆ ئاشــتیی مرۆیی و ســەقامگیریی سیاسیی و هەڕەشە دروستکردن بۆسەر لایەن و هێــزی تــر، ڕەتبکاتەوە و توانای هەبێت لــە داهاتوودا، ئەو لایەنە ســزا بدات کە هەســتاوە بەکارێکــی لەوجۆرە و زیانی بــە کەســایەتی نەتەوەیی کــوردە هاوزمان و هاوکێشــەکانی گەیانــدووە و ئەوانی خســتۆتە بەرەی غولام، جاســووس و دەستەندەخۆر و ڕیشوەخۆر و خیانەتکارەوە.

**■ حەوتەم: یەکالاکردنەوەی پێوەندیی سیاسەت و ئایین لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا:**

کوردســتان وڵاتێکی فــرە ئایین و ئاینزایــە. مۆڵگەی کۆمەڵێ ململانێی بەمیرات بۆماوەی ئاییینزاکان و لق و پۆپە عەقیدەتی و بڕواداریی‌یەکانیانە، کە ئەگەر ئەو میراتە بکرێتە پێوەر، ئاسۆی چارەســەرکردنی کێشــەکان و بەشــداریی ئاشــتیخوازانەی

ئاییــنەکان لە دابینکردنــی داهاتوودا، لاواز و بگــرە بە زیانی خۆشــیان تەواو دەبێــت. لەلایەکیترەوە، داهاتوو ســەپرایز و موفاجەئەی سرکەریشــی بــۆ ئایینەکان پێیــە، چونکە گۆڕانە سۆســیۆ کولتوورییــەکان و ئــەو کاریگەرییــە ڕۆژانەییانەی دەکرێتە ســەریان، بــە توندڕەوانەکردنی ئاییــن و باوەڕ، یان بــە ئاپۆرەکردنی هاووڵاتیان و هاندانیــان بۆ هەر ڕەفتارێکی نامەدەنیانــە، وەڵامنادرێنــەوە. باشــترین وەڵامدانــەوەی باوەڕداریانە و ئایینیانە، بۆ کێشەکانی داهاتوو، نەرمینواندنی ئایینیانە و گەڕانەوەیە بۆ سرووت و بۆنە ئایینیە ڕەسەنەکان، وەک ئــەوەی لــە وڵاتە پێشــکەوتووەکانی ئەورووپا و ئاســیا، دەبینــرێ. بۆیە پێویســتە کۆنگرە، ئەوەی لەبــەر چاوبێت، کە گرنگە هەڵوێستی خۆی لە ئایین ڕوونبکاتەوە و زۆرترین مافی ئازادیــی بۆ بیروڕا و ئایینەکان، بەبــێ جیاوازیی، دابین بکات و هەرجــۆرە نانەوەی تەفرەقە و بە ســەنتەرکردنی ئایینی و بە پەراوێزخستنی ئایینزایی، ڕەتبکاتەوە. چونکە هەروەکچۆن تەفرەقــەی ئایینی و جیاوازیی ئایینزایی لــە ڕابردوودا زیانی بــە یەکێتــی نەتەوەیــی کــوردەکان گەیانــدووە، ئــاواش لــە داهاتــوودا دەبێتــە ڕێگرێکی گــەورە لەبەردەم گواســتنەوەی کۆمەڵــگای کوردســتان بــەرەو کۆمەڵگایەکی پێشــکەوتوو و هاوچەرخ. هەڵوێســتی کۆنگرە لە بەشدرایی ئایین لە بڕیاریی سیاســیدا، خۆبــەدوور گرتنــە لــە هەرجــۆرە بارگرژییەکــی هەرێمەکانی کوردســتان، کە بۆی هەیە لە داهاتوودا لەســەر بنەمــای ئایینزایی و عەقیدەتیەوە دروســت ببێت و یەکەمجار

زیانێکــی گەورە لەو عەقیدە و ئایینە بدات و دووەمجاریش لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد. ڕشــتنی ئاوێکی وا بــۆ نەوەکانی داهاتوو، بەمانای ســەپاندنی میراتێک دەبێت بەســەریاندا، کە ئێمە ئێستا بۆخۆمان بەدەستییەوە دەناڵێنین. لەبەر ئەوە هەرچەندە ڕۆڵی سرووتیانەو کولتووریانەی ئایین و دامەزراوە ئایینیەکان بەهێز بکرێن و ئازادیی پراکتیزەکردنی ئایین فراوانتر بکرێت، خۆمان لەو کێشە سیاسی و بارگرژییە سیاسی و ئایدۆلۆژییانە بەدوور دەگرین، کە سەرچاوەکەیان لــە جیاوازیــی عەقیدەتــی و ئایینییــەوە پەیدا بــووە و دەبێت ڕەنگدانەوەکانیان لە سیاسەتیشــدا تەحەمــوول بکرێن، بەڵام بەدژی سیاسەت و ئایین دەکەونەوە، چونکە ئایین بنەمایەکی بڕواداری و سرووشــتیانەی هەیە و سیاسەتیش پرانسیپێکی ئەقڵانیــی و تیــۆری هەیە بۆ ڕێکخســتنی پراکتیکیانەی ژیانی کۆمەڵگاکان. ئەم دوو کایەیە تەنیا ئەوکاتە دەتوانن ســوودی گشتیی و سوود بەیەکتر بگەیەنن، کە ڕێز لە سنووری ئەرک و ماف و دەســەڵاتی یەکتر بگرن. هەر کامیان لە بەرخاتری، یان لە ترسی یاخود بۆ دوورخستنەوەی ئەویتریان، دەست لە مافەکانی خۆی بکێشــێتەوە، یان چاوپۆشیی بکات لەمافەکانی خــۆی، یانــژی ئەویتر ناچار بکات بۆ ژێــر ئیرادەی خۆی، بە زیانــی خــۆی و ئەویتریش تــەواو دەبێت و کۆمەڵــگا دەبێتە بارمتەی هەر جۆرە گرژییەکی ئایدۆلۆژیی نێوانیان.

**■ هەشتەم: ئاشتیی و ئاسایش، وەک نامەی کورد بۆ کۆمەڵگای جیهانی:**

ئایا کۆنگرەی نەتەوەیی هیچ چارەیەکی تری هەیە، لەوە زیاتر کە لەبەرامبەر پەیوەندییە دەرەکییەکانی و کۆمەڵگای مرۆیی و ڕای گشتیی جیهانیدا، خۆی وەک فاکتەرێکی بڕواپێکراو، هەرێمێکی ئابووریی بەهێز و بەرەیەکی ئاسایش و ئاشتیخواز، بناسێنێت؟ ئەزموونی سەدەی بیستەمی کورد لە شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەکانیدا، ئەو زیانانەی لێیکەوتوونەتەوە و ئەو ئەنجامانەی لێیکەوتونەتەوە لە پیرۆزکردنی توندوتیژی و بووژانەوەی جۆرەکانی دوژمنداریی و توندڕەوی، هەروەها دوورخستنەوەی دۆست و هاوڕێیانی کورد لە ئازادیخوازانی جیهان و ناوچەکە، ئاماژەیەکی ئەوتۆمان دەدەنێ کە دووبارەکردنەوەی ئەو ئەزموونە، هەرچەندەش دەستکەوتە کاتییەکانی بەرچاو بووبن، بەڵام لە ئاستی ستراتیژیی و بۆ داهاتووی نەتەوەییمان، زیانبەخش دەبن. لەبەر ئەوە پێویستە کورد سیمای لۆکاڵیانەو جیهانیانەی خۆی بگۆڕێت و ناوچەکە بکاتە شوێنی سەرنجڕاکێشان و ئاوەدانیی و ئاسایش. بەم مانایەش، ئەم کۆنگرەیە پێویستە چەندە خۆڕزگارکردن بێت لە ڕابردوو، بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، ئەوەندەش خۆئامادەکردن بێت بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە. وا چاوەڕواندەکرێت، کۆنگرەیەکی ئەوتۆ، نامەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بنێرێت و ڕۆڵی ئاییندە خوازانەی کوردەکان لە ناوچەکەدا، بۆ جیهان ڕوونبکاتەوە.

## ■ نۆیەم: هەڵوێســت لــە ســەرمایەدارییەتی بێدەروەســت و بەرپرسیارکردنی سەرمایەداران:

پێویستە ئەم کۆنگرەیە لە هەمان کاتدا کە بیر لە بەرژەوەندیی گشتیی هەنووکەیی و پاشەڕۆژی کوردەکان و کوردستانیەکان دەکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا بنەمایەکی یاسایی و ئەرکمەندانە بۆ چۆنێتی ســنووردارکردنی هەرجــۆرە هێزێک دابنێ، کە لە دواڕۆژدا بۆی هەیە بەرژەوەندییەکانی خۆی بخاتە سەرووی بەرژەوەندیــی نەتەوەییەوە. لە ئێســتادا ئــەو هێزەی ئەمکارە دەکات و بــەدەر لــە بنەمــا ئــاکاری و مرۆیــی و ژینگەیی و مافناســییەکان، خــۆی وەکــو دەســەڵاتێک لەناو دەســەڵاتی فەرمیــی کۆمەڵــگادا مانیفێســت دەکات، هێــزی ئابــووری و ســەرمەیەداریەتی دڕندەی بێدەروەستی کوردە، کە لە هەمان کاتــدا بــە هــۆی هــاوکار و شــەریکەکیانیەوە لە دامــەزراوە نەتەوەیــی و حکومی و فەرمییەکانــدا، دەرگای ئاوەڵاکردووە بۆ ســەرمایەدارانی مشــەخۆر و کۆمپانیای زەبەلاحی بیانی، کــە بەبێ هیــچ ئیلتیزامێک بۆ کۆمەڵگای کوردســتانی و مافی بەهرەمەندبوونــی مرۆڤــی ئەم وڵاتە، خەریکــی مژینی وزە و ســامانی ئابووریی کوردســتانە، کە پشــکێکی گەورەی مافی خەزنکــراوی نەوەکانــی داهاتووە و دەبێت بــە خەزنکراویش بمێنێتــەوە. مــن چاوەڕوانیــی هیــچ بڕیارێکــی پراکتیکــی لەمبارەیــەوە لە کۆنگرە ناکەم، بەڵام پێویســتە هەڵوێســتێکی ئەخلاقیانــە و ویژدانیانــەی لــەم فۆرمــە ســەرمایەداریەتە دڕندەیــە وەربگرێت و ســنوورە ئەخلاقییەکانی دەستنیشــان

بکات، چونکە ئەو سیسـتەمە سـەرمایەدارییەتە بۆخۆی هیچ ئەرکێکـی ئەخلاقیانە و ویژدانیانەی لە ئاسـت ئەم کۆمەڵگایە و مرۆیەکانـی لەبەرچـاو نەگرتووە و ناگرێت. پێویسـتە ئەم کۆنگرەیە، ئەوە بەبیری سـەرمایەدارانی مشـەخۆر بخاتەوە، کە لە هەرشـوێنێکی کوردستاندا دەروەستن بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیـی نەتەوەیـی هاووڵاتیـان و بەشـداریکردنی کردەیی لە گەشـەپێدانی مرۆیی و ئابـووری و دامەزراوەیی و تەندروسـتیی و کوردسـتان و پشـکدارییان لە خستنەسەر سـامانی نەتەوەیـی و سـندووقی دەرامەتـی هاووڵاتیـان لە بوارەکانـی عەدالەتـی کۆمەڵایەتی و کەمکردنـەوەی بێکاری و هەژاری بەسـەر پەرشـتیی حکومەت و یەکـە ئیدارییەکان. کۆنگرەی نەتەوەیی، بەبێ زاڵکردنی ویسـتی نەتەوە بەسـەر ویسـتی ئەوانـەدا کە سـامان و خاکی نەتەوە بۆ مەبەسـتیی تایبەتیـی خۆیـان بـەکار دەهێنن، کۆنگرەیـەک دەبێت ڕێگای گورگایەتیکردنی سەرمایەداران بە کراوەیی دەهێڵێتەوە.

■ **کۆتایی:**

هیچکامێـک لـەم پێشـنیار و بیرخسـتنەوانە، نەشـیاو نیـن، هیچکامێکیشـیان ڕێگرێکـی مەترسـیدار لەبەردەمیانـدا نییە، لانیکـەم لەبـەردەم قسـەکردن لەبارەیانـەوە. ئێمە قسـەمان لەسـەر کۆنگرەیەکی ئایدیاڵـی و نمونەیی نەکـردووە، بەڵکو قسـەمان لەسـەر ئەو خاڵانە کـردووە کە تەنیا بـە کەمترین قازانجـی نەتەوە، شـەرعییەتی نەتەوەیی بەو چالاکیە دەدەن، کە پێویسـتە تازەکەرەوە و زیندووکەرەوە و بووژێنەرەوەی

ڕۆحیی نەتەوەیی و مرۆییانەی کوردیانە بێت تا لە سـنوورە لۆکاڵی و پێکهاتە کولتووریی و عەشیرەییەکانی خۆی، دەرباز ببێـت و کولتوورێکی نەتەوەیی بەرفراوانتر تەرویج بکات، کە شـایانی قوربانیـی و خەباتی کوردەکان و کوردسـتانیەکانی تـرە. هیـوادارم، ئـەم کۆنگرەیە، نەک لـە ئێسـتادا و لەکاتی بەسـتیندا، یاخود پـاش تەواوبوونی، بەڵکو دوای بیسـتوپێنج ساڵیتر، کە گۆڕانێکی مەزنی ئابووری و سیاسی و کولتووری لە ناوچەکەدا ڕوو دەدات، شایانی ئەوە بێت لەلایەن نەوەکانی پاشـە ڕۆژەوە بۆ یەکەمجار ڕەخنـەی لێبگیرێت و ئەندامانی ئـەم کۆنگرەیە وەک ئەو قارەمان و دەستپێشـخەرانە ناویان بێت، کە کوردستانیان فڕێدایە ناو داهاتووەوە.

# کورد وەک بێگانە،
# ئەویتر وەک خاوەنماڵ..

## تێڕوانینێکی تر بۆ
## سەربەخۆیی و دەوڵەت

ئێمــە میراتی کولتووریێکــی زارەکیمان بە کۆڵەوەیەو هێشــتا تایبەتمەندیــی ئــەو کولتــووره زارەکیــە لەگەڵمانــدا دەژی و بەرهەم دەهێنرێتەوە. بەم مانایەش، ئێمەی بکەرانی کۆمەڵایەتی لــە ئێســتای کۆمەڵــگای کوردســتاندا، بیرکردنــەوە، بڕیار و کردارگەلێــک جێبەجــێ دەکەیــن، کــە بەتــەواوی و هەمووی بە ویســتی هەنووکەیــی خۆمان نین و میراتێکی کۆنەســتانە (لاشــعوری) لــە بیرکردنــەوە و بڕیــار و کردەوەکانمانــدا کاریگەریــی خۆی هەیــە. ئایا ئەم میراتی کولتــووره زارەکیه کە هەزاران ســاڵ لە داڕشــتنی جیهانبینی و بیرکردنەوەکانی پێشینەکانماندا ئامادەیی هەبووە، لە مەسەلەی بۆچوونیشماندا ســەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەت و ســەربەخۆیی و دابڕان لــەو کۆلاجــە سیاســی و جوگرافیاییــەی لــە دوای داڕمانی

ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە، وڵاتی ئێمەی لە ڕووی سیاسییەوە کەوتــە ژێر دەســەڵاتەوە، کاریگەریی هەیــە؟ بەمانایەکی تر: ئایا ئــەوە تەنیا هۆکارە دەرەکیی و ناوەکیەکانن کە دەبێت لە بیرکردنەوەماندا لەســەر دەوڵەتی کوردی بیریان لێبکەینەوە، یــان هــۆکاری ســایکۆلۆژیش لەمــەدا بەشــدارە کــە میراتی کۆنەســتێکی کوردیانەیــە و هەڵگری کــۆی منداڵییەکانی ئەم میللەتەیە کاتێ لە یەکەم هەوڵدان و پرۆســەی جیابوونەوەیدا لەوانیتــر، تووشــی ڕاچڵــەکان و بەرکەوتنێکــی ئەوتۆ بووە، کــە بۆ هەمیشــە گەورەبوون و کامڵبوونــی خۆی دوابخات و خەونی ســەربەخۆیی بچەپێنی و جیابوونەوە بە گوناه بزانێت و نەتوانێــت لەگەڵ ڕەنگدانەوەکەی خۆیدا لە ئاوێنەدا، ئاوێزان ببێت؟! من دەمەوێت لەم وتارەدا لەو بارەیەوە بیر بکەمەوە و بــە ئاماژەدان بە کاریگەریی کولتووری زارەکی، لەو چەپاندنە بدوێم کە ئەم کولتوورە ســەبارەت بە جیابوونەوە و ترس لە ئەویتر، لە میانەی ســەدەکاندا لە کەســایەتی کوردا دروستی کردووە.

**▪ سرووشتی کولتوورە زارەکیەکان:**

هیچ گومانیی تیا نییە کە ئەمێستاش ئێمە لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە فۆرمــە کولتووریە باڵادەســتەکەی، کولتــووری زارەکیە. وێــڕای هەبوونــی ئامرازەکانــی ڕاگەیانــدن و تەکنەلۆژیــای پەیوەندیکــردن، کەچــی گوتــراوی زارەکــی و دەماودەمــی خەڵــک زووتر بــڵاو دەبێتەوە و زیاتریش بــڕوای پێدەکرێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش کە بانگەشــە و پڕوپاگەندەکان لەم

جـۆرە کۆمەڵگایانــەدا برەوێکــی زۆریان هەیە و دەســەڵاتی باڵادەســتانەیان هەیــە. تەنانەت دوای ئــەوەی پڕۆپاگاندەکان بەپێــی سرووشــتی خۆیــان، تەمەنیان زوو بەســەر دەچێت، کەچی کاریگەرییەکان زۆر دەمێنێتەوە.
کولتوورە زارەکیەکان، کولتووری ئەو کۆمەڵە مرۆییانەن، کە لە ڕەوتی شارستانیانەی خۆیاندا نووسینیان نەبووە و ئەمانەش نــەک هــەر گرووپە مرۆییــە (راوچیە) ســەرەتاییەکان بوون، بەڵکو گرووپە مرۆییە کشــتوکاڵیەکانی سەرەتاش دەگرێتەوە. کولتوورە زارەکیەکان کۆمەڵگایەکیان بەرهەمهێناوە، کە تیایدا فۆرمێکی ژیانی کۆگەلیی باڵادەست بووە، کە ئەم فۆرمی ژیانە ڕێگرێکی سەرەکیی بووە لەبەردەم لەدایکبوون و دروستبوونی تاک و ســەربەخۆیی و کەسایەتی و شوناسدا. ئەم کولتوورە زارەکیانــە بەهۆی گێرانــەوەی دەماودەم و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکــی تر و دووبــارە و چەندبارەکردنــەوەوە، لە نەرێتە بەکۆمەڵییە بۆماوەییەکان، «یاسای پیرۆز»یان بەرهەمهێناوە. بەمجــۆرەش نەوەکانیــان ناچاربوون بــە دووبارەکردنەوەی ئەوەی لە پێشینەکانەوە بۆیان ماوەتەوە و وزە هێزەکییەکەی (بالقوە) خۆیان چەپانــدووەو هەرگیز بواری ئەوەیان نەبووە بیکەنــە کردەکــی (بالفعل). بۆیــە بەدئەنجامییەکــی ئەمجۆرە کولتوورانــە ئەوەیــە کــە تــرس لــە گــۆڕان و نوێبوونــەوە ئامادەییەکی بەرچــاوی هەیە، بەتایبەتیش ترس لە ئەوانیتر و لە بێگانە و غەیرە.
ئەم ترس و چەپاندنە، ئەم دواخستنی وزە هێزەکیە و نەکردنی

بــە وزەی کردەکــی، ئەم خــۆ بەکۆیلەکردنە خۆبەخشــانەیە، خۆسەلماندنی مرۆڤ دوا دەخات و پرۆسەی چێکردنی شوناس فرێدەداتە دەرەوەی چالاکیەکانی و دەیخاتە پەراوێزەوە. ئەمەش ئەمجۆرە مرۆڤەو کۆمەڵگاکەی بەرەو دوو جۆر گۆشــەگیریی بــردووە، وەکئەوەی (بارنز و بیکر) لــە کتێبەکەیاندا ڕوونیان کردۆتەوە: گۆشەگیریی جوگرافی و گۆشەگیریی کولتووری و ڕۆشنبیری، کە هەر یەکەیان کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبووە لــە دروســتکردنی زەیینیەتێکی مەند و داخــراودا. مرۆڤ کە چێژی هاوسێیەتی و پێکەوەبوونی نەزانی، لەبەرامبەر بێگانەدا هەست بەترس و بێزاری دەکات . بێگانە هەمیشە هەڕەشەیەکە بەســەر ئــەو نەرێت و خــووە میللییانەوە کە ئێمــە عادەتمان پێگرتــوون، چونکە ئامادەیی (ئەو) هاوشــان لەگەڵ نەرێت و خــووە جیاوازیەکانی خۆی، دەبێتــە هۆی لاوازکردنی عورفی نەتەوەیی و تێکدانی هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی (ئێمە).

ئــەم خەســڵەتە، واتــە ترس لــە بێگانــە و ئەویتر، هــەر تەنیا خەســڵەتی مرۆڤی ســەرەتایی نییە، بەڵکو خەســڵەتی بەرەی مرۆڤە بەگشــتی و هۆی سەرەکیشی دەگەڕێتەوە بۆ نەناسین و نەزانییەک کە ئێمە لە ئاست بەرامبەردا کۆمانکردۆتەوە، کە هیچ مەرج نییە ئەو بەرامبەرە بێگانە بێت و بەزمانێکی جیاواز قسان بکات.

لــە ڕۆژگاری ئەمــڕۆدا، تــرس لــە بێگانــە دەبێتــە هــۆی دروستبوونی چەندین ڕێکخراوی سیاسیی ڕەگەزپەرست، کە لەســەر پرانســیپی ڕقبوونەوە لە غەیرە، ئیشــدەکەن. ئەمەش

خەسـڵەتێکی کۆمەڵگا ئەوروپاییەکانــە بەرامبەر بە پەنابەر و بێگانەکان بەگشــتی. لەلای خۆشــمان دەتوانیــن گەلێ نموونە بهێنینــەوە کە ترســی «ئێمە» لــە «ئەوان» ئاشــکرا دەکات، بۆنموونــە: بەدگومانیــی دەوڵەمەنــدەکان لە خەڵکــی هەژار، یــان ڕوانینی «شــارییەکان» بۆ «لادێیــەکان»، یاخود نیگای «خوێندەوارەکان» لە ئاســت «نەخوێندەوارەکان» و تەنانەت تێڕوانینی کورد بۆ پەنابەرە عەرەبەکان و ســوونە بۆ شیعەو بە پێچەوانەشــەوە. بەم پێیەش دەتوانین گەلێ بەڵگە بهێنینەوە کە ئاشــکرای دەکەن لــەم ڕووەوە مرۆڤــی هاوچەرخ هیچی ئەوتۆ لە مرۆڤی سەرەتایی دوور نەکەوتۆتەوە.

ژیانی گرووپە مرۆییەکانی سەرەتا پڕ بووە لە کۆت و بەندی دەســتوپێگری حەرامکــراو، بەجۆرێ کــە بێگانــە نەیتوانیوە خــۆی لەگــەڵ ئــەو کــۆت و حەرامکراوانــەدا بگونجێنــێ و لەیاســای نەریتەکان لانەدات و ئەمەش نەبێتە هۆی تووڕەیی ئــەو گرووپــەی بێگانەکە خــۆی لەنــاودا، بینیوەتــەوە. وەلێ لەبیرمــان نەچێت، کۆمەڵگا زارەکیەکان تەنیا لەبەر ئەوە دژی بێگانــە نەبــوون، چونکە «بێگانە»یە. بەڵکــو لەبەر ئەوە دژی بــوون چونکە بەپێی دەســتوور و یاســاکانی ئەمان ڕەفتاری نەکــردووەو ڕەفتارگەلێکــی نوێی هێناوەتە ئاراوە: (شــێوەی خــواردن، داربڕینەوە و خانوودروســتکردن، زەوی کێڵان و جێبەجێکردنی ڕێ و ڕەسمەکان و...)

پێویســتە مەســەلەی تــرس لــە بێگانــە وەک پەرچەکرداری «گرووپی ناوخۆیی» لەئاست «گرووپی دەرەکی»دا تێبگەین،

کە هاندەری سەرەکیی ئەم پەرچەکردارەش بریتییە لە «ترس لە گۆڕان». مرۆی سەر بە کولتووورە زارەکیەکان وەک پێشتر باسمانکرد حەز لە گۆڕان ناکات و بەچاوێکی بەدبینیشەوە دەڕوانێتە ئەو کەسانەی شتی نوێ دەهێننە ئاراوە و ئەو ئاسوودەییەیان لێدەشێوێنێ کە لە سایەی گرووپی ناوخۆییدا هەستی پێدەکەن .

■ **ترس وەک سەرچاوەی نەزانیی:**

ترس سەرچاوەکەی لە نەزانییەوەیە، بەڵام ئەنجامی مەترسیداریشی لێدەکەوێتەوە. چونکە ترس هەرچەندە بەلایەکیداو بەشێوەیەکی کاتی دەبێتە هۆی یەکخستنی (ئێمە) لە ئاست (ئەوانیتر)دا، بەڵام بەلایەکی تریشیدا دەبێتە هۆی بەرهەمێنانی فۆرمێکی ئەتنۆسەنتەریزم، کە لە پشت هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی تۆتالیتارانەو فاشیستیانەو دژەمرۆیی و نادیموکراتیانەوەیە. ئەمەش لە کاتێکدا بۆ دروستکردنی شوناس و کەسایەتی و سەربەخۆیی، پێویستە هەلومەرجە دیموکراتی و مرۆڤدۆستیی و ئەویتر ویستییەکان ئامادە بن. چونکە لە غیابی ئەم هەلومەرجانەدا، پرۆسەی شوناس و بەتایبەتیش شوناسی نەتەوەیی و دروستکردنی دەوڵەت، وەک پەرچەکردارێک خۆی بەرجەست دەکات، نەک وەکو کردارێک و ڕووداوێک، کە تیایدا نەتەوە و کەسەکان، وزەی سرووشتەکی خۆیان لە هێزەکییەوە دەکەنە کردەکیی و خۆیان لەناو مێژوودا بەرجەستە دەکەن. شوناسی پەرچەکردارییانە مەترسیدارە چونکە لەسەر چەپاندنی وزەی مرۆییەوە بۆ

خۆناســین بەرهەمدێت کە لە جیاتی ئــەوەی ئەم وزەیە ببێتە نیشانەی خۆناسین، دەبێتە وزەی ڕقبوونەوە لە ئەوانیتر.
مەبەســتم لــە «ئەتنۆســەنتەریزم» ئــەو تێڕوانینەیــە کــە وا دەکات، ئەندامــی هــەر کۆمەڵگایــەک خۆیــان وەک چــەق و خولگەی گشــت مرۆڤایەتی ببینن و هەموو جۆرە ئاسوودەیی و ئیمتیازێــک بە مافــی تەنها خۆیان بزانن. ئەتنۆســەنتەریزم بە مانــای خۆبەســەنتەر و خولگەکردنــی نەتەوەیی دێت، کە تیایــدا پەیڕەوکارانی ئــەم بیرکردنەوەیە لەدەوری کولتووری نەتەوەیــی خۆیــان خولدەخــۆن و لە زەیــن و بیرکردنەوەی خۆیانــدا وەک کولتوورێکــی باڵاتر لەچــاو کولتوورەکانیتردا تەماشای کولتووری خۆیان دەکەن.
ئەتنۆ سەنتەریســتەکان ئەوانــەن کە لەبەرامبــەر کولتووری گەلانیتــردا، کولتووری نەتەوە و گەلــی خۆیان دەکەنە پێوەر بۆهەڵســەنگاندن و حوکمــدان لەبارەیانــەوە و جیاوازیــی کولتــووری ئەوانیتــر لەگەڵ ئەوەکــەی خۆیاندا بــە عەیبە و کەمایەســی بۆ ئەوانیتر دەژمێرن ، بەپێــی ئەم تێڕوانینە هەر تاکەکەســێک یــان کۆمەڵە کەســانێ، کە ســەر بــە «گرووپی خۆمان» نەبن، ئەوە ســەر بەگرووپی «بێگانە»ن و شــایانی هەمــوو کەم و کــوڕی و ئــازاردان و تەنانەت مەرگێکیشــن. ئەوەنــدە بەســە مــرۆڤ ســەر بــە «گرووپی ئێمــە» نەبێت، تــا وەک بێگانــە و دوژمن لەقەڵــەم بدرێت. ئــەم تێڕوانینە بە درێژایــی مێژوو لە گەشــەکردندا بووە و لــە زۆربەی گوفتار و هەڵوێســتی میللەتانیشدا بەرامبەر یەکتر ڕەنگیداوەتەوە. بۆ

نموونە: پەندێکی یابانی دەڵێ: (لەنێوان گوڵەکاندا گوڵی گێلاس، لەنێـوان مرۆڤەکانیشـدا سـامۆرایی). پەندێکی سـکۆتلەندی: (ئینگلیـزەکان دەشـیرێنن و ئیرلەندیـەکان دەخـەون، وەلـێ سـکۆتلەندیەکان عەودالْ و تێدەکۆشـن). عەرەبیش گوتویانە: (جیـاوازی نێوان عـەرەب و عەجەم جیـاوازی نێوان خورما و دەنکەکەیەتـی) . وەک دەبینیـن لە هەر یەکێک لەم پەندانەدا لەخۆڕازیبوونێکـی زۆر بۆتە هۆی شـکاندنەوەی بەرامبەر و وێنەیـەک بۆ بەرامبەر (الآخر) داتاشـراوە، کە دەیخاتە ڕیزی دوژمنێک یاخود بێگانەیەکەوە.

بەکورتـی دەتوانین بڵێین لەهەمـوو وێناکردنێکی بەرامبەردا، ڕێژەیەکی زۆریش لە خۆپەسەندیی و گاڵتەکردن بە بەرامبەر، ئامادەیە. ئەمەش نەک لە پێناوی ئاشـکرابوونی ڕاسـتەقینەی بەرامبەردا، بەڵکو بۆ پۆلێنکردنی ئەو لەسەر بنەمای نەزانییەکی کوشـندەوە. بەعسـییەکان لە ڕوانگەی خۆیانەوە بەرامبەر بە میللەتانـی دیکـە، بەتایبەتی کـوردەکان، خزمەتێکـی زۆریان بـە وێناکردنێکـی خراپی ئـەو میللەتـە کـردووە و هەوڵێکی زۆریانداوە بۆ شێواندنی کولتوور و کەسایەتییەکەی، بەجۆرێ کـە توانیان ئەو شـێواندنە سـەرەتاییانە بکەنـە بنەمایەک بۆ جێبەجێکردنـی کـردەوەو پرۆسـەکانی وەک بەعەرەبکـردن و کیمیایـی بارانکـردن و ئەنفالکـردن. بۆیـە دەتوانین بڵێین: ئەتنۆسـەنتەریزم تا ئەوکاتەی ترسیی نەزانانەی ئەتنۆسەکان و میللەتانـە بەرامبەر بەیەکتر، ڕەنگدانەوەکەی زیاتر لە نوکتە و پەنـد و دەربڕینە زمانییەکاندا دەردەکەوێ، بەڵام ئەوکاتەی

دەبێتە بەرنامەیەکی سیاسیانەی ئایدیۆلۆژی، تاوانی گەورەی وەک جینۆسایدکردنی لێدەکەوێتەوە .

## ■ سەرچاوەی ترسی کوردیانە:

لەم ڕوانگەیەوە، پێویستە ترسەکانی کورد لە هەمبەر دواخستنی ویستە سرووشتیەکەی بۆ قسەکردنی ڕاشکاوانە و هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەت وەک کاکڵەی بەرجەستەبوونی شوناس لــەم ســاتەوەختەدا، بگێڕینــەوە بۆ ئــەو پێشــینە مێژووییەی لــە منداڵییەکانــی ئــەم نەتەوەیــەوەو لــە هەنــاوی کولتووره زارەکییەکەیەوە، بە میرات بۆی ماوەتەوە.

ئــەم پێشــینەو میراتە ویســتی کوردیان بۆ بوونــە خۆی، بۆ سەربەخۆیی و دروستکردنی شوناس، لە ڕێگەی چەپاندنەوە، دوا خســتووەو ئەمەش بۆتە هۆی دروســتبوونی کۆنەستێک بــۆی، کــە هەمیشــە ترســی جیابوونــەوەی بیــر دەخاتەوە. جیابوونــەوە بە گوناه دەزانێت و بەردەوامیش لە تێڕوانینێکی پەرچەکرداریانەوە لە هەوڵی چێکردنی شوناســی خۆیدا بووە و پرۆسەی شوناسیی نەتەوەیی وەک ڕووداوێک و کردارێکی سرووشتی بۆ بەرهەمهێنهێنانی خۆی، وەرنەگرتووە، هێندەی ئــەوەی بــۆ بەرپەرچدانــەوەی فرێدانەکانی ئەویتر لە ئاســت خۆیــدا، کاری بۆ کردووە. لێرەوە ئێمە لەبەردەم میللەتێکداین، کــە لەمنداڵییەکانی خۆیەوە، بەخۆی نامۆکراوەو لە باوەشــی دایکی خۆیدا فڕێدراوەتە دەرەوە و کراوەتە بێگانە.

بێگانەبــوون لەم ڕوانگەیەوە، خەســڵەتێکی دەروونیە و ترس لــە بێگانەکان و لــە ئەوانیتر، وەبیرخەرەوەی ئەم خەســڵەتە

دەروونیـــەی خۆمانە، کـــە بێگانەیی خۆمانمـــان بیر دەخاتەوە و لەکاتـــی خۆیـــدا نەماتوانیـــوە خۆمانـــی لـــێ ڕزگار بکەین و لەخۆمانـــی تووڕهەڵدەینە دەرەوە. ئێمە پێویســـتە خۆمان لەم بێگانەیـــەی دەروونمـــان ڕزگار بکەیـــن بۆ ئەوەی ســـنووری خۆمان و ئەوانیتر جیا بکەینەوە. چونکە هەتا ئەو ســـنوورانە جیـــا نەکەینەوە، ویســـتی ئێمـــە بۆ بوونە خـــود دەچەپێنرێ و ناتوانیـــن خۆمـــان بیـــن و ناشـــتوانین لەگەڵ ئەویتـــردا بچینە پێوەندییەکی سرووشتی و کردارەکیی دوولایەنەوە.

ئێمە ناتوانین ڕزگار و ئازاد بین، ئەگەر ئەو هەستی بێگانەییە لە خۆماندا بنەبڕ نەکەین، چونکە ئەو هەستە هەمیشە ترسەکانمان لە ئەوانیتر زیندوو دەکاتەوەو ناچارمان دەکات پەنابەرینەوە بۆ پەرچەکردار نەک بۆ کردار و خۆسەلماندن و خۆ دروستکردن لە ئاســـتیاندا. پێدەچێت ئەم ترســـە بنەماییـــەی کوردیش بێت لـــە خۆجیاکردنـــەوە، کە هەمیشـــە وەک ڕێگرێکی دەروونی و ناخەکی دێتەوە بەردەممان، تەنانەت لە قســـەکردنیش لەســـەر مانـــا پۆزەتیڤەکانی ســـەربەخۆبوون و دامەزراندنی دەوڵەت، بەبـــێ پەنابردن بۆ فۆرمەکانی ئەتنۆســـەنتریزم و ڕقبوونەوە لـــە ئەوانیتـــر. وزەی نەتەوەیی ئێمە لە پرۆســـەی بەرگریی و مانـــەوەدا بایـــی مەحروومیەکانمان لە ژیانێکـــی بەختەوەرانە، بەفیڕۆ چووە.

بـــەردەوام بـــوون لەســـەر بەفیـــڕۆدان، مەترســـیی گـــەورەی لێدەکەوێتـــەوە، کـــە گرنگترینیـــان بریتیـــە لـــە مانەوەمـــان لە دواکەوتوویـــی و نەزانییـــدا، کـــە ســـەرچاوەی توندوتیـــژی و

توندڕەوییـــە. داهاتـــوو دەخـــوازێ وزەی نەتەوەییمـــان بـــۆ خۆدروســـتکردن و بوونـــە خـــود تەرخـــان بکرێـــت، نەک بۆ بەرپەرچدانەوەو شەڕی لابەلایی لەگەڵ ئەوانەدا کە تەنیا ترس لە بوونە خود و جیابوونەوەمان لەلا زیندوو دەکەنەوە. پێویستە ئێمـــە ئەم دەرەفەتە مێژووییە بقۆزینەوە بۆ ئەوەی خۆمان لە هـــەر ترس و چەپاندنێـــک و بوونە قوربانیەک ڕزگار بکەین و بەهۆی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگاکەمان و چەسپاندنی بنەما مەدەنیەکان و ئازادییەکانی تاکەکەس، ســـەندنەوەی دەسەڵات لە حیزب و کەســـەکان و بەخشـــینەوەی بە یاساو گێڕانەوەی عەدالەت بۆ کۆمەڵگاکەمان، بنەماکانی بەخۆنامۆبوون لە ناخی کوردیانەماندا ڕیشـــەکێش بکەین. ئەو کاتە متمانە بۆ تاکەکان دەگەڕێتـــەوە و بوونی کوردیانەمان لە بوون وەک بێگانەیەک، دەبێتە بوون وەک خاوەن ماڵێک لە نیشتیمانی خۆیدا.

ئەمەیە ئەو هەلە مێژووییەی کە بانگهێشـــتی گوتاری سیاسی دەکات، تـــا بیقۆزێتـــەوە و بەبـــێ ترس بڵێت: ئێمـــە جیاوازین، چونکـــە هەر ئـــەم جیاوازیانەبـــوون وایانکـــردووە بەدرێژایی مێـــژوو، ببینـــە قوربانیـــی و کۆیلە و بێگانە. ئـــەم جیاوازییەی ئێمەیـــە کە دەبێتە بنەمای ناســـینی تەندروســـتانەی ئەویتر و بەستنی پەیوەندیی مرۆییانە لەگەڵیدا بەبێ ئەوەی پێویستیمان بـــەوە هەبێـــت یەکتریی بکەینـــە قوربانیی و خوێـــن لە پێناوی شـــتێکدا بڕێژین، کە لەبنەمادا پێکەوە مۆنتاژ و کۆلاژ ناکرێت. لێرەوە، گرنگە بە ئەوانیتر بڵێین بوونی شـــوناس و دەوڵەتێکی ســـەربەخۆی کـــورد لە ئاشـــتەواییدا، بـــۆ ئەوانیتـــر گرنگتر و

بەســـوودترە، وەک لە نەتەوەیەکی تۆراو، کە لەهەر ســـاتێکدا ڕقی لێتانەو بۆی هەیە بتەقێتەوە بە ڕووتاندا.

■ **سەرچاوە:**

١- بارنز و بکر: تاریخ اندیشه اجتماعی. از جامعه ابتدایی تا جامعه جدید. جلد ١، ترجمة و اقتباس: جواد یوســفیان و علی اصغر مجیدی، تهران (١٣٨٤) ٢٠٠٥، ل: ٢٦
٢- بارنز و بکر: تاریخ اندیشه اجتماعی. از جامعه ابتدایی تا جامعه جدید. جلد ١، ترجمه و اقتباس: جواد یوســفیان و علی اصغر مجیدی، تهران (١٣٨٤) ٢٠٠٥، ل: ٢٧-٢٨
٣- (عضدانلو، ل: ٤٨٦).
٤- (بارنز و بکر، ١، ل: ٣٣)
٥- (سیوەیلی: ٢٠٠٣، ل: ٦٩).

# بەرەو کابینەی ئاشتی و سیاسەتێکی ستاندارد و پرۆفیشناڵ

## بەدوورکەوتنەوە لە دووبارەکردنەوەی ڕابردوو..

## ■ پێشەکی

حکومەتکــردن و کابینەگۆڕیــن، وەک دووبارەکردنــەوەی گێڕانــەوەی حەکایەتێــک وایە، کــە ناوەڕۆکەکــەی هەمانە و شــێوازی گێڕانەوەکەی جیاواز. حەکایەتخوانی سەرکەوتوو، ئەوەیە هەمان ئەو ناوەڕۆکە ســواوو کۆنبووە، بە ســتایلێکی نوێ بگێڕێتەوە، نەک بەهەمان شــێوازی کۆن. گۆڕینی ستایل و شێوازیش پێوەندیی هەیە بەئاستی چێژو تێگەیشتنی نوێوە لە دیاردەکان، نەک دووبارەکردنەوەی ناوەڕۆک بەشێوازێکی مــردوو. حکومەتکــردن لە وڵاتــی ئێمــەدا، وەک حەکایەتێکی کۆنی لێهاتــووە، کە هەمووان دەتوانن بیگێڕنەوە، بەڵام کەمن ئەوانەی دەتوانن شێوازی گێڕانەوەکەیان بگۆڕن.

ئــەوەی لەســەرەتاکانەوە ســەبارەت بە کابینــەی حەوتەمی

حکومەتـی هەرێـم پێشـبینی دەکرێـت، وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارەیە کـە ئایا ئـەم کابینەیە گرنگیـی و ڕۆڵی خۆی لە داهاتووی هەرێمەکەو عێراق و ناوچەکەدا چۆن دەبینێت؟ ئایا ئەم کابینەیە لۆکاڵیانەو بەرتەسکانە بیر دەکاتەوە یان کابینەیەکە خەونـی گـەورەی هەیەو خەونـی گەورەش دروسـتدەکات؟ پێوەندیی ئەم کابینەیە و پێگەی لە بەرهەمهێنانی ئاشـتییەکی نـاچـارەکـی (زەرووری)دا چییە، نەک هەر بۆ ئێسـتاو ئەم نەوە ناکۆکیانەی لە ئێستادا ململانێی ئایدیۆلۆژی تا سنووری لەبارکەوتـن بردوونی و بگرە کەوتوونەتـە قۆناغی متبوونی بیرکردنەوەو هزرینەوە، بەڵکو بۆ نەوەکانی داهاتووش؟

بۆیە ئەو ڕێگایانەی ئەم کابینەیە واچاوەڕواندەکرێت بیانگرێتە بـەر، نەک هـەر پێویسـتە چارەسـەریان بـۆ ئێسـتا پێبێت، بەڵکە پێویسـتە کلیلی چارەسـەرو خۆپاراسـتنیش بن لە هەر مەترسـییەکی داهاتوو، تەنانەت بۆ ئـەو کاتەش کە ماوەکەی ئەم کابینەیە بەسـەر دەچێت و یەکێکیتـر جێگەی دەگرێتەوە. بەم مانایەش پێویسـتە لە ڕووی سـتراتیژییەوە، ئەم کابینەیە میراتێـک بەرهـەم بهێنێت، کە کابینەی دوای خۆی لەسـەری بـڕوات، نەک فەرامۆشـی بـکات. کارێک کە دەبـوو کابینەی شەشەم کردبای.

لە ئاسـتی واقیعیـی و هەنووکەیی کوردسـتان و لە نێوەندی ململانـێ حزبییەکان و بە دەستنیشـانکراوتریش، لە پێوەندیی بە ناکۆکیی نێوان ئۆپۆزیسیۆنەکان و دەسەڵات، ئەم کابینەیە ئەرکی هێورکردنەوەی لایەنەکانی کەوتۆتە سەرشان، ئەمەش

بەو مەرجەی گشـــت لایەنەکان بە ئەندازەو ڕێژەی داواکاریی و ئەو جەبرە سیاسیانەی بۆ سەر حکومەت بەکاریان دەهێنن، بەشـــداریش بکـــەن لـــە وەرگرتنی ئـــەرک و وەئەســـتۆگرتنی دەروەســـتیەکاندا. بۆیـــە چ ئەم کابینەیە بنکـــە فراوان بێت یان هەر ڕێکەوتنێکی دیکەی پێشەوەو پشتەوە، پێویستە پێوەندیی خـــۆی بـــە لایەنەکانەوە بـــە جیدیی بپارێزێـــت و ڕێگر بێت لە دووبارەبوونـــەوەی ئـــەو تووڕەییـــە سیاســـیی و تـــۆران و دەنگدابڕین و شـــەڕە ڕاگەیاندنەی کە ئەزموونەکان پیشانیان داوەو دەبنە هۆی بارگرژیی کۆمەڵایەتیی و پەکخستنی وزەی بەرهەمهێنانی مرۆیی لە هەرێمەکەدا.
بە مانایاکی تر، پێویستە ئەم کابینەیە بەو سیاسەتی پێوەندییە گشتیی و تایبەتیانەی لەگەڵ لایەنەکانداو بە شەفافیی دەیگرێتە بەرو پێوەندییەکانی خۆی بـــە دامەزراوەیی دەکات، زەمینەی متمانە بگێڕێتەوە بۆ کایەی سیاسیی کوردستانی. حسابکردن و ڕێزدانان بۆ بۆچوون و پڕۆژەی چاکســـازیی لایەنەکان، بە لەبەرچاوگرتنی چاکەی گشتی و ئاشتی، گرنگە بۆ سەرکەوتنی هەر پڕۆژەو پلانێکی ئەم کابینەیە خۆی.

**■ وەرچەرخانی ئەخلاقی**

خاڵـــی یەکەمیـــش بـــە وەرچەرخانێکی ئەخلاقی لـــە پێوەندیی سیاسیانەدا مەیسەر دەبێت، کە تیایدا ڕوونی و شووشەیی و شـــەففافیەت، ببێتە جێگرەوەی فێڵ و پاشقوول و شاردنەوەی زانیاری و ڕێکەوتنی ژێر بەژێر. بەبێ دروستکردنەوەی متمانە و گۆڕان لە نەغمەی قســـەکردنی سیاسیدا، بەبێ بەکارهێنانی

ڕســتەی سیاســیی ســتاندارد، کە شیاوی فرە شــیکردنەوەو شــییکردنەوەی هەڵــەو میزاجیانە نەبێت، بەبێ دروســتکردن و بەکارهێنانــی هێمای سیاســیی تایبەت بــە هەرێمەکە، بەبێ ئاڵوویرکردنــی زاراوەو سیســتەمێکی هزرینــی سیاســیانەی ناحزبی، کە خەڵک بڕوای پێبکات، بەبێ دەستهەڵگرتن لە ئاغایەتی و لوتبەرزیــی حزبی و خۆ بەگەورە لەقەڵەمدان و ئەوانیتر بە بچووک پیشاندان و خۆ بە شۆڕشگێڕزان و ئەوانیتر بە خائین و گەندەڵ، متمانە دروســتنابێتەوەو ئەم بێمتمانەییەی ئێســتا لایەنەکان لەناو خەڵک و خۆیاندا دروســتیان کردووە، وزەی ئەم کابینەیەش قووت دەدات و ئەرکی کابینەکە بچووکدەکاتەوە لــە دەوامێکــی ڕۆژانەی کارگێڕیــدا، کە جگە لــە فەرزکردنی سیســتەمێکی تەشــریفاتی هاتووچــۆی ئەندامانــی حکومەت، لــە ماڵی خۆیانەوە بــۆ ئەنجومەنی وەزیــران، قەڵەباڵغکردنی بەیانیان و پاشــنیوەڕوانەی شــەقامەکانی پایتەخت، هیچیتری لێبەرهەم نایەت.

متمانە، بەبێ بەشــداریی سیاسی دروست نابێت و بەشداریی سیاســیش کاتێــک دەبێت، کە ئــەم کابینەیــە بتوانێت هەموو هەســتکردنێکی لایەنــەکان بەوەی کە حســابیان بــۆ ناکرێت، بەبێ ئاگاداریی ئەوان شــتەکان ڕوودەدەن، لە کەسایەتیەکان و لایەنــە پێکهێنەرەکاندا بکوژێت، بۆ ئەوەی ئەم هەســتکردنە نەبێتــە هــۆکاری پاشەکشــێ و ســاردبوونەوەو پرۆتێســت. بــەڵام لەبەرامبــەر ڕەچاوکردنــی لایەنە بەشــداربووەکان و ڕازییکردنیاندا لە پرۆســەی سیاسیدا، بەهیچ شێوەیەک نابێت

ئەم کابینەیە ببێتە کابینەی ڕازییکردن و تۆراو ئاشتکردنەوەو مانگرهێنانەوە بۆ ناو پرۆســە سیاســییەکە. ئەوە کێشــەیەکی گــەورە دەبێت بۆ ئەم کابینەیە، کــە هەرچی لێی تۆرا و مانی گرت، ئەم دەست لە کارەکانی هەڵبگرێت و بچێت بۆ ڕازییکردن و ئاشــتکردنەوەی، بەبێ لێپرســینەوەی لەو ئەرکانەی دەچنە ئەســتۆی هەمووان. کۆمەڵگا مەیدانی تەراتێنی ئەوانە نییە کە لە حاڵەتی ناکۆکبوونیاندا لەســەر مەســەلەیەکی ئایدیۆلۆژی، بیانەوێت پرۆسەی سیاســیش، کە ئامانجی وەدیهانی چاکەی گشتی و بەرژەوەندیی هاوبەشە، پەک بخەن، یان لە پەیمانەکانیان ژێــوان ببنەوە و خەڵک و جەماوەر ئاڕاســتە بکــەن، تەنیا لە پێناوی ئەوەی پیشــانی بدەن، ئەوان ناکۆکن یان هەڵوێستیان هەیە و دەبێت ڕازیی بکرێن و ئاشتبکرێنەوە. کارێک کە هەموو ئەو حیزبە سیاسیانە دەیکەن و کردوویانە، کە نەیانتوانیوە بە ســایکۆلۆژیایەکی سیاسی، شوێنی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی خۆیان پــڕ بکەنەوە و هەمــوو ناکۆکییەکی سیاســییان وەک کێشــەیەکی شەخسی و کۆمەڵایەتی خســتۆتە ڕوو. پێویستە ئــەم کابینەیە هەر لەســەرەتاوە ئــەم دوو مامەڵەیە لە یەکتر جیابکاتــەوەو هاوپەیمانێتــی و بنکەفراوانیــی خــۆی لەســەر بنەمایەکی ستانداردی سیاسییەوە دابمەزرێنێ، کە تیایدا ئەرک و بەربەرپرســیارێتی و دابەشــکردنی کارو چاکەی هاوبەش و لە حاڵەتی کەمتەرخەمیشــدا، ســزای هاوبەش هەموولایەک بگرێتەوە.

## ■ ئاوەڵایی لەبەرامبەر ڕاگەیاندندا

دووەمیین خاڵ بۆ سەرکەوتنی کابینەکەو گێڕانەوەی متمانەو سەقامگیرکردنی ئاشتی بۆ داهاتوو، بریتیە لە بوونی ئاوەڵایی و کرانەوەو شـەفافییەت لە بەخشـینی زانیاریی بەشێوەیەکی ڕاسـتگۆیانەو ڕاشـکاو، بـەو ڕاگەیاندنانـەی بەشـێوەیەکی دەروەستانە مامەڵە لەگەڵ کێشەکاندا دەکەن، نەک لە کێبڕکێی خۆنزیکخستنەوەدان لە مەسـئولەکان و هەموو مەسەلەیەکی سیاسیی جیدی وەک کێشەیەکی سایکۆلۆژی و کینەی تایبەت لـەدژی یەکترو لایەنەکان بـۆ ئابڕووبردن دەخەنە ڕوو. بۆیە پێویسـتە ئەم کابینەیە، هەڵوێسـتی بایکۆتکردنـی هەندێک لە ڕاگەیاندنـەکان، بڕیـاری پێشـینە لەسـەریان و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی پێشوو، کە لە نەبوونی شەففافییەتدا دروستبوون، بگۆڕێ بە هەڵوێستێکی کراوە، کە تیایدا بەشداریی ڕاگەیاندنەکان لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری، ئاستێکی پڕۆفێشناڵانەتری هەبێت و لەسـەر بنەمای مونافەسـەی پیشـەییەوە بێت، نەک کەسـبکردن و کرێگرتەیی و لەخۆ دوور و نزیکخسـتنەوە. لە سـاڵانی ڕابـردوودا، کابینەکانی حکومەتـی هەرێم، وزەیەکی زۆریان لە کاتی کردەیی خۆیان بۆ ڕازیکردن و بەرپەرچدانەوەی ڕاگەیاندنەکان سـەرفکردووە و خۆیان تووشی گەلێک شەڕی لابەلایـی بوون، ئەمەش بووە هۆی هەڵاوسـانێکی میدیایی لە هەرێمەکـەدا و دروسـتکردنی ڕاگەیاندنێکی پەرچەکرداری و گوزارشـگەر، لەلایەک و گەڵاڵەکردنی بۆچوونی هەڵە لەسەر ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە هەرێمەکەدا، لەولای ترەوە. بەمجۆرەش، نە

حکومەت توانیویەتی سوود لە ڕاگەیاندنی جیدی و دەروەست وەربگــریٚ و نــە ڕاگەیاندنەکانیش توانیویانە ئەرکی پیشــەیی خۆیان لە ئاســت کێشــەکانی کۆمەڵــگادا، جێبەجیٚ بکەن. هەر گۆڕانێک لەم پێوەندییەدا، بە قازانجی حکومەت و ڕاگەیاندنەکان تەواو دەبێت، بەتایبەتی بە دوورخستنەوەی حکومەت بۆ ئەو کەسانەی کە لە ئەدای کاریاندا، جۆریٚ لە فیتنەی ڕاگەیاندنیان بەرپاکردووە.

### ■ خۆ ڕزگارکردن لە چاوشارکیٚ

سێیەمین خاڵ، لە دابینکردنی ئاشتیی و داهاتوودا بۆ نەوەکانی پاشتر، کە وەک تەحەددایەک بۆ ئەم کابینەیە خۆی بەرجەستە دەکات، یەکالاکردنــەوەی ئــەم پێوەندیــی چاوشــارکێیەیە لەگەڵ دەســەڵاتی ناوەند لە بەغداو لە بەشــەکانیتری عێراقدا، کــە لەهــەر ســاتەوەختێکیدا بــۆی هەیە لــە یارییــەوە، ببێتە زویــری و هەڕەشــەو عاجــزی و تەنانەت پێکــدادان. ژێریی پێماندەڵێت، هەرجۆرە ســەقامگیرکردنێکی ئاشتی لە ناوخۆدا، بەبــیٚ دابینکــردن و دڵنیابوونەوە لە پێوەندیی ئاشــتەوایی بە دەرەوە، لەبەردەم مەترســیدایە. بۆیە ئەو ئاشتییەی لەناوەوە هەوڵــی بۆ دەدرێت، بە ئاشــتی لەگــەڵ دەرەوە دەپارێزرێت. بەبــیٚ یەکالابوونــەوەی پێوەندییــە فەرمییەکانــی حکومەتــی هەرێمی کوردســتان و چەســپاندنی مافــی نەتەوەیی کوردو کوردســتانیەکانی ناو هەرێم، لەگەڵ و لە ئاســت دەســەڵاتی فەرمی بەغدا، بەوجۆرەی کە خزمەت بە ئاشــتییەکی فراوانتر بۆ داهاتــووی ناوچەکە دەکات و کــوردەکان و کەمینەکانیتر

لەم هەرێمەدا دڵنیا دەکاتەوە، کە کەس ناتوانێت بەهەر هۆیەک هەڕەشــە لەسەر ژیان و بەرژەوەندییان دروستبکات، مەحاڵە ئاشــتی ببێتە دۆخێکی دەروونتاکی و دڵنیاکەر بۆ هاووڵاتیان. پێویســتە ئــەم کابینەیەی حکومەت، کارێکــی جیدیی بکات بۆ دڵنیابوونــەوە لــەوەی کــە کاریگەرییەکانی ناوخــۆی عێراقی عەرەب، ڕووداوەکان و پێکدادانە گریمانەکراوەکان، کۆمەڵگای کوردســتان لە بەرهەمهێنان و دروســتبوونیاندا ڕۆڵی نییە و نەبووە، کاریگەریی ڕاســتەوخۆیان نەبێت لەســەر گوزەرانی هاووڵاتیان و پەکخســتنی پرۆسەی سیاســی لە هەرێمەکەدا. بۆیە ئەوانەی لەم کابینەیەدا دەچنە هاوپەیمانێتییەوە، پێویستە لە هەڵوێستیشیاندا لە ئاست حکومەتی مەرکەزی، هاوهەڵوێست بن.

### ■ سیاسەتی «لەسەرەوە» و لە «دەرەوە»

پێنجەمین خاڵ: بۆ سەرخســتنی کۆی پڕۆســەکە لە ناوخۆی هەرێم و گرتنەبەری سیاســەتێکی ســتانداردی هەرێمیانە بە ئامانجی ئاشــتی، هەروەها بۆ پارێزگاریکردنی ئەم سیستەمە سیاســیە لەهەر جــۆرە تێوەگلانێکی لەپــڕو چاوەڕوانکراو لە کێشــەکانی ناوەند، ئەم کابینەیەی حکومەتی هەرێم، پێویستی بەگرتنەبەری ڕێگایەکی دیکەی دیپلۆماسی و زمانێکی دیکەی سیاســی، لەگــەڵ هــەردوو دەوڵەتــی تورکیا و ئێــران هەیە. پێویستە پێوەندییەکانی هەرێم بەم دوو وڵاتەوە، لەسەرەوەی هەرجۆرە بارگرژییەکی ناوخۆی ئەو وڵاتانە لەگەڵ کوردەکان و لــەدەرەوەی هەرجــۆرە پاشــگەزبوونەوەیەک بێت لە مافی

نەتەوەیی کـوردەکان لەو وڵاتانەدا. پێویســتە ئەو پێوەندیانە لە «سەرەوە»ی بارگرژییەکان بن، چونکە بەرژەوەندیگەلێکی ئابووریــی گــەورە هــەردوولا بەیەکتــرەوە دەبەســتێتەوە و دەستلێهەڵگرتنی لە هەر لایەکەوە، کارێکی گەمژانەیە. پێویستە پێوەندییەکانی هەرێمیش لە «دەرەوە»ی هەرجۆرە شلکردن و شــەرمنییەکی سیاسی بن، لەسەر مافی ڕەوای کوردەکان لەو وڵاتانەدا، چونکە ئەمە کێشــەیەکی ناوخۆییەو پێویستە لەوێ چارەســەر بکرێ، نەک بــە بارمتەگرتنــی ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەو وڵاتانەوە.

## ■ بەمرۆییکردنەوەی ژیان و سنووردانان بۆ سەرمایەداریەتی گورگ

خاڵی شەشەم: هەروەکو لە شوێنێکی تریشدا نووسیومە: ئەو ســەرمایەدارییەتەی لە هەرێمی کوردســتاندا دەســتی ئاوەڵا کــراوە، ســەرمایەداریەتێکی چەوســێنەرانەو گورگانەیە. هەر سیســتەمێکی سیاســی و هەر حکومەت و پەرلەمان و پنتێکی تــری دەســەڵاتیش لــەم وڵاتەدا، لــەوە زیاتر پشــتگیریی ئەم سەرمایەدارە گورگانەیە بکات، کە کردوویەتی، یان بەسەریدا تێپەڕیوەو لەگەڵیاندا شەریک بووە، وەک ئەوان دەبێتە گورگ و دڕەندە. پێویستە ئەم کابینە نوێیەش بەدوور و نزیک، توخنی ئەم گورگایەتیە نەکەوێت، کە نازانێت لە ژێرەوە و لە نادیارەوە چــۆن هێــزە کۆمەڵایەتییەکان یەکدەخات لــە دژی خۆی و بۆ سڕینەوەی ئاســەوارە گورگانەکانی. بە بڕوای من، ئەگەرچی تەواو لەمە دڵنیا نیم، سەرکەوتنی ئەم کابینەیە بە پلەی یەکەم

لەوەدایــە کــە چۆن بە یاســا و ڕێگیریی و قەدەخە و ســزا و لێپێچینەوەکانی بۆ ئەم جۆرە سەرمایەداریەتە بێ فەرهەنگەی کوردســتان، چۆن بە ئەرک خســتنە سەرشــانیان لە ئاســت بارودۆخــە ئابووری و تەکنیکیەکانــی کۆمەڵگای هەرێمەکە و گوزەرانی هاووڵاتیان، هەڵوێســت و مەودای خۆی لەگەڵ ئەو گورگایەتیــەدا، دەستنیشــان دەکات و ڕۆحی ئازادیخوازیی و مرۆڤدۆستیی ڕاستەقینە بۆ کۆمەڵگای کوردستان دەگێڕێتەوە. ئەم کابینەیە پێویستە ئەوە بزانێت، کە لە کۆمەڵگایەکدا دەسەڵات دەگرێتە دەست، کە سیستەمێکی ئابووریی مشەخۆری خۆماڵی و بیانــی، ئەخلاقێکی قازانجگەرای بێســنوور، بــە فیرۆدانێکی بەرفراوانی سامانی گشتی و دەستخستنە بینەقاقای کۆی ئەو ســامانە ســەرزەوی ژێرزەوییانەی تێدا بە ئەنجام دەگات، کە ژیانــی نەوەکانی داهاتوویان پێــوە بەندە. ئێمە هیچ بەڵگەیەک و مافێکــی سرووشــتی و ئەخلاقیمــان نییــە، لــەوە زیاتــر مەســرەف بکەین و بیفرۆشــین، کە ئەم زەمەنە بەســەرماندا فــەرزی دەکات و بۆ مانەوەمان لە ئاســتێکی ئاســایی ژیاندا، پێویســتیمان پێیەتــی. هەرجــۆرە دەســتکردنەوەیەکی ئــەم کابینەیە بۆ ئەمجۆرە مشــەخۆرییە، هەرجۆرە پشــتگیرییەکی بــۆ ســەرمایەدارانی «ناوەبەرهێن» و هەلپەرســت، بۆخۆی بەشــداریی و قووڵکردنــەوەی نــادادوەری و نایەکســانیە و ئەمــەش لە دواجاردا زەمینە دروســتکردنە بۆ ســەرهەڵدانی ستەمکارییەکی ئۆرگانیزەکراو. پێویستە ئەم کابینەیە بە هەموو تێوەگلانەکانی پێشــووی حکومەتەکانــی هەرێمدا لە گەندەڵیی

ئابووری و سرووشتەکی هەرێمەکەدا بچێتەوە و ئەوەی خودا و سرووشـــت بۆ مرۆیەکانیان دەستەبەر کردووە، بداتەوە بە مرۆیەکان، نەک بیکاتە ئیمتیاز بۆ هەڵبژاردەیەکی مشەخۆر.
کـۆی قسـەکانم لـەوەدا کورتدەکەمـەوە: کـە ئـەم کابینەیە ئەرکێکی گەورەی بۆ دابینکردنی ئاشـتی لەسەر شانە تا ببێتە زەمینەیـەک بـۆ بەها بەخشـینەوە بە ئـازادی و چاکەکاری. سـەرۆکی کابینەکە متمانەی گشتگیرو ڕسکاوی خۆی هەیەو ئەو چاوەڕوانیی و متمانەیەش کە بە سەرۆکی کابینەکە هەیە، نیشـانەیەکی پێشوەختی سـەرهەڵدانی ئومێدێکی کۆمەڵایەتی نوێیە، بەڵام بەبێ بە مرۆییەکردنەوەی کۆمەڵگاو ڕزگارکردنی لـە تەماعـی چاوچنۆکانـە، ئەو ئومێـدە نایەتە دی و ئاشـتی سەقامگیر نابێت.

# حکومەت و ژینگە

## کۆمەڵێ بیرۆکەی کۆن بۆ حکومەتێکی نوێ

## ■ حکومەت و بەهارو نوێبوونەوە:

ئێســتە وەرزی بەهارە، کابینەی نوێی حکومەت لەســەرەتای ئــەم وەرزەدا ڕاگەیەنــرا، بۆیــە دەبێت ئەم کابینەیە شــتێکی تایبەتیــی پێبێت بــۆ ژینگــە و پێوەندیی سیاســەت و ژینگەو دامەزراندنــی سیاســەتێکی ژینگەیــی بچێتــە بەرنامەکەیەوە، چونکــە بڕیار نییە ئــەم حکومەتەی ئێمە تاســەر بەوجۆرەی ئێســتای بمێنێتــەوەو نەتوانێ هــەم فۆرم و هــەم ناوەڕۆکی خۆی بگۆڕێ و پێمان بڵێن: ئەم کابینەیە درێژکراوەی کابینەی پێشــووە. درێژکردنەوە و درێژبوونەوە لە زۆر شتدا خۆشن، بەڵام لە حکومەتداریدا نا. پێویستە هەر کابینەیە بەباڵای خۆی بپێورێت، نەک لەســەر باڵای کابینەی پێشــووترەوە. ئەوەش ئەرکــی ســەرۆکی حکومەتی ئێســتاو داهاتووە کــە بیرێ لە

یەکالاکردنەوەی ناســنامەی حکومەتەکەی بکاتەوە: حکومەتی هەرێمــی کوردســتان بەناچــاری پێویســتە مۆدێــرن بێت و پێوەندی و میکانیزمەکانــی دامەزراوەیەکی مۆدێرن لە خۆیدا بەرجەســتە بکات. مانەوەی ئەم حکومەتە بەوجۆرەی ئێستای و قەتیســمانی لە نێوان بەکارهێنانی جارجارەی لەززەتی هێز و توندوتیــژی و ســڵکردنەوەی لــە دروســتکردنی پێوەندییە عەقڵانییەکانی دەســەڵاتی مۆدێرن، هەروەها چەقبەســتنی لە نێوان ئیدارەکردنێکی نەریتخوازانەی تەقلیدی و هەنگاو نەنان بۆ دروستکردنی ئیدارەیەکی دینامیکیانەی هاوچەرخ، هیچیان لــە بەرژەوەندی ناســنامەی ئــەم حکومەتەدا نین. ســەرۆکی حکومەت، پێویســتە ســتانداردی حکومڕانــی بەرزبکاتەوە بۆ ئەو ئاستەی کە لەبەردەم ڕای گشتیی جیهانیدا پێویستیمان بە هیچ پاساوهێنانەوەیەکی نالۆژیکی نەبێت.

ئێمــە خاوەن کەلتوورێکی سیاســیی ئەوەندە بەهێز نین، بۆیە نابێــت ناســنامەی حکومەتی ئێمە لەگەڵ ئاســتی میزاجیانەی پێشمۆدێرنی سیاسی حیزبەکانداو ئەو کەسانەی ئەوان بۆ ئەو ئەرکە پێشــنیاری دەکەن، کۆک بکرێ. ناسنامەی حکومەتێکی مۆدێــرن بە توندی پابەندە بەو پلانانەی نەک هەر لە ئاســتی نێوخۆییدا بۆی دەبنە مایەی بەهێزی، بەڵکو پێویستە حکومەتی ئێمــە پــلان و بەرنامەی ئەوتــۆش بیر لێبکاتــەوە کە دەیکەنە بەشــداریکەرێکی گرنــگ لــە کایەیەکی سیاســیی گەورەتردا و ئەمــەش بۆی دەبێتــە جێگەی دەستخۆشــیی و ئەوکاتەش بازنــەی لایەنگرانــی ئەو حکومەتــە زۆر فراوانتــر دەبێ لەو

بازنەیـــەی پارتی و یەکێتی لەڕێگەی ســیحری ئەندامکڕینەوە، بۆی دروستدەکەن.
یەکــێ لەو پلانانە پەیوەســتە بە سیاســەتی ژینگەپارێزییەوە. هەڵبــەت مــن لێــرەدا چەمکــی ژینگە هــەم بەمانــای ژینگەی دەوربــەری مرۆیی بەکار دەهێنم و هەم ژینگەی سروشــتیی هاوبەشمان لەگەڵ زیندەوەرەکانیترو هەر بیرکردنەوەیەکیش لە ژینگە پێویستە ئەو پێوەندییە ئەخلاقیە لەبیر نەکات کە (نالی) مەزنە شاعیر، زۆر پێش ئێستا هەوڵی بەرجەستەکردنی دابوو. بیرکردنەوەی ئێمە لە ژینگە لە هەمان کاتیشــدا بیرکردنەوەی ئێمەیە لە ژیانێکی هاوبەش کە لایەنی دووەم ئاژەڵ و ڕووەک و زیندەوەرەکانیترن:

**■ هــەردوو حەیوانیــن، ئەتۆ گــوێ کــورت و ئەمنیش گوێ درێژ**

لە ســیی ســاڵی ڕابردوودا کێشــەی ژینگە لە ئاستی جیهاندا، وێــڕای ئــەوەی کێشــەیەکی لۆکاڵی بووە ئاواش کێشــەیەکی جیهانگــرەو، چەنــدە سیاســیی بــووە ئەوەنــدەش مۆراڵی و کۆمەڵایەتی و چەندەش شەخسیی و تایبەتی بووە ئەوەندەش هاوبەش و بەکۆمەڵی. لە هەموو سیستەمە سیاسییە کراوەکان و دیموکراســییەکاندا مەسەلەی ژینگە و ژینگەپارێزی، چەندە مەسەلەیەکی سیاسییە ئەوەندەش مرۆیی و پەیوەستە بە ژیانی هەنووکــە و داهاتــووی مرۆڤەوە لەناو جیهــان و گەردووندا. نەبوونی گوتاری ژینگە لە سیاســەتی حکومەتی هەرێمدا هەم ئاستێکی ڕۆشنبیریی سنوورداری ئەو سیاسەتەمان بۆ ئاشکرا

دەکات، کــە لەســـەر ئاســـتی جیهانی ناتوانێ یەک وشـــە بڵێ، هەم ئاشـــکرای دەکات کە حکومەتەکەی ئێمە چۆن مەسەلەی ئاوەدانکردنـــەوە و پـــڕۆژە ئابـــووری و بازرگانییەکانـــی بـــە چاوپۆشین و پشتگوێخستنی مەسەلەی ژینگە، جێبەجێدەکات. وەلێ لەو دیو ئەو هۆکارانەوە، هۆکارێکی مێژووییش هەیە کە پەیوەستە بە هەڵوێستی بەعسییەکانەوە بەرامبەر بە ژینگە.

## ■ بەعسییەکان و ژینگە

بەعـــس سیســـتەمێکی ژینگـــە وێرانکەربوو، سیســـتەمێک بوو ژینگەی سرووشتی و ئاژەڵی بە بەشێ لە دووژمنەکانی خۆی لەقەڵـــەم دەداو درەخت و زۆنـــگاو کانیاوەکان هەموویان ئەو ژینگانەبـــوون کـــە «یاخییەکان»، پێشـــمەرگە و ئازادیخوازان دەیانتوانی بەکاریان بهێنن بۆ خۆپاراســـتن و خۆ شاردنەوەو مانەوەی خۆیان. بەعس لە هەر ژینگەیەک دەترسا کە شوێنی شـــاردنەوەو خۆپاراســـتن بێ، بۆیە زۆر بەتوندی لە ژینگەی مرۆیـــی و ئاژەڵـــی و سرووشـــتی دەدا و کوشـــتنی مرۆڤ و کوشتنی هێستر و وشککردنەوەی زۆنگاوەکانی لەیەک ئاستدا تەماشا دەکردن. پڕۆژەی ڕاگواستنی زۆرەملەی گوندەکان و پڕکردنەوە و وشـــکردنەوەی هۆڕەکان، کە هاوشان بوون بە کوێرکردنەوەی دیمەن و بەرهەم و خۆژێنیی ژینگە، بەرلەوەی پڕۆژەیەک بێ بـــۆ ناچارکردنی مرۆڤ بە تەســـلیمبوونەوەی بە دەســـەڵاتی ڕژێم، پڕۆژەیەک بوو بـــۆ وێرانکردنی ژینگەی سرووشـــتی. بەعـــس چەنـــدە درەختی ســـنەوبەری چاندووە، ئەوەنـــدەش دارەبـــەن و مـــازوار و بەڵاڵووکی ســـووتاندووە.

چەنـدە کاروانچـی و ڕێبـواری بـە هەلیکۆپتەر کوشـتووە، ئەوەندەش وڵاخەبەرزە و هێسـتر و کـەری قەڵاچۆ کردووە. پڕۆژەی بەعسییەکان زنجیرەیەک قەڵاچۆکردنە، کە لە کوشتنی مرۆڤـەوە بـەرەو ئـاژەڵ و لەوێشـەوە بـۆ کوێرکردنەوەی سـەرچاوە سرووشـتیەکان درێـژەی هەبـووە. بەعـس کـە بەنیـازی سـەرکوتانەوەی کـوردەکان دێتـە کوردسـتان، هـەر تەنیا مەفرەزەکانـی پێشـمەرگە و ناڕەزایەتی خەڵک و پشـتگیریی خەڵکی گونـدەکان لە شـۆڕش، لەبەرامبەر خۆیدا نابینـێ، بەڵکو زنجیرەی چیاکان و هـەزاران درەختی بەپێوە و کانیـاوی ڕەوان دەبینێ کە مەرجی بەردەوامی و مانەوەی «یاخییەکانن» و دەبێ تەختیان بکا و کوێریانکاتەوە. کوشـتن لە تێگەیشـتنی بەعسـییەکاندا، هەم مانای کوشـتنی مرۆیە و هەم مانای لەناوبردنی ژینگەی مرۆیی و ئاژەڵی و سروشـتی دەگەیەنێ. لە هەڵەبجەدا، پڕۆژەی ژینگەکووژی بەعسـییەکان بـە قۆناغێکـی ترسـناک دەگات و چەکـی کیمیایـی، جگە لە قەڵاچۆکردنـی زینـدەوەرەکان، مریشـک و مـرۆڤ پێکـەوە، سـەرزەوی و ژێرزەویش ژەهراوی دەکات، بەجۆرێ کە ئێمە لە هەڵەبجەدا پێویسـتیمان بە نەهێشـتنی دووجار ئاسەواری ئـەو تراژیدیایە هەیـە: یەکێکیان لەسـەر زەوی و ئەویتریان لـە چینەکانـی ژێـرەوەی زەویـدا. پێوەندیـی دوژمنکارانەی بەعسـییەکان بە ژینگـەوە لە قۆناغـی ئەنفالەکانـدا، وەک لە ڕواڵەتەکەیـدا دەردەکـەوێ ئاراسـتەی ژینگـەی ئاژەڵـی و سرووشـتی نەکـراوە و تەنیـا ئامانج لێـی مرۆیەکانن. بەڵام

پێوەندیــی ئەنفــال بە ژینگەوە زۆر قووڵتــرە لەوەی دیارە: لە ئەنفالــدا پێوەندیی زیندەوەر و سرووشــت، پێوەندیی مرۆڤ و ئــاژەڵ و دەوروبەر هیچیان وەک خۆیان نامێنن و تەنانەت خــاک چیتر نابێتە ئامێزی لە خۆگرتنــی قوربانی. ئەنفال هەم قوربانــی لــە ژینگەی سرووشــتیی خــۆی دابــڕ دەکا و هەم ژینگەش بەتاڵ دەکاتەوە و خاڵیی دەکاتەوە و دەیگێڕێتەوە بۆ سەر دۆخێکی وەحشــیانە. ئەنفال، ژینگەی هاوبەش ناکوژێ، بەڵکو (تەنیا) و (بێنرخ)ی دەکات، (چۆڵ)ی دەکات و لەو دەستە زەحمەتکێش و کارگەرەی دابڕ دەکات، کە هەم دەیپاراست و هەم بەسەرییەوە دەژیا.

بەمجۆرەش لە ڕوانگەی بەعسییەکانەوە، ئەو شوێنەی مرۆڤ و پێشــمەرگەی لێنەبێت بە ژینگە حساب نییە و لەبیر دەکرێ، ئەو ژینگەیەش کە ژینگەیە بۆ مرۆڤ و گیاندار و سرووشت، پێویستە وێرانبکرێ و بسووتێنرێ. بەعس کارێک دەکات تاکو دەســتی مرۆڤی کورد لــە ژینگەی سرووشــتیی خۆی دوور بخاتــەوە و بەمجــۆرەش هەم ئــەو ژینگەیە بەتــاڵ دەکاتەوە لە مانا و دەیگێڕێتەوە بۆ دۆخی ســەرەتایی و وەحشــییانەی خۆی، هەم ئەو دەستە کارکەرەش دەکاتە دەستێکی مشەخۆر و تەمبــەڵ و چــاوەڕوان. وەک مارکس لە (دەستنووســەکان) یدا نووسیویەتی: «ئەگەر سروشت، بەشێوەیەکی ئەبستراکت، بۆخۆی و بەدوور لە مرۆڤ بەشــێوەیەکی نەگۆڕ و وەکخۆی لەبەرچاو بگرین، بۆ مرۆڤ هیچ نییە». «سرووشت پەیکەری مرۆڤە و ئەگەر مــرۆڤ نەیەوێ بمرێ دەبێ بەردەوام لەگەڵ

سروشــتدا لە ئاڵوویردابــێ. پێکەوەگرێدراویی ژیانی مادی و مەعنــەوی مرۆڤ بە سرووشــتەوە، لەو تێگەیشــتنەوەیە، کە سرووشــت پەیوەستە بە خودەوەو مرۆڤیش بۆخۆی بەشێکە لە سروشت»(ل:١٣١-١٣٢).

بەعــس، سروشــت و ژینگــەی سروشــتی لە مرۆڤــی کورد دەســتێنێتەوە، لە ڕێگەی دوورخستنەوە و کوێرکردنەوەیەوە، سرووشــت دەکات بە (هیچ) و ئەو پەیکەرەی لەبەر دادەماڵێ کــە بــۆ ژیانــی مــادی و مەعنەوی گرنگــەو بۆ ئــەوەی هیچ ڕێگایەکی نەبێت بۆ دەستپێکردنەوەی ژیان. بەعس ئەو بەشە لە خودی مرۆڤی ئێمە وەردەگرێتەوە، کە لە ئەنجامی پێوەندیی ئــەم مرۆڤەوە بە ژینگەی سروشــتی خۆیەوە دروســتدەبێت. بەعســییەکان لە ڕێگەی دوورخستنەوەی مرۆڤەوە لە ژینگەو سروشتیانەی ژیانی، (من)ی کوردیان لە (خود)ی خۆی بەتاڵ دەکــردەوە. ئــەم پرۆســەیە لــەدوای ڕاگواســتنی زۆرەملەی گوندەکانــەوە دەســتپێدەکات و لەوێــوە دەســتی ئیشــکەر و نیشانەگرەوەی مرۆڤی کورد دەبێتە دەستێک، ئەگەر کەلەبچەی تێنەکرابێ، ئەوە لە باشترین دۆخدا و لەناو بازاڕچەی (گوندە هاوچەرخەکان)دا، کیســەی عەلاگە، ئاو، بیپسیی کۆلا، مۆتا و ئایســکرێم و بەرهەمــە پلاســتیکییەکانی وەک گوڵی نایلۆن و قاپی پلاســکۆی ئێرانی دەگێڕێ و دەیانفرۆشــێ. لەو کاتەوە، ئەو دەســتە ئیشــکەرەی لە گەرووی سرووشــتی شــاخاوی کوردســتانەوە ئاوەدانی دروستدەکرد، بێشووی دەردەهێنا و بەردی لــە زەوییەکانیدا دەژمارد و سرووشــتی کەلتووریزە

دەکرد، پاسیڤ دەبێ و دەرامەتی ڕۆژانە و وەرگرتنی مووچە دەبێتە خولیای..
بەعـــس بۆ ئەوەی ئەمە بکات، دەبوو مرۆڤی ئێمە لە شـــوێنی ئیشـــکردنی سروشـــتیی خۆی دابڕبـــکات و (ئاواییەکان)، واتە شـــوێنە ئاوەدانـــەکان، ئـــەو شـــوێنانەی تیایاندا سروشـــت و مـــرۆڤ و ئاژەڵ پێکەوە ژینگەیەکیان دروســـتکردووە، وێران و خاپـــوور بـــکات. چەمکی ژینگە لەلای بەعس پەیوەســـتە بە ئاوەدانییەوە و ئاوەدانیش بەعســـییەکان دەتۆقێنێ، بۆیە دەبێ بکرێتـــە وێرانـــە. لەڕاســـتیدا بەعـــس چێژێکی زۆر لـــە وێرانە وەردەگـــرێ و ئاوەدانـــی تەنیا ئەوکاتە بۆ ئـــەوان مانای هەیە کـــە توانـــای کۆنترۆڵکردن و پاشـــان وێرانکردنیانـــی هەبێت. ئیســـتاتیکای بەعس توانای بینینی ژینگـــەی نییە وەک دیمەن، ئەو ژینگە، دارودرەخت، ئەشکەوتەکان، ڕووبارەکان و ئاژەڵ و باڵندەکانیـــش وەک هۆکاری بەرگریی مرۆڤی ئێمە تەماشـــا دەکات و بـــە نهێنیـــی مانەوەی پێشـــمەرگە لێکیدەداتەوە. بۆیە بەعسییەکان پڕۆژەیەکی بەردەوامیان لە کوردستاندا هەبووە بـــۆ بچووکردنـــەوەی پانتایی ژینگەیی و بەرتەســـککردنەوەی دۆخی سروشتیانەی ژینگە. ئەوان گوندەکان بەزۆر ڕادەگوێزن و سرووشـــتەکەی دەســـووتێنن، بۆئـــەوەی مرۆڤـــەکان لـــە ژینگەیەکی دەســـتکرد (گوندە هاوچەرخەکان) بپەســـتێون، کە هیچ ســـیمایەکی سرووشـــتیانەی نییە. بەعس لـــەم ڕێگەیەوە، مـــرۆڤ لـــە سروشـــت و ژینگـــەی هاوبەشـــی خـــۆی لەگەڵ ئاژەڵەکانیتر دادەبڕێ و ژیانێکی دروستکراوی پێدەبەخشێ کە

پەستانی دەروونیی تیایدا دەگاتە لووتکەی خۆی. فەزای ژیان لەسەر دەستی بەعسییەکان بۆ مرۆڤ، هەر تەنیا دابڕاندن نییە لە پێکهاتە سروشتیەکانی ژیانی سروشتیی، بەڵکو لەچوارچێوەگرتنی ئەو فەزایەشە بەوەی کە ئیتر سروشتی نییەو دروستکراوە: چەمکی (قری العصریە) بەمانای گوندی هاوچەرخ دێت، کە دوورە لە ژینگەی سروشتییەوە، بەڵکو ژینگەیەکی دروستکراوە. بەکورتی، بەعسییەکان هەزاران دۆنم زەوی کشتوکاڵی، ملیۆنان درەختی بەردار و هەزاران سەرچاوەی سرووشتی دەسووتێنن و کوێریاندەکەنەوەو بە دەستی فەرامۆشییان دەسپێرن. فەرامۆشکردن و پشتگوێخستن و چۆڵکردن، سێ کوچکەی هەڵوێستی دژە ئیستاتیکیانەی بەعسییەکان بەرامبەر بە سرووشت و ژینگە و ئاوەدانی پێکدەهێنێ، کە بەداخەوە هەمان هەڵوێست بەجۆری دیکەو لە قۆناغی جیاوازدا، لە سیاسەتی حکومەتی هەرێمیشدا بەرامبەر بە سرووشت بەردەوامیی وەرگرتووە.

**■ ونبوونی ژینگە لە گوتاری سیاسییداو ئاسۆی داهاتوو**

ونبوونی تێگەیشتنێکی قووڵ لە ژینگە، لە سیاسەتی حکومەتی هەرێمدا بەمانای وردنەبوونەوەو تێنەگەیشتنە لەو سیاسەتەی بەعس لە وڵاتی ئێمەدا پیادەی کردووەو ئاسەواری کوشندەی بۆ بەجێهێشتووین. زۆر جاران وا دێتە بەرچاو کە حکومەتی هەرێم لە سیاسەتی خۆیدا ژینگەی مرۆیی و پاکوخاوێنی مرۆڤ لەگەڵ یەکتر تێکەڵ دەکات. سیاسەتی ژینگە لەسەر پێوەندی مرۆڤ بە سەرچاوەکانی ژیانی خۆی و ئەو ئەرکانەوە

دادەمــەزرێ کە مرۆڤ لە ئاســت سروشــت و گیانــداران و بوونەوەرەکانیتردا کەوتۆتە سەرشانی و بە پشتگوێخستنیان سەرچاوەی ژیانی خۆی کوێر دەکاتەوە، یەکێ لەو ئەرکانەش مەسەلەی پاکژی و خاوێنی دەوروبەرە.
ئێمــە کاتێــک باس لــە ونبوونی تێگەیشــتنێکی سیاســیانە لە سیاســەتی حکومەتی هەرێمدا ســەبارەت بــە ژینگە دەکەین، گرنگیی ئەو سیاسەتەمان لە ئاستە ناوخۆیی و دەرەکییەکەیدا لەبــەر چــاوە: حکومەتی هەرێــم دەتوانێ بەهــۆی گوتارێکی ژینگەییەوە ســەرنجی سیاســیانەی چەندین حکومەتی دیکەو ســەدان ڕێکخــراوی ژینگەپارێزیــی بــە ئیمکانییەتــی جیهان بەلای ژینگەی کوردســتاندا ڕابکێشێ. ئەوە ڕاستە، سەرۆکی حکومەتــی هەرێــم ئافەرینــی خۆی لــە نێوەندە ئابــووری و بازرگانییەکانــەوە بەدەســتهێناوە، خاکــی کوردســتان بــۆ تەراتێنــی کۆمپانیــا بازرگانییە ســوودخۆرە بێگانەکان ئاوەلا کراوە، ڕۆحییەتــی بەڵێندەرایەتی بەرزکراوەتەوە و تاد. بەڵام پێویستە ئەو ئافەرینەش لەو نێوەندانەشەوە بەدەست بهێنرێت کە بەردەوام جەخت لەســەر ئەخلاقی سیاسی و دەروەستیی سیاســەت لە ئاست ژینگە و مافی ئاژەڵان و سرووشتپارێزی دەکەنەوە، نەک تەنیا لە سوود و قازانجی مادی.
نەبوونــی گوتارێکــی سیاســیانەی ژینگەیــی هــەم میراتێکەو پەیوەســتە بە ئەنفالکردنی ژینگەوە لەلایەن بە عســییەکانەوە، هەم پێوەندیشــی هەیە بــە نەبوونی هوشــیارییەکی ژینگەیی لــە ناو دەســتەی سیاســەتمەدارانی کــوردا. ئــەوان باس لە

دیموکراســیەت، فیدراڵییەت و کوردستانیەت و هاوپەیمانی و هاوســێیەتی و دەیان چەمکی سیاســی و تیۆریــی لەو بابەتە دەکــەن، بەڵام یەکجــار گوێمان لێنەبــوو، یــان وتارێکیانمان نەخوێنــدەوە کــە تیایدا بیــرورِای خۆیانمان لەســەر ژینگەی وڵاتەکەیــان پێبڵێــن. کەواتە ئەو غیابی گوتــاری ژینگەیە هەم غیابێکی میراتیانەیە لە بەعســەوە و هەم غیابێکی ڕیشەییە لە بیری سیاسی ئێمەدا.
لێــرەوە دەتوانین ڕەخنەش ئاڕاســتەی باڵــی چەپ و ئایینیش لــە کوردســتاندا بکەین، بــەوەی کــە ئەوانیــش لەوبارەیەوە زۆر هەژارانــە بیریان کردۆتەوە، ئەویــش بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاســتییەی کە ئەندازیارانی گوتاری ژینگە لە سیاســەتی جیهانیدا ڕەگێکی لە بزاڤی شۆڕشگێڕانەی هزری ناتوندوتیژی و لقێکــی لە هــزری چەپ و بەشێکیشــی لە هــزری دینیدایە. هــزری ناتوندوتیژی لــە وڵاتی ئێمەدا بەدەگمــەن توانیویەتی گوتاری سیاســیی خــۆی بەرهەم بهێنێ و تەنیــا لە ئەدەب و شــیعردا ماوەتــەوە. بزووتنەوەی چەپیش لــە ناوچەی ئێمەدا کەمتــر کاریگــەر بووە بە چەپ و مارکســیزمی ئەوروپایی و زیاتر وابەســتەی چەپی دۆگمایی بووە کە ســەرنەپەرژاوەتە سەر قســەکردن لەسەر سرووشت و ژینگە. ئەمە جگەلەوەی لە هــزری ئایینیدا کەلتوورێکی دەوڵەمەندی دینی ســەبارەت بە ژینگە هەیە و ئایینی ئیســلام ستایشــێکی زۆری پاکژی و ڕێزگرتن لە گیانەوەران و سرووشــت و (مەخلوقات) دەکات، کەچی حزبە ئیســلامییەکانی ئێمــە نەیانتوانیوە ئەم کەلتوورە

بەرزبکەنـــەوە بۆســـەر ئاســـتی گوتارێکـــی سیاســـی. کەواتە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێمە بەگشتیی سەبارەت بە ژینگە ئەوەندە هـــەژارە، کـــە ناتوانیت لەســـەر لاپەڕەیـــەک بیخەیتـــە بەردەم ڕێکخراوەکانی ژینگەی جیهانی. نزیکەی هەموو سەرکردەکانی ئێمـــە گۆشـــتخۆرن و حەزیـــان لـــە ڕاوە، بە ســـفرە ڕازاوە و چەورخۆر بەناوبانگن، لە پانتایی سیاسی و فیکریدا ناسراون، بەڵام بە ژینگە دۆســـت و ژینگەپارێز نا. بۆیە ئەوان لە کایەی سیاســـیی هاوچەرخدا، وێڕای پۆستە گرنگەکانیشیان، ناتوانن نۆرمـــی گەورەی ئینســـانی دروســـتبکەن و ئیعجابی ملیۆنان خەڵـــک بەلای خۆیاندا ڕابکێشـــن، کە بۆخـــۆی کاریگەرییەکی گرنگیی هەیە لەســـەر نزیکخســـتنەوەی ڕای گشتیی جیهان لە کێشـــەکەمان. من لە بڕوایەدام کەســـایەتییەکی وەکو ئیحسان نووری پاشا، وەک ئەوەی لە (یاداشتەکان)یدا بەدیار دەکەوێ، لە هەر سەرکردەیەکی سیاســـیی ئەم دەورە هوشیارتر بووە بەرامبـــەر بە ژینگـــەی وڵاتەکەی و لە یاداشـــتەکانیدا چەندین لاپەڕی ئەوتۆ هەن، کە حورمەتی ئەو مرۆڤە بۆ سیاســـەت و ئەخلاقی سیاسی ئاشکرا دەکەن. ئەگەر ئیحسان نووری پاشا لە سەردەمی ئێمەدا بژیابایە و سەرۆکی حکومەت بایە، دڵنیام ژمـــارەی ڕێکخراو و پـــڕۆژەی ژینگەپارێـــزی و ژیاندنەوەی سرووشـــتی هەرێمی کوردســـتان لـــە ژمـــارەی کۆمپانیاکانی بازرگانی و بەڵێندەرایەتی، زیاتر دەبوون.

بەڵگەیەکی دیکە بۆ بەمیراتمانەوەی سیاســـەتی بەعســـییەکان بەرامبەر بە ژینگە، لە نەبوونی سیاسەتێکدایە بۆ ژینگەپارێزی.

ئەگـەر بەعسـییەکان گوندەکانـی ئێمەیـان وێرانکـردن و سوتاندیانن و کەلێنێکی گەورەیان لە ناسنامەی مرۆڤی کوردا وەدیهێنا، ئەوە دەبوو سیاسـەتی ژینگەیـی حکومەتی هەرێم بایەخێکـی تـەواوی بدایەتـە ئاوەدانکردنـەوەی گوندەکان و جارێکی دیکە دەسـتی ئیشکەری مرۆڤی ئێمەی بە سرووشت و ژینگەی کوردسـتان ئاشنا کردباوە. بەڵام حکومەتی هەرێم لە زۆرینەی کابینەکانیدا، هەرگیز وەکو پێویسـت لەبەرنامەی کاری خۆیـدا گرنگیـی نـەداوە بـە ئاوەدانکردنـەوەی ژینگە مرۆییـەکان و ژینگەی سرووشـتی. ژینگـەی وڵاتی ئێمە بەو جۆرەی بەعس ویستی، هەتا ئێسـتاش ژینگەیەکی تەنیاکراو، چۆڵکرا و بەجێهێڵراوە. ئەو دەسـتە ئیشکەرانەی بەعسییەکان لەسـەر ژینگـەی گونـدەکان هەڵیانکەندن و لـە (گوندە بەناو هاوچەرخـەکان)دا کردنیاننـە فرۆشـیاری مۆتا و بیبسـی و ئاوفـرۆش، دواجاریـش بـەزۆر و لـە ڕێگەی پرۆسـەیەکی تۆقاندنەوە، هێزی تایبەتی بۆ بەرەکانی جەنگ لێدروسـتکردن و کردنیـە دەسـتێکی چەک هەڵگـر، لەسـەردەمی حکومەتی هەرێمـدا، ئەو دەسـتانە نەک هـەر نەگەڕانـەوە گوندەکان و جارێکی دیکە پێوەندیی دەسـت و سروشت دەستپێنەکردەوە، بەڵکو ئەمجارەیان سیاسـەتی دوو ئیدارەیی، ئەو دەستانەیان لە ژینگە کردنەوەو کردیاننە دەسـتێکی مووچەخۆر و مووچە وەرگـر. بەمجـۆرەش ژینگەی گوندی کـوردی جارێکی دیکە چۆڵکرایەوە و لەڕێگەی دروسـتکردنی (مەیل)ێکی درۆزنەوە بۆ ژیان لە شاردا، کۆچێکی خۆویستی لە لادێوە بۆ شارەکان

دەستپێکرد و ژیانی مشەخۆری هاوشان بە نامۆبوونی مرۆڤ لە خۆی و دەوروبەری بووە قەدەری ئەو مرۆڤە. حکومەتی هەرێم لە ڕێگەی داڕشتنی سیاسەتێکی ژینگەییەوە، نەهات ئەو بەشە لە خودی مرۆڤی کورد بینا بکاتەوە، کە بەعسییەکان بە دوورخستنەوەی لە سرووشتی ژیانکردنی، لێیان سەندبۆوە، بەڵکو لەوەش خراپتر ئەم مرۆڤەی لە ئاست کار و خۆ دروستکردندا پاسیڤ و سست کرد.

هەموو ئەمانە بەشێکن لە ئاکامە خراپەکانی نەبوونی گوتارێکی سیاسیی ژینگە پارێزانە لە ئاستی دەرەکی و ناوەکیدا، لە هەمان کاتیشدا بەڵگەن لەسەر گرنگیی دروستکردن و پێکهێنانی ئەو گوتارە. وەلێ کەموکوڕییەکانی نەبوونی ئەو سیاسەتە لە سیستەمی حکومەتی هەرێمدا، هەر تەنیا بەوانەوە ناوەستێ. حکومەتی هەرێم لەڕێگەی پەسەندکردنی نەخشەی پڕ لەکەموکووڕیی دروستکردنی ڕێگاوبانی خراپ، لەڕێگەی مۆڵەتدان بەوەی هەموو شوێنێ بکرێتە شوێنی دروستکردنی بینا و کۆمپانیا، بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی لێپێچینەوەی کارا لەو کارگە و کۆمپانیایانەی ژینگە پیس دەکەن، بەهۆی دروستکردنی بیناسازی و سیستەمی ئاپارتمان و شووقەی پڕ لە کەموکوڕی کە هیچ ستانداردێکی بیناسازی نایانگرێتەوە، بەرپرسیارە لە تێکدانی ئیستاتیکا و ئەتمۆسفێری سرووشتی و ژینگەیی وڵاتی ئێمە. هەروەها سیاسەتی حکومەت سەبارەت بە بازرگانیی جگەرە، چەوریخۆری، نەبوونی کۆنترۆڵێکی توندی ئەمدیوکردنی ئۆتۆمبیل، نەبوونی پلانێک بۆ هێنانی هۆیەکانی

گواســتنەوەی هاوچــەرخ، گرنگــی نەدان بە ترانســپۆرتی بێ دووکەڵ و ترانســپۆرتی گشــتی، کردنی قەراخ شــارەکان بە زبڵخانــە، سیاســەتێکی کەمتەرخەمە و پێویســتە هەموو ئەو کەموکورِیانە بچنە بەرنامەی سیاسی حکومەتەوە.

مەســەلەی سیاســەتی ژینگەیی بۆ داهاتووی حکومەتی ئێمە لــە ئاســتی لۆکاڵــی و گلۆباڵیدا، ئەوەنــدە گرنگە، کــە ئەگەر رِۆژێ لە ســەرۆکی حکومەتیان پرســی: نرخی بۆق چییە بۆ حکومەتەکــەت؟ ئەو بەو پەرِی ســنگفراوانییەوە بڵێ: گرنگیی بۆق لە سیاسەتی ئێمەدا ئەوەیە کە بەردەوام بە قیرِەقیرِەکەی بیرماندەخاتەوە نابێت ئێمە ژینگە فەرامۆش بکەین..

# گەنجانی تووڕە و سیاسەتی پشتگوێخستن

یەکێ لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی حکومەتی مۆدێرن لەو پلانانەدا دەردەکەوێ کە تەرخانیان دەکات بۆ ئەکتیڤکردنی گەنجان. گەنجانی وڵاتێک وزەیەکی بەجەوهەر خرۆشاون و ئەم خرۆشانە هەم پێویستی بە ڕامکردن و هەم پێویستی بە ئاراستەکردن هەیە. ڕامکردنیان بەو مەبەستەی کە وزەی داهێنان و خۆنوێکردنەوەیان پەرتەوازە نەبێت و ئاراستەکردنیان بەرەو ئەو ئامانجانەی کە خواستی گەنجان خۆیانن وەک ئەندام و بکەری کۆمەڵایەتی. هەر لەم پێودانگەشەوە، یەکێ لە جیاوازییەکانی نێوان سیستەمە سیاسیە کراوەکان و سیستەمە داخراوەکاندا بریتیە لە ڕێژەی کرانەوە و داخرانیان بەرەو ڕووی گەنجاندا. بەگشتی سیستەمە سیاسییە کراوەکان کێشەی گەنجان بەعەقڵانی دەکەن و دەیانەوێ لەڕێگەی یاسایی و

دەسەڵاتی سیاسییەوە چارەســەریان بۆ بدۆزنەوە، لەکاتێکدا سیســتەمە سیاســییە داخراوەکان هەڵدەســتن بە چەپاندن و کۆنترۆڵکردنــی کێشــەی گەنجان و بەهــۆی بەکارهێنانی هێز و زەبروزەنگــەوە ڕووبەڕوویــان دەبنــەوە. هەم سیاســەتی عەقڵانیانەی جیــاواز هەن، وەک ئەوەی لە کۆمەڵگاکراوەکاندا بــاوە و کێشــەی گەنجان گرەوی سیاســی گەورەی لەســەر دەکــرێ، هــەم شــێوازی کۆنترۆڵکردنــی زەبــرو زەنگانــەی وزەی گەنجانیش فرەن، وەک ئەوەی لە سیســتەمە سیاســیە داخراوەکانــی وەک وڵاتانــی عەرەبی پەیــڕەوی لێدەکرێ. لە وڵاتــی ئێمــەدا ســەنتەرکردنەوە و دروســتکردنی ڕێکخراوە حیزبییەکان و وەرزشاویکردن و حــەفــلاویکـردنی گەنجان، تەنیا چەند شــێوەیەکی کۆنترۆڵکردنی گەنجەکانن و شــێوەی دیکەش هەن..

بەپێــی هەنــدێ ئامــار و ســەرژمێری کــە لــە کوردســتاندا ئەنجامدراون، ئێمــە کۆمەڵگایەکی گەنجین ئەمەش بەو پێیەی لەسەرووی ٤٦٪ی هاوڵاتیانی ئێمە لە گەنجان پێکدێ و ڕێژەی گشتی تەمەنی ئەمانەش لەنێوان حەڤدە بۆ سی و پێنج ساڵانە. ئەم ڕێژەیەش لەگەڵ ئەو سیاسەتی خێزاندارییەی بەعسییەکان لە ناوەڕاســتی هەشــتاکانەوە و لەگەرمەی شــەڕیاندا لەگەڵ ئێران، هانی پەیڕەویکردنیان دەدا وێکدێتەوە، چونکە لەوکاتەوە هاندانێکی سیاسی دروستبوو بۆ ئەوەی خێزانەکان ئازاد بن لە خستنەوەی نەوەدا. بەمانایەکی دیکە: ئەو نەوەیەی بەعسییەکان دەیانویســت دروستی بکەن و بیکەنە سووتەمەنی جەنگەکان،

ئەو سیاســەتی خێزاندارییەی بۆ ئەو مەبەستە خستیانە گەڕ، دواجــار بووە هۆی ســەرهەڵدانی نەوەیەک کە لەناوجەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا چاوی کردەوە. بەڵام نەوەیەک هەرگیــز نەبینرا و گوێی لێنەگیرا. بۆیــە ئەم نەوەیە هەردەبێ شەڕی خۆی بکات، وەلێ نە ئەو شەڕەی لە نیازی بەعسییەکاندا بوو، بەڵکو شــەڕێکی مەجازی ئــەوان لەگەڵ کەمتەرخەمی و ناعەدالەتییەک کە نەبوونی سیاسەتێکی مۆدێرن و پلاندانانێکی هاوچەرخ لە حکومەتی هەرێمدا، بەســەر ئەوانیدا سەپاندووە. لێرەشــەوە دەتوانیــن بڵێین: چــۆن ئەو سیاســەتە خێزانییەی بەعســییەکان خســتیانەگەڕ بــۆ خســتنەوەی ئــەم نەوەیە بە ئامانجــی کردنیان بە ســووتەمەنی شــەڕ، سیاســەتێکی هەڵە بوو، هەروەها گەمژەیی فیودالیانەی بەعســییەکانی لە ئاســت دنیای هاوچەرخدا دەردەخســت، کە ئیدی پێویستی بە نەوەی جەنــگاوەر نییە و گەنجایەتــی مۆدێرن جیاوازە لە گەنجایەتی بە تێگەیشتنە فیودالییەکەی، ئاواش (سیاسەتی پشتگوێخستن) لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەبارەت بە نەوەی نــوێ، ناحاڵــی بوونێک بەرامبــەر بەو وزە گەورەیە ئاشــکرا دەکات، کە هەم دەتوانێ تازەکەرەوەی تواناکانی ئەم حکومەتە و هــەم بۆی هەیــە گۆڕهەڵکەنی بێت. کورتریــن و دەقیقترین وەســفێ کە بتوانین بۆ پەیوەندیی حکومەت و گەنجان بیکەین ئەمەیــە: ئەم حکومەتە لە ئاســت وزەی گەنجانــدا هەم کەڕە، هــەم نابینایــە و هــەم ناحاڵییە و هیــچ سیاســەتێک ئەوەندە گەنجەکانی کۆمەڵگای خۆی پشــتگوێ نەخستووە. با سەرەتا

بەکورتی بزانین پشتگوێخستن چییە؟ پشتگوێخستن بریتیە لەو سیاسەتەی کە لەڕێگەیەوە تۆ داخوازی و پێویستی و مەرجی ئەوانــەی چاوەڕوانیان لێت هەیــە، دەزانیت و گوێت لێدەبێ و تێشدەگەیت، بەڵام بەگرنگی دانانێیت و پشت گوێتی دەخەیت، واتە گوێت بەکار ناهێنی و کۆمەڵێ شت بە هەڵپەسێردراوەیی دەهێڵیتــەوە کــە تا بێــت، گەورەتر و ئاڵۆزتر دەبــن. یەکێ لە گریمانەکانــی پشتگوێخســتن، کەڕییــە، یەکێکیــان نابینایيە و ئەوانیتریش بڕوانەبوون بە داهاتوو و نەبوونی تێگەیشــتنێکی تایبــەت لە کات. لە حاڵەتی کەڕبوونی حکومەتدا پێویســتیمان بــە بەرزکردنەوەی دەنگ هەیە، لە دۆخــی نابینایی حکومەتدا پێویســتە گەنجــەکان و توێژەکان خۆیان بەرجەســتەبکەن و لــە گرووپێکی نادیــارەوە ببنە گرووپێکی دیــار و بینراو. لەو دۆخەشــدا کە سیاســەتێک نییە بۆ داهاتوو، دەبێ چاوەڕوانی کۆتاییەکان بین و لە هەموویشی تراژیدیتر ئەوەیە کە حکومەت و سیاســەتێکت هەبێ هیچ تێگەیشــتنێکی نەبێت لە کات، وەک فاکتەرێکی گرنگ کە خۆی و گەنجەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. حکومەتی لەبابەت ئەوەی ئێمە بەوهۆیەوە کە بەشێکی زۆری وزەی شۆڕشگێڕانەی خۆی لە بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەردا مەسرەفکردووە، پێویستییەکی زۆری بە تازەکردنەوەی وزەی خۆی هەیە لە دۆخی ئێســتادا و بەو ڕیسۆرس و زەخیرەیەی ئێستا کۆمەڵگا دەیخاتە بەردەستی. لە پیواری ئەم تێگەیشتنەدا بــۆ کات، ئەم حکومەتە ناچار دەبێ ئەو لاشــە نیوەمردووانە بەدوای خۆیدا ڕابکێشێ کە دواجار لەناو گەندەڵیدا دایدەڕزێنن.

بەبێ هیچ گومانێک هەبوونی دیاردەی گەندەڵی پەیوەندیشـــی هەیە بە نەبوونی گەنجان و سیاسەتێکی گەنجانە لە حکومەتی هەرێمــدا، بەبــێ ئــەوەی گوتبێتم ئــەو گەنجانەی ئێســتە لەم حکومەتــەدا پۆســتیان هەیــە، گەندەڵ نین. هــەر لەپەیوەندیی بــە گەندەڵییەوە، ئەم حکومەتەی ئێســتای ئێمــە زیاتر لەوەی دامەزراوەیەکــی مۆدێــرن بێت کــە سیاســەت و ئابووری و پلاندانــان پێکــەوە تێهەڵکێش بکات، لە خانــی کاروانچییەکانی خۆرهەڵاتی جاران دەچێ، کــە هەرچی دەهات کەرە لاتەکەی خــۆی لەوێ دەلەوەڕاند و دواییش شــەوێک دزییەکی دەکرد و هەڵدەهــات، بەڵام دوایی کە دەیانگــرت بە هەرجۆرێ بووە خۆی دەکردە خزمی ســەپانی ماڵی پاشا، بۆیە بەرەڵڵا دەکرا. ئەوانەی لە کاروانســەرای حکومەتی هەرێمــدا بە ئارەزووی خۆیــان دەخــۆن، زۆربەیان نەک هەر خاوەنــی کەرەلاتێکیش نەبوون، بەڵکو جیاوازییان لەگەڵ دزەکانی ســەدەی شازدە و حەڤدەهەم لەوەدایە کە ئەمان بە ڕۆژی ئاشکرا ئەوکارە دەکەن و ئەوەندەش بەدەسەڵاتن کە دەتوانن حکوممان بەسەردا بدەن کــە نەیانبینین و بڕوامــان پێبهێنن کە ئەوان لایقی ئەو هەموو دەستکەوتانەن، کە بێگومان لەسەر حسابی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگا تەواو دەبێ، بەتایبەتی توێژی گەنجان..

بەکورتی: ئەم حکومەتەی ئێســتای ئێمە سەبارەت بە کێشەی گەنجــان و بە سیاســیکردنی ئەو کێشــەیە هەنــگاوی جیدی نەنــاوە. بۆ نموونە دروســتکردنی وەزارەت بەناوی لاوانەوە، زیاتر نومایشــێکە لەوەی بینینی ڕاستەقینەی کێشەی لاوەکان

بێت. کێشــەی لاوەکان تەنیا بۆتە دیمەنێک بۆ تەماشاکردن و نواندن، نەک بووبێتە مەسەلەیەک کە پێویستی بە پلاندارِشتن و چارەســەری جیدی هەیە. لاوەکانی کوردســتان هەستێکی قوولّیــان ســەبارەت بــە حکومەتەکەیان تێدا دروســتبووە و پێیانوایە ناســنامەی ئــەوان لەناو بەرنامەی کاری سیاســیدا دیار نییە. ئەوان یادوەری ناخۆشــیان بۆ دروســتبووە لەگەڵ لایەنە جێبەجێکەرەکانی حکومەتدا، چ لەکاتی خۆپیشاندانەکان و چ لەکاتی چوونیان بۆ بەردەم فەرمانگەکان و شــوێنەکانی دامەزراندن. نائومێدی لەلای گەنجانی کورد لە پراکتیزەکردنی ئــەو کەلتوورە شــەڕانی و توندوتیژەوە هاتووە کە نەک تەنیا لە دامەزراوە ئایینی و کۆمەڵایەتیەکاندا بەســەریاندا دەسەپێ، بەڵکــو دامــەزراوە حکومییەکانیش بەهەمــان ڕەفتار لەگەڵیان دەجوڵێنــەوە. ئەوان باس لە غیابی ســەرۆکی حکومەت لەناو خۆیانــدا دەکەن بە مــژدەی ڕاســتەقینەوە، لەکاتێکدا بەچاوی خۆیان ســەرۆکی حکومەت لە شــوێنەکانی تر و بۆنەی تر و لەناو چین و توێژەکانیتردا دەبینن. ئەمەش هەستی نامۆبوونی سیاســیانەی ئەوانی قوولّتر کردۆتەوە و ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە لــە لاوازکردنی ئینتیما و پابەندێتیاندا بە حکومەتەوە، نەک بە نیشتیمانەکەیانەوە.

بە زمانێکی کۆمەڵناسیانەتر، دەتوانین بڵێن: سیاسەتی حکومەتی هەرێــم لەبەرامبەر گەنجانــدا نەیتوانیوە لەو گرووپە گەورەیە بەکۆمەڵبوونێکی ئەخلاقی دروســتبکات و لەو تاکە کەسانەوە کە حکومەتی بەعس داینابوون بیانکات بە سووتەمەنی جەنگ،

(وەک ئــەوەی لە شــەڕی ئێـران و لە داگیرکردنــی کوێت دا باوکانی ئەوانی وەک مریشکی مەسڵەحە، ناردبووە بەرەکانی جەنگ)، بیانکات بــە (ئێمە)یەکی ئەخلاقی متمانەپێکراو، (ئێمە) یەکــی وەفــادار و (ئێمە)یەکــی یەکگرتــوو. بەپێــی بیــروڕای هەندێ کۆمەڵناســی نوێ، کە لە گۆڕانــە خێراکانی کۆمەڵگای مۆدێرن دەکۆڵنەوە، بۆ دروستکردن و پێکهێنانی کۆمەڵە، یان هێزی کۆمەڵایەتی و ئاراســتەکردنیان بــۆ بەرهەمهێنانەوەی تەندروســتانەی کۆمەڵگا، پێویســتیمان بە کارکــردن هەیە لە ســێ قۆڵەوە. ئەگەر ویســتمان، یان ئەگەر حکومەت ویســتی سیاســەتێکی کاراکردنــی گەنجان دابڕێژێ و ئــەو کۆمەڵە و هێزە لە گەنجان دروســتبکات کە مانەوەی دوارۆژی خۆی و کۆمەڵگایــان پێوە بەندە، ئەوە پێویســتە یەکــەم: متمانەیان بە خۆی بەهێز بــکات. متمانە، واتە ئــەو چاوەڕوانییەی گەنجان پڕبکاتەوە کە لە بیرکردنەوە و بڕیاردان و کارکردنی پەسەندی ئەوانیتریان هەیە لەبەرامبەر خۆیاندا. گەنجان چاوەڕوانیان لە خۆیان و خێزان و هاوڕێ و مامۆســتاکانیان و دەوروبەریان هەیــە، هەندێ لەو چاوەڕوانیانە دێنــە دی و هەندێکیتریان نا، بەڵام ئەوان چاوەڕوانی سەرەکییان لە حکومەت هەیە. حکومەت لە کۆمەڵــگای مۆدێرندا (باوکی) ڕاســتەقینەی گەنجانە، بەڵام بۆ هاتنەدی ئەو چاوەڕوانیانە پێویســتە حکومەت گەنجەکانی ببینێت، تێیان گەیشــتبێت و ئەو پەیمانانەی پێیداون جێبەجێی کردبــن: پەیوەندی نێوان حکومــەت و گەنجان پەیوەندیی نیگا و ئیدراک و کردەیە، نەک پەیوەندی تەماشــا و پشتگوێخستن

و مژدەبەخشین.
دووەمیــن هەنگاو کە پێویســتە حکومەت لە ئاســت گەنجاندا بیهــاوێ بریتیە لە بەهێزکردنی پابەندێتی و وەفاداری گەنجان بەخۆی، ئەمەش بەهۆی ســووربوون لەســەر ئــەو بنەمایەی کــە ناهێڵــێ متمانەی گەنجــان بە حکومەتەکەیــان لەق ببێ و چاوەڕوانیەکانیــان ببنــە بڵقــی ســەرئاو. ئــەم خاڵــە ئەوەش دەگرێتە خۆی کە حکومەت نەهێڵێ یاســایەک پەســەند بکرێ، یان بڕیارێک لە دامودەزگاکانییەوە دەرچێ کە لە بەرژەوەندی گەنجــان بدات و ڕێگەش بە هیچ هێزێکــی کۆمەڵایەتی نەدات لەژێر هەر ناونیشــانێکدا، گووشــار بۆســەر گەنجان بهێنێ و ســەرەتا تێگەیشــتن و لێبووردەیی لەنێوانیاندا دروستبکات و ئەگەر نەیخوارد، ئەوە پێویستە سزای یاسایی توند بۆ هەموو ئەوانە ببڕێتەوە، کە دەســتدرێژی دەکەنە ســەر بەرژەوەندی گەنجەکان. سێهەمین هەنگاو کە پێویستە حکومەت بینێ بریتیە لە یەکخســتن و یەکدەنگکردنــی گەنجەکان و دوور کەوتنەوە لە سیاســەتی دووکەرتکردن و فیتنەنانەوە و دابەشــکردنیان بەســەر ڕێکخراوە ڕەنگاوڕەنگەکاندا. ئەم هەنگاوە گەنجەکان ڕادەهێنێ تا وابیر بکەنەوە، وێڕای جیاوازییان لەگەڵ گرووپی دیکەی گەنجاندا، ئەوە پێویستە کۆکبوون و یەکبوونیش بکەنە درووشمی سەرەکییان.
ئەم هەنگاوانە هەریەکەیان لەو فەزایەدا کە تاکەکانی تێدا دەژین گرنگیی خۆیانیان هەیە و بۆ دروستکردنی وزەیەکی کۆمەڵایەتی گەورەش لە گەنجەکان و بەکارهێنانی سیاسیانەی ئەو وزەیە،

نکوڵیـــان لێناکرێ. گەنجەکان بەهۆی متمانــە بەیەکترکردن و متمانەکردنیــان بە کۆمەڵــگا و دەوڵەت، واتە بەهۆی هەنگاوی یەکەمەوە، فێری هاوڕێیەتی و هونەری دۆستایەتیکردن دەبن. بوونی متمانە خۆی لە خۆیدا بەهێزبوونی کەلتووری دۆستی و هاوڕێیەتییــە و لــە دژی بەدگومانــی و ڕق و کینە. بەهۆی هەنــگاوی دووەمەوە، واتە بەهــۆی بەهێزکردنی پابەندێتی و وەفادارییــەوە، گەنجــان دەتوانــن ببنە عاشــق و ئەڤینداری‌ێکی بــاش، چونکە لە هەموو پەیوەندییەکی ئەڤیندارانەدا ڕێژەیەکی بەرز لە وەفاداری پێویســتە. ئەو وەفادارییەی لە سیاسەتەوە فێری دەبین لە ئاست ژیانی هاوبەش و کۆمەڵگا و نیشتیماندا، دواجار لەسەر ئاستی پەیوەندییە تایبەتیەکانیش ڕەنگدانەوەی خــۆی دەبێت و عاشــقێکی پابەنــد و وەفادار دروســتدەکات. دابەزینــی ئاســتی وەفــاداری و بۆســووتان و خەمخۆری و بەتەنگەوەهاتن لە سیاسەتی حکومەتی هەرێم و ئاشکرایی ئەو هەموو بێموبالاتییەی بە کردەوە و ئەخلاقی کاربەدەستەکانی ئــەم حکومەتــەوە دیارە، بۆتە هۆی ئــەوەی کە گەنجانیش بە هەمان شــێوەی ئەوان مامەڵە لەگەڵ واقیعدا بکەن و تەنانەت ســاردییەکی بێوێنەی ســۆزداری بکەوێتە نێــوان گەنجەکان خۆیانــەوە. هەموو ئەمانە بــەدوور نابینرێن لەو ســاردییەی کە لە گوتاری سیاســی حکومەتی هەرێمدا هەیە. سیاسەتێکی وەفادارانــە، حکومەتێکی پابەند و لۆیاڵی دەوێ و حکومەتێکی دەروەســت بــە کێشــەی وڵاتەکــەی، هاووڵاتــی ئەڤینــدار و وەفاداریــش بەرامبــەر بــەو حکومــەت و کێشــە و تەنانــەت

هاووڵاتیانی تریش پەروەردە دەکات. سەرۆکی حکومەت دەبێ بۆی گرنگ بێ دۆخی ســۆزداری نێوان گەنجان لە چیدایە، تا بۆی دەرکەوێ حوکمی کێ دەکات، خۆ ئەگەر زانی پەیوەندییە ســۆزدارییەکانی نێــوان گەنجانــی وڵاتەکــەی لــە قەیراندان، پێویستە زوو وەخۆی کەوێ و ئەو سانسۆرانەی لەم وڵاتەدا لەسەر ئەڤینداری هەن لا ببات، چونکە هەمان ئەو سانسۆرانە ڕێگریشن لەبەردەم وەفادارییی بەرەی نوێ لە ئاست نیشتیمان و حکومەتەکەیــدا. دەمــەوێ بڵێــم: پڕکردنەوەی خواســت و پێویســتییە تاکەکەسییەکان ســەرەتای ئاشتبوونەوەی تاک و کۆمەڵگا و هاوڵاتیان و سیاسەتن..

بەهۆی هەنگاوی سێیەمەوە، واتە بەهۆی برەودان بە یەکدەنگی و کۆکبــوون و لــە هەمــان کاتیشــدا ڕێزگرتن لــە جیاوازی، حکومــەت دەتوانــێ ئینتیما و نیشتیماندۆســتی لەلای گەنجان پەرەپێــدات و وەک هێزێکــی یەکگرتووی پابەنــد مۆبیلیزەیان بکات. بەمجۆرەش دەتوانین سیاســەتێک بۆ ســەرۆکی ئێستا، یان داهاتووی حکومەت پێشنیار بکەین کە بەهۆیەوە دەتوانێ نەهێڵــێ ئــەو وزە گەورە کۆمەڵایەتیــەی گەنجانی کورد لەوە زیاتــر بپووکێتەوە و لەناو ئازاری خۆخواردنەوە و بێتاقەتیدا لــوول بخوات. ئەو سیاســەتەی ئێمــە پێشــنیاری دەکەین لە متمانــەوە بۆ هاوڕێیەتــی و لە وەفادارییەوە بۆ عەشــق و لە یەکدەنگییەوە بۆ نیشتیماندۆستی دەگرێتەوە.

بــەدەر لــە بیرکردنەوە لــە سیاســەتێکی ئاوا، گەنجــەکان لە ئێستاش تووڕەتر دەبن و ئەوکاتەش نە وزە خرۆشاوەکەیان

ڕامدەکرێ و نە ئاراستە. ئەو گەنجانەی قساندەکەن و جاروبار بەوپــەڕی وەڕســییەوە ڕازیــی دڵی خۆیانت بــۆ بەیاندەکەن، بەئــازارەوە باســی بەجێهێشــتنی نیشــتیمان دەکــەن، بــەڵام لەهەمــان کاتدا ئەوە بەڕوونیی دەڵێن کە دەیانەوێ لەدەســت ئــەم حکومەتە هەڵبێن. ئەم حکومەتە و ســەرۆکەکەی دەبێت هەوڵبدات تێبگات کە بۆچی گەورەترین هێزی کار و ئاییندەی ئــەم وڵاتــە دەیانەوێ لەدەســتی هەڵبێــن؟ ئــەوان دەیانەوێ ببینرێن و چیدی بە ســیناریۆی کاتی هەڵنەخەڵەتێنرێن. ڕەنگە ئەمــە زیاتــر داواکاریی ئەو گرووپــە زۆرەی گەنجان بێت کە لە دەرەوەی ڕێکخراوە ڕەســمییەکانن و نایانەوێ ببنە ئەندام تیایاندا، چونکە بە نوێنەری خۆیانیان نازانن. لەکاتێکدا حکومەت تەنیا مامەڵە و ســەروکاری لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە ڕەسمیانەدا هەیە. گەنجەکان کێشــەی زۆریان لەگــەڵ کەلتوورێکی کۆندا هەیە کە سیاســەتی حکومەت پاڵپشــتی لەو کەلتوورە دەکات. کێشــەیان هەیە لەگەڵ ئەو هەموو دەستخستنە ناو ژیانیانیان لەلایــەن دایکان و بــاوکان و گەورەکانەوە و ڕۆژێ حکومەت لەوبارەیــەوە ڕێنمایی دەرنەکرد کە نابێت زۆر دەســتبخرێتە نــاو ژیانی تایبەتــی گەنجەکانەوە. گەنجــەکان دەڵێن: ئێمەش شــاری خۆمان، (شــاری گەنجان)مان دەوێ، کــە بتوانین بە کەمتریــن نرخ و دەردەســەری تیایدا بژین و شــاری یاری و شــاری ئینگلیزی و فەرەنسی بە ئێمە چی؟ ئەوان دەڵێن: هیچ یاســایەک نییــە لەوکاتەدا کــە دڵمان چووە بــە کوڕێکدا و بە کچێکدا، پەنای بۆ بەرین تاکو کەلتووری کۆنەپەرســتی نەبێتە

ڕێگــر لەبــەر دەمماندا. ئەوان بــاس لەوە دەکەن کــە ناتوانن ئەو کەســەی خۆشــیان دەوێ بیکەنــە هاوســەریان، چونکە هیچ دەســتێکی یارمەتی نییــە تاکو ئاســانکارییان بۆبکات لە مەســرەف و پەیداکردنی شــوێن و ئەمنییەتــی کۆمەڵایەتیدا. ئــەدی ئەگەر هەمــوو ئەمانە چاوەڕوانیــی هاوڵاتیان نەبن لە حکومەتەکەیان، ئەی ڕووبــەڕووی کێی بکەنەوە؟ بەگەنجێکم گوت: (ئەگەر ببیتە ســەرۆکی حکومەت، دەتەوێ چی بکەیت؟) گوتی: (چوونە ژوورەوەی ئەکواپارک لە هەولێر، بە پێنج هەزار دینــار و مەڵەکردنیش بە پێنج هەزاری دیکە و یەک بیپســیش بە هەزار دینارە، خۆ من ناچم بۆ بەهەشــت، ئێرە ئەمەریکاش نییە، دەمەوێ ئەو نرخانە هەرزان بکەم.)، یەکێکی دیکەیان بۆ وەڵامی هەمان پرسیار گوتی: (ئەگەر ببمە سەرۆکی حکومەت، دەمــەوێ یەک ئێــوارە بچم بۆ باخچەکەی هوتێل شــیراتۆن)! سێهەمیان بە کەساسییەوە گوتی: (باوکم پێی گوتوم سەریشت سپی بکەی ناهێڵێم ئەو کیژەی خۆشتدەوێ، بیهێنی..)، لەکاتێکدا هاوڕێکانی پێکەنین، ئەو بەردەوام بوو: (کە بوومە ســەرۆکی حکومەت بڕیارێ دەردەکەم هیچ کەس بە نابەدڵی شوو نەکات و ژن نەهێنێ). بۆ بەیانی کە ســوار تەکســیی بووم تابچم بۆ زانکۆ، هەمان پرســیارم لە شــۆفێرە گەنجەکە کرد. ئەو بەبێ ســێ و دوو گوتی: (قــەت نامەوێ ببمە ســەرۆکی حکومەت، نامەوێ وەکو ئەوم لێبێت!). دەبێ ئێستا لە سەرۆکی حکومەت بپرســین ئەو چۆن لە قســەی ئەم چوار گەنجەی ئەو حوکمی ژیانیــان دەکا، تێــدەگات؟ بەڕاســتیی ئەو دەبــێ وەها تێبگات

کە سێ لەسەر چواری گەنجانی ئەم وڵاتە لە دژی نین و دواجار دەیانەوێ ببنە سەرۆکی حکومەت. ئەوان دەزانن کە ئەو پێگەیە پێگەی بڕیاردان و باشترکردنی دۆخی ژیانە و ئەوە دەهێنێ خۆیان ماندوو بکەن. دواجار، دەبێ سەرۆکی حکومەت تێبگات کە ئەو وەڵامانە پڕن لە چاوەڕوانی و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە گەنجان هێشتا متمانەی خۆیان بەتەواوی نەدۆڕاندووە. بەڵام سەرۆکی حکومەت، ئێستابێ یان ئەویتر و داهاتوو، یەکێتی بێت یان پارتی، باڵابەرز بێت یان مام ناوەندی، پێویستە وەڵامی چوارەمین گەنج، شۆفێرەکە، بە گرنگیپێدانەوە وەربگرێ: چونکە ئەو هەم (نایەوێ ببێتە سەرۆکی حکومەت) و هەم نایەوێ (وەک سەرۆکی حکومەتی لێبێت). تۆبڵێی ئەمە سەرەتای ئەو زەنگی مەترسییە نەبێت کە ناوی بێمتمانەیی گەنجانی ئێمەیە بە حکومەتەکەیان؟ لە پشت ئەو وەڵامەوە بۆشاییەکی گەورەی نێوان گەنجان و حکومەت دەبینم، کە پێویستە هەر سەرۆکی حکومەتێ بە زوویی کاری بۆ بکات.

# سیاسەتی پەنابەران و ئەخلاقی سیاسی

## ■ چیرۆکی خانمە دانمارکیەکە:

ماوەیەکە خانمە توێژەرێکی دانمارکی میوانمانە. ئەو توێژەری بــواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانە و پرســی کــورد لە نێوان تورکیــا و هەرێم، جێگــەی پرســیاریەتی. مرۆڤێکی چالاک و زیتە و کاتناس. ڕۆژێ لە سلێمانیە و ڕۆژێ لە دهۆک و لەپڕ دێتــەوە بۆ هەولێر. ئەو ڕۆژە تەکســییەکی گرتبوو، گوتبووی بمبــە بۆ پیرزیــن. تەکســیەکە شــارەزای پیرزیــن نەبووە و تەکســییەکی تری بۆ گرتبوو تا بیهێنێــت. لە دهۆکەوە بەتەنیا و لە پێشــەوە لەگەڵ شــۆفێرێکی گەنج و شەرمن گەڕابۆوە و کاتژمێر دەونیو گەیشــتەوە ماڵ. لە سلێمانی کۆمەڵە کەسێکی ناسیبوو، هەریەکەیان بردبویان بۆ شوێنێ: خواردنی چینی و ئیتالیی و کــوردەواری خواردبوو. لە دهۆک، بۆ یەکەمجار لە

هەرێمی کوردستان دەعوەتی ماسیی ڕووباریان کردبوو. یەک ڕۆژیــش لە ماڵەوە لە جێدا کەوت، چونکە لە چێشــتخانەیەکی ئوردوونیــدا لــە عەینــکاوە، فەلافلــی خواردبوو کــە بە ڕۆنی کۆن ســوورکرابۆوە. زانکۆی ئەمەریکی لە ســلێمانی داوایان لێکردبوو دەرسگوتارێکیان دەربارەی کایەکەی خۆی بۆ ئامادە بکات. لەهەمان کاتیشــدا ڕۆژێکیــان لە چواری ئێوارەوە چوو بۆ ئەکواپارک لە ســەر جادەی شــۆڕش و کوڕێکی مەسیحی پارەکەی بۆ دابوو کە هاوڕێی خۆمانە.
بەیانیــان کە لە خەو هەڵدەســتێت، لە باخەکــەدا یۆگا دەکات، وەک هــەر کوردێکیــش نــان و ماســت نەبێت نایخــوات. ئەم خانمە شــۆخە، هیچ کاتێک وەڕس نەکراوە لەبەر ئەوەی کچە و قــژزەردە و لە ئێمــە نیە و کوردی نازانێــت. من بەردەوام لەوبارەیەوە قســانی لەگەڵ دەکەم و تا ئێســتا یەک ڕســتەی خراپــی لەبارەی کوردســتانیەکانەوە نەگوتــووە. بۆ من ئەمە جێی خۆشــحاڵیە، نــەک لەبەر ئــەوەی کوردم، بەڵکــو لەبەر ئــەوەی لەنــاو کۆمەڵەیەکــی ئەتنــی و ئایینــی و کولتــووری جیــاوازدا دەژیم، کە پێدەچێت بتوانێ دواڕۆژێکی ئاشــتەوایی دروســتبکات. لەگەڵ ئەوەشــدا ئەم ئەزموونــە ڕەتکەرەوەی ئەزموونی ناخۆشتر نیە بۆ بێگانەی تر، کە هاتوون و دێن و لە وڵاتەکەماندا دەمێننەوە. بەڵام ئەم وێنەیە نمونەیەکی بچووکیی کۆمەڵگایەکــی جیهانگەرایە، کــە پێکەوەژیانی کولتوورەکان و جیاوازیی نیشــانەی ناسینەوەیەتی و ئەویتر هەمیشە پێوەری ناسینەوەی خۆمانە..

## ■ جیهانگەرایی و شوناس:

لە سەردەمی جیهانگەراییدا، پرسی ئەوانیتر پەیوەندییەکی ڕیشەیی هەیە بە پرسی ئێمە و شوناسەوە. شوناسی ئێمە لەبەر تیشکی ئەو تیڕوانینانەدا بۆ ئەوانیتر هەڵدەسەنگێنرێن، کە لێرە لەگەڵ ئێمە دەژین و سەردانمان دەکەن. پێوەری ئەوەی ئێمە میللەت و نەتەوەیەکی چۆنین و چ بنەماگەلێکی کولتوری و بەهایی، لە کۆمەڵگاکەماندا باڵادەستن، پەیوەستن بە جۆری نیگاکردن و هەڵسوکەوتمانەوە لەگەڵ ئەوانیتر. ئەویتر لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەدا هەر تەنیا پارسەنگی هەڵسەنگاندنی ڕەفتارە ئەخلاقییەکانی ئێمە نیە، بەڵکو پێوەری سیستەمی سیاسی و پرۆسەی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤیشە لەم کۆمەڵگایەدا. ئەمە جگە لەوەی بوونی ئەوانیتر لە هەر فۆرمێکی یاساییدا لە وڵاتەکەماندا، ویژدان و کەرامەتی ئێمە ئاشکرا دەکات و پێماندەڵێت، ئێمە لە چ قۆناغێکی ویژدانی و ئیتیکیداین و لێبووردەیی و توندڕەوی، مرۆڤدۆستی و ڕەگەزپەرستیمان گەیشتۆتە کوێ و فرەیی ئایینیی و کولتووریمان چ ئاسۆیەکی بۆ داهاتوومان هەڵگرتووە.

بەڵام پێویستە ئەوەش بزانین، هەڵسوکەوتی کولتووری و کۆمەڵایەتی خەڵکانێک، کە لەسەر زەوییەکی تایبەت و لە هەرێمێکی جوگرافیاییدا دەژین، پێویستیی بە پشتوانیی و هەڵوێستی هاوشێوەی یاسایی و دەستووریی و ئیداریی و ئیجرایی هەیە لەلایەن دەسەڵات و پێگەکانی بڕیاری سیاسیەوە. ئەگەر خەڵکی وڵاتێک لە پێش ڕەوتی سیاسی ئەو

وڵاتە و حکومەتەکەیـــەوە نۆرمی گەورەیان دانا و پەیڕەویان لێکرد، ئەوە پێویستە دەسەڵاتی سیاسیش ئەم نۆرمانە بەهەند بگرێــت و لە پرۆســـەی خۆدیموکراتیزەکردنی زیاتری خۆیدا، گوزارەی یاساییان بۆ بدۆزێتەوە. خۆ ئەگەر خەڵکی وڵاتێک و هاووڵاتیانی لەبەرامبەر ئەوانیتر و بێگانەکاندا، وەکو پێویست نەبــوون ئەوە بەمانای ئەوەیە پێویســـتە ووشــیاری یاســایی لــە ســەرەوە بێتە خــوارەوە و خەڵک فێری ئەو پرانســیپپانە بکرێت، کە بۆ خۆشــگوزەرانیی و پێکەوەژیانی هەنووکەیی و دوارۆژیان پێویستە..

بۆیە هەڵوێســتی سیاســی و ئیداریی هەر حکومەتێ بەرامبەر بــە بێگانــە و پەنابــەران و ئەوانــەی هانا بــۆ وڵات دەهێنن، زۆرشــتمان لەســەر ئەخلاقــی سیاســی ئــەو حکومــەت و ئیدارەیــە پێدەڵێت. سیاســەتی مامەڵەکردن لەگــەڵ پەنابەران هەمیشە سیاســەتێکە بۆ بەهاناوەچوون و داڵدەدان و هەموو بەهاناوەچوون و داڵدەدانێکیش بەرجەســتەکەری ئەو ویژدان و ئەخلاقــە سیاســییەیە کــە تیایــدا چەمکی مرۆڤــی بەنابەر بەوجۆرە پێناســە کراوە، کە مرۆڤێکــە بەهەمان ئەو مافانەی هاووڵاتیانی نیشتەجێوە، بەڵام بە زیادکردنی ئەوەی کە دەبێ هاوکاریــان بیــن و یارمەتیان بدەیــن و لەگەڵیاندا ڕووخۆش بیــن، چونکە وەک ئادۆرنــۆ لە (مینیما مۆراڵیــا)دا گوتویەتی: «ئەوەش بەشــێکە لە ئەخلاق مرۆڤ بتوانێ لە ماڵی خۆشــیدا هەســتنەکات خاوەن ماڵە» و هەســتبکات ماڵــی خۆی لەگەڵ ئەوانیتر بەشکردووە.

لە چیرۆک و گێڕانەوەکانی خانمە دانمارکیەکەدا، سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردستانی شتێکم گوێ لێنەبوو کە بۆنی وەڕسیی ئـــەوی لێبێـت. بــەڵام ئــەو ڕۆژەی چووبــوو لــە فەرمانگەی پاســەپۆرت و مانــەوە، فیزەکــەی تازە بکاتەوە، پاش شــەش کاتژمێر پێیانگوتبوو: فیزەکەت تازە ناکەینەوە و دەبێت بچیتە دەرەوە، یــان لــە ســلێمانی تــازەی بکەیتەوە. لە ســلێمانیش پێیانگوتبــوو دەبێــت بچیــت لــە هەولێــر تــازەی بکەیتــەوە. بەهەرحاڵ دوای مشتومڕێکی زۆر و واسیتەی قونسوڵخانەی وڵاتەکــەی، ڤیزاکەیان بۆ تازە کردبــۆوە. ئەم ڕەفتارەش هیچ بیــروڕای ئەوی لەســـەر کوردســتان و هەرێمەکەی نەگۆڕی، بەڵام دەیگوت: من لەو بڕیارە تێنەدەگەیشــتم و کاتێ داواشم دەکرد بۆم ڕوونبکەنەوە، هیــچ ڕوونکردنەوەیەکیان پێنەبوو. بــەڵام گومانی تێــدا نیە ئەم بەشــەی چیرۆکەکە بەشــێکە لە واقیعیش و ئەمە ڕووداوێکە بە هەڵە یان بە ڕاست ڕوویداوە، کە لەگەڵ ئامانجەکانی ئێمەدا ناگونجێت و لانیکەم لە دواڕۆژدا کێشەمان بۆ دروستدەکات..

تەواوی گوتاری ئەخلاقی سیاســیی حکومەتێک لەو ڕستەیەدا کۆدەبێتەوە کە بزانین لەو گوتارەدا چەندە ماڵی (ئێمە) دەبێتە (ماڵــی ئەوانیتر) و چەندە لەو وڵاتــەدا کە ئێمە بەهی خۆمانی دەزانیــن، ئەوانیتر هەســتدەکەن دالّدەیــان دراوە و جێگەیان بۆتــەوە؟ لــەدەرەوەی ئەمــە دەکرێ ئەو ماڵ و نیشــتیمانەی ئێمە بە بەهەشــتی ژیانی خۆمانی دەزانیــن، بۆ ئەوانیتر ببێتە دۆزەخێــک کــە خولّقێنەرەکەی یــەزدان نییە، بەڵکــو ئێمەین،

ئەمەش بەو جیاکارەیەوە کە یەزدان بۆ ســزادانی گوناهکاران دۆزەخــی ئەفرانــدووە و ئێمــەش بۆ ســزادانی لێقەوماوان و ئەوانەی هانایان بۆ هێناوین نیشــتیمانی خۆمان بۆ کردونەتە دۆزەخ..

بەڵام ئێمە هەرچەندەش لەڕووی کەلتوورییەوە، بە میللەتێکی میواندۆســت ناســراوین و هەر بەڕاســتییش کــوردە دڵپاک، کوردە بەدبەخت و کوردە بێکەس، لانیکەم لە دنیای فیودالیدا، گاجووتی خۆی بۆ ســەپانی ئەوانیتر سەر دەبڕی، بەڵام ئێمە کە بە حســاب کەمێ لە جیهانی فیودالیانە دوورکەوتوینەتەوە، ناتوانیــن داڵدەی کەس بدەین ئەگەر بەشــێوەیەکی ڕەســمی لەلایــەن حکومەتەکەمانەوە داڵدە نەدرابێت. میللەت لە ئاســت حکومەتــدا چەنــدەش دڵفراوان بێت، هێشــتا ئەوە سیاســەتی حکومەتــە پێمادەڵــێ دەبــێ ئامێــز و دەرگای ماڵمــان چەندە کراوەبێت. بە مانایەکی دیکە، حکومەت دەزگایەکی بە دەروونی بووە و ئەخلاقی ئەو، ئەخلاقی نمونەییە و ئەوەی ئەوە نەکات کــە حکومــەت ڕێگەی پێــداوە، لەســەر ئەوەی دەیکات ســزا دەدرێ.

## ■ سیاسەتی حکومەت لە هەمبەر پەنابەران و بێگانەکاندا:

بۆیــە لــەو چوارچێوەیەدایــە دەکــرێ پرســیار بکەیــن: ئایا حکومەتــی هەرێمی کوردســتان و سیاســەتی ئــەم حکومەتە لەبــارەی پەنابــەران و ئەوانــەی دەچنە ئــەم خانەیەوە چۆن بیریکردۆتەوە و تاچەندە بەهۆی سیاسەتەکانییەوە (بەهەشتی نیشتیمان)ی کردۆتە شوێنی داڵدەدانی پەنابەران و تاچەندەش

ئەو کەمتەرخەمییە زۆرانەی لەو بوارەدا هەســتیان پێدەکرێ، بۆتە هۆی ئەوەی لەم نیشــتیمانەدا و لە ســایەی سیاســەتی فەرمیی حکومەتی هەرێمدا، دۆزەخێک بۆ ئەوانە ســاز بکەین، کە بوونەتە پەنابەرمان و هانایان بۆ هێناوین؟
من ئەم پرسیارانە دەکەم و دەزانم واچاکە پێناسەی نەگۆڕی سیاســیی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە پەنابەران لە ئێستا و داهاتووشدا ئەمە بێت: (ئەوان ئەو دەستەیەن لە هاونیشتیمان و میــوان و تازەهاووڵاتیانــی ئێمــە کــە بــە ناچــاری یان بە هەڵبژاردنــی خۆیــان، بۆ ماوەیەکــی کاتی، یان بۆ هەمیشــە، ڕوویانکردۆتــە وڵاتەکەمان و متمانەیان هەیــە بەو پەیمانەی ئێمــە پێمانــداون و گوتومانــە: لەم نیشــتیمانەدا و لــە ژیانی کۆمەڵایەتــی و سیاســی و کەلتووریدا کەرامــەت و ئەمنییەت و مافتــان پارێزراوە و لەبەرامبەر کارەســاتە سرووشــتی و تراژیدیاکانیشــدا یەکســانین، وەلێ ئێوەش بە هەمان ڕاددەی هاووڵاتیانی خۆجێ ئەرک و بەرپرســیاریتان لەسەر شانە لە ئاست یاسا و ژیانی هاوبەشدا).
بەبــێ بوونی تێگەیشــتنێکی سیاســیانەی ئەوتۆ لــە دیاردەی پەنابەری، ئەم وڵاتە چەندە بۆ (ئێمە شــیرینە و خاکی ڕەنگینە و ئــاوی کەوســەرە)، ئەوەندەش بۆ (ئــەوان تاڵ و ناخۆش و پڕ لە خەم و ئەســرینە)، چەندە بۆ ئێمە (ســەیرانگا و شوێنی خۆنوانــدن)، ئەوەندەش بۆ ئەوان شــوێنی (خۆشــاردنەوە و خۆداپۆشــین). دەبێ ئێمەی هاووڵاتیانی ئاســایی بە ئەخلاقی کۆمەڵایەتیمــان و حکومەتــی هەرێــم بەو گوتارە سیاســیەی

سـەبارەت بـە پەنابـەران و بێگانـەکان بەرجەسـتەی دەکا، پێوەرێکمان بێتەدەست تاکو باس لە ئەخلاقی ئازادیخوازانەی نەتەوەییمـان بکەین. بەمانایەکی دی: دەبوو وڵاتەکەمان وەک ئێستا پڕببێ لە پەنابەران و خەڵکی غەیرە کورد، تاکو دڵڕەقیی خۆمان بەرامبەر بەو کەسـانە بۆ ئاشـکرا ببێ کە هانایان بۆ هێناوین بەو نیازەی بیانپارێزین، کەچی ئێمە بە قەپاڵی دڕندە کەوڵیاندەکەین و ئەمەش ئاشـکرای دەکا، کە چ دڕندەییەک لە دەروونی ئەم حکومەت و خەڵکەدا دروسـتبووە، کە بنەچە و ڕەگوڕیشەی خۆی دەباتەوە سەر شۆڕش و ئازادیخوازیی..
هەر میللەتێکی وەکو ئەوەی ئێمە و دواجار هەرحکومەتێکی وەک ئەوەی ئێستە لە کوردستان حوکم دەکات، بۆ یەک ساتەوەخت ئەو دەستانەی بیر بچێتەوە کە ڕۆژگارێ ئامێزیان بۆ ڕۆشنبیر و شاعیرە دوورخراوەکانی ئێمە، بۆ سیاسەتمەدار و تێکۆشەر و پێشمەرگەکانی ئێمە و بۆ کۆڕەوەکان و لێشاوەکانی کۆچی لاوانی ئێمە، لە وڵاتی خۆیاندا گرتبۆوە و ئێستە ئێمە هەمان ئەو دەسـتە وەک دەستی سواڵکەر و دەرۆزەکەر تەماشا دەکەین، ئەوە بە مانای ئەوەیە نە ئێمە تڵپی تەڕی ئازادیخوازیمان تێدا ماوە و نە حکومەتەکەشـمان هێشـتا ئەوەندە پێگەیشـتوو و تێگەیشـتووە کە لە ڕێگەی سیاسـەتێکی عەدالەتخوازنەوە بۆ پەنابـەران، ڕێبگرێ لە هەر دەسـتدرێژییەک کە لە کۆمەڵگا و ئیدارە و دامەزراوەکاندا دەکرێتە سـەریان. من لەم قسـانەمدا تەنیا مەبەستم کابینەیەکی تایبەت نیە، بەڵکو سیاسەتی کابینە جیاوەکانـی حکومـەت و دەسـەڵاتە، لـە هەمبـەر پەنابەر و

بێگانەکانــدا. تەنانەت لە کۆی گوتاری سیاســیی ئێمەدا تا ئەم ساتەوەختە لە هیچ بۆنەیەکی نەتوایەتی و کولتووریماندا، هیچ سیاســیەکی کورد لەگەڵ پیرۆزیاییکردنی ئەو بۆنەیە لە کورد و کوردســتانیەکان، ڕووی قسەی کردبێتە بێگانە و پەنابەران و خۆشــهاتی لێکردبن، یان پیرۆزبایی لێکردبن. بە بیرم دێت، شــاژنی دانمارک، مارگرێتا، کاتێ لە کۆتایی وتاری ساڵانەیدا بەبۆنەی ســەری ســاڵی نوێوە ئاراســتەی دەکرد، پێشئەوەی کۆتایــی پێبێنێــت، بــە زەردەخەنەیەکەوە ســاڵەکی لە گشــت هاوڵاتیان و پەنابەران و بێگانان پیرۆز دەکرد و مرۆڤ چاوی پڕ دەبوو لە ئاو..

ئــەوە کێشــەیەکی گــەورەی حکومەتــە کــە نەزانێــت دۆخی پەنابەران لەم وڵاتەی ئێمەدا چۆنە و ئەوان لەچی مەحروومن و چۆن ژیان دەگوزەرێنن؟ هیچ حکومەتێ لەو دادگا ئەخلاقی و ویژدانیــە ڕزگاری نابێ، کە لە کەموکوڕیی مافی پەنابەرانی وڵاتەکەیــدا بەدیــار دەکــەوێ. نەبوونی سیاســەتێکی کارای پەنابەران بۆخۆی ئاشــکراکەری دوو شتی سەرەکییە: یەکەم غیــاب و ونبوونــی چەمکی مافی مرۆڤە لە گوتاری سیاســیی ئەو حکومەتەدا، کە دواجار دەبێ چاوەڕێ بێت تا ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی چاودێریی مافەکانی مرۆڤ چی لەبارەوە دەڵێن و چۆن لە ئابڕووچوونێکی سیاسیدا مەچەکی دەگرن، دووەمیش ئاشــکراکەری تێنەگەیشتنە لە مەسەلەی پەنابەرێتی و کۆچ لە پرۆسەی جیهانگیریدا.

هەرچی داتــاکان و نمونەکان و گێڕانــەوەی ئەو پەنابەرانەی

کــە لە وڵاتــی ئێمەدا دەژیــن، لە ئاســتی کۆمەڵایەتیــدا جێی خۆشــحاڵین و بێگانەکان بەباشە باسی خەڵکانی ناو هەرێمی کوردستان دەکەن. بەڵام هەمیشە بەشێکی چیرۆکەکان، کاتێ دەگەنە سەر ڕەهەندە ئیداریی و فەرمیەکەی، بە پێچەوانەوەن و سیاســەت و بەرنامەی ئەخلاقیی حکومەتێکمان بۆ ئاشــکرا دەکەن، کە لە داییکەوە ئازادیخواز و لەباوکیشەوە شۆڕشگێڕ بێت، بەڵام مامەڵەیەکی نەگونجاو لەگەڵ پەنابەر و بێگانەکاندا دەکات. چیرۆکــی پەنابەرانێک کە هاتوونەتە وڵاتەکەی ئێمەوە و کارتــی مانەوەی حکومەتەکەی ئێمەیان لە گیرفانێدایە، باس لە سیاسەت و ئەخلاقێکی نابینا و بێمژدە و توندوتیژاویمان بــۆ دەکەن، کە ئەگەر لە کەلتــووری ئێمەدا ئادابی میوانداریی ئەوەنــدە بەهێــز نەبایــە، ئێســتا هەموومــان لە ســایەی ئەو سیاســەتەدا وەک ئەو خزمەتکارە ســریلانکی و ئەســیوپی و فیلیپینیانەمــان لێدەهــات، کــە جیهانیان لــەلا بچووکراوەتەوە بــۆ چواردیواری مەتبەخــی ماڵێکی کورد، کــە تەنیا مژدەیان ئەوەیە لە شەممەوە تا پێنجشەممە بۆنی هاڵاوی شلە و برنج و لە هەینیدا بۆنی ســەروپێی لێهەڵدەســتێ. هەروەکچۆن ئەو مەتبەخە و ئەو ماڵە و ئەو مەنجەڵی شلە و برنج و سەروپێیە هیچ شــتێ بە دنیای ئینســانیی ئەو بێگانانە نابەخشێ، ئاواش سیاســەتی پەنابەرانــی حکومەتــی هەرێــم هیچ شــتێک بەو مرۆڤانە نابەخشــێ کە بە ناچاری یــان بە هەڵبژاردنی خۆیان هاتوونەتــە وڵاتەکەمانــەوە. بۆیــە پێویســتە بــە جیــدی و لە هەنگامەی بیرکردنەوەمان لە قۆناغی نوێی ژیانی کۆمەڵایەتی

و کولتووریزەکردنی زیاتری سیاســەتی ئیداری وڵاتەکەمان، بیرێکــی جیدیتریش لە سیاســەتی پەنابــەران و تاراوگەیی و هاوڕێ کوردەکانی بەشــەکانی دیکەی کوردســتان بکەینەوە. ئەمەش بابەتی وتاری داهاتوومان دەبێت.

لە چیرۆکیی خانمە دانمارکیەکەوە، کە لە بەشی پێشووی ئەم وتارەدا گێڕامەوە، ئەوە تێگەیشتین، کە لە جیهانی ئەمڕۆکەدا، پرســی ئەوانیتر پەیوەندییەکی ڕیشــەیی هەیە بە پرسی ئێمە و شوناسەوە. شوناســی ئێمە لەبەر تیشکی ئەو تیڕوانینانەدا بــۆ ئەوانیتر هەڵدەســەنگێنرێن، کە لێرە لەگــەڵ ئێمە دەژین و سەردانمان دەکەن. پێوەری ئەوەی ئێمە میللەت و نەتەوەیەکی چۆنین و چ بنەماگەلێکی کولتوری و بەهایی، لە کۆمەڵگاکەماندا باڵادەستن، پەیوەستن بە جۆری نیگاکردن و هەڵسوکەوتمانەوە لەگــەڵ ئەوانیتر. ئەویتر لــە ڕۆژگاری ئەمڕۆکــەدا هەر تەنیا پارســەنگی هەڵســەنگاندنی ڕەفتارە ئەخلاقییەکانــی ئێمە نیە، بەڵکو پێوەری سیســتەمی سیاسی و پرۆسەی دیموکراسیەت و مافەکانی مرۆڤیشە لەم کۆمەڵگایەدا.

کێ لەگەڵ ئێمەیە؟ ئێمە لەگەڵ کێ، ئەوەین کە هەین و گرنگیی ئەوانیتر بۆ ئێمە لە ڕووی یاســایی و سیاســی و ئاکارییەوە چیە؟

لە پۆلێنکردنێکی خێرادا، دەتوانین سێ جۆر ئەویتر لە کۆمەڵگای خۆماندا دەستنیشان بکەین، کە هیچ کات بەتەواوی و لەڕیشەدا لــە ئێمە جیا نیــن و نەبوون. هەر لەبەر ئەوەشــە کە چەمکی (ئێمــە) لە ڕووی مێژووییەوە، چەمکێکــی پێکهاتەییە. (ئێمە)ی

ڕووت، بـــەدەر لـــە (ئەوان) بوونی نەبـــووە و نابێت، مەگەر لە فۆرمێکی ڕەگەزپەرســـتانە و پاکتاوخوازانـــەدا، کە نمونەکانی وەک فاشیزم و نازیزم و بزووتنەوە ناسیۆنالیستیە پەڕگیرەکان و بەعســـیزمی عێـــراق و ســـووریا، بەرجەســـتەکەری بوون. ئێمەیەک، کە دروستکەری سوپا و جەنگ و ستەمکاریە..

بۆ ئـــەوەی ئێمەی ڕاســـتەقینە بدۆزینەوە، پێویســـتە ئەوانیتر بناســـین و پێگەیان لە کۆمەڵگادا دەستنیشـــان بکەین و دان بە مافەکانیانـــدا بنێین و سیاســـەت و بەرنامەیەکمـــان هەبێت بۆ چونێتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا..

## ■ کوردە گەڕاوەکانی هەندەران:

ســـێ جۆر پەنابەر لە وڵاتی ئێمەدا دەژین: کوردە گەڕاوەکانی هەندەران، کوردە بێگانەکان و غەیرەکورد، کە هیچکامێ لەمانە ئاســـوودە نین و بوونەتە قوربانیی کەمتەرخەمییەکی سیاسی و ئیداریی بێوێنە. بەپلەی یەکەم سیاسەتی پەنابەری لە وڵاتی ئێمـــەدا عەیبێکی گەورەی حکومەتی ئێمەیـــە لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ کـــوردە گـــەڕاوە و دیپۆرتکراوەکانی وڵاتـــان. چەندین کەســـانی گەنج دەناسم کە لە ساڵانی ڕابردوودا گەڕاونەتەوە، یـــان هێنراونەتەوە نیشـــتیمانەکەیان و دوایین ئازارە ڕۆحی و تراژیدیاکانی ژیانیان لێرە بەسەر هاتوون. یەکێ لە نوقسانییە هـــەرە دیارەکان لە دیسکۆرســـی سیاســـیی ئێمـــەدا، (کە ئەم سیاســـەتە بەردەوام دەباتەوە سەر ڕەگوڕیشە پێشمۆدێرن و خێڵەکییەکەی)، ئەوەیە کە هیچ پێناســـەیەک و چوارچێوەیەکی یاســـایی و تیۆریکی ستاندارد نییە بۆ ئەو بوونەوەرەی ناوی

پەنابــەرە. هیچ بەرنامەیەکی پێشــینەی ڕوون نییە بۆ چۆنێتی مامەڵەکردنی یاســایی و ئیداریی و بۆ چۆنێتی گونجاندنەوەی ئــەو هاوڵاتیانــەی کە بــۆ ماوەیەک ئــەم وڵاتــە جێدەهێڵن و پاشــان بەناچاری یان هەڵبژاردنــی خۆیان دەگەڕێنەوە وڵات. لەنیگای کولتووری سیاســی ئێمەدا واباوە، ئەوەی نیشــتیمان بەجێدەهێڵێ، بە دۆڕاو حیســابە و لەکاتی گەڕانەوەشیدا نەک پێشــوازیی لێناکرێ بەڵکو سزای ڕۆحیی و مەعنەوی دەدرێ. کەم دەســتەی گەڕاوە هەبوون لــە فڕۆکەخانەکاندا و لەکاتی پشــکنین و کۆنترۆڵدا هەســتیان بە بێڕێزی و چەوســاندنەوە نەکردبــێ و ژمــارەی ئەو ناخۆشــیانەش کە لەو شــوێنانە و لەنێوان کارگوزاران و هاوڵاتیاندا دروست دەبن، کەم نەبوون. ئەمە جگە لە نەبوونی پلانێکی پێشوەخت بۆ بەگەڕخستنەوەیان لەبواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریدا و سوودوەرگرتن لــەو توانایــی و پیشــە و شــێوازی ژیانــەی فێــری بوون و بەتەنگەوەچوون و دەســتگرتنی ئەوانەیان کە پێویســتییان بە دەستگیرۆیی هەیە.

حکومەتــی ئێمــە لە جیاتــی ئــەوەی بۆخۆی پێشــوازیی لەو هاووڵاتیــە گەڕاوانە بکات، پشــتگوێیان دەخات و دەیانداتەوە دەســت کولتــووری خێــزان و ملکەچــی ژێــر دەســەڵاتی باوکسالارییان دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی لە ئاکامە نێگەتیڤەکانی ئەو پشتگوێخســتنە بــگات بــۆ کۆمەڵگاکەمان. بەبــێ ئەوەی بەدواداچــوون بــۆ مافەکانیــان بکــرێ و بەبــێ ئــەوەی ئەو مژدانەیــان بــۆ بهێنرێتە دی کــە پێیاندراوە ئاســانکارییان بۆ

بکرێ لە نیشتەجێکردنەوەدا.
ئێمە خاوەنی وزەیەکی دیسیپلینکراو، خاوەن ئەزموون و بڕوانامەی خەزنکراوی پەنابەرانی گەڕاوەین، کە زۆر بەدەگمەن لە شایستەکانیان سوود وەگیراوە. زۆرینەی ئەوانەی دزەیان کردۆتە ناو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمەوە و نمونەی فەشەل و گەندەڵی بەرجەستەدەکەن و هاووڵاتیان لە حکومەت تووڕە دەکەن، لە هەندەرانیش هەر فاشیل بوون. لەناو ئەمانەدا کۆمەڵێ لە کوڕان و کچانی بەرپرسەکانی تیایە کە پۆستی دیار و کاریگەرییان دراوەتێ، وەک ئەوەی میراتگری بێت. نمونەی کوڕی کۆنە وەزیرمان هەیە بە پلەی ڕاوێژکار لە ئەنجومەنی وەزیران، جگە لە ئینگلیزییەکی شەق و شڕی بازاڕیانەی بەریتانیا، کە زیاتر بۆ گفتوگۆی ناو کلەپ و گرووپەکانی لاکۆلان بەکار دەهێنرێت، هیچیتر نازانێت. نمونەی ئەو خاتوونانەمان هەن، کە خزمی فلان و فیسارە بەرپرسن و بەهەمان نازیی دیوەخانەوە لە ئۆفیسەکانی حکومەتدا دەوام دەکەن. سەدان نمونەی کارناس و پسپۆڕیشمان هەیە، کە ناتوانن لە وڵاتەکەدا بمێننەوە چونکە پشتیوانیی بنەماڵەیی و حیزبیان نیە. چونکە لەسەرۆکایەتی حکومەت بڕیاری بوێرانە نیە بۆ نیشتەجێکردنەوەیان و خزاندنیان بۆ ناو دەزگاکان، بەتایبەتی ئەوانەی پێویستییان بە زانستە پراکتیکی و ئاماری و ژمارەییەکان و توێژینەوە و زانیاری هەیە. من هیچ حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتیەکم نەبینیوە ئەوەندەی ئەمانەی ئێمە ڕقیان لە توێژینەوە، ئامار و ڕاپرسیی و زانیاریی هەبێت.

بە دڵنیاییەوە دەیڵێم: هەتا ئێستا حکومەت سەرژمێریی وردی هاووڵاتیانی نیە. نازانێت چەند شـــەهید، ئەنفالکراو، قوربانیی، گوندیـــی ڕاگوێزراو، ئاوەدانکراومان لە هەرێمی کوردســـتاندا هەیە. نازانێت چەند نەخۆشخانە، قوتابخانە، وەرزشگا و بنکەی تەندروســـتی، کشـــتوکاڵی و ڕێنمایی کەشناســـیمان پێویستە. نازانێت هەبوونی هێزی کاری ئامادەکراو، چ مانایەکی هەیە بۆ کەمکردنەوەی خەرجیی و بڕی بودجە لە بواری تواناسازیدا. ئـــەم نەزانیە لە لایەکەوە ئـــەو وزە ئامادەیە دەپووکێنێتەوە و لەلایەکیترەوە دەزگاکانی حکومـــەت دەکاتە مەیدانی تەراتێنی ئەوانەی بە واسیتە و مەحسووبیەت پۆستیان لەم حکومەتەدا داگیرکـــردووە، بەڵام ناتوانن کارا و ئەکتیڤ بن و حکومەتەکە دەکەنە نیشانەی ڕقی هاووڵاتیان..

■ **کوردە «بێگانەکان» و غەیرەکورد:**

دووەمین بەدبەختی لە سیاســـەتی پەنابەریـــی ئێمەدا چۆنێتی مامەڵەکـــردن و ڕوانینی کۆمەڵایەتیانە و سیاســـیانەی ئێمەیە بۆ ئەو هاووڵاتییە کوردانەی لە بەشەکانیترەوە ڕوویانکردۆتە ئێرە و بە تەنگ ئەو بانگەوازەوە هاتوون کە گوایە ئێرە شوێنی هاتنـــەدی خەونی کوردییە. ئەمانە هاوزمانە کوردەکانمانن کە ئێمە بەیاســـای بێگانە و وەک هاووڵاتیـــی وڵاتانیتر مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین.

لـــە کتێبـــی (فەنتازیـــای خـــواردن)دا و لـــە وتـــاری (خواردنی پەنابەران)دا نووسیبووم: «کاتێ حکومەتێک بەگەڕانەوەی بۆ ئیـــرادەی میللەتـــی خۆی، یان بە بەکارهێنانـــی ئەو متمانەیەی

میللەتەکەی پێیبەخشیوە، بڕیار دەدات دەرگا لەسەر کەسانێک ئاوەڵا بکات کە شـایانی ئەوەن ژیانی خۆمانیان لەگەڵدا بەش بکەیـن، نەک هـەر گوتویەتی ئـەم وڵاتە جێگـەی خەڵکانێکی دیکەیشی تێدا دەبێتەوە و ئەم خاکە بەتەنیا هی ئێمە نییە، بەڵکو گوتوشـیەتی: پێویستە ئەو خەڵکانە متمانەی ئەوەمان پێبکەن، ژیانی ئەوان لەم وڵاتەدا بەدوور دەبێت لە هەر ستەمکارییەک کـە یادگاریی ناخـۆش بخاتەوە بیریان کە لـە وڵاتی خۆیاندا بەسـەریان هاتووە. وڵاتێک، یان حکومەتێک، یاخود میللەتێک، یانەکو کەسێک، کە دەرگای ماڵ و وڵات و کۆمەڵگای خۆی بۆ داڵدەدانی ئەوانیتر خستۆتە سەر پشت، نەک هەر پیشانیداوە، بوونی کەسـانی دیکە لەم وڵاتەدا، بوونێکی ئاسـوودە دەبێت، بەڵکـو مژدەی ئەوەیشـی پێـداون کە ئێرە شـوێنی مانەوە و پاراسـتنی ئەمنییەتی ئەوانە. لێرەشـەوە، لە پشت هەر دەرگا کردنەوەیەکـی لـەو بابەتـەوە، خەڵکـی نیشـتەجێی وڵات و هەرێمگەلێکی دیکەیشی بە شـێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، هانداوە تاکو لە شـوێنی خۆیان هەڵکەندرێن و بێنە ئێرە. هیچ کەسـێ هانا بۆ وڵات و حکومەت و میللەتێکی دیکە نابات، ئەگەر دڵنیا نەبێت لەوەی داڵدەی دەدرێ».

بەڵام پرسیار ئەوەیە ئێمە چۆن داڵدەی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردسـتانمان داوە؟ کوردی باکور و خۆرئاوای کوردسـتان هێشـتا ژمارەیـان کەمە، بەڵام خـۆ کوردەکانـی ڕۆژهەڵات، کوردەکانـی سـنە و مەریـوان و بانـە و مەهابـادێ، ئەوانی میاندواو و شـنۆیە و سـەقز و بۆکان و سەردەشتێ، کوردی

گوندەکانـی خۆرهەڵاتی کوردسـتان و کوردی شـارەکانیان، ماوەیەکـی زۆرە لەگەڵمانن و لەنێوماندان و تێکەڵمانن. مەگەر هەر ئەوان نەبوون لە شۆڕشـی ڕزگاریخوازی و لە کۆڕەوی جەماوەریدا، سـفرە و ئامێز و ماڵی خۆیان دەگەڵ بەشکردین و بۆ یەکەمجـار ماڵی خودایان لە ماڵی عیبادەتکردنەوە کردە شـوێنی حەوانەوە و بەهانەوەچوونـی لێقەوماوان؟! دەبێ لە ئاسـت ئەواندا کەمێ شـەرم بمانگرێ و لانیکـەم لە گوتاری سیاسـیدا ئەوەندە شـەرمن نەبین لە ئاست کۆماری ئیسلامی ئێرانێدا، (لەبەر خاتری ئەوەی کەلوپەلە نایلۆنییەکانی و شـیر و ماسـت و بەنزین و بەستەنیە بۆگەنەکانیمان لێنەبڕێ)، ئیتر هەرچی مافی مرۆییە لەو کوردانەی بسـتێنینەوە، کە بەنیازی داڵدەدان و بەدوای هاتنە دی خەونەکانیان لە سایەی حکومەتی هەرێمـی کوردسـتاندا، هاتوونەتـە ئەم بەشـەی وڵاتەکەوە. حورمەتـی ئـەوان لەوێوەیـە کە لانیکـەم ئەوان لە سـەدەی بیسـتەمدا کۆڵەکەیەکی هەرەگرنگی کولتـووری کوردایەتیان لـە بواری مۆسـیقا و شـیعر و هونەرەکاندا پێکهێنـاوە و لە خەباتکردندا لە پێش ئێمەوە بوون و ئەمێسـتاکەش لە بواری زانسـت و پسـپۆڕی و بازرگانییدا بە حەوت شەقاوان بۆڕی ئێمەیـان داوەتەوە. ئەوە چ ئەخلاقێکی سیاسـیە کە نەتوانیت یـەک ڕۆژ لـە سـاڵدا بەڕەسـمی و وەک هاودەنگـی لەگـەڵ کوردەکانی ڕۆژهەڵات ڕابگەیەنی کە پێویسـتییەکی مەعنەوی ئەوانە؟ ئەوە چ گوتارێکی یاسایی و سیاسیی و ئیدارییە کە تۆ لە حکومەتی هەرێمدا وەک بێگانە مامەڵە لەگەڵ ئەوانە بکەیت

کە بەشـێکن لە خۆت؟ ئەوە چ نەریتێکـی ئیدارییە کە هەفتانە و مانگانە کارتی مانەوە بەو کوردانە مۆر بکەیت کە بەشـێکی زینـدووی نـاو کۆمەڵگاکەتـن و کەچی تۆ لـە ئۆردووگاکاندا نیشـتەجێیان دەکەیت؟ ئەوە چ ئەخلاقێکی ئیداری و ئەکادیمی و زانسـتییە کـە لەهـەرلا مامۆسـتایانی کـوردی ڕۆژهەڵات لـە زانکۆ و سـەنتەرە زانسـتییەکانت دوور دەخەیتەوە و بە گرێبەسـت نەبێ بـە دەگمـەن دامەزراندنی هەمیشـەییان بۆ پەسـەند دەکەیت و شـوێنی حەوانەوە و دڵنیاییـان نادەیتێ. ئەمـەش لەکاتێکـدا، ئەوان لـە ڕووی زانسـتی و میتۆدییەوە لـە زۆرێک لـەو پسـپۆڕ و ڕاوێژکارانەی حکومەتـی هەرێم دەسـتپاکتر و وردتر و دڵسـۆزترن. زیرەکترین قوتابییەکانی زانکـۆ کوردەکانـی ڕۆژهەڵاتـن و کەچـی کاتێ لـە خوێندن دەبنەوە کاریان نادەینێ!

بەبڕوای من تاکە پێوەرێ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەخلاقی سیاسی و کولتووریمـان لە ئاسـت ئـەو کـوردە بـە بێگانەکراوانەدا ئەمەیە: کەی توانیمان دەنگی سـەی عەلی ئەسـغەر، حەسەن زیرەک، مامڵێ و خالقی، کەی توانیمان دەنگی ئازادیخوازانەی شیعری هێمنی موکریانی و ڕەنگی گوڵی سەر قاڵی و فەرشی کچانی سـابڵاخ و سـنە و سـەقز و کەی توانیمان پەتی ملی قازی و هاوڕێکانی لە یادوەری نەتەوەیی خۆمان بسـڕینەوە، ئەوکاتـە بۆمان هەیـە کەم لوتف و لوتبەرز و بێمننەت بین لە ئاسـت کـوردی خۆرهەڵاتدا. بەپێچەوانەی ئەمـەوە، ئێمە بەو کەم لوتفی و بەپەراوێزخسـتنەی ئێسـتای ئەوان لەم بەشەی

کوردســـتاندا، هیچمان نەکردووە لە ئاشـــکراکردنی ئەخلاقیی سیاسیی ترسەنۆکانە و دوورِوومان زیاتر، کە هیچ مافێکی بۆ ئەو پەناهێناوانە تیادا نیە. ســـەبارەت بـــەوەی ئەو کوردانە لە سایەی حکومەتی کوردستاندا لە چ مافێکی مرۆیی و پێویستیی ژیان بێبەشـــن، پێویستە خۆیان بدوێنین. بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە هەبوونی سیاســـەتێکی پەنابەری و مامەڵەکردنە لەگەڵ پەنابەراندا، کە لەســـەر هەندێ پرانسیپی مرۆییەوە دامەزرابێ و تەئمینی لانیکەمی ئەو مافە بکات کە نەهێڵێ پەنابەر هەست بەوە بکات، پەنابەربوونەکەی ســـەرچاوە و هۆکاریی بێرِێزیی و شـــکانی گەورەیی مرۆڤانـــەی ئەوە. پەنابەرێتـــی، بەهەموو دەســـتکەوت و دەرئەنجامە چاوەڕواننەکراوەکانیشـــییەوە، لە دنیـــای ئەمـــڕۆدا دیاردەیەکی گلۆباڵـــە و هەروەکچۆن ناکرێ دەرگای وڵات بەســـەر ئەو کەسانەدا دابخەیت کە پێویستییان بـــە هاتنە ناو کۆمەڵگاکـــەت هەیە، ئاواش ناکرێ بەبێ ڕێنمایی و سیاســـەتێکی پەنابەری چەســـپاو، مامەڵە لەگەڵ پەنابەراندا بکەیت..

بەکورتـــی، ئـــەو نمونانە و نمونەی دیکـــەی مامەڵەکردنمان لە ئاســـتی گوتـــاری سیاســـیدا، لەگەڵ ئـــەو پەنابـــەرە بێگانانە و بەتایبەتـــی لەگەڵ ئەو هاووڵاتیە عەرەبانەی کە عێراقمان یەکە و هەموو شتێکیترمان جیا، کە خودامان یەکە بۆخۆمان تەنیا، ئاشـــکرای دەکەن، کە سەرۆکی ئێستای حکومەت، بەسیرەتی هەبووە، بەڵام ئەو ترووسکاییە نەبۆتە هۆی دارِشتنی سیاسیانە و یاســـاییانەی دیسکۆرســـێکی پتەوی سیاسەتی پەنابەران لە

وڵاتەکەماندا. ڕەنگە هۆکاری هەرە سەرەکی ئەم کەموکوڕییەش خەتای پەنابەران خۆیان بێت، کە هێشـتاکە نەبوونەتە بابەتێ بۆ پـرۆژەی بازرگانــی و ئابووری. ئەوان هێشــتا نازانن کە سەری ئەوان لە لای ئێمە هێندەی سەری گندۆرە و شووتیی عەزیــز نییــە و بۆ ئەوان نەک هەر پێناســەیەکی ســتانداردی سیاسی و یاساییمان نییە، بەڵکو ئەوانەیان کە لە سزا ئیدارییی و وشکەخوڵقی عێراقیانەمان ڕزگاریان دەبێ، هەمان حەقیقەتی تاڵی هەژاریی، ناعەدالەتی، سانســۆر و دەســتدرێژی و گرتن و بــە جاسووســکردن و نادڵنیاییە، کە هەموویان لە ســایەی ئەم حکومەتــەدا و بەئاگاداری و بەبەرچاوی ئەم سیســتەمە حکومڕانییەوە، دروستبوون.

■ **ئەنجام:**

لە ئێستادا حکومەت پێویستیی بە کرانەوەیەکی زیاتر هەیە لە ئاســت ئەوانەدا کە ئێمە بە بێگانە و ئەوانیتر، ناویان دەبەین. حکومەت دەتوانێ بە ئاسانکاریی و کردنەوەی فەرمانگەیەکی پێشــوازیکردن لــە ئەوانیتــر، لــە بێگانــەکان و لــە کوردانیی بەشەکانیتر، هێزێکی کاری پڕۆفێشناڵ بخاتەگەڕ. بەم هۆیەوە، لە ڕووی مافەکانی مرۆڤ و پرۆســەی دیموکراتیزەکردنەوە، لــە ڕووی هیومانیزەکردنــی سیاســەتەوە دەرفەتــی نوێ بۆ پەیوەندیەکانــی حکومــەت دەڕەخســێت و لەلایــەن نەتــەوە یەکگرتــووەکان و یۆنســکۆ و ڕێکخــراوی جیهانیــی مافــی مرۆڤیشــەوە، کەســایەتی سیاســیی حکومــەت دەبێتــە جێی متمانە و ســوودمەند دەبێت لە پشــتیوانە یاســایی و ئەمنی و

ئابوورییەکانی ئەو ڕێکخراوانەوە. گرنگە ئەم حکومەتەی ئێمە گرنگیـــی بدات بەو دەرگایانەی کردنەوەیان ئاسـانە، نەک لەو دەرگایانە بدات، کە کلیلی کردنەوەیانی دەستناکەوێت. داڕشتنی سیاسەتێکی هیومانیستیانەی پەنابەران لەم هەرێمەدا، هەمیشە کلیلێکی حازرە بۆ زۆر لە پەیوەندیە دیپلۆماتی و سیاســی و ئابووریەکان..

# چی بکەین
# بۆ کوردە بیانییەکان!؟

هەرێمــی کوردســتان چیی بــۆ کــوردی بەشــەکانی دیکەی کوردســتان کردووە، کــە ژمارەیەکی بەرچاویان بە ویســتی خۆیان و لە خۆشەویســتییانەوە بۆ ئەم ئەزموونە هاتوونەتە ئێرەو ژمارەیەکی دیکەشیان بە ناچاری و لە ئەنجامی گوشار و کێشــەی پارچەکانی دیکەی کوردســتان کە هەتا ئێســتاش ژێردەســتەیی ڕژێمــە بێگانەکانــن و ژمارەیەکیشــیان وەک گەشتیار و بۆ هەڵمژینی هەوای ئازادیی، هاتوون.
پێشــەکی، دەمەوێت بڵێم کوردی بەشەکانی دیکەی کورستان لــە ئێمە زیاتر مافــی هاووڵاتیبوون و مافــی مەدەنی و مافی تایبەتیی خۆیان هەیە لەم هەرێمەدا بمێننەوە، چونکە لە هەموو ئــەو وڵاتانەی تێیانــدا دەژین، ســەرچاوەی چەوســاندنەوە، ڕووشکێنی، ســەرکوتانەوە، مەحرومییەت و تەنانەت گرتن و

زیندان و لە سێدارەدانیشیان بریتییە لە کوردبوونەکەیان، جگە لە هەرێمی کوردستان. بۆیە ئەوان هەتا کوردبن و لەو وڵاتانەدا بژین کە تێیاندا دەچەوسێنەوە، ئەو وڵاتانە بە نشتیمانی خۆیان نازانن و هەرێمی کوردستان نیشتیمانی یەکەمیانە.
چەمکی نیشتمان لەلای مرۆڤ چەمکێکی هەستەوەریانەی قووڵە و ڕەگوڕیشـەیەکی دەروونی، هەسـتەکی و هووشـیاریانەی هەیـە. ڕەنگە زۆر لـە کوردی شـوێنە جیاوازەکانی هەرێم و بەشەکانی دیکەی کوردستان هووشیاریی ئەوەیان نەبێت، کە ئەوان کوردن و کوردستان نیشتیمانیانە، هەروەک چۆن زۆر لە کوردسـتانییەکانیش، هەسـتی ئەوەیان نییە کە کوردستان وڵاتی ئەوانە. من بیستوومە کابرا بەخۆی دەڵێت (من مەسیحیی خەڵکـی زاخۆم و عیراقیـم)، لە کاتێکدا هەشـمانە دەڵێت (من کوردی مەسیحیم). لە نێوان ئەم دوو گوزارەیەدا جیاوازییەکی گـەورە لە نێوان دوو جۆر هوشـیاریدا هەیە، هوشـیارییەک کە شوناسـی خـۆی ڕەتدەکاتەوە و شوناسـێکی ناڕەسـەن بۆخـۆی دروسـتدەکات، لەگەڵ هوشـیارییەک کـە جەخت لە شوناسی خۆی دەکاتەوە بۆ بەرجەستەکردنی جیاوازیەکانی. ئەمەی دواییان هەمیشـە پەسـندە، چونکە کوردستان جێگەی جیاوازییەکان دەبێتەوە، بەڵام جێگەی خۆجیاکردنەوە نییە.
مـن وەهـا تێگەیشـتووم، کـە ئێمـە بـە جیاوازییەکانمانەوە کوردستان نیشتیمانمانە، هەرکات باس لە کێشە نیشتیمانییەکان یان پرۆژەی نیشـتیمانی یاخود حکومەتی نیشتیمانی دەکەین، باسـی پـرۆژە و کێشـە و حکومەتێک دەکەین، کـە ڕەچاوی

پێکهاتەکانــی هەرێم و گــەلان و کەمینــە نەتەوەکانی دەکات. لێــرەدا گوزارەی (کوردســتان) بــە تەنیا مانــای وڵاتی کورد ناگرێتــەوە، هێنــدەی ئــەوەی ئاماژەیــە بــە جوگرافیایەک کە پێکهاتە و نەتەوەی دیکەیشی تێدا دەژین. بەڵام ئەگەر بمانەوێ خۆمان جیابکەینەوە، کوردســتان مانایەکی نامێنێت و ئەمەش بریندارکــەرە، بەتایبەتــی بۆ ئەوانەی لە پێناوی کوردســتاندا خوێنیان بەخشیوە.

کورد هەمیشــە لە هەستێکی قووڵەوە وابەستەیی خۆی لەگەڵ خاک و نیشــتیماندا دەدۆزێتەوە. نیشتیمان بۆ کورد مانایەکی دیکــەی هەیــە وەک لەوانەی هەرگیز هەســتی لە دەســتدانی نیشــتیمانیان نەبــووە. ئەم هەســتەی کــورد لــەو پەیوەندییە قووڵەی ئەوانەوە دێت لە ئاست لەدەستدان و غیابی نیشتیماندا. ســیحری مانەوەی کورد لەناو مێــژووی ئەزموونکراویدا، بە هــەر شــێوازێک کــە پەنای بــۆ بردبێت و مانــەوەی خۆی لە ڕێگەیــەوە دابینکردبێــت، هەر ئــەم هەســتەیەتی بەرامبەر بە خاک و نیشــتیمان. پەیوەندیی کــورد، لە دەرەوەی پەیوەندیی مرۆڤ بە زەوی و موڵکایەتیەوەیە، هێندەی ئەوەی پەیوەندیی مەعنەوی ئەوانە بە شوێنێکی تایبەتەوە.

من نە دژی عەرەب، یان فارس، یان شیعە و سوونەم، نە دژی سەحرا و نە دژی دەریا و نە دژی هیچ شتێک کە کولتووری ئەوانیتــرم بیــر دەهێنێتەوە، بەڵام من خۆم بــە عێراقی نازانم لەگەڵ ئەوەشدا حەفتا ساڵ پێش لەدایکبوونی من جوگرافیایەکی سیاســی بە عێراق ناوبــراوە و ئایدیۆلۆژیایــەک هەبووە، کە

ناوەڕۆکی بۆ ئەم عێراقە داتاشیوە. دەشێت ئەم هەستە و ئەم لەخۆتێگەیشتنە، هەست و لەخۆتێگەیشتنی کوردی پارچەکانی دیکەیش بێت کە لەو وڵاتانەدا دەژین سەدان و بگرە هەزاران ساڵە چیرۆکی لەو شـێوەیەیان بۆ دادەتاشرێت و بە زۆر و بـە خوێن و قڕکـردن وەک دەرمانی تاڵ دەکرێت بە گەرووی هاووڵاتیانی کوردی وەک ئێمەدا. نیشتیمان لە چیرۆکدا جوان و خۆشـە، بەڵام بەتەنیا چیرۆک ناتوانێت هەسـتی نیشتیمان لەلای مرۆڤ دروستبکات.

ئـەو شـتەی زۆری تێدا بێت، لـە دواجاردا یـەق دەکرێتەوە. بەمجـۆرەش هەروەک چۆن عێراقیبوون لەلای من دەرمانێکی تاڵـە، ئـاواش ئێرانیبـوون، تورکیبـوون و سـوریاییبوون لـەو وڵاتانـەدا بۆ هاوزمانەکانـم دەرمانێکی تاڵـە و لە هەلی مێژوویـی جیاوازدا یەقی دەکەنـەوە. ئەگەرچی قووتدانی ئەم فۆرمانەی شوناس، ئەم دەرمانە تاڵانە بۆی هەیە بێهۆشکەر و بەشێوەیەکی کاتیانە ئارامبەخشی زۆرێک لە هاوزمانەکانیشم بێت، جا بە سەپاندنی بەزۆر، یان لە ناهووشیارییەوە بێت.

لەبـەر ئـەوە هەرچەنـدە واقیعـی هەرێمـی کوردسـتان لـە زۆربواردا هەمان تامی دەرمانە تاڵەکەی هەیە، بەڵام قووتدانی ئاسانە چونکە ئەم تاڵاییە ناچێتە جەستەیەکی نامۆوە. لێرەوە، کوردبـوون پڕە لە هـەدادان و دۆخێکی ڕۆحیانـەی عاریفانە و سـۆفیانەیە کە بـۆ هەموو کوردێک شـیاوی قەبووڵکردنە. هـەر لەبـەر ئـەم پەیوەندییـە قووڵـەی نێـوان کوردبوونـی سـۆژەی هەستەوەر و خودی هووشـیار و کوردستانیبوونی

نیشتیمانە، کە بۆ ئێمە و بۆ کوردی پارچەکانی دیکەیش قابیلی پەسەندکردنە.

بــەڵام بــۆی هەیە هەم هەســتکردنی ســۆژە بــە کوردبوونی خــۆی و هەم هەســتکردنی ئەم ســۆژەیە بە بێ نیشــتیمانی، لە ســاتەوەختیکدا نا ئومێدانە و هەمــان چێژی تاڵایی هەبێت و ژەهــراوی عێراقیبــوون و تورکیاییبــوون و ئێرانیبــوون و تاراوگەییبوونمــان بیــر بخاتەوە. ئەمەش ئەو ســاتەوەختەیە کــە تێیدا بکەری هەســتەوەر بە هەمان شــێوەی کــە لە وڵاتە بێشوناســکراوەکانی لێــوەی هاتــوون، لێــرەش هەســت بــە بێشووناسی خۆیان بکەن.

ئەمــە ئەو ســاتەوەختەیە کە دەبێت تێیدا پرســیار بکەین: ئایا ئێمە چیمان بۆ کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان کردووە، کە لێرە لەگەڵمان دەژین و سەفەر بۆ هەرێمەکەمان دەکەن و بەناچاری، یان بە خواستی خۆیان تێیدا دەمێننەوە؟

مــەرج نییە ئەوان هەموویان ببنە (هێمنی موکریانی) و بانگیی (ناڵەی جودایی) بە گوێی جیهاندا بدەن. بەڵام ئەوان لەئێستاشدا هەمان بارودۆخیی دەروونی و هەستی بێشوناسی تێدەپەڕێنن کە هێمن تیایدا دەژیا. ئەوان لە ســنوورەکانەوە وەک بیانی و بێگانە، پێشــوازییان لێدەکرێت. لە پرسگەکان بە هەمان شێوە ڕادەگیرێــن و لە فەرمانگەکانی حکومەتدا وەک بیانی لە ڕیزی بێگانەکاندا سەف دەبەستن و لە شارەکانماندا و لە فرۆشگاکان و لــە ناوڕێدا هەمان هەســتی خۆبەنامۆبوونیان تێدا دەڕوێت، کە ئێمە جاران لە پرســگە و شــارانی نائازاد و فەرمانگەکاندا

هەمان بوو.
هــەروەک چــۆن ئیــدی ئێمــە ناتوانین لــەو هەســتەدا بژین و لــە کەســی قبــووڵ ناکەیــن بەو چــاوە تەماشــامان بکات، کــە کوردبوونەکەمــان ســەرچاوە بــوو بۆ ئەویتر تــا لێوەی نیگامان بکات، ئاواش بۆ کوردی بەشــەکانی دیکە قورســە لە پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا وەک بیانی تەماشایان بکرێت و کوردبوونیان و هاتنیان لە بەشێکی دیکەی نیشتیمانەوە بکرێتە سەرچاوەی جیاکردنەوەیان. من دەزانم ئەم جیاکردنەوەیە، ئەم جۆرە لە بەخۆنامۆکردن، پلانی شــاراوە و مەبەستگەرایانەی هیــچ بکەرێک، یان کارمەندێکی ئاســایش، یان پاســەپۆرت و مانەوە، یان دائیرەکانی نیشــتەجێبوون و هیچ دانیشتوویەکی ئــەم هەرێمە نییە لە ئاســتیاندا، بەڵام لێــم ڕوونە ئەمە زمانی یاســا و زمانی دەسەڵاتیی هەرێمەکەمانە بۆ لە دوورڕاگرتنی ئەوان و دروســتکردنی مەودایەکی دەروونی لە نێوان هەرێم و پێکهاتــەی دانیشــتوانیدا. ئەم زمانە زمانێکی مەترســیدارە، چونکە کاریگەریی ترسناکی هەیە بۆ سەر هەستکردنی ئەوان و لەخۆتێگەیشــتنیان و دواجــار پەیوەندییان بــەم هەرێمە و کوردبوونیانەوە.
ئەوە هەر تەنیا ئایدیۆلۆژیای بەرامبەر نییە کە لە ئێمە وێنەیەکی دیکە دروســتدەکات، کــە ئێمە نین، بەڵکو ئــەوەی ئەو وێنەیە بەرجەســتە دەکات خۆمانیــن لە بەرامبــەر ئەوانی دیکەدا، کە دەبینە شتێکی دیکە لەوەی کە هەین، یان دەبێت هەبین. ئەمەش هەرچەندە دەبێتە هۆکاری بریندارکردنی هەستی ئەوان، بەڵام

بەڵگەیشــە لەسەر ئەو ناهووشــیارییەی کە لەم ساتەوەختەدا چــواردەوری کوردبوونی ئێمەی گرتووە. ناهووشــیارییەک، کە ڕەنگە زۆر ســەرچاوەی جیاوازیــی هەبێت، بەڵام ناکرێت لــە دەرەوەی خۆمان بێت و ناکرێت ســەرچاوەیەکیش لەوانە جۆرێــک لــە لەخۆڕازیبوونــی ڕەگەزپەرســتیانەی پێچەوانە نەبێــت، کــە ئێمەی داگیــر کــردووە و دەبێتە هــۆکاری هەر ڕەگەزپەرســتییەکی دیکەیش، کە لە ئێمەوە ئاراستە دەبێت بۆ هەموو ئەوانی دی..

بۆیــە هەتــا ئێمە بەمجــۆرە بین لەگــەڵ ئەو بەشــەی دیکەی خۆمــان، کــە جوگرافیا و سیاســەت و ئایدیۆلۆژیاکان تێماندا ڕەگاژۆی کردوون، ناتوانین وەک پێویست بۆ ئەوانیتر هەبین و دەبینە دۆزەخ و ســەرچاوەی نائومێدی و ناتوانین هیچیان بۆ بکەین.

دەبێت دوعا بکەین تا لەم فۆرمەی ئێمەبوونە ڕزگارمان ببێت و هووشــیار ببینەوە لە ئاســت ئەو فۆرمەی کوردبووندا، کە ناوەڕۆکەکەی، زمانەکەی، دروشمەکانی و پەیام و ئامانجەکەی چ لە واقیع و چ لە یاسا و چ لە زمانی فەرمانگەکانیدا یەکسان دەبێتــەوە بــە یەکــدی. چونکە ئــەم دوو فاقییە لــە ئەخلاقدا، دەبێتە هۆی دابەشبوونێکی دووفاقیانەی دیکەی کوردەکان لە نشــتیمانی خۆیاندا، ئەو کاتەش نابێت پێمان ناخۆش بێت، کە مەســیحییەکی زاخۆیی خۆی بە عێراقــی بزانێت، لەکاتێکدا کە ئەو ئاســایش و ڕزق و ئاســودەییەی بۆی لواوە، تەنیا لەم هەرێمەدا دەستەبەر دەبێت، نەک لە شوێنێکی دی..

لەبــەر ئەوە هەرســێ دەســەڵاتەکەی هەرێــم لەبەرامبەر ئەم واقیعەدا، لەبەردەم ئەزموونێکی مێژووییدان.
ســەرۆکایەتیی هەرێم بە بەخشینی ڕێنمایی بەردەوام لەسەر پرانســیپی کرانــەوەی کۆمەڵایەتــی و فرەیــی کولتــووری و ڕێزگرتنــی یەکســان لە هەمــوو پێکهاتــەکان و ڕەچاوکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و میوانداریی و پەیوەندیی هاووڵاتیان بە ئەوانی دیکەی کۆچبەران و هاوزمانەکانمانەوە.
ســەرۆکایەتیی پەرلەمــان و دەســەڵاتی یاســادانان بــە پێشکەشــکردنی پرۆژە یاســا و هەموارکردنــەوە و دووبارە دارشــتنەوەی ئەو یاســایانەی پەیوەندییان بە مافی تاکەکەس و کەرامەتــی مرۆیی و مافی بێگانەکان و هاوزمانانەوە هەیە.
هەروەها بە خاوێنکردنەوە و دووبارە دارشتنەوەی ئەو ڕستە و گوزارانەی بۆنی جیاکارەیی و ڕەگەزپەرستی و جۆرەکانی بەپەراوێزخستنیان لێدێت.
هەروەهــا پێویســتە ســەرۆکایەتیی حکومەت، بــە دەرکردنی ڕێنمایی و فەرمان و بەرچاوڕوونیی بۆ لایەنە پەیوەندارەکان و بــواری جێبەجێکــردن، بەتایبەتــی لەبــارەی چۆنێتیــی پیادەکردنی یاســاکان بە لەبەرچاوگرتنی شعوری هاووڵاتیان و بێگانەکان و هاوزمانان، بەشــداریی بکات لە خســتنەڕووی هووشــیارییەکی یاســایی بۆ کارمەندانــی جێبەجێکار، هەر لە پۆلیس و ئاسایشــێکەوە، تا کارمەندانی پۆســت و پرســگەی فەرمانگەکانەوە تا دەگاتە وەزیــرەکان. ئەم ڕێنماییانە گرنگن بــۆ خاوێنکردنەوەی هەرجۆرە وتەیەک، لە بارە میزاجییەکەی

و خســـتنەڕووی وەک ڕێنمایـــی یاســـایی کـــە لەڕێگەیانـــەوە پەیوەندیی دەسەڵات و هاووڵاتیان بە یەکسانیی ڕێکدەخرێت. بەمجـــۆرەش ئێمـــە دەکەوینـــە بـــەردەم بەکولتوورکردنـــی دیموکراســـی و دیموکراتیزەکردنـــی خـــود، لـــەدەرەوەی هەر جـــۆرە بڕیارێکـــی میزاجیانـــە و خۆبەخـــۆ کە پێویســـتییەکی هەنووکەیی ئەزموونەکەمانە. چونکە ئەم ئەزموونە بەبێ سیما و زمان و ڕەفتارە یاساییەکانی لە ئاست ئەوانی دیکەدا نابێتە ئەزموونێکی ڕاقیی و شانازییەک بۆ مێژوو بەجێناهێڵێت.

# ژنی ئازاد، ئازادیی ژن

## هەندێ ڕامان لە ژن و ئازادیی لە عێراق و هەرێمی کوردستانی پاش بەعس

■ **کورتەیەک:**

ئــەم وتــارە، وێڕای هەموو ترس و گومانی نووســەرەکەی لە هەرجۆرە دزەکردنێکی ئاڕاســتەکردنی هزری پیاوســالارانەو ئایدیۆلۆژیانــەو سیاســیانە بــۆ ناوەڕۆکەکــەی، هەوڵــدان و زنجیــرە ڕامانێکی بەرپرســیارانەیە لە پرســی ژن لە عێراق و هەرێمی کوردســتانی پاش بەعس. لە ســاتەوەختی یەکەمدا وا دەردەکەوێت، هیچ ئومێدێک بۆ ژن پێشبینی ناکرێت، بەڵام ئەمە دوورە لە مەبەســتەکانی نووســەر. وتارەکــە هیچ حوکمێک و داوەرییەک ناخاتە ڕوو، بەڵام لە میانەی بەرهەمهێنانی پێناسەو شیکردنەوەی فەلسەفییدا بۆ پرسی ژنی ئازاد و ئازادیی ژن و پێوەندیی نێوانیان، زەمینە بۆ خوێنەر دەڕەخســێنێ تا بۆخۆی ئەنجام و وێنەیەکی تایبەت لەوبارەیەوە، بەدەست بهێنێت. ئەم

وتارە لە کاتێکدا دێت، کە نووسەرەکەی بە گرنگییەوە چاودێریی ئاستی تیۆریی و واقیعی و پراکتیکیانەی پرس و بارودۆخی ژن و ئازادیی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەکات و بەرهەمی قەڵەم و ڕۆشنبیرانی ژن بە گرنگییەوە دەخوێنێتەوە کە لەسەر دۆخـی ژنـان بەدەنگ دێـن، هەروەها ئەو هەوڵە سیاسـی و یاساییانەشـی لەبەرچاوە، کـە بە ئاڕاسـتەی گیرۆدەکردن و ئازادکردنی ژن لە دەسەڵاتی کولتوورە جیاوازەکان، بەتایبەتی کولتـووری ئایینی دەدرێن و دەیانەوێ بارودۆخی بوونی ژن لـەم کۆمەڵگایەدا، چواچێوەیەکی مەدەنیانەتر بەخۆیەوە بگرێ، لەوەی کە هەیەتی. بەڵام نمونەکان بەجێدەهێڵێت بۆ خوێنەر کە ڕۆژانە لەوبارەیەوە لە میدیاکاندا دەیانبینێت.

■ **ژنی ئازاد:**

چەمکـی ژنی ئازاد، ئاماژەیە بە پێوەنـدی نێوان ژن و ئازادی بەوجـۆرەی کە ژن توانیبێتـی ئازادیی بکاتە شـێوازی ژیانی خـۆی. مەبەسـتم لە شـێوازی ژیانـی ئازادانـەی ژن ئەوەیە، کـە بە سـۆزەی مێینەیی خۆیـەوە، بە ژنایەتـی خۆیەوە بژی و ژنێتیەکـەی بۆی نەکرێتە سـەرچاوەی هەر جۆرە فۆرمێکی چەوسـاندنەوە. بـەم مانایەش، یەکێک دەتوانـێ ئازادیی بکاتە شـێوازی ژیانی خۆی، کە خاوەن خـود (self)ی خۆی بێت و لـەم خاوەندارێتییەوە، بتوانێ ژیانی خـۆی بەوجۆرە بژی کە ئازادە، بەڵام لەسەر ئەو بنەمایەوە کە هەم ئەو خودێتیەی ژن بەدەستی دەهێنێ، ببێتە بنەمای کەسایەتییەکەی (Personality) و هــەم بەو ئازادییەش کە بۆخۆی کردویێتیە شـێوازی ژیانی،

خزمەت بە ئازادیی بەشێوەیەکی گشتی بکات.
بەمجۆرەش ژنی ئازاد کەسێکە چ لەڕووی دروستکردنی کەسایەتیی خۆیەوە دەستپێشخەری دەکات و چ لە هێنانەدی ئازادییەکدا کە سوودی هەیە بۆ گشت کەسەکانی تر. کەواتە ژنی ئازاد، پێویستە سەرەتا خۆی بێت، خاوەن کەسایەتی خۆی بێت تاکو ئەم کەسایەتیە ببێتە کەسێکی ئازاد. بەبێ هەبوونی کەسایەتی و خودێتی، ئازادی بە فریای ژن ناکەوێت. ئازادی، هەمیشە ئازادییە بۆ خودێتی و کەسێتییەک، کە بەهای ئازادی لەلای، لە سەرووی هەموو نرخێکی ترەوەیە. لەبەر ئەوە، تەنیا ئەو کەسانە لە ژنان دەتوانن ئازاد بن و ئازادیی شێوازی ژیانیان بێت، کە دەتوانن کەسایەتی خۆیان تەنیا بەهۆی خودی خۆیانەوە، دروستبکەن نەک بەهۆی ئەو پێگەیەی هەیەتی، یان ئەو سامانەی لەبەر دەستیدایە و بەو جوانییەی کە خاوەنیەتی و ئەو مێردەی کە شووی پێکردووە و ئەو بڕوانامەیەی بەدەستی هێناوە.
ژنی ئازاد، مەرج نییە ژنێکی جوان، یان خاوەن سامان و لە پێگە و پۆستی باڵا و خاوەن بڕوانامەی بەرز بێت. چ لە دەقی چیرۆک و داستان و شیعردا و چ لە مێژوودا و چ لە واقیعدا، نمونەی ئەو ژنانەمان زۆرن کە جوانییەکەیان و دەسەڵات و پێگەیان، کەسایەتی پێنەبەخشیون. بەڵکو خودێتی ئەوان لە بڕیار و کردارياندا بەرجەستە بووە. لەبەر ئەوە هەر کات باسی ژنی ئازاد دەکرێ، باسی ژنێکی خاوەن ناسنامەو خودێتی دەکرێ و ئەم باسە جەوهەری کەسبوونی ئەو دەگرێتەوە، نەک سیفات

و پێوەندییەکانـــی. بۆیە پێویســـتە ســـەرەتا ژن خودی خۆی و کەسایەتی خۆی هەبێت، تا بتوانرێ وەک ژنی ئازاد ناو ببرێ. بەبێ کەســـایەتی، ژن ناتوانێ خاوەن شوناس(Identity) بێت و کەســـێکیش شوناسی خۆی نەبێت، ناکرێ ئازاد بێت، چونکە هەمیشە شوناس پێشمەرجی ئازادییە.

ئایا بەبێ شوناس و خودێتی و کەسایەتی، دەتوانین ئازاد بین؟ بەڵـــێ، بەڵام ئەو کاتە ئازادی مانایەکی تەواو پێچەوانەی هەیە لە ئازادیی بەمانا گشـــتییەکەی. ئـــەو مانا پێچەوانەیەی ئازادی هیـــچ نییە لە خۆبەســـتنەوەی ژن بە کۆمەڵێ شـــتەوە، کە نەک هـــەر ئازادی ناکەن، بەڵکو ڕێگریشـــی لێدەکەن تـــا ئازادیی بە مانـــا فراوانەکەی بناســـێت. لێرەوە ژنێکی ئـــازاد، ژنێک نییە بە ئارەزووی خۆی ئەو شـــتانە دەکات، کـــە دەیانکات: جلوبەرگ پۆشین، بەکارهێنانی سێکسیانەی جەستە و چونە سەنگەرەوە لـــە دژی بیرۆکەی پیـــاو، یان نێرینە و دەیان شـــتیتر. هەڵبەت هەر ژنێکی ئازاد، ئازادە لە پۆشـــینی جلوبەرگ و بەکارهێنانی جەســـتەی خۆی و هەڵوێست وەرگرتن لە دژی سیستەمەکانی وەک باوکســـالاری و نێرســـالاریدا، بـــەڵام هەرگیـــز ئازادیـــی بەمانـــا فراوانەکـــەی بچـــووک نابێتـــەوە، لە ئاســـتی حەزەکان و ئارەزووەکانـــدا. هـــەر شـــەڕێکی ژن لـــە دژی ئـــەو هێـــز و دەسەڵاتانەی کە ڕێی لێدەگرن بە ئارەزووی خۆی جل بپۆشێت، بـــە ئارەزووی خۆی ڕابوێرێت، یان دژایەتی پیاو بکات، یان لە ســـەنگەری ئەم حزب و لایەنـــی ئایدۆلۆژییەوە پشـــتیوانی بۆ خۆی بەدەســـت بهێنێت، بچوکترە لەو شەڕەی کە پێویستە بۆ

ئازادیی خۆی بیکات..
ژنــی ئــازاد، کەســێکە خۆی لەم شــەڕە بچــووک و لابەلایانە ڕزگار کردووە و شــەڕ لەسەر مافە بنەماییەکان دەکات: مافە دەســتووری و مەدەنی و یاساییەکانی کە ژیانێکی مەدەنیانەی لــە کۆمەڵگایەکی دەستنیشــانکراودا بۆ دەســتەبەر دەکەن، تا بەهۆیانــەوە هــاوکار و بەشــداربێت لە خزمەتکردن بە شــتە هاوبەشــەکان. ژنی ئازاد، ژنی بێ هاوســەر نییە، ژنی ڕووت و قــووت نییە، ژنی مەیخۆر و هەمیشــە ســەرخۆش و ژنێک نییە لەو کاتەشــدا کە هاوســەری خۆی هەیە، هــەر ماوەیەی پیاوێک بۆ سێکســکردن هەڵبژێرێ. ئەمانــە ئەو چەمکانەن بۆ ئازادیــی ژن، کە هێــزە کۆمەڵایەتیە کۆنپارێــز و دژە ژنەکان بەهۆیانــەوە، دەیانەوێــت هەموو جووڵەیەکــی ژن لە درەوەی ڕێگەپێــدراوە کۆمەڵایەتــی و ئایینی و عەشــیرەتییەکان وەک «بەرەڵایــی» و دەرچوون لە عــورف و ئەخلاق لێکبدەنەوە و بەهۆیانەوە ژنان بخەنە قەفەســی تاوانەوە و سەرقاڵیان بکەن تاکــو نەتوانن بیــر لە ئازادیی خۆیان بکەنــەوە. بۆیە، تەنانەت ئەگــەر شــەڕکردنی ژن بــۆ هەریەکێــک لــەم کردەوانە، وەک پێویســتییەکیش بۆ سەلماندنی کەســایەتی خۆی لێکبدرێتەوە، ناکــرێ وەک پێویســتییەک بــۆ ئازادیــی ژن لێکبدرێنــەوە. مەیخواردنەوە و ســێکس و خۆڕووتکردنەوە و جگەرەکێشان، هیچیــان جێگــرەوەی ئازادیی ژن نین و نابێت ژن کۆی وزەی خۆی لە پێناوی ئەمانەدا خەسار بکات و لە ڕێژەی ئەو وزەیە کەمبکاتەوە کە ئەو پێویستیی پێیەتی بۆ ئازادی.

لێــرەوە دەتوانرێ بگوترێ: ژنی ئازاد ژنێکی بیرکەرەوەیە لەو بارودۆخانــەی کە وایانکردووە شــەڕی ئــەو لەگەڵ جیهان و کۆمەڵگا و پیاوســالاری، ببێتە شــەڕکردن لە ئاســتی لابەلادا، نەک لە ئاستی جەرگەی مەیداندا. شەڕی جل و بەرگ و شەڕی ئاڵتوون و زێڕ و شەڕی تەحەکوومکردن بە مووچەی خێزانەوە، هیچیان خودێتی و کەســایەتی بۆ ژن دەســتەبەر ناکەن. ژنی بیرکــەرەوە، بیر لــە پانتاییە لابەلاکان، بیر لــە پەراوێزەکان و بیــر لە بەرەکانــی دواوەی جەنــگ ناکاتەوە، بەڵکــو لەبەرەی پێشــەوەی جەنگەکەدایە و ئەگەر سەرکەوتنێک و قوربانییەک هەبێت، سەرکەوتن و قوربانیی خۆیەتی. ژنی ئازاد، سەرەتا و هەمیشە و بە بەردەوامی شەڕ لەسەر ئازادی دەکات، تا بتوانێ لەســایەی ئازادیدا شەڕ بۆ یەکسانی و کەرامەت بکات و شەڕ لە دژی توندوتیژییە سیاســی و ڕەمزی و یاسایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئایینییەکان بکات، کە هەموویان لە یەک کاتدا و پێکەوە ڕێگرن لەبەردەم ئازادیی ژندا.

بوون بە ژنی ئازاد، هەوڵدانە بۆ دروستکردنەوەی کەسایەتی ژن بە ئاراستەی بەرپرسیارێتی لە ئاست ئازادی و خۆ ئازادکردن لــە هــەر کۆت و بەندێــک، کە ئازادیــی دەخاتە مەترســییەوە. ئالێرەشــەوە، یەکەمین هەوڵەکانی ژن بۆ ئازادبوونی خۆی، بە هەوڵــدان بۆ ئازادی و لە پێناوی ئازادیدا تێپەڕ دەبێت. ژن کە ئازاد نییە بەمانای ئەوەیــە ڕێگر هەن لەبەردەم ئازادییەکەیدا. بــەڵام ئایا ڕێگرەکان کامانەن؟ ئایا ئەو پیاوە کەللەڕەقانەن کە توندوتیژیــی خێزانیــی بەرهەمدەهێنن، یان ئــەو مەلایانەی کە

هەڕەشـــەی بـــەردەوام لە جەســـتە و بوونـــی ژن دەکەن؟ یان ئەو سیاســـیانەن کە بەردەوام مەســـەلەی ژن وەک پاشـــکۆی مەسەلەکانیتر تەماشا دەکەن؟ یان ئەو دەسەڵاتدارانەی بوێریی ئەوەیان نییە پۆستی باڵا بدەن بە ژنان؟ یان ژیانی ماتەریاڵیی کۆمەڵگا کە تەسلیمی سەرمایەداریەتێکی کوێر و دڕندە بووە و پێگەی ژنانی لە کۆمەڵگادا بە قووڕا بردۆتە خوارەوە؟ یان ئەو ڕۆشـــنبیرە پیاوانەی بە درێژایی مێـــژوو، نوینەرایەتی ژنانیان کردووە؟!

لە تێڕوانینێکی خێرادا و لەو گوتاری «ژندۆستییە»ی لە هەرێمی کوردســـتاندا هەیە، لە گوتاری ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و ئاراستە فیمینیســـتییەکانی هەرێمدا، هەموو ئەوانەی پێشوو ناویان هات و شـــتیی تریش، بە ڕێگری سەرەکیی داندراون و لـــەم ڕێگەیەشـــەوە، ژن کراوەتەوە دروشـــمێک و بە قوربانیی کراوە و هەمیشـــە وەک بەقوربانیی بوویێک تەماشای دەکرێت و ئەمـــەش وایکردووە ژنانی ئێمە ببنـــە بوونەوەرانێکی بەناز، کە لە هەموو بۆنە و یاد و مەراســـیمێکدا چاوەڕوان بن نازیان بکێشـــرێت و داوای ئیمتیـــاز و یارمەتـــی و بەزەیـــی و دۆخی ڕیزپەڕیـــان بـــۆ بکرێت و سەرپەرشـــتی بکرێـــن. ئەمە هەمان میکانیزمـــە کە بـــە هۆیەوە و لە دوای کارەســـاتی هەڵەبجەوە، پاشـــگری (شەهید) بەو شـــارەوە لکێنرا و ئەمەش لە تێپەڕینی کاتـــدا وایکـــرد، کـــە لـــە ڕووی ســـایکۆلۆژییەوە، نەوەیەک لە خەڵکی ئەو شـــارە خۆیان وەک قوربانییەکی هەمیشەیی ببینن و چاوەڕوان بن کە دەبێت هەمیشە وەک «حاڵەتێکی تایبەت»

حســابیان بۆ بکرێت. تەنانەت وایلێهاتبوو ئەو گەنجانەی ئەوێ کاتێ لــە زانکۆکانی تــری هەرێم وەردەگیران و دەیانویســت بچنەوە شــاری خۆیان، دابەزاندن بکەن بــۆ پەیمانگا یان هەر شــوێنێکی تــری خــوار زانکــۆ، ئەمکارەیان بە پاســاوی ئەوە دەکرد کە خەڵکی (هەڵەبجەی شەهید)ن، ئەمە لە کاتێکدا لۆژیک پێماندەڵێت و (ئەمەش لە خزمەتی داهاتوویاندایە)، کە هەر بەو پاساوەی خەڵکی هەڵەبجەی شەهیدن، نابێت دابەزاندن بکەن و نابێت دەست هەڵبگرن لە مافێک کە خۆیان بەدەستیان هێناوە، بۆ مافێک کە ڕێگەیان پێدەدرێت.

ژیان لە «حاڵەتی تایبەت»دا ژیانێکە کۆمەڵێ بەرپرسیارێتی لە ئەســتۆی ژن هەڵدەگرێت، کە بۆ ئازادییەکەی پێویســتن: وەک بوێریی، پشتبەخۆبەســتن، دەربڕینــی ڕا و متمانە بەخۆکردن. «حاڵەتــی تایبــەت»، دۆخێکە ڕاســتە لە ژیانــی مرۆڤدا خۆی دەسەپێنێ، بۆ نمونە لەکاتی نەخۆشی و پێویستیی بە ئەوانیتر و سکپڕی و کۆستکەوتن و هتد. بەڵام مانەوە و خۆهێشتنەوە لە «حاڵەتی تایبەت»دا، مەترسیدارە، چونکە ئەو حاڵەتە چەندە تایبەتە، ئەوەندەش زەمینە خۆشدەکات بۆ چێژی بوونە قوربانی و شایانی بەزەیی و بەکەم تەماشاکردن. ژنی ئازاد، بۆی هەیە لە «حاڵەتی تایبەت»دا خۆی ببینێتەوە، بەڵام پێویســتە بزانێت کە ئەو حاڵەتە تایبەتە پێویســتە کورتخایەن بێت. لێرەوە، ژنی ئازاد کەســێکە دەیەوێــت وەک ئەوەی خۆیەتــی هەبێت، نەک وەک ئــەوەی حاڵەتێکی تایبەتی هەیە، کەمئەندامە، یان مێینەیە و شــتی لەم بابەتە. تەنانەت لەو پڕۆژە یاسایانەشــدا کە تیایدا

ڕێکخراوەکانــی ژنان و ئافرەتــان و کۆمەڵگای مەدەنی، داوای چەســپاندنی کۆمەڵێک یاســا بۆ ژنان وەک «حاڵەتی تایبەت»، دەکەن، پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیرێت، کە «حاڵەتی تایبەت» هەمیشــە حاڵەتێکــی کاتیــە و تێدەپەڕێت، نەک هەمیشــەیی و واقیعێکی دیاریکراو.

حاڵەتــی تایبەت لە واقیعــی پراکتیکی و ژیانی کردەییدا، ئەگەر شــیاویش بێــت، لەبــەر ئــەوەی حاڵەتێکــی تێپــەڕە، ئــەوە لە یاســادا نابێت شــیاوبێت، چونکە خزمەت بە کۆی ئەو نەریتی تێڕوانینــە تەقلیدیە دەکات بۆ ژن و مێیینە، کە لەســەر بنەمای نایەکســانیی کولتــووری و ڕەگــەزی و ئایینی و سیاســییەوە دامــەزراوە. هەروەهــا ئــەم حاڵەتە تایبەتــە بەیاســاییکراوە، خزمــەت بە گێڕانەوە و بەرهەمهێنانــەوەی کۆی ئەو تێڕوانین و میکانیزمانــەش دەکات کە لە مێــژوودا کاریانکردووە بۆ بە «نەحس» و «پیس» و ئەفســووناویکردن»ی ژنان و ئەمەش چەکێکی گەورەی نێرســالاریی بووە بۆ ڕەوایەتیبەخشــین بە هەموو توندوتیژییەکانی لە دژی هاوســەر و خوشــک و دایک و کارەکەرەکــەر و مەعشــووقەکانی. ئــەوەی ئەمــڕۆ بەناوی یاســا و داب و نەریتــی کــوردەواری و ئایین و سیاســەتەوە، لــەدژی ژن ئەنجامــدەدرێ و یاســا لێی بێدەنگــە، هیچ نییە لە خزمەتکردنی یاسا خۆی بەو بیروڕایانە و ڕێگەدان بە خاوەن پێگە عەشــیرەیی و ئایینی و سیاسییەکان، تا هەمیشە لە دژی ژن لە کەمیندا بن.

## ■ فۆرمەکانی ڕێکخستن:

وێڕای گشت ئەو تێبینیانەی پێشوو، پێویستە ژنانی ئێمە خۆیان لە گشـــت ئۆرگانیزەبوونێک ڕزگار بکەن کە ئۆرگانیزاسیۆن و ڕێکخستنی پیاوان و نێرینەن، یان لەلایەن پیاوانەوە دامەزراون. ئەگەر ئەم کارە لە ئێستاشدا و بەپەلەش ئەنجام نەدرێت، ئەوە پێویستییەکی ژیانەکی سەرهەڵدانی هەرجۆرە ژنێکی ئازادە.

بەمجۆرەش، ژنی ئازاد کەسێکە خودی خۆی لە هەر فۆرمێکی ڕێکخســتنی پیاوانـــە و نێرانە ڕزگار کــردووە، چونکە لە هیچ یەکێک لەو فۆرمی ڕێکخســتنانەی تا ئێســتا مێژوو بەخۆیەوە بینیــون، مێینــە و ژن تیایانــدا ئــازاد نەبــوون و بگرە کۆی فۆرمەکانــی ڕێکخســتنی پیاوان، لە هەمان کاتیشــدا شــوێنی چەوساندنەوە و ستەمکاریی دژ بە ژنان و منداڵان بوون.

فۆرمی ڕێکخســتنی خێــزان، وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی، دوا نموونــە و تازەترینی ئەو فۆرمی ڕێکخســتنانەی نێرینەیە کە پیاو تیایدا خاوەن ماڵ و خاوەن یاساو خاوەن ژنیشە. پیاو لە خێزاندا، هەر تەنیا بوونێکی جەستەیی و ماتەریاڵی و یاسایی و خاوەندارانەی نییە، بەڵکو بوونێکی ســێمبوولیکیانەی هەیە، کە پێگەی ئەو لە خێزاندا بەرز دەکاتەوە بۆ پێگەی ئەو (پاشا) و (فیرعەون) و (کاهینانەی) لە کۆمەڵگا و شارستانییەتە پێش مۆدێرنەکانــی وەک هینــدی و بابلــی و میســریدا، خۆیان بە ســێبەری خودا و جێگری خودا و خودی خودا، دەزانی. پیاو لە خێزانی مۆدێرندا، هەمان پێگەی سێمبوولیکیانە (ڕەمزییانە) ی هەیــە، کە تا ڕادەیەک لە گشــت کۆمەڵگاکاندا قەبووڵکراوە،

ئەگەرچی ئەم قەبووڵکردنە، ناچاریانەو زۆرەکێشەو لە هەندێک لــە کۆمەڵــگا مۆدێرنــە دیموکراتیکەکانیشــدا ڕەوایەتییەکەی خراوەتە ژێر پرســیارەوە، بەڵام فۆرمێکە پڕە لە توندوتیژییە ڕەمــزی و کەلتــووری و سیاســی و ئابــووری و ڕەگەزی و ئایینییەکان.

فۆرمێکی دیکەی خێزان، بریتیە لە ڕێکخســتنە سیاســییەکانی وەک حــزب، ڕێکخــراوی سیاســی و گــرووپ و کۆمەڵــە و دەستە و تاقمە سیاسییەکان، کە زۆرینەیان لەلایەن پیاوانەوە دامەزراون و ژنان تیایاندا دەبنە ئەندام. ئەگەرچی ئەم فۆرمی ڕێکخستنە لەچاو فۆرمی خێزاندا، بە ڕێژە ئازادانە ترە و بواری پێگەگۆڕینی ژنان تیایدا کراوەترە، چونکە ئەوان تیایدا دەتوانن دەســەڵات و پۆســت و پێگە بەدەســت بهێنن و وەک فۆرمی خێزان هەتا سەر بە (ژن و هاوسەر و شەرەفی مێرد و دایکی منداڵان) نامێننەوە. بەڵام لەناو فۆرمەکانی ڕێکخستنی سیاسیدا مەترسیی دیکە ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە، کە مەترسیدارترن لەوەی لە خێزاندا یەخەیان دەگرێت.

■ **مەترسیی فۆرمی ڕێکخستنە سیاسییەکان بۆسەر ژنان:**

یەکەمیــن مەترســیی، ئەوەیانــە کە نزیکەی کۆی ڕێکخســتنە سیاسییەکان، نێرسەنتەرن و مەرجەکانی نێرینەیی چوارچێوەی گشتیی پێوەندییە ناوخۆییەکان پێکدەهێنن. ئەمەش ژنان ناچار دەکات کە خۆیان لەگەڵ ئەو مەرجانەدا بگونجێنن. واتە دەست لەو خەسڵەت و کاراکتەرانە هەڵبگرن کە ئەوان لە چوارچێوەی ژنبــوون و مێیینەییبوونــدا دەهێڵێتەوە. لــە ڕووی تیۆرییەوە،

شــتێکی بەڵگەنەویستە، کە لە پرۆسەی دروستکردنی ناسنامە و بەخودبوونــدا (Creation Identity and Self realizing)، هــەر جۆرە دەســتهەڵگرتن و وازهێنانێک، لــەو کاراکتەرانەی خودێتی بکەریان لەســەرەوە بەندە، بەمانای دژوەستانەوەیە لــە بەرامبــەر ئازادیدا بۆ خود، وەک یەکەیەکی ســەربەخۆ و بێنمونە و دانسقە (Unique). چونکە ئێمە سەرەتای باسەکەمان بەوە دەستپێکرد کە چەمکی ژنی ئازاد، ئاماژەیە بە پەیوەندیی نێوان ژن و ئازادی بەوجۆرەی کە ژن توانیبێتی ئازادیی بکاتە شێوازی ژیانی خۆی، کە یەکێک لە دەرکەوتەکانی ئازادیی لە ژیانی ژنــدا بریتیە لەوەی چۆن ژن وەکخۆی بمێنێتەوە، نەک ببێتە شتێکی تر، یان بچێتە ژێر سایەی مەرجی ڕەگەزی تر و ئەو هەلومەرجانــەوە کە ڕەگەزی بەرامبەر بە هەر بەڵگەیەک بۆی قووت دەکاتەوە و بەمکارەشــی نەک هەر ســەرهەڵدانی ژنــی ئــازاد دوا دەخــات و ســەرکوتی دەکات، بەڵکو ئازادیی ژنیــش وەک دیاریــی و خێرێک دەخاتــە روو، کە ئەو بۆ ژنی دەستەبەر دەکات.

لەبەر ئەوە، ژنی ئازاد ناتوانێ لە سایەی فۆرمەکانی ڕێکخستنی نێرینەییدا خودی خۆی بێت و کەســایەتی سەربەخۆی هەبێت و ئەمەش دووریدەخاتەوە لەوەی ژنێکی ئازاد بێت.

دووەمیــن مەترســیی لەســەر ژنی ئــازاد لەنــاو فۆرمەکانی ڕێکخســتنی نێرینــەدا، بریتیــە لــە گۆڕانێک کە بــۆی هەیە لە کەســایەتی ژندا ڕووبــدات و بە زیانی مێینەیــی خۆی تەواو ببێت. دەکــرێ ئەم گۆڕانە ناو بنێیــن بەنێرینەبوونی ژن، یان

بەپیاوبوونــی ژن، دیارە مەبەســتمان لــەم دەربڕینە گۆڕانی فەســلەجی و جەســتەییانە نییە، هێندەی ئەوەی مەبەســتمان لە پرۆســەیەکە، کــە تیایدا و بەهۆیــەوە بەهاکانــی نێرینەیی دەبنــە بەشــێک لە کەســایەتی ژن و لــە بیرکردنــەوەی ژندا خۆیــان بەرجەســتە دەکەن تا لە ژن ئامرازێک دروســتبکەن، کــە هەر بۆخۆی ببێتــە بڵندگۆی کەلتوورێکی پیاوســالار، کە ئامانجی یەکەمی بریتیە لە هێشتنەوەی مێیینەیی لە پەراوێزی ئــەو ســەنتەرەدا کــە لــە ڕووی مێژووییەوە، پیــاو داگیریی کــردووە. بەشــێکی پرۆســەی بــە پیاوبوونی ژن لــە ڕێگەی زمان و کەرەســتە و دەربڕینــە زمانییەکانەوەن، کە لە ڕووی مێژووییەوە بە زمان و کەرەستە و دەربڕینی نێرانە و پیاوانە ناسراون و ئامڕازیی بیرکردنەوەی نێرینەبوون بۆ سەلماندن و ســەپاندنی خۆی. بەشــێکی تری ئەم پرۆســەیە لە ڕێگەی ســەپاندنی جۆرەکانی ئەتەکیەتی ئیداری و جلوبەرگ پۆشین و ئەقڵانییەتــی ڕێکخراوەییــەوە دێنــە ئەنجام و لــە ڕێڕەوی بەردەوامیی خۆیاندا، لە کەسایەتی ژن وێنەی پیاوێک بەرهەم دەهێنن، کە خۆی نییە.

**■ دەرچوونــی ژن لــە فۆرمــی ڕێکخســتنی نێرینــەدا، بە چ مانایەکە؟**

دەرچوونــی ژن لە فۆرمەکانی ڕێکخســتنی نێرینەدا، بەمانای دووژمنایەتیکردنیــان نییــە، بەڵکــو بەمانــای دابەشــکردنی کەشــی چالاکیی و فەزای کۆمەڵایەتییــە لە کەش و فەزایەکی تاکڕەهەنــدەوە، بــۆ جــووت ڕەهەند و تەنانەت فــرە ڕەهەند.

کەش و فەزای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێمە تاکڕەهەندە و ئەو ڕەهەندەش بە هەموو خەسڵەتەکانییەوە، لە خزمەتی نێرینەدایە. بوونی مێیینە و ژن، بوونی ژنی ئازاد تیایدا بوونێکی ساختە و موزەییەف و درۆزنانەیە. ئەگەر ژن لە نموونە دیارەکانیشیدا و لە خۆیدا خاوەن شوناس و کەسایەتیش بێت، ئەوە لە فۆرمی ڕێکخستنی پیاوانـدا بوونێکـی کەلتووریانەی لـە کۆمەڵگای ئێمـەدا نییـە و نەبووە و خـاوەن شـوناس و خودێتی خۆی نییە. نمونەکانی وەک عادیلەخانم و ژنانی سەردەمی کۆماری مەهابـاد نمونەی ئەم قسـەیەن، هەرچەندە ئـەوان توانیبویان شوناسێک بۆخۆیان دروسـتبکەن، بەڵام سەردەمەکە هەر بە «خێـزان و هاوسـەر»ی پیاوانی ناودەبـردن. ژنە دیارەکانی دنیای ئەمڕۆشمان یا «دایکی» فڵان، یان «هاوسەر»ی فیسار پیاون، ئەمەش لە کاتێکدا، کە ژن پێویستیی بە کەش و فەزای تایبەتـی چالاکییەکانی خۆی هەیە، نەک وەکو پیاو یان نێرینە، بەڵکو وەکو خۆی، کە بتوانێ تیایاندا کەمترین سانسۆر لەسەر خـۆی دابنێت و لاوازترین جۆرەکانـی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی زەفەری پێنەبەن.

بوونی فەزا و شوێنی تایبەت، هەمیشە پەیوەست و یارمەتیدەرن بۆ دروسـتکردنی ناسنامە و گەشەکردنی خودێتی. لە نزیکەی هەموو کۆمەڵگا تەقلیدییە باوکسالار و پیاوسەنتەرەکاندا و لە گشـت فۆرمەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا، سەنتەری شوێن، هەمیشـە شـوێنی پیـاوان و نێرینـە بووە و ژنـان و منداڵان کەوتونەتـە پەراوێزەوە. فۆرمی ڕێکخسـتنی خێـزان، یەکێکە

لــەو نمونە نوێیانەی، کە دەتوانــرێ بە وردبوونەوە لەوەی چ شــوێنێکی بە ژن بەخشیوە، ببێتە ڕێپیشــاندەرێک تا تێبگەین، ئاخۆ پێش فۆرمی ڕێکخســتنی خێزان شوێنی ژن چۆن بووە، کە بێگومان باشتر نەبووە لەو شوێنەی لە خێزاندا هەیەتی.

پێگەی ژن و شــوێنی ژن لە فۆرمەکانی ڕێکخســتنی سیاسیدا بــە بەراورد بە پێگەی ژن لە خێزاندا، لەوە ناچێت بارودۆخی ژنانی باشــتر کردبێت. ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو دەســەڵاتەی ژن لــە خێزاندا هەوڵی بەدەســتهێنانی دەدات، بە بەراورد بەو دەســەڵاتەی لە ڕێکخراوی سیاســیدا شــەڕی لەسەر دەکات، زۆر ســادەتر و بێ گرێترە. لە فۆرمی خێزاندا، ژن بە زۆریی یــەک مێرد، یان یەک نێرینەی ســەرگەورەی هەیــە. بەڵام لە فۆرمی ڕێکخســتنە سیاسیەکاندا هەر پیاوێک، یان نێرینەیەک، لە پێگەی مێردێک و سەرگەورەیەکدایە بۆ ژن. ژن لە خێزاندا بەهۆی ئەرکە کۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکانییەوە: (پەروەردەکردنی منداڵ و پاراستنی خێزان و پاکڕاگرتنی ماڵ) و بەهۆی ئەرکە بایۆلۆجییەکانییەوە: (منداڵبوون و سێکس)، تا ڕێژەیەکی باش هەم ماف بەدەســت دەهێنێت و هەم متمانە و هەم دەســەڵات و هــەم ئازادی: (ژن دەتوانێ کۆنترۆڵــی ئابووری ماڵ بکات، نۆرمە تایبەتیەکانی خۆی بەسەر خێزاندا فەرز بکات و سنوور بۆ کەللەڕەقییەکانی پیاو دابنێ و سزای بدات: بەهۆی ساردیی سێکسییەوە).

لەکاتێکــدا ژن لە ڕێکخراوە نێرســەنتەرەکانی کۆمەڵگادا، هەم ئەرکــی پەراوێزیی دەدرێتێ و هەم بواری پێشــکەوتنی لاواز

و هێواشــــە و هەم ئاسانتریش دەچێتە ژێر باری سزاوە. ئەمە جگە لەوەی ئەگەر ملکەچی فەرمانەکان نەبێت، ئاسانتر لەلایەن هاوبیر و هاوکارە پیاوەکانییەوە ئابڕووی دەبرێت و ڕابردووی بــۆ دروســـتدەکرێت و لە کۆمەڵگادا چاوشـــکێن دەکرێت. هیچ ژنێک ناتوانێت بە دڵنیاییەوە بێخەم بێت لەو چاوشـــکاندنانەی لەنـــاو فۆرمەکانی ڕێکخســـتنی پیاوانـــدا، چاوەڕوانیی دەکەن، ئەویش بەو هۆیەوە کە پێویســـتە و ئەو چاوەڕوانیەش هەیە، کە ئەو هەمیشـــە خۆی لەســـەر فەرمانی ســـەرووی خۆیەوە، ڕاســـتبکاتەوە و بێتـــەوە ســـەر هێڵـــی بۆدەستنیشـــانکراو. فەرمانی ســـەرووی خۆی، هەمیشـــە فەرمانی پیـــاوان و نێرە دەسەڵاتدارەکانە.

ژنـــی ئازاد پێویســـتە بـــە مەرجەکانـــی خۆیەوە، ئـــەو فۆرمی ڕێکخســـتنە دروســـتبکات، کە تا ئەو پەڕی کەســـایەتی ئەوی تیایـــدا دروســـت دەبێـــت و تا ئەوپـــەڕی کەرامەتـــی خۆی تیا دەپارێزرێت و تا بێکۆتاش تواناکانی ژنی تیا گەشـــە دەکەن و دەتەقنەوە.

فۆرمـــی مێینەیی ڕێکخســـتن، فۆرمێکـــە ژن تیایـــدا ئازادترەو تواناکانی خۆی باشـــتر دەناسێت، وەک لەو فۆرمانەی کە ئەو لە مێژوودا بۆتە ئەندامیان و بەو دۆخەی ئێستای گەیاندووە. فۆرمی ڕێکخســـتنی ژنان، فۆرمێکـــە بوونی ئەوان لە بوونێکی پەراوێـــزی و مشـــەخۆرانەوە، دەکاتـــە بوونێکـــی داهێنەرانە. داهێنانیـــش ئەو بوارەیە کـــە ژن دەتوانێ بەهۆیـــەوە کێبڕکێ لەگەڵ پیاواندا بکات. ژنی ئازاد پێویســـتە ئازاد بێت و داهێنان

بکات و ژنێکیش دەتوانێ داهێنان بکات، کە نەک هەر بۆخۆی ئـــازاد بێــت، بەڵکو پێویســـتە ئازادییەکیش هەبێــت کە ڕێگەی داهێنانی پێبدات.
نابێت ژن پێی خۆش بێت ئەوەی لە مێژووی چەوساندنەوە و ســـەرکــوتــانـــەوە و چـــەپـانـــدنی خۆیدا بەسەری هاتووە، بەســـەر پیــاویشــدا بێت، چونکە ئەم خواســـتە جگـــە لە بەرز ڕاگرتن و بە پیرۆزکردنی پێکهێنەرێکی نێرایەتی، کە بریتیە لە (تۆڵەکردنەوە) و ئەمەش بەشێکە لەو میکانیزمانەی نێرسالاری بەهۆیانـــەوە، ژن بەنێرینە دەکات و دەیمژێتە ناو مێژووەکەی خۆیـــەوە، ئـــاواش زیانێکی گەورە لـــە ئامانجی ئـــەو ئازادییە گشتییە دەدات، کە ژنی ئازاد خەباتی بۆ دەکات.
چەمکی ئازادیی ژن ئاماژەیە بە پەیوەندیی ئازادی و ژن، ئەو کاتەی ئازادیی بۆتە شێوەژیانی کۆمەڵگا و ژنیش سوودمەندە لـــەم ئازادییـــەی، کـــە ئازادییـــە بـــۆ هـــەر تـــاک و گرووپێکی کۆمەڵایەتی تر. ئازادیی ژن، چەمکێک، یان بیرۆکەیەک، یاخود ســـەرەتا و هەنگاوێکی ســـەرەتایی نییە بۆ ئازادکردنی ژن، لە پێش ئازادبوونـــی ئەوانیترەوە. لەبەر ئەوە نابێت ئازادیی ژن، وەک ئیمتیازێـــک لێکبدرێتەوە، کە پێش هەمووان ئەم ئازادییە بۆ ژن دابیندەکرێ و ئەمەش بکرێتە درووشمێکی خێرخوازانە بەسەر ژنانەوە. ئەم ئازادییە بارودۆخێک نییە پیاو، حکومەت، یـــان نێرینـــەش بۆ ژن و مێیینـــەی دابین کردبـــێ، بەڵکو ئەمە ئازادییەکە، کە ژنی ئازاد لە بەرهەمهێنان و دابینکردنیدا بەشدار بووە و ئەمە ئەو بەشەی بەرهەمی شێوە ژیان و خەباتی ژنی

ئازادە، کە تیایدا ئازادییەکەی سوودی گشتیی و بەرژەوەندیی گشتــی دەهێنێتە بەرهــەم. ئەمەش لەو ڕوانگەیــەوە، کە ژنی ئــازاد لە هەمان کات و لە درێــژەی خەباتی خۆیدا بۆ ئەوەی ئازادیی بکاتە شێوەژیانی خۆی، هەوڵیش دەدات ئازادیی ببێتە شــێوەژیانی گشــت کۆمەڵگا و لــە ئازادیی بــۆ یەکڕەگەزەوە دەیکاتە ئازادیی بۆ گشت و بۆ هەمووان.
ژنــی ئازاد هەمیشــە لەگــەڵ پیــاوی ئــازاد هاوبەرژەوەند و هاوخەبات بوون. بۆیە ئەوکاتەی ئازادیی ڕاستەقینە و ئازادیی گشتی دەبێتە ئامانجی تێکۆشانەکان، ڕەگەز نە دەبێتە پێوەر بۆ مەرجی بەشداربوون و نە دەشبێتە پێوەر بۆ بە قارەمانبوونی ڕەگەزێک و خســتنەپەراوێزی ڕەگەزەکەی ترەوە، وەکئەوەی سیستەم و کولتووری نێرســالاری کردویەتی. نابێت ژن پێی خۆش بێت ئەوەی لە مێژووی چەوساندنەوە و سـەرکوتـانـەوە و چـەپـانـدنی خۆیدا بەسەری هاتووە، بەسەر پیــاویشدا بێت، چونکە ئەم خواســتە جگە لە بەرز ڕاگرتن و بە پیرۆزکـردنی پێکــهێنەرێــکــی نێــرایەتی، کــە بریـتـیــە لە (تۆڵەکردنەوە) و ئەمەش بەشێکە لەو میکانیزمانەی نێرسالاری بەهۆیانەوە، ژن بەنێرینــە دەکات و دەیمژێتە ناو مێژووەکەی خۆیەوە، ئاواش زیانێکــی گــەورە لە ئامانجی ئەو ئازادییە گشــتییە دەدات، کە ژنــی ئازاد خەباتی بۆ دەکات و دەیــەوێ لەگەڵ خەباتکارانی تری کۆمەڵگاکەیــدا بیکاتە فەزایەک بۆ ئازادیی ژن و ئازادیی هەمووان.
ئازادیــی ژن هیچ خەســڵەتێکی ژن و مێیینەیــی ناکاتە پێوەر

بۆ سوودمەندبوون و نەبوونی ڕەگەزەکەی تر لەو ئازادییە. ئەوەی لە ئازادیی ژندا پێوەرە، ئازادیی خۆیەتی وەک ئەوەی ئازادییە بۆ هەمووان. لەبەر ئەوە ڕەگەز، لە فەزایەکدا کە ئازادیی ژن هەیە، تەنیا لە ئاستی جەستەییدا دەمێنێتەوە و ئەمەش ئاماژەیە بە جیاوازییە بایۆلۆجیی و سرووشتییەکان، بایی ئەوەش پێویستە ڕەگەز لەسەر ئاستی کولتووری و یاسایی کاڵبێتەوە و لاواز بکرێت، چونکە ئەگەر ڕەگەز لە ئاستی کولتووری و یاساییدا کرایە پێوەر، ئەوە بە مانای ئەوەیە هێشتا ئەو ئازادییە نەهاتووە و هێشتا چەوساندنەوە و جیاکارەیی ڕەگەزیی ماوە. ئازادیی ژن فەزایەکی کۆمەڵایەتییە کە تیایدا ژن وەک تاکەکەس و خودێتی و کەسایەتی ئامادەیی هەیە، نەک وەک ڕەگەزە بایۆلۆژی و جەستەییە ڕووتەکەی، کە لە زۆرینەی کۆمەڵگا مێژووییەکاندا سەرچاوەی چەوساندنەوە و بە مێیینەهێشتنەوەی بووە و ئەمەش ڕێگای تەخت کردووە بۆ ڕەگەزیی نمونەیی و ڕەگەزی باڵا، تا بەو شێوەیە وێنای ژن بکات، کە سەرچاوەی بچووککردنەوە و چەوساندنەوەیەتی.
کەسێتی ژنی ئازاد مەرجی وەدیهاتنی ئەو بەشەیە لە ئازادیی بەشێوەیەکی گشتی، کە تیایدا گشت کەسێکی تر ئازادە. ئەو ئازادییە ئازادییە بۆ هەمووان و ئازادییەکە هەمووان لە خەباتیاندا بۆ ئازادی، هێناویانەتە دی. ژنی ئازاد لە فەزایەکدا کە ئازادیی ژن هاتۆتە دی، کەسێک نییە بە ئەوانیتر بڵێت: «تۆ لە وەدیهێنانی ئازادیدا بەشدار نەبوویت»، وەکئەوەی لە گوتاری سیاسیی دوای ڕاپەڕین و لە کولتووری حزبە

کوردییە چەکدارەکاندا ببووە باو: «تۆ لە شاخ نەبوویت و تۆ پێشمەرگایەتیت نەکردووە!».

### ■ پەیوەندیی ژن و ئازادی:

پەیوەندیـــی ژن و ئازادیـــی و ئازادیـــی و ژن، پەیوەندییەکـــی خاوەندارانـــە نییـــە، بەڵکـــو پەیوەندییەکـــی پەیوەســـتدارانەیە (Relational). پەیوەندیی پەیوەستدارانە بەو پەیوەندیە پێناسە دەکـرێ، کە تیایدا کەسـێتی مرۆڤانەی مرۆڤ ئامادەیی هەیە، نەک پێگەی مرۆڤانە لە ئاست یەکتردا. ئەمەش ئەوە دەگرێتەوە، کـە جەوهەری مرۆڤبـوون دەکرێتە پێوەر لە وەدەسـتهێنانی ماف و ئەرکدا، نەک ڕەگەز و پێگە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و فەرمییەکەی. ئەم وانەیە لە ئەخلاقی گوتاریانەی هابرماسەوە فێربوویـن، کە هەمـووان لە پێکهێنانی نۆرمـە ئەخلاقییەکاندا مافی بەشـداربوونی یەکسـانیان هەیە بەبـێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەزیـی و پێگەکانیان، لـە گفتوگۆیەکی ئەخلاقیـدا. بۆیە لە هەموو پەیوەندییەکی پەیوەسـتدارەکاندا، سـۆژە و جەوهەر، یان سۆژە و بەها، پێناسەی یەکتر دەکەن.

بەمجۆرەش ژنبوون پەیوەسـتە بە ئازادییەوە، و ئازادییش بە ئازادیـی ژندا، لـە ئازادیی تاکڕەگەزییـەوە دەبێتە ئازادیی بۆ گشـت ڕەگەزێک و ئازادیی بۆ هەمـووان وەکئەوەی مرۆڤن. لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە ژنی ئازاد پێشـمەرجێکە بـۆ هاتنە دی ئازادیـی ژن، کەچی جیاوازییەکـی بنەمایی لە نێوانیاندا هەیە: ژنی ئازاد پەیوەندیی ژن و ئازادییە لە ئاستی ئۆنتۆلۆژیکدا و بوونی کەسـایەتی و خودێتـی ژن وەک خودێکی بیرکەرەوە،

وەک مرۆڤێـک، دەبەسـتێت بـە ئازادییەوە و ئـازادی ناختە دەرەوەی بوونی ژنەوە وەک ئەوەی کە هەڵگری ڕەگەزێکە.
لەکاتێکدا ئازادیی ژن، پەیوەندیی ئازادیی و ژن، پەیوەندییەکی مەرجدارە و لەسەر بوونی ئازادییەوە بۆ ژن بەندە. بەمجۆرەش دەتوانین بڵێین: پەیوەندیی ژن و ئازادیی لە ئاستی ئۆنتۆلۆژیکدا پەیوەندییەکی یەکایەتیانەی پەیوەسـتدارانەیە و پەیوەندییە لە ئاستی ناخەکیی و جەوهەریی و بنەماییدا، نە ژن بەبێ ئازادی هەیە، نە ئازادیش لە دەرەوەی ژن دەبێت.
لەکاتێکدا پەیوەندیی ئازادیی بە ژنەوە، پەیوەندییەکی دەرەکییە و پەیوەسـتە بـە کات و شـوێنەوە: مەرج نییە لەو شـوێنەی ئازادیی هەیە، ژن ئازاد بێت، ئەگەر لەو کاتەدا ژنی ئازاد بوونی نەبێـت. ژنی ئازاد گەرانتێکە بـۆ هەبوونی ئازادیی ژن، ئەگەر ئەم گەرانتە نەبێت، ئەوە بۆی هەیە ئازادیی لە شێوەی ئازادیی چەوساندنەوە و ئازادیی بەکاربردن و ئازادیی بازرگانیکردن و ئازادیی کوشـتن و ئازادیی حەرامکردن و ئازادیی فرەژنی و ئازادیـی ڕووتکردنـەوە و ئازادیی داپۆشـینی ژندا بەناوی شـەرەفەوە، هەبێت. ئەمە ئەو جۆرە ئازادییانەن کە لە هەندێ ناوچـەی هەرێمـی کوردسـتان و عێراقدا پراکتیـزە دەکرێن، کـە نـە ئازادین بۆ ژن و نـە ژنی ئازاد تیایانـدا بوونی هەیە، ئەمە ئازادییەکە، کە یاسـاکان و بەرهەمهاتنەوەی بەردەوامی نەریـت و نۆرمە کۆمەڵایەتیە تەقلیدیەکان بەرهەمیان هێناون، تـا لـە سـایەیدا بتوانن بـە جۆرەها شـێوە بـەردەوام بن لە چەوساندنەوەی ژن.

## ■ لە جیاتی ئەنجام:

ئەوەی کە لە عێراق و هەرێمی کوردستانی پۆست سەدام حوسەین و داگیرکاریی ئەمەریکیدا بینیمان و دەیبینین، فۆرمە ژیانێکی ڕزگارییە نەک شێوەژیانێکی ئازاد. لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا و بەشێوەیەکی دانپیانراو، نە ژنی ئازاد و نە ئازادیی ژنمان نییە. بۆ ئەوەی باشتر لەمە تێبگەین، نمونەی ئێران دەهێنمەوە: لەکاتێکدا کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئازادیی ژن بەدی ناکرێت، بەڵام ژنی ئازادمان هەیە. لە پشت بزووتنەوە سێکسگەراکارانی کچانی ئێرانەوە، لە پشت چالاکیی و پرۆتێست و یاخیبوونەکانیانەوە، لە پشت داهێنانەکانیانەوە، لە پشت مافی دەنگدانە ملیۆنیەکانیانەوە، خودێکمان هەیە کە بیرکردنەوەی لە کەسایەتی خۆی و لە ڕێرەوی خەباتیدا بۆ سەلماندنی شوناسی خۆی، هاندەریی سەرەکییەتی. ئەوەی ژنی ئێرانی لە ژنی ناوچەکانیتر جیادەکاتەوە، هووشیارییەتی لە ئاست کەسایەتی و جەستە و دەسەڵاتی خۆیدا، کە دەتوانێت نۆرمی خۆی لە کۆمەڵگادا بسەپێنێ و ببێتە فاکتەر و هێزێکی کۆمەڵایەتی گوشارهێنەر بۆسەر سیستەمی سیاسی، بەبێ ئەوەی لەم خەباتەیدا هەمیشە پێویستیی بە ئەندامبوون هەبێت لە فۆرمەکانی ڕێکخستنی نێرینەدا.

بەڵام لە عێراق و هەرێمی کورستاندا هاندەریی هەر چالاکییەکی ژنان، بەخودبوونی کەسایەتی ژن نیە کە دەبێتە بەگەڕخەری چالاکییەکانی، بەڵکو باڵادەستیی ئایدیۆلۆژیا جیاوازەکانن کە خزمەت بە فۆرمەکانی ڕێکخستنی نێرینە

دەکــەن. ئــەم فۆرمانــەی ڕێکخســتن لەلایەکــەوە، توانیویانە وزەی ژنــان لــە خزمەت ئامانجەکانی خۆیانــدا، بخەنە گەڕ و لەلایەکەی تریشەوە ســەرکەوتنێکی ڕێژەییان لە بەپیاوکردن و بەنێرینەکردنــی ژناندا بەدەســتهێناوە. ژنی ئــازاد لە ئێراندا توانیویەتــی بــەردەوام ئازادیــی ژن بــە بیــری ئێرانییــەکان بهێنێتەوە و بیکاتە هەڕەشەیەک بەسەر ئایدیۆلۆژیای دینسالار و پیاوســالاری شــیعەوە، لەکاتێکدا ئەو ئازادییەی لە عێراقی پۆســت سەدام حسەیندا بانگەشەی بۆ دەکرێ نەیتوانیوە ژنی ئــازاد بەرهەم بهێنێ و بوار بۆ ژنی ئازاد بســازێنێ تاکو بیر لە ئازادیی ژن، لەدەرەوەی ئازادیی مەرجداریی نێرســالاریی، بکاتەوە. ســەرژمێرییەکانی، بە ڕووپۆشــکردنی نانی زانکۆ و دائیــرەکان لە هەرێــم و عێراقدا، ڕێژەی پۆســتەکان، پلەکان، بەشــداریەکان و لــەوەش خراپتــر ژمــارەی دەســتبۆبردن، خۆســووتاندن، کوشتن لەسەر شــەرەف لە عیراق و هەرێمی کوردستانی پۆست سەدام حوسێندا بەڵگەی ئەو راستییەن کە نە نی ئازاد و نە ئازادیی ژن نەبۆتە بەشێک لە واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

لەبەر ئەوە، (ئەمەش ئەنجامێکی کەمێک تاڵ و ناخۆشە، کە لە کۆتایی ئەم لێخووردبوونەوانەدا دەخرێتە ڕوو)، ڕاستەقینەی بوونــی ژن لەم هەرێم و وڵاتەدا تاڵترە لە هەر شــوێنێکی تر: پێویستە ئەوان لە دوو بەرەی پێشەوەی جەنگدا خەبات بکەن: هەم بە ئاراســتەی بوونە خود و بوونە کەس و بوونە ژنێکی ئــازاد، هــەم بە ئاراســتەی وەدیهێنانی ئازادییــدا بۆ ژن. هەم

بە خۆ ڕزگارکردن لە فۆرمەکانی ڕێکخســتنی نێرســالاری و هەم بە خۆڕێکخســتنەوە لە فۆرمی ڕێکخستنی ژنانەییدا. هەم بۆ خۆ ئازادکردن لە مەرجەکانی ئەو ئازادییەی پیاوســالاری وەک دۆزەخێــک پێشکەشــیی کــردوون، هەم بە ئاراســتەی ئاشــتبوونەوە لەگەڵ نێرینە و پیاو، لەو ئازادییە گشــتییەدا کە پێویستە بیهێننە دی و جێگەی پیاویشی تێدا ببێتەوە.
یەک شــت مایەی دڵخۆشییە: ئەگەرچی بەردەوام نێرینە وەک براوەکەی ناو واقیع خۆی ناساندووە، بەڵام هێشتا مێژوو، هیچ ئەنجامێکی ســەرکەوتنی بۆ کــەس ڕانەگەیاندووە. ئەوەی کە مەعلومە ئەوەیە، مێژوو بۆ یەکەمجارە لەم هەرێمەدا دەرفەتی بە ژنان داوە لەو جەنگەدا بەشدار بن و تا ئەو جەنگەش کۆتایی پێنەیەت قارەمانە سەرەکییەکە دەرناکەوێت. بۆیە ژنان بوار و دەرفەتی بوونە قارەمانیان لەبەردەمدایە، ئەگەر هات و بوونی خۆیــان لە بوونێکەوە بۆ پیاو، گۆڕی بــۆ بوونێکی ئازادانە و وەدیهێنانــی ئازادیــی بۆ ژن. ئەوکاتەش مێژوو لەســەرەتاوە و بە شــێوازێکی تر دەنووســرێتەوە. ئەمجارەیان لە ڕوانگەی ژنــی ئــازادەوە، کە لە هەمان کاتیشــدا گەرانتە بۆ ئازادیی بۆ هەمووان و بۆ گشت کەسێکیتر..

# پێوەندیی کورد و تورک

## ئایدیۆلۆژیا و ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیا

## سەرەتا:

لە دەرەوەی هەر کێشە و ململانێیەکی بۆماوەیی و مێژوویی، لەدەرەوەی هەر هاندانێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی، قسەکردن لەسەر پەیوەندیی نێوان میللەتان و نەتەوەکان بەهای خۆی هەیە و بەشدارییەکی سوودبەخشە لە بیناکردنەوەی شارستانیەتێکی مرۆییتر و بەهای تێگەیشتن و پێکەوە هەڵکردن، بەتایبەتی ئەگەر ئەو میللەتانە هاوسێی یەکتر بن و بەرژەوەندیی و مێژوو و ئەزموونی خۆش و ناخۆشیان لەگەڵ یەکتر هەبێت و بیانەوێ میرات و وانەیەکی سوودمەند بۆ نەوەکانیی داهاتوو بەجێبهێڵن. گەورەترین دەستکەوتی مێژوو ئەوە نییە کە لە ڕابردوودا بەدەستهاتووە، هێندەی ئەوەی دەستکەوتی گەورە ئەوەیە لە داهاتوودا بۆی هەیە بێتە

دەســـت. چونکە تەنیا بــە بیرکردنەوە لەم راســـتییە، دەتوانین ژیانێکـــی باش بـــۆ نەوەکانی داهاتـــوو بەدوور لەو کێشـــە و ململانێیانەی لە ئێستادا سەرقاڵیان کردوین و ئەنجامی خراپ حاڵیبوونی میللەتانن لەیەکتر، دابین بکەین.

مـــن زۆر کـــەم لەســـەر پەیوەندیـــی میللەتـــی تـــورک و نەتەوەی کورد قســـەم کردووە. نەمویســـتووە لـــە پەراوێزیی مەترسییەکانی ئایدیۆلۆژیا و بەرژەوەندیی سیاسیەکاندا قسە لەسەر پەیوەندیی و شکۆی گەلان بکەم و ویستی سیاسیی و ئامانجە ئایدیۆلۆژییەکان وەک ڕەنگدانەوەی ئیرادەی میللەتان تەماشـــا بکەم. ئەمەش لەبـــەر یەک هۆکاری ســـادە، میللەتان و نەتـــەوەکان پەیوەندییەکـــی ڕیشـــەیی و قوڵتـــر و مێژوویی تریـــان بەیەکـــەوە هەیـــە لە چـــاو پەیوەندیـــی حکومەتەکان و ئایدیۆلۆژیاکانـــدا. ئەمـــە جگە لەوەی میللەتان لەســـەر خاک و ئاوێـــک دەژین و بەدەســـت و پەنجـــەی خۆیـــان زەحمەت بە ژیانـــەوە دەکێشـــن و بۆ ئەمـــەش لە مێژە لەوە تێگەیشـــتوون کە بۆ ســـەرکەوتن و بەرژەوەندییان پێویستییان بە جۆرێ لە هەڵکردن لەگەڵ یەکتر و پێکەوەژیان و لێبووردەیی هەیە. ئەمە جەبرێکە واقیع بەســـەر مرۆڤدا دەیسەپێنێ. لێرەوە تێکەڵبوون و هاوســـەرگیریی و خێـــزان پێکەوەنان و وەچەخســـتنەوە، لە مێژووی کولتوور و کۆمەڵگاکاندا شـــتێکی زۆر ئاسایی بووە. بـــەڵام ئایدیۆلۆژیا و پڕۆژە ئایدیۆلۆژییەکان هەم تازە و هەم بێڕیشـــەن و هەمیش مەترســـیدار. هەڵبەت هەموو میللەتێک و نەتەوەیەک لە خۆتێگەیشتنێکی تایبەتیی لەسەر خۆی هەیە، کە

مەرج نییە هەمیشـــە بەرەو خۆ(بەباشترزانینی) ئەوانی لەچاو میللــەت و نەتەوەکانیتــری لە پشــتەوە بێت. ئــەو کاتە لەخۆ تێگەیشتن، مەترسیدارە کە دەبێتە ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەت بۆ ئاراستەکردنی ئاپۆرەی خەڵک لە دژی خەڵکانیتر.

■ **ئەزموونێک:**

ســاڵی نەوەد و شــەش بوو کە زانکۆی غۆسکیلەی دانمارک، ناردمــی بــۆ شــاری ئۆکســفۆرد بــۆ بەهێزکردنــی زمانــە ئینگلیزییەکــەم و وەرگرتنــی چەند دەرســگوتارێک لە بواری فەلســەفەدا. بەیانییەک زوو، بە تەنیا گەیشــتمە ئەو شــارە و یەکســەر بەرەو ئەو فێرگەیە چــووم کە تایبەت بوو بە زمان: سانت جۆزیفس هاڵ. لەوێ دوای چاوپێکەوتن و هەڵسەنگاندنی ئاســتی زمانە ئینگلیزییەکەم لــە قۆناغی ٤ دایان نام، بەڵام بۆ نووســین خۆم هاتمەوە قۆناغی دوو، لەبەر ئەوەی هەمیشــە کێشــەی ڕێنووســم هەبوو. ئیتر بەوجۆرە دەبــوو لە ماوەی حەوت مانگدا کۆرســەکە تەواو بکەم، بەڵام من بە دوو مانگ بڕوانامەکــەم وەرگرت و ماوەیەکــی زۆریش دوای ئەوە لەو قوتابخانەیەدا مامەوە، چونکە پارەکەم درابوو. ئەو ماوەیە زیاتر لە ســتۆدیۆی قوتابخانەکە دادەنیشتم و گوێم لە خوێندنەوەی ڕۆمانــی کلاســیکی دەگرت، هەم ڕۆمانەکەم دەناســی و هەم ئینگلیزییەکــەم بەهێزتــر دەکرد، پاشــانیش لــە کتێبخانەکەدا کتێبگەلێکی زۆری لێبوون و چاوم پێدا دەگێڕان.

لــەو پۆلــەدا کە مــن زمانم تیــا دەخوێنــد، گەنجانــی ئێرانی، ئیتالــی، ڕۆمانــی و تــورک و عەرەبیشــی لێبــوون. هــەر

بۆیـــەش مامۆســـتاکانمان چ وەک بەشـــێ لە یەکتر ناســـین و چ بۆ بەهێزکردنی زمانی قســـەکردن بـــە ناچاری هەر یەکەی ســـیمینارێکیان پێدەکردیـــن لەبـــارەی نەتـــەوە و کولتـــوور و مێژووی خۆمانەوە. من چوارەم کەس بووم و دەبوو ئەو کارە ئەنجام بدەم، لە دانمارکیش زۆرجاران ئەو جۆرە سیمینارانەم ئەنجـــام دابوون و دەمزانیی کـــە دەبێت چ تەکنیکێکی گەیاندن و خۆچڕکردنـــەوە بـــەکار بهێنـــم. بـــەڵام کێشـــەکە ئەوەبـــوو، دەبوو ئەمجارەیان قســـە بۆ کەســـانیی جیاواز بکەم و باســـی گەلەکەمیان بۆ بکەم. لە دانمارک ئەم کێشەیەم نەبوو، چونکە ئەوان میللەتێکی جێگیر و هۆمۆگین و گونجاون و مرۆڤ پاش ماوەیەک لە مانەوە لە وڵاتەکەدا دەزانێت دەبێت چۆن قسەیان بـــۆ بکات بەبێ ئـــەوەی بێتاقەتکەر بێت، بـــۆ ئەوەی وەک ئەو نوکتەیەی لێنەیەت، کە بەسەر هاوڕێیەکی پەنابەرمان هاتبوو. بـــا نوکتەکە بگێڕمەوە: برادەرێک شـــەوێک لە باڕێکدا خانمێک دەناســـێت و دەکەونە قســـە کردن، برادەرەکە بە تێگەیشـــتنی خـــۆی وا بیـــر دەکاتـــەوە ئەگـــەر باســـی پارچەپارچەبوونـــی کوردستانی بۆ بکات، سەرنجی زیاتر رادەکێشێت. بەڵام دیارە خانمەکە پێشـــتر چەند جارێک ئەو چیرۆکەی بیستووە و پێی دەڵێت: گوێ بگرە، ئەزانم وڵاتەکەی تۆ بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشـــکراوە، دەزانم ئێوە بە چەند زاراوەیەک قســـان دەکەن، دەزانم شـــلەوبرنجتان لەلا خۆشـــە، دەزانم لە ئێران و عێراق و ســـوریا و تورکیا، چەند ملیۆن کەسن، بەڵام ئەوانە هیچیان سەرنجی من وەک ژنێک ڕاناکێشن..

من، لە ئۆکسفۆرد، لەبەردەم هاوپۆلەکانمدا دەبوو سەرنجیان ڕابکێشم و شتگەلێکیان بۆ باس نەکەم، کە پێشتر بیستبێتیان. لەبــەر ئەوە، لایەنــی مێژوویی و سیاســیەکەم کەمکردەوە و زیاتر خۆم لەسەر فرەکولتووریی لە کوردستاندا چڕ کردەوە، کە ئەوسا ئەم بابەتی فرەکولتووریە سەرنجی ئەوروپاییەکانی زۆر ڕادەکێشا، ئەمەش بەو هۆیەوە، کە توێژینەوەکان جەختیان لەســەر پارادایمێکــی کولتووریی نــوێ لە وڵاتانــی ئەورپادا دەکردەوە و قســەیان لەســەر ڕۆڵی پۆزەتیڤــی پەنابەران لە گۆڕینــی کولتــووری تاکڕەهەنــدا بۆ کولتووریــی فرەڕەهەند دەکردەوە.

لــە باســکردنی لایەنــە مێژووییەکەیدا و بەتایبەتیش لەســەر باکووریی کوردستان هەر ئەوەندەم گوت کە لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتــی مۆدێــرن لە تورکیــا، ئایدیۆلۆژیــای تۆتالیتاریانەی بــە تورککــردن دەســتپێکرد و ئەمــەش تەواوکــەری هەمان ســتەمی دەوڵەتی عوسمانیی بوو لەسەر و لەدژی کوردەکان. گوتیشم، کە سیاسەتی عوسمانیەکان بەناوی ئایینەوە لە دژی کوردەکان، لە سیاســەتی ئەتاتورک بەناوی مۆدێرنیتەوە، جیا ناکرێتەوە و درێژبوونەوەیەکی ئەخلاقیی و ئایدیۆلۆژیی بۆ بە پەراوێزخستن و سڕینەوەی کوردەکان لە ئارادا هەیە. پاشان، جەختم لەوە کردەوە، کە من بەپێی ناسینم بۆ میللەتی تورک، ئەم سیاســەتە تەنیا بە سیاسەتی حکومەت و دەوڵەتی تورکیا دەزانم، نەک هی خەڵکەکەی..

قوتابییەکان زۆر پرســیاریان لێکــردم، بەڵام ئەو دوو قوتابیە

تورکەی لە پۆلەکەدا بوون و پێشــتریش زۆر نێوانمان خۆش بوو، گوتیان حەز دەکەین دوایی لە دەرەوە بتبینین.
کاتــێ خەریکــی پێچانــەوەی کتێــب و دەفتەرەکانــم بــووم، مامۆســتاکەم (لوســی) هاتــە لام و گوتــی نابێت لــە دەرگای ســەرەکییەوە بچیتــەوە ماڵەوە و پێویســتە لەگــەڵ من بێیت. ئیتــر بردمی بــۆ ئیــدارە و بڕیاریاندا کە ئــەو بمەگەیەنێتەوە بۆ شــوێنی حەوانەوەی خــۆم. لە ڕێگا، کاتــێ ئۆتۆمبیلەکەی دەهاژووشــت، بــۆی گێڕامەوە کــە چۆن ئەوانە بــە چەقۆوە لەبەردەمــی قوتابخانە بۆمن دانیشــتوون و چەند هاوڕێیەکی دیکەی خۆشیان کۆکردوونەتەوە. کاتێکیش مامۆستاکە زانی، کە ئەوان شــوێنی حەوانەوەی من پێدەزانــن، تەلەفۆنیکرد بۆ ئیدارەی قوتابخانەکە و پێکەوە بڕیاریاندا، کە من بەرێتەوە بۆ ماڵی خۆی و ئەو شەوە نەچمەوە هەواری خۆم..
لوســی، تەواو شپرزە ببوو. هەمیشەش پرسیاری لێدەکردم و دەیگــوت: بەڵام ڕێبوار تۆ هیچی ئەوتۆت نەگوت، تا ئەوان بە شەخسیی وەریبگرن..
ئەوشــەوەم لە ماڵیی مامۆســتا لوســی، کــە خانمێکی تەنیای بوودایــی بوو، تێپەڕاند، بەڵام بۆ بەیانی ئیدارەی قوتابخانەکە ئــەو قوتابیــە تورکانــەی بانــگ کــردن و بەڵێننامەیەکــی پێ پڕکردنەوە کە ئەوان مەسئولن لە هەر شتێک بەسەر من بێت. لەوەودوا، تەنیا مەرحەباییەکی ساردمان لە نێواندا ما، ئەویش بەردەوام من دەستپێشخەریم دەکرد..
هەردوو قوتابییەکە تەمەنیان لە ســەرەتای بیســتەکاندا بوو،

هەردووکیشــیان وەکــو من قوتابیــی زانکۆ بــوون. ئەمانە لە دوایین نەوەی تورکیای مۆدێرن بوون. کاتێ بیرم لەم ڕاستییە دەکــردەوە، بەزەییم بە میللەتێکدا دەهاتەوە، کە ڕەنگە جگە لە ملکەچییەکی کوێرانە بۆ سیاســەتگەلێکی رەگەزپەرستانە، کە لەمیانەی ســاڵەکاندا بەســەریدا ســەپێنراوە و لە هابیتۆس و خووی چەندین نەوەدا لە ڕێگەی سیستەمێکی پەروەردەیی و سیاســیی تۆکمەوە، فێری کراوە، هیــچ گوناهێکی تری نەبێت. لەم ڕوانگەیەشــەوە هەســتم بەو مەترسیانە دەکرد کە ئێمەی گــەلان و نەتەوەکانــی خۆرهەڵاتیــی ناڤین، تا پاشــەڕۆژێکی دوورودرێــژ دەبێــت باجەکەیــان بدەیــن و ببینــە قوربانیــی بیرکردنــەوەی دەســتەبژێرێکی سیاســی و بیــر تەســک و سوپاســالار، کە داهاتوو لە دۆستایەتیی نەتەوەکان و گەلاندا نابینین. نمونەکان زۆرن:

- هەتا ئێســتا لە تورکیــا، کوردبوونی یەشــارکەمال قەبووڵ ناکرێت،

- هەتا ئێســتا ئیسماعیل بێشکچی ســزای ئەو دۆستایەتییەی دەدات کــە لە نووســینەکانیدا بــۆ کوردەکان و کێشــەکەیان، دەریبڕیوە.

- ئەحمــەد کایا، کاتێ کوردبوونی خــۆی ڕاگەیاند، کۆمەڵگای تورکیا و کایەی هونەریی ئەو وڵاتەی تووشی شۆک کرد.

### ■ لە خراپحاڵیبوونەوە بۆ رەگەزپەرستی:

ڕقهەســتان و پیشــاندانی پەرچەکــرداری رەگەزپەرســتانە و ئەویتر نەویستانە، لەسەر ئەم جۆرە شتانە، نیشانەی یەکەمی

سادەیی و نزمیی ئاستی بیرکردنەوەیە. هەموو مرۆڤێک مافی خۆیەتی خۆی بەو ناوەوە ناو بەرێت، کە سەربەڕەگەزەکەیەتی. هەموو مرۆڤێک مافی خۆیەتی پشتوانیی ئەخلاقیی و زانستیی و ویژدانــی مللەتــان و مرۆیەکانیتــر بکات، هەموو کەســیش بــۆی هەیە بەو زمانــە گۆرانیی بڵێ، کە بــە زمانیی زگماکیی خــۆی دەزانێت. لەبــەر ئەوە، کاتێ ئایدیۆلۆژیایەک لە ئاســت ئەم کردە و گوتە ئاســاییانەی کەسانێکدا، پەرچەکرداری توند لە ڕێگەی پەیڕەوکارەکانیەوە دەنوێنێ، نیشــانەی ســادەیی و نزمیــی ئاســتی بیرکردنەوەیەک لە خۆیدا پیشــاندەدات. بەڵام هــەر ئەمەش مەترســیداربوونی ئاشــکرا دەکات. چونکە ئەم جــۆرە ئایدیۆلۆژیــا ڕەگەزپەرســتیانە مــرۆڤ زیاتــر بەرەو بیرنەکردنەوە هاندەدەن و بەو درۆیانە چاوبەســتیان دەکەن، کە ناهێڵن ئەوان ڕاستەقینەکەیان، ببینن..

داپۆشین و شاردنەوە، بەشــێکی گرنگیی میکانیزمەکانی هەر ئایدیۆلۆژیایەکن. بۆیە لە پێناسەکردنی زاراوەی ئایدۆلۆژیادا، هەر ئەوەندە بەس نییە بگوترێ: ئەم چەمکە لێکدراوی وشەی ئایدیا، بە واتای بیرۆکە و لۆژیک بە مانای ژیریی و دانایی و پێکەوە مانای ئەقڵییەتێک دەگەیەنێت کە بیرۆکەیەک ئاراســتە دەکات، یــان بیرۆکەیــەک کــە بەشــێوەیەکی لۆژیکیانە خۆی بەرجەســتە دەکات. ئەم پێناسە زمانیە بۆ چەمکی ئایدیۆلۆژیا دادمــان نــادات، ئەگــەر لە هەمــان کاتدا، بونیادی وشــەکە و ئەو نییەتمەندییەی بۆی دروســتبووە و لە ڕێگەیەوە ئاڕاستە دەکرێت، نەدۆزینەوە.

## ■ سرووشتی ئایدیۆلۆژیا ڕەگەزپەرستییەکان:

لە هەناوی ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستیەکاندا، بیرکردنەوەیەکی دژەمرۆڤانە هەیە، بیرکردنەوەیەک، کە مرۆڤ وەک گەمژەیەک و نــەزان و بیرنەکەرەوەیــەک وێنــا دەکات تا بتوانــێ بیکاتە ئامڕازی گەیاندنی پەیام و مەبەستەکانی خۆی. ڕەگەزپەرستی، بەم مانایە بیرکردنەوە نیە، چونکە لەخۆیدا وەک (بیرکەرەوە) تەماشای مرۆڤ ناکات. هەر بۆیەشە لە هەر ئایدیۆلۆژیایەکدا کە بیرکردنەوەی بیرکەرەوە ڕەتدەکرێتەوە، خودی بیرکەرەوە، دەکرێتە یەکەم ئامانج و قوربانیی و لە جەوهەرە مرۆییانەکەی خۆی دادەماڵرێ تــا بکرێتە قاوغێک، یان گەرووویەکی درۆزن بۆ وتنەوەی ئەو قسانەی خۆی بیریی لێنەکردوونەتەوە.

مرۆڤی ئایدیۆلۆژی باوەڕ، یان ئایدۆلۆژیی پەرســت، مرۆڤێکە شــایانی هاوکاریــی و بەزەییــە، چونکە ئــەو نازانێت کە ئەو ئایدیۆلۆژیایــەی ئــەو هەڵگرییەتی و بەناوی ڕاســتەقینەوە لە خودی ئەودا قسان دەکات و پەرچەکرداری پێدەنوێنێ، بۆخۆی تێڕوانینێکی دژەمرۆڤانەی هەیە. لەبەر ئەوە ئایدیۆلۆژیا سەرەتا، مرۆڤ لــە هەر جۆرە پێوەرێکی مرۆڤبــوون بەتاڵدەکاتەوە و داگیریی دەکات، تا بیکاتە ئامڕازی دەستی خۆی و پڕی بکاتەوە بەو پەیامانەی، کە بۆ پیشاندان و سەلماندنی ڕاستەقینەکەیان، پێویستە سەرەتا هەر راستەقینەیەک بسڕدرێتەوە.

ئایدیۆلۆژیا لە دەرەوەی بیرکردنەوە، بیرکردنەوە بەکاردەهێنێ بۆ وێرانکردن و داڕمان، بەڵام لە پێش هەموو شتێکدا وێرانکردنی بیرکردنــەوە و بکەری بیرکەرەوە. مەترســیی ئایدیۆلۆیا هەر

لــەوەدا نییــە، کە بۆ ماوەیەکی کورت یــان درێژ، حەقیقەت لە تاکەکەسەکان دەشارێتەوە. بەڵکو مەترسییەکەی لەوەدایە، کە کەسایەتی تاکەکەسیش بەبا دەکات و دەیهێنێتە سەر ئاستێکی نــزم لە هزرین، کــە وا بزانرێت ئــەوە بیرکردنەوەیە لە ئەودا ڕوو دەدات..

با نمونەیەک لە دنیای بازرگانییەوە بهێنینەوە، ئەمڕۆ پەیوەندیی بازرگانیی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا لە برەودایە. ئەم پرۆســە و پەیوەندیە بە بێ بوونــی ئایدیۆلۆژیا ئیمکانیی نییــە. لە بازاڕەکانی هەرێمدا، فرۆشــیارەکان (تورکییبوون)ی کەلوپەلەکانیــان، وەک دەســتکەوتێک بۆ کڕیــار و وەک وتنی (ڕاســتەقینە)یەکی باش لە بەرژەوەندیی ئەواندا دەخەنە ڕوو. کــە دەگوترێ (ئەم شــتە تورکیە)، ئەم کراســە، ئەم قاتە، ئەم پێــڵاوە، ئەم قاوەیە، هەمــوو ئەمانە وەک ڕاســتەقینەیەک بۆ بیرخســتنەوەی نەوعییەتــی شــتەکە و کراســەکە و قاتەکــە و پێڵاوەکــە و قاوەکــە دەخرێنــە ڕوو، بەبێ ئــەوەی بزانرێ ئەمە ڕەواجدانە بە شــتێک و قاتێک و پێڵاوێک و کراســێک و قاوەیەک، کە تورکییبوونەکەی گرانتی نەوعیەتەکەیی و مەرجە تەندروســتیەکانی نییە. بەڵام ئایدیۆلۆژیا ئەم ڕاستەقینەیەمان لێدەشارێتەوە و تورکیبوونەکە وەک گەرانتی نەوعیی دەخاتە ڕوو.

بەمجــۆرەش، ئایدیۆلۆژیــا لــە ژێــرەوە و لــە ســەرەوە و لە هەرچوارلاوە کاری خۆی دەکات و هیچ لۆگۆیەک، کارگەیەک، کەرەســتەیەک، خواردنگەیــەک و تەنانــەت دەستەســڕیکی

کلێنکسـیش نییە، کە لووتـی خۆمانی پێپـاک دەکەینەوە و لە تەوالێتدا قوونی خۆمانی پێدەسـڕینەوە، ئەرکێکی ئایدیۆلۆژی جێبەجی نەکات. چجای ئەوەی بەشـێوەیەکی سیستەماتیک و لـە ڕێگەی میدیـا و قوتابخانە و ریکلامەکانـەوە، ئایدیۆلۆژیا دزە دەکاتـە ناخمانـەوە بەبێ ئـەوەی بتوانیـن بەرگریی لەم داگیرکارییە بکەین.

**■ وەڵامدانەوەی ئایدیۆلۆژیا بە هوشیاری:**

وەستانەوە لە دژیی ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتی وەک ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستانەی تورکیی، بە بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆژیایەکی هاوشـێوەی کوردیانە نابێت. گەورەتریـن ئامانجی ئایدیۆلۆیا ڕەگەزپەرسـتەکان، بەرهەمهێنانی ئایدیۆلۆژیای هاوشـێوەی خۆیانـن تا بتوانن لەپاڵ ئـەوەدا ڕەوایەتی بە تێزەکانی خۆی بـدات و بەردەوام بێت لە داگیرکاری و شـێواندنەکانی و لەو ڕێگەیەشەوە، چاندنی ڕق و کێنە لە نێوان نەتەوە و گەلاندا..

دژوەسـتانەوەی ئایدیۆلۆژیا بە رەخنەی ئایدیۆلۆژیا دەکرێت. ڕەخنەی ئایدیۆلۆژیا بریتیە لە هووشـیارییەکی فەلسەفیی کە توانای جیاکردنەوەی ڕاستەقینە لە درۆ، جەوهەر لە نیشانە و وێنە لە بابەتمان بداتێ. تەنیا بە هووشـیاربوونەوە دەتوانرێ جـادووی ئایدیۆلۆژیـا و پاکژییە نومایشـیی و ڕواڵەتیەکەی، بدۆزرێتـەوە و ئاشـکرا بکرێـت و پووچ بکرێتـەوە. ڕەخنەی ئایدیۆلۆژیا، ئامانجی هەر بیرکردنەوەیەکە، کە دەتوانێ شوناس لە توانەوە ڕزگار بکات و جیاوازیی بخاتە جێگەی ستەمکاریی و تواندنەوە. بیرکردنەوە لە ئایدیۆلۆژیای ڕەگەزپەرستانە، بە

دامەزراندنــی ئایدیۆلۆژیایەکی ڕەگەزپەرسـتانەی هاوشـێوە چارەســەری کێشــەکانی ئێســتا و داهاتــوو ناکات. ئێســتا و داهاتوو، بەرهەمهێنراوێکی ئایدیۆلۆژین، بەڵام ئێمە دەمانەوێت پەیوەندیە ئایدیۆلۆژییەکان بکەینەوە بە پەیوەندیی سوودمەندی مرۆیی.

من کاتێ ئیشم دەکەوێتە لای وەستایەکی تورک، کە هاتووە لە وڵاتەکەمدا کار بکات و بژێوی خێزانەکەی پەیدا بکات و دەبینم کارەکەی بە باشــی ئەنجام دەدات، ئیتر ئەمە نابەســتمەوە بە تورکبوونــی ئەوەوە، بەڵکو کواڵیتەی کارەکەی دەبەســتمەوە بــە جیدیەتی ئەو لــە ئەنجامدانــی کارەکەیــدا و بەکارهێنانی مەهارەت و شارەزاییە پیشەییەکانی. بۆ من ئەو وەستایە، پێش هەموو شتێک مرۆڤێکە، کە پێویستم بەوە لەو دیو ئەو گوتارە ئایدیۆلۆژییەی ئێمەی لەیەکتر دابڕ کردووە بیناسم و لەیەکتر تێبگەین. لێرەوەیە، کە ئیتر من ئەو بە نوێنەری ئایدیۆلۆژیا و سیاســەتێک نابینم کە بەرنامەیەکی دژ و نامرۆڤانەی هەیە لە ئاست کوردەکانی باکور و کێشەی کوردا بە گشتی. ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی ئەو وزەیەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە یەکتر بناسینەوە و لەیەکتر تێبگەین لە میانەی پەیوەندیەکانماندا، نەک ئەو ڕستە ئایدیۆلۆژیانە بکەین پێوەر بۆ ناســینمان لەسەر یەکتر، کە لە میدیاکاندا ڕووخسارمان دەشێوێنین..

# شتێ لەبارەی قەسابخانەکەی میانمار لە بۆرما

■ **سەرەتا:**

ماوەیەک لەمەوبەر هاوڕێیەک بە گلەییەوە بۆی نووسیبووم: ئەوە چۆنە من لەبارەی هەموو شتێکەوە دەنووسم، کەچی ئەو قەسابخانەیەی لە بۆرما بۆ موسوڵمانان دروستکراوە، سەرنجم ڕاناکێشێت! ئەو نەیدەزانیی من هێشتا لە شۆکی ڕووداوەکەدام و نامەوێت بەسەر پێی لەبارەیەوە قسان بکەم، منیش نەمدەزانیی کە هەمیشە ڕووداوەکان بیرکردنەوەمان لە شوێنێکەوە دەهەژێنن، کە خۆشمان نازانین سەرچاوەکەی چییە. سوپاسی ئەو هاوڕێیە دەکەم، کە دەزانم لە هەستی مرۆڤانە و کوردیانە و باوەڕداریانەیەوە ئەو چاوەڕوانییەی لە من هەبوو..

■ **ڕووداوەکە:**

بۆرمـــا هیچکاتێک بێ توندوتیژیی نەبـــووە. جۆرج ئۆرویل لە یەکێ لە بەرهەمەکانیدا، کە ساڵەها لەوەوپێش خوێندومەتەوە، بـــە جوانـــی بەرجەســـتەی ئـــەو توندوتیژیـــی و ململانێیـــەی کردووە. ئەو وڵاتە لەبەر پێشـــینە کۆلۆنیالیســـتەکەی لەلایەن بەریتانیاییەکانـــەوە، هەرگیـــز بێ کێشـــەی ئایینـــی و ئەتنیکی نەبووە. ئەمەش یەکێکە لە دیارترین پاشکەوتەکانی کۆلۆنیالیزم کـــە بۆتە هۆی پیســـکردنی ژینگەی پێکەوەژیانـــی کولتوور و ئایینەکان، هەروەکچۆن فۆرمە داگیرکاری و کۆلۆنیالیستەکانی ئێســـتاش ژینگـــەی هەناســـەدان و کەشـــوهەواو ئەتمۆســـفێر پیـــس دەکەن. کۆلۆنیالیـــزم لە فۆرمە ســـەرەتاییەکەیدا، ژینگە پیســـکەر نەبووە، بەڵام پەیوەندیە لۆکاڵییەکانی نێوان گەلان و ئاییـــن و کولتوورەکانی ژەهراوی دەکردن. بۆیە بۆرما، باجی ئـــەو ژەهراویی بوونـــە دەدات و لەگەڵ ئەوەشـــدا بزووتنەوە ئاشـــتیخوازەکان هەرگیـــز بـــەم ناوچەیە نامۆ نەبـــوون. هەر لەبەر ئەوەش خانمەژنێکی ئەو وڵاتە خەڵاتی نۆبڵی بۆ ئاشتی وەرگرتووە.

بەڵام ئەو قەسابخانەیەی ماوەیەک لەمەوبەر و تاکو ئێستاش، بۆ لەناو بردنی مســـوڵمانانی هەرێمـــی میانمار خراوەتە گەڕ، بێنمونەیە. توندوتیژیی و شـــەڕانییەتێک، کە مرۆڤ دووچاری شـــۆک دەکات. ســـەرەتای تەقینەوەی ڕووداوەکە لە کوشتنی کچێکی بوودایی بە دەســـتی دوو مســـوڵمان دەستپێدەکات و ئەمجـــا تۆڵەکردنـــەوەی گرووپێکـــی بوودایی لە مســـوڵمانان،

لەوانەی دوورونزیک پەیوەندییـان بەو ڕووداوەی یەکەمەوە نەبـووە و بێگوناهـن. بـەڵام ئایا کێشـەکە لـەو ڕووداوەوە دەستپێدەکات؟ بە بڕوای من سرووشتی ڕووداوەکە شتیترمان پێدەڵێت، شـەڕانییەتی پشتەوەی قەسـابخانەکە بەدیارخەری توانـای ئیرادیانـەی مرۆڤە بـۆ وێرانکردن و کوشـتن، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو فیلتەرە ئایینیانەی بکووژ هەیەتی.

■ **خوێندنەوەی ڕووداوەکە لە چەند خاڵێکدا:**

یەکەم شت کە من لەم ڕووداوەی دەخوێنمەوە، ئەوەیە میانمار، کە لەسـەدا بیسـتی مسوڵمان و لە سـەتا حەفتای بوودایی و ئەوانیتریش سـەربەئایینی ترن، وەک ئایینی مەسـیحی، وڵات و هەرێمێکی فەرامۆشـکراوی جیهانـی ئەمڕۆیە. گلۆباڵیزم و جیهانگەرایی هێشـتا نەگەیشتۆتە زۆر شوێن و زۆر ناوچە لە جیهاندا هەن، کە لـەدەرەوەی جیهانگەرایی دەژین. گلۆباڵیزم چەندە سـنوورەکان دەکاتەوە، ئەوەندەش بەپەراوێز دەخات، ئەوەنـدەش قوربانیـی و مـرۆڤ و کولتـووری لەبیرکـراو دروسـتدەکات. ئەمـە لۆژیکـی جیهانیـی نوێیـە: ئەگـەر لـە چوارچێـوەی جوگرافیـای جیهانگەراییـدا بێـت، بـۆی هەیە سـەیارەی فریاکەوتنت بگاتێ و ببرێی بۆ نەخۆشخانە، ئەگەر لـە دەرەوەی ئەو جیهانە بیت، دەبێتـە قوربانیی و بە تەنیایی دەمێنیتـەوە. ئێمە بەهـۆی ئەو ڕاگەیاندنە بـاوەی کە هەیە و تەنیـا هەوڵـی ئـەو دنیایەمان بـۆ دەگوێزێتەوە، کـە دەچێتە چوارچێـوەی گلۆباڵیزمـەوە، وا دەزانیـن جیهـان هـەر تەنیا لـەو وڵاتانە پێکدێت، کە ڕۆژانە لە هەواڵەکانەوە دەیبیسـتین.

گلۆبالّیزم چەندە دیدی ئێمەی لەسەر جیهان کردۆتەوە، ئەوەندەش ئەو بەشەی جیهانی لێشاردوینەتەوە کە هێشتا دەستی گلۆبالّیزمی نەگەیشتۆتێ.
دووەم شت ئەوەیە، کە ڕقی پشتەوەی ئەم ڕووداوانە، ڕق و قینەیەکی کەلّەکە بووە و ئەنجامی کوشتنی خانمەکە بەدەستی مسولّمانان نییە، هێندەی ئەوەی ئەنجامی کەلّەکەبوون و چڕبوونەوەی ڕقی کەسەکانە لە یەکتر، کە سەر بەئایینی جیاوازن. ئەم خالّە لە ڕوونکردنەوەی بنەما جەوهەرییەکەی شەڕانییەت و ئەهریمەنزیمی سەرەتایی بوونی مرۆڤدا، یارمەتیمان دەدات. مرۆڤ بوونەوەرێکی نەک هەر شەڕانییە، بەلّکو سەرسووڕهێنەریشە لە بەرجەستەکردنی شەڕانییەتی خۆیدا. هیچ ئاژەلّێک هێندەی مرۆڤ ناتوانێ بەرجەستەکەری شەڕانییەت بێت. هیچ ئاژەلّێکیش ئەوەندەی مرۆڤ بەشەڕانییەت، ناشیرین، سووک و بەتالّ نابێتەوە لە مرۆڤبوون. ڕۆحێکی قەبیلەیی مرۆڤی داگیر کردووە، فرۆید لەمەدا ڕاستیی گوتووە، کە شارستانییەت لە ڕووپۆشێک، یان ماسکێک زیاتر نییە کە مرۆڤ بەهۆیەوە دڕندەیی غەریزەیی و زگماکیانەی خۆی دەشارێتەوە.
سێیەم خالّ کە من لەم ڕووداوەوە تێیدەگەم، ئەوەیە کە کولتوور، یان ئایین و ئەبێ و نابێکانی، هیچکاتێک ناتوانن و نەیانتوانیوە فیلتەرێکی ئەخلاقیی یەکلاکەرەوە بۆ بڕوادارانیان دابنێن، تا دووریان بخەنەوە لە کوشتنی ئەویتر بەدوور لە میزاج و سرووشتی جەوهەریانەی مرۆڤ خۆی.

فیلتەرە ئەخلاقیەکانی ئایین لە مێژووی گشت ئایینەکاندا کاتێ ویســتبێتی ســنوور بۆ بڕواداارنی دابنێ، شکستی خواردووە و توانای غەریزەیی مرۆڤ بۆ شــەڕانییەت، باڵادەســت بووە بەسەر ســنوورە کولتوورییەکاندا. مێژووی ئایینی یەهوودی، مەســیحی و ئیسلام پڕن لە کوشتوکوشتاری مرۆڤانە بەناوی ئایینەکانیانــەوە. ئاشــتیی لــە ئایینەکاندا ڕیزپەڕێکــی، یان لە ڕێسابەدەرێکی (استثناء) کولتووریە، نەک ڕێسا (قاعیدە)یەکی ئیمانــی! ئەمە ئەو خاڵە ناســک و مەترســیدارەی بەشــداریی ئایینەکانــە لە تەواوکردنی خواســتە غەریزەییەکان. ئەمە ئەو دەلاقەیەیــە کە ئایین بۆ شــەڕانیەتی مرۆڤی دەکاتەوە و ڕێی پێــدەدات بەناوی هــەر پیرۆزییەکــەوە، شــەڕانییەت بنوێنێ. هێچکاتێ هووشیاریی ئایینی ناگاتە ئەو ئاستەی لە بڕواداارنی خــۆی حاڵیی بکات، ئایا هەموو شــتێ بەنــاوی ئایینەکەمەوە، بــاش و ڕەوایە بیکەم، یان ئەمەی دەیکەم، بەرجەســتەکەری ناخــی خۆمــە؟ مەراســیمی قوربانــی لــە ئایینەکانــدا، بەهەر هۆکارێکــی پیرۆز و پاســاوێکی میتافیزیی بێت، بەشــێکە لەم دەرگاکردنەوەیە لەسەر شەڕانیەتی غەریزەیی مرۆڤ. خۆزگە لــە ئایینــدا قوربانیی نەدەبوو، چونکە لــە دوای قوربانیکردنی هەر شتێکەوە، کوشتن ڕەوایەتی وەردەگرێت. قوربانییکردنی هەر شتێک، سەرەتایە بۆ بەقوربانیکردنی مرۆڤیش..

چــوارەم خــاڵ ئەوەیــە، کــە ئەمەی لەپشــت ئەم کوشــتار و تراژیدیایەوەیــە، ئایینــی بوودایی نییــە، وەک هەندێک لە لای خۆمــان و لە ئەنجامــی یەکلابینیی ئایینییەوە، بانگەشــەی بۆ

دەکەن، بەڵکو ئەوە تەنیا و تەنیا سرووشــتی مرۆڤ خۆیەتی کــە چــۆک بــە پەیامی ئایینــی خــۆی دادەدات و لێــی یاخیی دەبێــت. ئەگەر ئەم قەســابخانەیە لەســەر ئایینــی بوودایی و گشت بوودايییەکانی جیهان حساب بکەین، ئەوە دەبێت هەمان لۆژیــک بــۆ ئەو توندوتیــژی و خوێنڕێژییــەش قاییل بین، کە مســوڵمانان بەناوی ئیسلامەوە دەیکەن. بۆیە پاساو هێنانەوە بۆ ئــەم قەســابخانەیە لــەدەرەوەی توانایی مــرۆڤ خۆی و خســتنەپاڵی ئایینی بودایی کە بکوژان هەڵگرنی، هیچ ناگەیەنێ لە گواســتنەوەی هۆکارەکە لە مــرۆڤ خۆیەوە بۆ ئایینەکەی، هیچ ناگەیەنێ لە چاوپۆشــیکردن لە شەڕانییەتی غەریزەیی و کردنی بە شەڕانییەتی ئایینی و کولتووری..

پێنجــەم خــاڵ ئەوەیــە، کــە هــەر ئایینیــک لەســەر دەســتی بڕوادارەکانــی تووشــی لادان و گرتنەبــەری لاڕێ بــوو، یان نەیتوانیــی بنەماکولتووریــی و عەقیدەییەکانــی خــۆی نــوێ بکاتــەوە و لەگەڵ جیهانی ئەمڕۆکــەدا بیانگونجێنێ و کارایی خۆی لە ئێستادا بسەلمێنێ، دووچاری قەیران هاتووە و وەک دەوارێکی لێدێت کە بەدەســتی ژێرنشینەکانی خۆی، لەتوپەت دەکرێــت تــا هەریەکەیــان کەمــێ لەولاتــر، ئــەو پارچەیەی پچڕیوەتــی بیکاتــە چەتــر و کەپــری خۆی. هەتــا دەوارەکە وەکخــۆی بمێنــێ، جێگــەی هەمــووان دەبێتەوە و ســێبەری فراوان، بەڵام لە پارچەپارچەبوونیدا هەم بەرتەسک و هەم بێ سێبەر دەمێنێتەوە.

ئەمــڕۆ لــە جیهاندا هیــچ ئایینێکــی یەهوودیی، مەســیحیی و

ئیســـلامیی یەکدەســـت و یەکگرتوومـــان نییە. هیـــچ فۆرمێکی یەکگرتـــووی ئایینیمان لە ئێران، ســـعودیە، هیندســـتان، چین، یـــان خۆرئـــاوای مەســـیحیی نییـــە. تەنانـــەت لە ئیســـرائیلیش یەهودییـــە بنەماخـــوازەکان و یەهودیزمی مێژویی جیاواز بیر دەکەنـــەوە. ئەوەی پێدەگوتـــرێ ئایین، بریتیە لـــە لێکدانەوەی تۆپۆگرافیانە و جوگرافیانەی ئایین لەلایەن ئاراســـتەی جیاواز و مرۆگەلـــی جیاوازەوە، بۆ ئاییـــن. هەمان پارچەپارچەکردنی دەوارەکە! ئـــەوەی دەبینرێ هیچ نییە جگە لە فەرزکردن و بە بەدیلکردنـــی میزاجیی مرۆیی لەجێی پەیامیی خودایی. لە یەک ســـەرچاوەیی و یەک خودایی ئایینەکانـــەوە، لە پێکەوەژیان و کاریگەرییانەوە لەسەر یەکتر، تا فرەمیزاجیی باوەڕدارانیان و ئەو کوشتوبڕەی لێی دەکەوێتەوە، عەرد و ئاسمان لەنێواندایە. ئەمـــڕۆ ئایینەکانیـــش بوونەتـــە قوربانیـــی بڕوادارەکانیـــان و جیهانبینیـــی خودایـــی بـــۆ ژیـــان و بوون، لەســـەر پرانســـیپی یەکخســـتن و ڕێکخستن، کە سرووشـــتی مێژوویی ئایینەکانە، شـــوێنی خۆی بۆ میزاجیی مرۆیی چۆڵکـــردووە، کە لە غیابی کولتووردا ئاراستەی شەڕانییانە بەخۆیەوە دەگرێت و وێرانە بەرپـــا دەکات. ئایینـــەکان هەموویان هاتونەتـــە ناو مێژووە و جڵەویان کەوتۆتە دەستی مرۆیەکان..

خاڵێکی تر ئەوەیە، کە ئەمڕۆ مســـوڵمانانی بێگوناهی میانمار، وێڕای هەوڵدانە مرۆڤدۆستیەکان و چالاکوانانی مافی مرۆڤ، بەتەنیـــان. بە تەنیا ئـــازار و جەوری ئەو شمشـــێر و چەقۆ و سووتان و گوللانە دەچێژن کە لەلایەن بوودابییە توندڕەوەکان

و پشـــتیوانەکانیان لــە حکومەتــی بۆرما، بە زۆر ئاراســتەی جەســتەی مرۆیی پڕ هەســتیان دەکرێت. بەڵام لەبیریشــمان نەچێت، دوێنێش بوودایی‌یەکانی خۆرهەڵاتی دوور بەتەنیابوون کە بەدەســتی مســوڵمانە توندڕەوەکان، پەیکەری بووداکەیان شکێنرا و هەر ڕۆژەش بڕوادارانی دیکەی سەر بەئایینەکانیتر، بەتەنیــان، کــە باجــی بڕواداریی‌یەکەیــان بە ڕۆح و جەســتەی مرۆیی خۆیان دەبەخشن بەبێ ئەوەی لەدژی، یان بەناوی هیچ ئایینێکیترەوە، گوناهێکیان کردبێت. لێرەدا بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە پرانسیپی تۆڵەکردنەوە، یان دووژمنایەتیکردنی ئایینی، تەنیا یەک ئەنجامی لێدەکەوێتەوە، ئەویش ڕاســتکردنەوەی هەڵە بە هەڵە، تاوان بە تاوان. خۆزگە لە هیچ ئایینێکدا ئەم یاســایەش نەدەبــوو، کە دیســانەوە تیایدا ئەقڵی گەردوونــی بە پەراوێز دەخرێ و ئەقڵی مرۆیی بەرتەسک جێگەی دەگرێتەوە.

خاڵێکــی تر کە لەســەری دەوەســتم، ئەمەیە: ئایینــەکان ئەو دەمــەی جەماوەریــان زۆر دەبێت، ڕەنگیــی جەماوەرەکەیان دەگــرن. میزاجیــی جەماوەرەکەیان و حەماســەی نائەقڵانیی جەماوەرەکەیان، بەسەر تەقیی‌یە و شەرم و مەنعی ئایینیدا زاڵ دەبێت و کورتبینیی میزاجیانە جێگەی جیهانبینیی ئاســمانیانە دەگرێتــەوە. ئەوەنــدەی ئــاگادار بم، چ لە ئایینی مەســیحی و چ لــە ئایینی ئیسلامیشــدا، بڕواداری تێگەیشــتوو، زانا و ئاقڵ باڵادەستکراوە بەسەر بڕواداری نەزان و ناهووشیار و نا حاڵی. ئاگۆســتینی قەدیس مەســیحیی‌یەکی ئاوەزمەندی (هووشــیار) بــەلاوە گرنگتر بوو لە مەســیحیی‌یەکی نــەزان، هەروەک چۆن

پەیامبەری مسوڵمانانیش دانایی بۆ مسوڵمان کردۆتە مەرجی ئیمان. جەماوەرزۆری بۆ ئایینەکان بەڵایە، نەک شیفا. بزووتنەوە مەعنەویــە مەزنــەکان، عاریف و متەســەووفە نــاودارەکان، شاعیرانی عاشق بە جوانی و کەماڵی خودا، هەموویان مرۆڤی سەردەمی هووشــیاریی ئایینی و خەڵوەتی ئایینین، کە هێشتا ئایینەکانیــان، ئەوەندە نیشــانەی بیماری جەمــاوەر زۆرییان پێوە نەبوو. ئەوانەی بانگەوازیی ئایینی دەکەن، نابێت ئەوەیان بیــر بچێــت، کە بڕواداران بــە دانایی و ئەقڵ ئاشــنا بکەنەوە. گــەردوون و جیهان بۆخۆیان بەرەنجامێکی (ئەقڵی گشــتی)ی و کاملــن، هەروەکچــۆن ئایین بۆخۆیشــی بەرەنجامێکی تری هەمان ئەقڵی دانا بە هەموو شت و توانا بە هەموو شتە کە لە پشت ڕێکخستنی گەردوون و جیهانەوەیە. بەمجۆرە جەماوەر زۆری بــۆ ئایینەکان دەکــرێ ئەو ناکۆکــەی لێبکەوێتەوە، کە میزاجیی زۆریی ژمارەیی بەسەر نەوعییەتی ئەقڵیدا باڵادەست بێت و سەرلەبەر ئایین لە لۆگۆس جیا بکاتەوە..

بۆیە بەدیلی ئەم قەیرانە ئایینیەی جیهانی گرتۆتەوە، زۆرکردنی ژمــارە و تەنینەوەی بەهەر هۆکارێکی ئایینــەکان نییە، بەڵکو هووشیارکردنەوەیە بە ئاشــتیی و گفتوگۆ و لێبووردەیی، کە هەموویــان پێکهاتەی ئایینــە مەزنەکان و ئەو کولتوورەن ئەو ئایینانەی لەســەرەوە بینابوون. ئایینــەکان لە جیهانی گلۆباڵدا پێویســتیان بــەوە نییە، لەهەر شــوێنێ جەماوەریــان هەبوو، تەســلیمیان ببــن، ئەگەر نەزانــن ئەو جەمــاوەرە جەماوەری بــاوەڕدارن، یــان تەنیــا ئاپۆرەیەکن لە ئاژەڵــە دووپێکان، کە

غەریزەکانــی خۆیــان لەژێــر پــەردەی ئایینەکانــدا بەتــاڵ و خاڵییدەکەنەوە.
دوایین خاڵ کە لەبیرمدا بێت و قسەی لەبارەوە بکەم، ئەوەیە کــە سیاســەتی جیهانی لە دنیــای ئەمڕۆکــەدا بەتاڵبۆتەوە لە ئەخلاقی مرۆیی و هاودەردیــی نێوانمرۆیی. ئەگەر میانمار و کۆمەڵگای مســوڵمان لەو وڵاتەدا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بــە بەرژەوەندیــە ئابــووری و سیاســیەکانی سیســتەمی ســەرمایەداریەتی جیهانیی و ئۆرگانەکانیەوە دەبوو، ئەمێستا لە مێژبوو مســوڵمانانی ئــەو وڵاتە لەو قەســابخانەیە ڕزگار و پارێــزراو دەبوون. هەســتی ئەخلاقیانەی مــرۆڤ، جێگەی خــۆی بۆ بەرژەوەندیی ئابووریی و ئەخلاقی چەتەکانی بازاڕ چۆڵکــردووە. بۆیە دەبێــت لەناو ئەم سیســتەمە جیهانگرەوە بێمانایەدا، کەســانێک لەوپەڕی جیهاندا بەبێ تاوان بکوژرێن، لەبەر ئەوەی شوناســیی ئایینی و باوەڕدارییان یەکسانکراوە بە شوناســی مرۆییان. ئەوان ناکوژرێن لەبەر ئەوەی مرۆڤن، بەڵکو لەبەر ئەوەی مسوڵمانن..

■ **کۆتایی:**

مرۆڤ بەدەستی خۆی نییە، هەستی مسوڵمانانەی دەجوڵێ و ویژدانی مرۆییت بریندار دەبێت، نەک لەبەر ئەوەی دیمەنەکان ترســناکن، لەبەر ئەوەی لە جەستەی من و یادەوەریی ئێمەدا، جۆرێکیتری کوشــتن و جینۆســاید هەیە، بەرامبەر بە گەلێک، نەک لەبەر ئەوەی مســوڵمانن، بەڵکو لەبــەر ئەوەی کوردین. بۆیــە بــەلای منــەوە، کاتێ تەماشــای ئــەو دیمەنە ترســناک

و دڕندانەیـــەی میانمـــار دەکـــەم، هـــەم مرۆڤبـــوون و هـــەم مســـوڵمانبوون و هەم کوردبوونیشـــم ئازاریان پێدەگات. ئەو دیمەنانـــە، تەنیا لە جوگرافیا و ڕێکەوتی ڕوودانیاندا لە ئێمەوە دوورن، دەنا جەســـتە و بیرەوەریی و ویژدانیی ئێمە پڕن لەو دیمەنانـــە. هەڵوێســـتی کوردیانە و مرۆییانەی ئێمە لەمەشـــدا جیاوازە لە هەڵوێستی مرۆڤایەتی و مسوڵمانی دیکەی جیهان، چونکە ئێمە خۆمان پێشـــتر ئەمجـــۆرە ئەزموونەمان بینیوە و تەجرەبە کردووە. هەر بۆیەشـــە لە ئاســـتی جیهانی ئیسلامیی و دەوڵەتانـــی مســـوڵماندا، بـــە هەموو بانگەشـــەو پڕوپاگەندە ئایدیۆلۆژیەکانیشـــیانەوە، هێندەی ئازاریـــی ویژدانیی مرۆڤی کورد و مسوڵمانانی ئەم وڵاتە، هەڵوێستی ئەخلاقیی و مرۆیی و ئایینیان نییە.

خودایـــە ســـوپاس، کە لەنـــاو میللەتێکدا چـــاوت کردینەوە، کە ناتوانێ مرۆڤبـــوون و کوردبوون و ئایینداربیەکەی لێکتر جیا بکاتـــەوە، بەبێ ئـــەوەی بیانکاتە خاڵـــی ڕق و تۆڵەکردنەوە و هەدادان و بەرگەگرتنی ئەو ئازارانەی کە ســـەرچاوەکەیان لە هەزاران کیلۆمەتر دووریەوە ســـەرچاوە دەگرن و کەچی ئەم لە یادوەریی خۆیدا دەیانناسێتەوە.

# *POLITIC & CRICE*

by:
Ribwar Hama-amin Siwayli

Kurdistan 2013